# کڵاولار و قەرەچی

(بەسەرهاتێک لە گوندەوە)

نووسەر: دوکتۆر ئیبڕاهیم یۆنسی

وەرگێڕ: ئەحمەد مەولانی

@kurdica

ناوی کتێب: کڵاولار و قەرەچی

نووسەر: دوکتۆر ئیبڕاهیم یۆنسی

وەرگێڕ: ئەحمەد مەولانی

پێداچوونەوە: سەلاحەدین ئاشتی

رووبەرگ:

تیراژ:

چاپی یەکەم

ژمارەی سپاردن:

@kurdica

# کورتەیەک لە ژیانی نووسەر

ناوم «ئیبراهیم» شۆرەتم «یۆنسی بانە» لە دایکبووی دوازدەی جۆزەردانی ١٣٠٥ی هەتاویم.

ناوی باوکم «سلێمان»ـە ـ ناسراو بە سلێمان خانی یۆنسی»، نەوەی یۆنس خان، حاکمی بەناوبانگی بانە. بنەماڵەی ئێمە لە بنەماڵە لەمێژینەکانی مەڵبەند بووە، لکێک بووە لە خانەدانی ئیختیارەدین. خەوانینی بانە گۆیا بە سەلاتینی ئیختیارەدین بەناوبانگ بوون، هۆی ئەم ناولێنانەش لەمەڕایە کە کاتێ لە زەمانی خەلافەتی خەلیفەی دووەمی ئیسلام، رەزای خودای لەسەر بێ، سپای ئیسلام لە مەڵبەندەکەیان نزیک بۆوە، خانی حاکم راسپاردەی بەڕێکرد کە بێشەڕ و تێکهەڵچوون دان بە رەوابوونی ئیسلام دادەنێ و شادە و ئیمانی هێناوە، بە «ئیختیاری خۆی» حەقانیەتی ئیسلامی سەلماندووە و بووەتە ئیختیارەدین... لەوەبەدوا ئەمیرەکانی بانە ناسران بە ئەمیرانی ئیختیارەدین، کە بە شێوەی فەرمی بە وانیان دەگوت «سوڵتان»

دیارە جگە لە لکی سەرەکی خانەدان کە سەرۆکایەتی ناوچەیان پێ بوو، لکی دیکەش هەبوون کە دەیانەویست سەرۆکایەتی بکەن، بەڵام تا ئەو کاتە بۆیان نەلوابوو، هەروا لە «نۆرە»دا مابوونەوە... بەناوبانگترینیان گۆیا بەرەی حوسێن بەگ

بووە، حوسێن بەگیش باپیرە گەورەی ئێمە بووە. (لەو کتێبانـەدا کـە وەزارەتی دەرەوە پاش شۆڕش بە نـاوی پێوەندییـەکانی ئێران و عوسمانی بڵاوی کردەوە، ئاماژەگەلێک بەم حوسێن بەگـە و کـوڕ و نەوەکانی کراوە).

بەڵێ، ئەم بەربەرەکانییە، بەربەرەکانی نێوان بنەماڵەی حـاکم و بنەماڵە بچووکەکان، درێـژەی هـەبوو هـەتا زەمـانی حکوومـەتی عەبدولکەریم خانی دووەم ئەمیر ئیختیارەدین، کە بـەو جـۆرەی لـە گوتەی گەشتیارانی ئەورووپایی (ریـچ و ئـەوانی‌دی) دەردەکـەوێ، گۆیـــا پیـــاوێکی لێـــزان و ســـەردەرچوو بـــووە و ناوچەکـــەی بەسەرپەنجەی لێزانی و تەگبیر بەڕێوەبردووە... .

بانە، وەکوو دەزانن، مەڵبەندێکی سنووری بـووە ـ سـنووری ئێـــران و عوسمـــانی ـ لەبـــەر ئـــەوەش گرینـــگ و دیـــارە پڕهەڵس‌وکەوت... عەبدولکـەریم‌خـان، پـیر و زورهـانـە و نـەخۆش، کـۆچی دوایـی دەکـا و یـۆنس‌خـان (یـۆنس‌بـەگ) سـەرۆکی لکـی بچـووکـتـری خانـەدان ـ کـە گۆیـا پلـە و پایەیەکیشی لـە دزەگـای حکومەت‌دا هەیە، هەلەکە بە دەرفەت دەزانێ و پاش مردنی ئـەو بـە یارمەتی کەسـانێکی نـاوخۆی حکوومـەت دەسـەڵـات بـە دەسـتەوە دەگرێ و خۆی دەبێتە دەسەڵاتداری حکوومـەت و بـەپێی یاسـا و رێسای باو، پاش پێشکەش‌کـردنی دیـاری و پێـشکەشی داکـەوتوو، فەرمانی حکوومەتی ناوچەکەی لە لایەن ئەیالەتەوە پێ‌دەدرێ.

بەوجۆرەی کە دەیبیستین پـشت‌ئەسـتووری یـۆنس‌خـان لـە دەزگای ئەیالەتی‌دا پتـر بـە خوالێخۆشـبوو مـیرزا یۆسـف موشـیر دیوان، وەزیـری کوردسـتانەوە بـووە. مـن خـۆم خوێندنەوەیـەکی تایبـەتم لەمـەڕ گەیـشتنی یـۆنس‌خـان بـە حکوومـەت نیـە ـ ئـەم مەبەستانەی رامگەیاند ئەمانەن کە لێرە و لەوێ لـە کەسـایەتییەکان



@kurdica

یا خزم و کەسم بیستووە - سەبارەت بە داستانی کوژرانی یۆنس‌خانیش نووسراوەیەکی راست و جێگەی متمانە بە دەستەوە نیە هەتا بە پاڵپێوەدان بەوەوە بە پێداگری تەواو بتوانی بڵێی کە ئەمە تەنیا لایەن و جێگەمتمانەترین شکڵێکە کە لەم داستانە بە دەستمانەوەیە. بەڵێ، بەداخەوە ئەوانەی گێڕدراونەوە بەم شکڵ و شێوانە شکڵیان گرتووە. بازیل نیکیتین لە نووسراوەکەی خۆیدا بە ناوی «کورد و کوردستان» (وەرگێڕاوی محەمەد قازی) لە گێڕانەوەی رووداوەکەدا دەڵێ: «یۆنس‌خان بە فێڵ مامی خۆی حاجی مستەفا، یانی جێگری حکوومەتی بۆ حکوومەت بانگ کرد و هتد... .

نووسەر تەنانەت ئەوەندەی خۆ زەحمەت نەداوە کە روونی کاتەوە کە ئەم کەسە، یانی حاجی مستەفا (بەگ) مامی یۆنس‌خان نیە بەڵکە براگەورەی ئەوە. ئەو پیاوێک بووە زۆر بە دین و دڵپاک... وەرگێڕی بەڕێزی کتێبەکەش لەگەڵ ئەو هەمووە نزیکییەی کە لەگەڵ مندا هەیبوو دەشیزانی کە یۆنس‌خان باوەگەورەی منە، قەتی نەپرسی و نەیەویست کە مۆری پشتگری نەنێتە سەر ئەم هەڵەیەی نووسەر - هەرچۆنێک بێ، ئەمەیە داستانێکی دەیگێڕنەوە:

پاش کوژرانی حاجی مستەفابەگ، براگەورەی یۆنس‌خان بەدەست محەمەدخان کوڕی یۆنس‌خان،یۆنس‌خانیش هەر لەو کۆڕەدا کە شازدە حەڤدە کەسی تێدا کوژرا بە دەست عەبدوڵڵابەگ کوڕی حاجی مستەفابەگ دەکوژرێ و لەئاکامدا حکوومەت دەکەوێتە دەست محەمەدخان کوڕە گەورەی یۆنس‌خان.

ساڵی ١٩١٥-١٩١٤یە و شەڕی جیهانی یەکەم - مەڵبەند ئاڵۆزە، مەملەکەت بێلایەنی راگەیاندووە، بەڵام هیچکەس دەربەستی ئەم بێلایەنییە نیە: دێن و دەڕۆن و جارجارەش نارۆن!



کوردیکا @kurdica

هەمووشیان خۆ لە خەڵک دەبەستن، ئەوێکی دەخورێ و دەبرێ، دەیخۆن و دەیبەن و پاشماوەکەش پێشێل دەکەن... مەملەکەت لەبەرەبەرەی رەوین و رووخانی تەواو دایە، زۆران گوتەنی دەمێکە رووخاوە هەر ئەوەندەیە کە توانای راگەیاندنی رووخانەکەی نیە... .

بەکورتی، بەوجۆرەی کە لە هەڵوێستەکان دەردەکەوێ ئاشکرایە کە حاکمانی مەڵبەند، یانی مەڵبەندی بانە و سەقز و بۆکان، دەکەونە ئەم بیرەوە کە غازییەکان -ئەم جیهادگەرە بانگنەکراوانە -جواب بکەن... بەکورتی، گۆیا بە جۆرێک دەریدەخەن کە ئیدی ترسیان لە زاڵبوونی عوسمانی نیە... بە دوای ئەم چۆنیەتییەدا فەرماندەی هێزەکانی سەقز، ناردراوی عوسمانی بەناوی محەمەدخانی بدلیسی کە خۆی کوردە، دێتە بانە و محەمەدخان، حاکمی بانە بە تاوانی پێوەندی لەگەڵ رووسەکان لە دار دەدا ـ هەڵبەت گۆیا بە شۆفاری چەند مەلایەک و ئەم بەڵگەیە کە وێنەی ژنێک لەنێو کەلوپەلی حاکمدا دەدۆزنەوە. فەرماندەی هێزە سەقزییەکانی عوسمانی لە پاشان دەچێتە سەقز، سەیفەدینخانی ئەردەڵان، حاکمی سەقز دەردەس دەکا و لەگەڵ خۆی دەیباتە بۆکان و لەوێ لەگەڵ حەمەحوسێنخانی سەردار تیرەبارانیان دەکا. (هەواڵی ئەم رووداوە لە بەڵگەنامەکانی سەربە پێوەندییەکانی ئێران و عوسمانی کە لە لایەن وەزارەتی دەرەوە بڵاوکراوەتەوە، دەنگی داوەتەوە).

بەم جۆرە دەورەی حکوومەتی لکی بچووکی خانەدانی ئیختیارەدین لە ساڵی ١٩١٧ بە لەداردانی محەمەدخان کۆتایی پێدێ... .

باوکم نەوەی یۆنس‌خان بوو، کوڕی کەریم‌خان و برازای محەمەدخان... دایکم کچی رەعێت بوو، لە بنەماڵەیەکی هەژار، چەشنی لە سەتا نەوەدی خەڵکی ئاسایی شارۆچکەی بانە. باوکی دایکم بە ناوی سۆفی ساڵح پیاوێک بوو لە رادەبەدەر بەدین و خاوەن‌بڕوا، زۆر دڵۆڤان و گەلێک قسەخۆش و زەحمەتکێش، زێدەبێژی نیە ئەگەر بڵێم تەواوی کەسپ و کارەکانی زەمانی خۆی تاقی کردبۆوە ـ لە دروێنەوانی‌ڕا هەتا فەعلایی... ئاخرێکەشی لە خەیاتی‌دا گیرسابۆوە ـ سۆفی ساڵحی خەیات... من مەزن و بەڕێزتر لەوم کەمتر کەسێک چاوپێکەوتووە ـ خودا لێی‌خۆش بێ.

ساڵی ١٣١٠ سجیلم وەرگرت و چوومە قوتابخانە ـ قوتابخانەی دەوڵەتی «پەهلەوی» بانە ـ کە گۆیا پێشتر قوتابخانە «ئەحمەدییە» بووە ـ بە ناوی ئەحمەد شاوە ـ و پاشان رەزاشا دەستێکی بەسەر و سەکوتی داهێناوە و بووەتە قوتابخانەی پەهلەوی. ساڵی ١٣١٧ لەم قوتابخانەیەدا خوێندنی سەرەتاییم دوایی پێ‌هێنا، بەڵام بانە قوتابخانەی ناوەندی لێ‌نەبووە، باوکیشم ـ خودا بە رەحمەتی کا ـ پێی‌خۆشبوو درێژە بە خوێندنەکەم بدەم ـ لەبەر ئەمە منی بردە سەقز، لە سەقز مامەوە هەتا خەرمانانی ساڵی ١٣٢٠، کە مەملەکەت بە دەستی وڵاتە رێککەوتووەکان داگیرکرا.

لە ساڵی ١٣٢٠ هەتا ١٣٢٢ بە تەواوەتی لە خوێندن بوومەوە؛ ساڵی ١٣٢٢ ئەرتەش داوای لە عەشیرەتەکان کرد منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانەی نیزامی و من بە پێناسەی لەشکری کوردستانەوە چوومە قوتابخانەی ناوەندی نیزامی تاران، دیپلۆمم وەرگرت و چوومە زانکۆی ئەفسەری، مانگی رەزبەری ١٣٢٧ بوومە ستوان دووەمی سوارە و مەعمووری خزمەت لە لەشکری ٤ی رەزائییە. ساڵی ١٣٢٩ بە شوێن رووداوێکدا لاقی چەپەم لەدەست‌چوو،



@kurdica

گوێزرامەوە تاران... ساڵی ١٣٣٣ لەگەڵ ئەفسەرانی سازمانی نیزامی حیزبی توودەی ئێران دەردەس کرام، لەگەڵ تاقمی دووەم (بەرپرسانی سازمان) محاکەمە کرام و بە سزای لەداردان مەحکووم بووم. بەهۆی کەمئەندانی لە ڕێی خزمەتدا بە یەک پلە سووککردنەوەی تایبەت تاوانبارییەکەم بوو بە حەپسی ئەبەد لەگەڵ کار.

ساڵی ١٣٤١ بە یەک پلە سووک کردنەوەی دووبارە، لە بەندیخانە ڕزگار بووم. سێ ساڵ بێکار بووم، ساڵێکیش بە ناوی وەرگێڕ لە شەریکەی کامپاکس بە کارەوە سەرقاڵ بووم، لە خزمەت خوالیخۆشبوو محەمەد قازی، وەرگێڕی بەناوبانگ ساڵی١٣٤٥ ـ ١٣٤٤ لە ناوەندی تازەدامەزراوی ئاماری ئێران، سەر بە سازمانی بەرنامە، دامەزرام ـ بوومە سەرۆکی خانەی وەرگێڕان ـ لە بەندیخانەدا ئینگلیزی فێرببووم ـ پاشان جێگری دەفتەری پێوەندییە گشتی و نێونەتەوەییەکان و سەرەنجام ڕاوێژکاری سەرۆکی ناوەند... .

ساڵی ١٣٥٠ لە فەڕەنسە ـ لە سۆربۆن بۆ دەورەی دوکتۆری ناونووسیم کرد، بە یارمەتی هاواڵی خۆشەویستم دوکتۆر ڕۆحوڵڵا عەباسی، مامۆستای زانکۆ، لە ساڵی ١٣٥٥دا ریسالەکەم پێشکەش کرد، بە پلەیەکی زۆرباشەوە وەرگیرا... ناوی ریسالەکەم ئەمە بوو: «جێگەی کشتوکاڵ لە ئابووری ئێراندا».

لە سەرەتای ساڵی ١٣٥٨دا بۆ خزمەت درام بە وەزارەتی ناوخۆ، کردیانم بە پارێزگاری پاریزگەی کوردستان ـ چوار مانگێک لە کوردستان مامەوە... بە داخوازی خۆم خانەنشین کرام و چووم بۆ فەڕەنسە بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لە فەڕەنسە بووم.



کوردیکا @kurdica

نزیکەی هەشتا و چەند شوێنەواری وەرگێڕاو و نووسراوم هەیە: نزیکەی ٧٠ وەرگێڕاو و ١٠نووسراوە.

لە پلە و میزانی سەرکەوتنم لە کاری خۆم زۆر ئاگادار نیم - بەڵام ئەوەندە دەزانم کە کارم کردووە و زەحمەتم کێشاوە - زۆریشم زەحمەت کێشاوە، رەنگە پتر بە هۆی ئەحواڵێکی تایبەت کە بێجموجۆڵی نەبوونی هەڵسووڕان بەسەریدا سەپاندبووم - بەڵێ دەبوایە بە جۆرێ کاتم تێپەڕاندبایە و چی لەمە باشتر کە خۆم بە کارێکی بەکەڵکەوە خەریک کردبایە.

ژنم هەیە و چوار منداڵ: سێ کچ و کوڕێک: کچەکان شوویان کردووە و بنەوانیماڵیانن، کوڕەکەم لیسانسی حقووقە و شارەزا لە کاروباری حقووقیدا. هاوسەرەکەم لە ئەرمەنییەکانی رەزائییە (ورمێی ئێستا)یە - ژنێکی زۆر لەخۆبوردوو و مەزنە، لە تەواوی ئەم ماوەیەدا لەگەڵم بووە، بە درێژایی ئەو نزیک بە هەشت ساڵەی کە لە بەندیخانە بووم، منداڵەکانی بە باشترین شێوە و لەوپەڕی لەخۆبوردووییدا بەڕێوەبردووە - لە ژیانی ناوخۆییم رازیم.

# ١

بایەکە نابینم، بەڵام وا هەست دەکەم کە خزایە پەنا دارەکەوە و رایمووسی. دارەکە لەرایەوە. دارەکە دەبینم کە دەلەرێتەوە ـ لە پشت پەنجەرەکانەوە ـ دەنگی بایەکەشم گوێ لێیە کە خزاوەتە پشت ماڵەکەوە و خۆی حەشار دەدا ... وەکوو شتێ شەرم دەکا!

دارەکە هێشتا لەرەی دێ ـ زۆر کچانە و سرک و سڵ ... وەکوو دادەسوێسنە ... نازانم چۆن بوو کە لەپڕ کەوتمە بیری دادەسوێسنە و ئەو رۆژەی وا «کلاولار» لە ساباتی بێستانەکەدا ماچی کرد. ئەو عەیامانە منداڵ بووم، چووبوومە بێستان، بەو هیوایە کە بەڵکە خودا بیخاتە دڵی دادەسوێسنەوە و شتێکم بداتێ ـ خەیارێک، ترویزییەک، یا هیچ نەبێ گەنمەشامییەک... لەگەڵ ئێمە منالاندا ـ بە پێچەوانەی گەورەکان ـ زۆر چاک بوو، ئێمەش زۆرمان خۆش دەویست؛ لەگەڵ تووشی دەهاتین بێئاگا لێومان بە بزە دەپشکووت و چاومان دەبڕیە دەمولێوی ـ کە دایمەی خودا پێکەنین و زەردەخەنەیان دەبەخشێوە. گەورەکان، لاوەکان ـ لە ئێمە خراپتر... لە راستیدا باشتر ـ ئێمە فاممان نەکردبۆوە، ئەوان دەیانفامی؛ وەکوو ئەو باڵندانەی کە فێری دووکەڵ بوون هەر کە چاویان پێی دەکەوت

@kurdica

لەگەڵ ئەوەدا کە گیانیان وەبەر دەهـات ـ گێـژ دەبـوون، ئـەژنۆیان شل دەبوو، ئازای ئەندامیان ئارەقی ڕێدەنیشت و مات و سەرلێشێواو چاویان لە ڕوخساری دەبڕی. ئێستا تێدەگەم کە ئـەو دەمولێـوە، ئـەو ڕەوشـت و ئاکارە و وردەپێکەنینانە چ گەمەیەکیان لەگـەڵ ڕۆحـی ئـەواندا کـردووە. وەختایەک کە پێدەکەنی ـ دایمەی خوداش پێدەکەنی ـ چاڵـەکانی گۆنـای دەکەوتنە لەرینەوە، وەکوو خـۆی ـ وەکـوو کاریلـەی بـزۆز ـ ئـەوانیش پێدەکەنین و قسەیان لەگەڵ دەکردی. لێوەکانی لێوڕێژ بـوون و لێـوڕێژی پێکەنین و ددانەکانی هەمیشە بە بزە و پێکەنین دەدرەوشانەوە؛ ڕەنگی دەم و چاویش هەروا، ئارەقی گۆناشی... ئەوانیش لەگەڵ مرۆڤ دەدوان و ئێـستا تێدەگەم کە بۆ پیاوی خۆی، بۆ زمانزان، چەندەش دیار و چەنـدە پـاک و گەرد لێنەنیشتوو!

لەبەر خۆمـەوە گـۆرانیم دەگـوت، ویـرەم دەهـات و دەڕۆیـشتم ـ بەڕواڵەت بێمەبەست... کە پێی وانەبێ بە نیازێکەوە چووم. زۆر دەچووم ـ پێش چوونەکەش سەرێکم لە ماڵی پووری دەدا هەتا ئەگەر دۆیەک، نانێکی دەیەوێ بۆی بنێرێ بمداتێ لەگەڵ خۆمی بەرم.

ئەو ڕۆژە کاتێ چووم پووری لە ماڵێ نەبوو... بەو جـۆرەی کـە لـە دوورەوە دیار بوو لە بێستانەکەش نەبوو... خودی دادەسوێسنەش لە هـیچ کوێ دیار نەبوو ـ نە لە نێو بێستانەکە، نە لە دەرەوەی ساباتەکەش... لە دڵی خۆمدا گوتم ڕەنگە خەوتبێ... بەڵام پاشان گـوتم خـەوی چ وەخـتی... زەردەپەڕ کەوتۆتە کێوان، دەمەو ئێوارەیە، خەوی چ وەختی!

بەئەسپایی لە کەلێنی لک و گەڵای دەوری ساباتەکەوە چاوێکم لـە ژووری کەپرەکە کرد و... لە جێی خۆم وشک بووم... هەر ئەو کاتە بـوو کـە کاک ئەحمەد لە پـشتەوەڕا ئـامێزی پێـدا کـرد... دادەسوێـسنەش وەکـوو مچوورکی پێدابێ ڕاچڵەکی... پێستی ڕوخساریم دیت کە مێروولەی کرد.

خەریک بووم دەمڕوانیە ڕۆژەژمێرێکی کۆن کە لە نێو کەلوپەلەکەمدا دۆزیبوومەوە... چاوم لەسەر دێڕی مانگەکانی ساڵ دەکرد و هەموو جارێ بەو جۆرەی ڕێکخەری رۆژەژمێرەکە دایابوو گەڕانی مانگ و ئەستێرەکان بەڵگە و دەلیل بوو لەسەر ساغی و سلامەتی «وجوودی موبارەکی ئەعلا حەزرەت هومایوونی خَلَّدَ اللهُ مُلکَهُ و سَلطَنَتهُ، ارواحُنا فِداهُ» ـــ ساڵەهاش بوو کە مانگ و ئەستێرە گەڕابوون و «ئەعلا حەزرەت هومایوونی»یان بەرەو مەڵبەندێک راپێچەک دابوو کە شوێنەوارێک لە ساغی و سلامەتی تێدا نەبوو، رۆحی ئێمەشیان دانابوو هەتا دیسان بە گوێرەی ڕێنوێنی خۆیان ببنە فیدای سلامەتی وجوودێکی موبارەک کە هێنابوویان.

سەماوەرەکە وێنەی ئەسپێکی وەستاو، هانکەی دەهات و خاڵیگەی دەلەرایەوە ـ دەتگوت هەر ئێستا بەلادا دێ و دەکەوێ.

«بە من پێدەکەنی؟»

پیرێژن کوتوپڕ لە سووچی خەیاڵمدا قوت ببۆوە و لە پای سەماوەرەکە دانیشتبوو، وەک هەمیشە بە چاوە پرووشەکانی و دەموچاوە پان و پڕ لە چرچ و لۆچ و مێهرەبانەکەیەوە تێمفکریبوو... چراکە هەڵکرابوو، بەڵام دەرەوە دیار نەبوو، هێشتا هەوەڵی زستان بوو؛ بەفر داوێنی کێوانی داپۆشیبوو، با بۆنی کاڵی بەفری لەگەڵ خۆی دێنا.

«پێدەکەنیم؟ ئاگام لێنەبووە... . مەگەر چاوت دەبینێ؟ ئاخر گوتت چاوەکانت باش نابینن!»

«باشە دیارە کە دەبینم... خۆ نەمگوتووە کوێرم... تەنیا هێندێ چاوەکانم کەم حوکم بوون ـ ئەگینا هەموو شتێک دەبینم... باشیش نەبینم جۆرێک هەر دەبینم... نا، واش مەزانە... . دەزانم بە من پێدەکەنی!»

«بە تۆ؟... بۆچی بە تۆ؟ تۆش تووشی خەیالات بووی، پووری... من کە خۆم ئاگام لێنەبووە... شایەدیش بە خۆم پێکەنیبم... یا چووزانم بە

رۆژگــار... .» لەقەلـــەق و قولّتەقولّــتی ســـەماوەرەکە زۆرتــر بـــووە، «سەماوەرەکەش وەکولّ هاتووە، پووریّ... .»

پووریّ لەپڕ وەکوو ماڵەکە ئاوری تێبەربووبێ، دەستی تێکەڵـدێ، بە هەڵەداوان قیتکەی سەر کونی هەڵمەکە لا دەبا، قامکی بۆلای زاری دەبا و دەیمژێ، لە ژێر لێویشەوە دەڵێ:

«ئۆف ـ دەستیشم سووتا!» پاشان «لا اله الّا الله!» برۆکـانی وێـک دێنێ، بە پەلەپرووزە پڕ بە قۆرییەکەدا دەکا و ئێستیکانەکان وەردەگێڕێ و خرمەیان لێهەڵدەستێنێ. شێرەی سەماوەرەکە بەردەداتەوە و ئاو بە سـەر قۆرییەکە دەکێشێ. دەنگی خورەخوڕێکی شاد و کولّیو لە نێـو قۆرییەکـەڕا دەبیسترێ ـ بە پێچەوانەی دەنگی خوڕەی نەکولّیو و لاوەتی کە هێشتا باڵغ نەبووە و زریکەی کرچ و کاڵی لێوەدێ. لەرەی خاڵێگەی سەماوەرەکە زۆرتر بووە... دەڵێی هەر ئێستا بەلادا دێ... .

ســەری قۆرییەکــە دەنێتــەوە و لـــە حاڵــێکا چـاوی بڕیوەتــە سەماوەرەکە، بـە دەسـتەکوتە دەسکی قۆرییەکـە دەبینێتـەوە و دیـسان سەرلێشێواوانە ـ وەکوو ئەو کاتانەی نان بە تەندوورەوە دەدا ـ لە پشتێن بەرەو ژووری دەباتە پێشێ و سەری دەکـشێنێتەوە و سـەری سـەماوەرەکە هەڵــدەگرێ. نیخــەنیخی ســینگی ســـەماوەرەکە زۆرتــر بـــووە... ئــاوی تێدەکاتـــەوە... ســـەماوەرەکە هێــور دەبێتـــەوە، هەناســـەیەکی درێــژ هەڵدەکێشێ، بە سینگی پڕ لە نیخەوە ـ وەکوو سینگی خۆی و ـ دەست دەکا بە وێژینگ دان ـ دیسان وەکوو خۆی، بەڵام بە پێچەوانەی خۆی ئیتـر لــە پشتێن بەرەوژووری ناجوولێنێتەوە... .

دەستم دیسان چۆتەوە زگ رۆژەژمێرکـە، بـەڵام زەیـنم بـە شـوێن دادەسوێـسنە و کلاولارەوەیــە. سـیلەی چـاوم داوەتـە پیرێـژن ـ دیـسان تێمدەفکرێ. هەر دووک دەستی لە بن هەنگڵی ناوە و چاوی تێبڕیوم، وەکوو

پشیلەیەک کە لەبەر دەمی کونە مشکێک ئێشک بدێرێ ـ بە حەوسەلە، پڕ لە تەما، هیوادار. لە سیمای‌دا هەم خۆشەویستی، هەم کەسەر، هەم دڵسۆزی بەدی دەکرێ ـ دڵسۆزییەکی دایکانە دەرهەق بە کوڕێکی نەقوستان یا سەرنەکوتوو. پیرێژنێکی خولّقخۆش و بەسفەتە و ئەو خولّقخۆشییە بە تێپەڕ بوونی زەمان لێی بۆتە نەخش؛ خولّقی ناخۆشیش هەروایە ـ ئەویش هەر بە تێپەڕبوونی زەمان پنجی دادەکوتێ.

چەند رۆژێکە هاتووم. هەتا دەورانی خانەنشینییەکەم دوور لە هەراوهوریای شار و لە گوندی زێدەکەم تێپەڕ کەم. پیرێژن ـ پوورە زلێخا ـ لە راستی‌دا خانەخوێی منە. پووری دادەسوێسنەیە... ئێستا بۆتە دایکی و حەسەن ـ کوڕی دادەسوێسنە و دایە رابی بە نەوەی خۆی دەزانێ. ماشەڵڵا وێچووە حەسەن ـ ئەمڕۆ لێرە بوو ـ هاتبوو سەری «دایەگەورەی» بدا، بەڵام زیاتر بۆ وەی کە یارمەتی من بدا و شتوومەکەکانم لەگەڵ دامەزرێنێ. قاورمەیان دروست کردبوو، بەشەگۆشتی «دایەگەورەی» هێنابوو... دایەگەورەش لە خۆشی کوڕێکی ئاوا چاک و ساڵح خەریک بوو باڵ بگرێ.

«دایەگەورە» بە تەنیا دەژیا، هەر لەوماڵەی باوکی‌دا، ئەو جێیەی کە لەگەڵ دادەسوێسنە پێکەوە بوون. حەسەن لەگەڵ ژن و منداڵی لە ماڵەکەی پێشووی دایەڕابی‌دا دەژی. هەر کە مەبەستەکەم دەربڕی پیرێژن بێئەملاوئەولا قبووڵی کرد، کە بێت و هاودەنگم بێ، بۆ خۆی گوتەنی ببێتە بناوانم ـ بە ناشکوری نەبێ خۆم کەس‌وکارێکی وام نیە... .

نازانم ئاخۆ بەڕاستی منی دەدیت یا نا، یان ئەگەر دەیدیت چۆنی دەدیت. بەڵێ دادەنیشت و لە دوورەوە، لە پای سەماوەرەکە، وەکوو ئێستا، چاوی لە قەڵافەتم دەبڕی. نەشدەهاتە پێشترەوە. بۆ کارهاسانی خاکەنازێکی چکۆڵەی لەبەر دەست دادەنا و کاتێ چای تێدەکرد، ئیستیکانەکەی لەسەر خاکەنازەکە دادەنا و بۆی درێژ دەکردم ـ هەموو

کوردیکا
@kurdica

جارێکیش بە دوو کلۆ قەندەوە ـ نە زیاتر نە کەمتر ـ ئەویش نە لەسەر نالبەکی یا لە قەنداندا بەڵکە لەسەر خاکەنازەکە. دەیگوت: خاوێنی کردۆتەوە، قەندان حەیفە، دەشکێ! منیش دەزانم لە ئێستاڕا قەندانەکەی لە جێگایەک شاردۆتەوە بۆ زەماوەندی کوڕەکەی حەسەن... کە چایەکەم دەخواردەوە دیسان خاکەنازەکەی بۆ لام درێژ دەکرد و ئیستیکانە بەتاڵەکەی وەردەگرتەوە، ئیدی لە جێگای خۆی هەڵنەدەستا، مەگەر بۆ سفرە راخستن... نکەونالەیەتی لە دەست ئێشی پشت و لاق و باداری، لە حاڵێکا پێکەنینێکی بەژان هەروا لە سیمایدا بەدی دەکرا.

رۆژەژمێرەکەم وێک نا.

گوتی: «ماشەڵڵا! ماندوو نەبووی؟ ئەو کتێبە چی تێدایە کە ئەوەندەی تێدا نوقم بووی؟ مامۆستاش هەر ئاوایە، ئەویش چاویلکە لە چاو دەکا و مل دەنێ لە خوێندنەوە ـ جا وەرە بخوێنەوە! هێندەی ئەو چاویلکە دوابڕاوە لە چاو کردووە، بناگوێچکە و گرێی قەپۆزی بریندار بووە؛ بەڵام بەو حاڵەش کابرا پیرە دیسان دست هەڵناگرێ؛ دەزووی کۆن و لۆکەی لە لاسک و بەینی شووشەکانی هاڵاندووە و دیسان وەرە و بخوێنەوە ـ چەندە؟ سەعاتێک، دوو سەعات، دە سەعات، مەگەر ئەو تەڵاقە چیە کە ئەو هەمووە شەرع و حەدیسەیان بۆ نووسیوە لە کتێبدا!»

تەنیا بزەیەک دێنمە سەر لێو؛ دواتر بۆم دەردەکەوێ ئەوە ئەو کاتانەیە کە دەیەوێ بەشێک لە بیرەوەرییەکانی بگێڕێتەوە. جاری وایە بە خۆم دەڵێم بەوە چاکە لانیکەم ئەو بیرەوەرییە هەیە؛ ئەگەر نەبوایە ئادەمیزاد چی دەکرد ـ ئەویش ئادەمیزادێکی وەکوو ئەو... تۆبڵێی ئادەمیزاد بتوانێ بیرەوەری نەبێ و بە بێ بیرەوەری بمرێ؟ بە بۆچوونی من بیرەوەری خودی ئادەمیزادە... بیرەوەری نەبێ ئادەمیزاد هیچ نیە ـ چونکە لە راستیدا مەرگ جگە لە دابڕان لە بیرەوەرییەکان شتێکی دیکە نیە،

ئەگینا ئادەمیزادێکی بێکەسوکاری وەکوو ئەو کاتی مردن چی هەبوو هەتا بۆی نیگەران بێ؟ نە منداڵێک، نە ماڵێک، نە پلە و پایەیەک، هیچ... .

«وا هەست دەکەم دەڵێی ئەمشەو وەکوو جاران نی، پـووری ـ لـەوە دەچێ لە شتێک نارەحەت بی، ماتت دەبینم، وایە؟»

«جا چووزانم... دنیایە ئیدی... ئادەمیزاد هەمیشە لەسەر وازێک نیە ـ وەکوو خودی دنیا وایە، لەبەرچی وا دەڵێی، چۆن دەزانی؟»

«بەڵێ، دەزانم ـ چاوم هەیە، کوێر نیم خۆ، بۆخۆت گوتەنی...»

«دوور لە گیانت، رۆڵە خودا نەکا، قـەدری ئـەو چاوانـەت بزانـە، لەخۆڕا ئەوەندەیان بەو کتێب و قاقەزانە عەزیەت مەکە... چیـت دیتۆتـەوە لەو کتێب و قاقەزەدا!»

«دەی باشە... ئاخرێکەی پێتنەگوتم لە چی نارەحـەتی... حەسـەن شتێکی گوت... رووداوێکیان بۆ هاتۆتە پێش؟»

«نا، رۆڵە، خودا نەکا! نا، حەسەن هیچی نەگوت... بۆخـۆم فکـرم دەکردەوە...»

«فکرت لە چی دەکردەوە، فکرت لە من دەکردەوە؟!»

پیرێژن لەپڕ بە بیچمێکی ئاڵۆزەوە تـێمهەڵـدەڕوانی... لـە پـێشدا نەیدەویست بیلێ، لەگەڵ ئیستیکان و ژێرەکان خۆی خەریک کرد.

گوتم: «پێت نەگوتم، پووری... ئێستا ئێمەش بووینە بێگانە ئیـدی ـ قەرارمان وا نەبوو!»

«نـا، کـوڕم، بـڵێم چـی ئـاخر ـ چـی بـڵێم!» هەناسەیەکیـشی هەڵکێشا، دڵی پڕ بوو... بە هەر زەحمەتێک بوو گوتی: «ئاخر دەڵێن، دوور لە گیانت، تەقاویت بووی!»

«جا بۆچی دوور لە گیان! تەقاویت خـۆ خـەنازیل یـا، چـووزانم، کەوتوویی و گولی نیە!»

«دوور لە گیانت، خودا نەکا!»

«بۆچی، باشە ئاخرێکەی هەموو کەس رۆژێ دەبێت... دەبێ ببێت!»

«خودا نەکا، رۆڵە، نفووسی خراپ لێمەدە... هێشتا جوان و جحێڵی، حەیفە. هەتا ئەو دەم خودا گەورەیە و تازە بۆ لە نێو ئەو هەموو عالەمەدا ئەو چارەڕەشییە هەر بەربینگ بە تۆ بگرێ... نا، نە ئیشەڵڵا!»

پێکەنین گرتبوومی. تەقاویت تێکدراوی وشەی «تقاعُد» بوو، بە مانای خانەنشینی و داهێنراوی مامۆستاکانی لای خۆمان و ئەڵبەتە بە رای پوورە زلێخا و هەمووان، بەرابەر و هاوتای مەرگ بوو.

وشەی «تەقاویت» شریتی فیلمێکی تەواوی لە زەینمدا خستە هەڵسووڕان. قەڵافەتی ئاغای پاکنەهاد لە پێش چاوم قوت دەبێتەوە، بە هەمان وەکازی گۆرینەوە، بە چاویلکە و کۆت و شاڵواری ئوتووکراو و لەبارەوە. پیاوێکی بەگوڕ بوو. نیازێکی بە وەکاز نەبوو ـ رەنگە بە چاویلکەش... بەڵام وەکاز و چاویلکە ئەو کات رەسم بوو، دیاردەی ماقووڵی بوو، ئاغای پاکنەهادیش لە پیاوماقووڵان بوو: کاربەدەستی دارایی بوو ـ ئەویش دارایی قەزبێن. ئەوان سەردەمان لە شارە بچکۆلانەکەی ئێمە ترۆمبێلێکی وا نەبوو، بەرینایی شەقام دایمە بەتاڵ بوو، مەگەر چەند گوێدرێژێک کە بە بارە دارەوە لە سووچ و قەراغان رادەگیران، هەتا بارە دار، یا بە پێی وەرز، بارە شووتی و گڕکەکان دەفرۆشران، ئەوجار «قەرەباڵغەکە» تایبەتی بەیانان بوو، باقی کاتەکانی رۆژ، شەقام لە سفرەی ماڵی مامۆستاش بەتاڵتر بوو.

ئاغای پاکنەهادیش وەکوو تەواوی «کاربەدەستە پایەبەرزەکانی دەوڵەت» ئێواران بۆ پیاسە و گەڕان دەهاتە شەقام و قەتیش بە پیادەڕەودا نەدەڕۆیشت ـ دروست بە نێوەڕاستی شەقامدا دەڕۆیشت، وەکوو ئەو لۆرییانەی جاروبار دەهاتنە شارە بچکۆلانەکەمان. هێدی و لەسەرخۆ بە

شێوەی تایبەتی کاربەدەستانی پایەبەرزی دەوڵەت هەنگاوی دەنا، لە هەر هەنگاوێکدا بڕێک لەنگەری دەدا سەر وەکازەکە و زۆر بەئەسپایی سەری بۆ لای راست و چەپ وەردەسووڕاند، لـە وڵامـی سـڵاوی گـەورەکاندا ئەگـەر حورمەت و رێزێکیان بوایە، دەستێکی بۆ تانجی کڵاوە گەرگەرێکەی دەبرد، تانجی کڵاوەکەی بە نووکی دوو قامکی، وەکوو ئەو کاتانەی پتێک خوێ لە خوێدان دەرێنی، دەئەنگاوت، سەری تۆزێک دێنا خـوارێ و بـە بزەیـەکی لێزانانە و راوێژێکی پڕ لە ئەزموونەوە دەیگوت: «سـایەی موبـارەک کـەم نەبێ! سوپاسی بەڕێزتان دەکەم! لە گـەورەیی کـەم نـەبن!» و تێدەپـەڕی. حەمیەتی بۆ جەماوەر دانەدەنا ـ هەر بەو فیـز و هەوایـەوە شەنگەشـەنگ دەڕۆیشت، هەتا دەگەیشتە لێواری چۆمی. هەرکە دەگەیشتە قەراغ چۆمەکە دەسکی وەکازەکەی دەخستە سەر باسکی و قوتـوە سـیغارە وەرشـەوەکەی دەردێنا و سیغارێکی دادەگیرساند... دیسان بە کاوەخۆ.

سیغارەکەی لە مۆدنەیەکی فەنەردار دەخست، کە بۆ ئێمـە شـتێکی تازەبابەت بوو، چونکە کاتێک سیغارەکە دەگەیشتە قونچکەکـەی، ئیـدی دەستی بۆ نەدەبرد هەتا لە مۆدنەکەی دەرێنێ یا ئەوە کە مۆدنەکە لە قـول بگرێ و بە لیی دەستەکەی دیکەی تێیتەپێنێ، یـا وەکـوو خەڵـکی دی بـە تەواوی هێز فوو لە کونی مۆدنەکە بکا، هەتا سیغارەکە لـە مۆدنـە جـوێ بێتەوە... نا، زۆر هاسان بە نووکی قامکە گـەورەی بـنی مۆدنەکـەی پـاڵ پێوەدەنا، قونچکە سیغار دەردەپەڕی و دە شەقاو لەو لاترەوە دەکەوت.

بەڵێ... سیغاری لە مۆدنەی فەنەردار دەخست، پاشان ئەگەر وەختی جلیتقە بوایە و جلیتقەی لەبەردا بوایـە ـ کـە ئـەویش بـۆ ئێمـە شـتێکی تازەبابەت بوو، ئاغای پاکنەهاد جاری وابوو هاوینانیش لەبەری دەکرد ـ بە سەری قامکی پتەیـەکی لـە گیرفانـە چکۆلـەکانی جلیتقەکـە دەدا ـ زۆر بەئەسپایی، وەکوو بڵێی لە دەرگای دیوەکەی جەنابی پێشکار بدا و ئیـزنی

بە خزمەت گەیشتن بخوازێ. پتەی لە هەردووک گیرفانەکە دەدا... هەڵـبەت دەیزانی شقارتەکە لە کامە گیرفانی دایە؛ بەڵام، روسم وابوو کـە پتـە لـە هەردووک گیرفانەکە بدەن، پاشان کە دەنگی تەقـەی قوتـووی شـقارتەکە دەبیستن دوو قامکی دەستی چەپـە ـ زۆر بـە زەریفـی ـ بخەنـە گیرفـان و شقارتەکە دەرێنن و لەسەرەخۆ دەنکە شـقارتەکەی پێـدا بێـنن و هـەر دوو دەست، تەنانەت ئەو کاتانەی وا بە حاڵ سریوەی باش نایە بکەنە لەمپەری گڕەکە و گڕەکەش، زۆر بەئەسپایی، لەسەری سیغارەکە نزیـک کەنـەوە، ئەو کات مژێک لە سیغارەکە بدەن و بە بیچمێکی پڕ لە رەزامەندی و دەم بە پێکەنین، بە حاڵ و دووبەڵا سەرێک بلەقێنن ـ هەرچەندە دیار بوو کە ئـەو مەرحەمەت دەربڕینە بۆ تەماکۆ و بۆنخۆشی سیغارەکەیە، یا دیاردەیـەکی گشتی و داکەوتوو و دەوڵەتییە.

سیغارەکەی دەکێشا، زۆر بـە دەسـتوور، هێنـدێکی چـاو دەبڕیـە دەرودەشت و بە خۆشحاڵییەوە دەستی دەکرد بـە تـاریف و پـێهەڵـگوتنی دیمەنی سروشت؛ بە لێوی ژێرووی لێوی سەرووی بـڕێک پـاڵ پێوەدەنـا و دەیگوت: «هم!» واتە رازییە، هەر بەو جۆرەیە کە دەبوا بووبا، سەرێکیشی دەلەقانـد، بـە مەبەسـتی دەربـڕینی رەزامەنـدی و پێـزانینی گـشتی. جاروبارەش ـ بەڵام زۆر کـەم ـ هەڵـدەکەوت کـە لـە کـەناراوی چۆمەکـە «کەیفێک»یش بکا. ئەویش ئەو کاتانە بوو کە گـوێی بـە دەنگـی سروشـت زرینگابۆوە و بە شوێن پنجە جەگەنێکی بەماریفەتدا دەگەڕا هەتا بتوانێ لە پەنای ئەودا، دوور لە چاوی ملۆزم داخوازی ئـەو «ئـەربابی حاجـەت»ـە بێوادە و ناوەختە جێبەجێ بکا، ئەگەر وردبینی ئێمە مناڵان ماوەی دابایە، کـە زۆرتـر نەیـدەدا: منـاڵان دەیانویـست بـزانن ئـاخۆ کاربەدەسـتانی «پایەبەرزی دەوڵەت»یـش بـە شـێوە و شـێوازی خۆیـان لەسـەر پێـشاو هەڵدەترووشکێن یا بۆ ئەو داخوازە سروشتییەش رێورەسـم و ئەسـباب و

@kurdica

کەرەسـەیەکی دەوڵـەتی و رەسمییـان هەیـە. لـەم وەختانـەدا لەنگـەری وەکازەکە توند دەبوو، هەنگاوەکان خۆش دەبوون، دیارە بە پێـی تونـد و شلی داخواز و میزانی پێداگری و شێلگیربوونی خوازیار، کە جاروبار ئەگەر تەوژمی زۆر بوایە بەناچار هەستیش بە شوێن دانـان لەسـەر مـەودای دوو هەنگاوەکە دەکرا.

قەتمان نەدیتبوو شتێکی کڕیبێ و لەگەڵ خۆی بۆماڵێی بردبێتەوە ـ نە ئێمە مناڵان، هیچ کەسێک نەیدیتبوو. پێداویستی ماڵیان «بۆ دەبـردەوە ماڵێ»: «لەو گڕکانە چەن دانەی باشـیان بنێـرەوە ماڵـێ.» بەرپرسـایەتی کارەکە بە ئەستۆی میوەفرۆش بوو؛ گۆشت و باقی شتەکانی دیکـەش هـەر بەو جۆرە ـ هەر سنفەی بە پێی ئەرکی خۆی... چونکە ئاغای پاکنەهاد هـەر کاربەدەستێکی ئاسایی و خۆوڵاتی نەبوو ـ کاربەدەستی دارایی قەزبێن بوو ـ کاربەدەستی بەشی «ئەموال» و «باندرۆڵ» بوو... هـەرکام لەوانـەش بـۆ خەڵکی شارە بچکۆلانەکەی ئێمە خـۆی لـە حـوکمی تەلیـسمێکدا بـوو... دارایی، ئەموال...!

دوو سێ ساڵێک نەهاتەوە... کاتێکیش هاتەوە حیـسابی هاتـەوە ـ هات و لەنگەری خست و مایەوە. مانگێک ئاسایی تێپەڕ بوو، مانگێک بـوو بە دوو مانگ و ئاغای پاکنەهاد دەتگوت خەیاڵی رۆیشتنی نەبوو؛ بـوو بـە سێ مانگ ـ پایز هات، بوو بە زستان و ئاغای پاکنـەهاد هـەروا مایـەوە. داری وردکراوی کـڕی بـۆ زسـتان؛ مێـوژ و هـەنجیر و هـەناری کـڕی بـۆ شەوچەلەی شەوانی زستان و... بە کورتی، مایەوە. هـیچ کـەس نـەیگوت مەبارەکە ـ هەموو وێکڕا بە چەشنێ نارەحەت بوون لە مانەوەکەی.

هەموو دۆش دامابووین؛ جـۆرە تێماوییـەک لـە هـەمواندا هەست پێدەکرا، وەکوو ئەوە وابوو کە خۆر لە نێوەڕاستی ئاسمـاندا مابێتـەوە و خەیاڵی جووڵانەوەی نەبێ. ئەو مانەوەیە بەو جۆرەی خـودی مـن هەسـتم

دەکرد و رادە و نەوعی شوێن دانانەکەی زۆر وەکوو ڕۆیشتنە کوتوپڕەکەی ڕەزاشا دەچوو، کە هیچ جێگای باوەڕ نەبوو، چونکە ئەویش قەرار وا نەبوو بڕوا و ڕۆیشت... خەڵک مات و متەحەییر مابوون، هەرچەندە بێڕامان گوتمان مەبارەکە!

ئێستاش ئەوە... هیچ مانای هەیە! لەبەرچی خەڵکی هەروا لەو تێمانەدا هێشتۆتەوە و گۆڕی گوم ناکا! لە هەوەڵەوە دەمانگوت بێگومان دەریکردووە، دەوڵەت... بەڵام نا، دەماندیت، وەکازەکە هەروا ماوە، چاویلکەکە ماوە، جلیتقە و کۆت و شاڵوار... ئەو جار تەنانەت گالۆشیشی هێنابوو، بەڵێ، ئێستا بەسلامەتی دوو جووت کەوشی لە پێ دەکرد: یەکیان چەرم و یەکیش جیر!

دیسان ماوەیەک تێپەڕی؛ ئێستا ئیدی کەمکەمە دەهاتە پیادەڕەویش و وڵامی سڵاوەکانی دەداوە ـ کەمتاکورتێک ـ تەنانەت سڵاوی ئێمە منداڵانیش. لەمەوبەر ئێمە منداڵان زاتمان نەبوو سڵاوی لێبکەین. ئەگەریش دەمانکرد ئەو وڵامی نەدەداوە. حەقیشی بوو بەستەزمان ـ ئەمن بۆخۆم ناحەقی ناگرم: بۆ هەر منداڵێکی ریقنە خۆ نەدەکرا دەست بەری بۆ تانجی کڵاو و دابێیەوە و «لە گەورەیی کەم نەبی» و «سایەی موبارەک کەم نەبێ» بڵێی ـ حەقی بوو بێئەنوایە... .

ئەو جارەیان نازانم منداڵەکان کامەیان بوو کە بێئاگا، لەبەر سەرلێشێواوی، سڵاوی کرد و ئاغای پاکنەهاد سووک و هاسان وڵامی داوە، ئەویش نە وڵامی ئاوا ـ وڵامی خۆماڵی، زۆر خۆمانە و ڕاست و رەوان ـ بە بێ سایەی موبارەک، بە بێ لە گەورەیی... زۆر ساکار و ئاسایی: «چۆنی حەسەن؛ حاڵت باشە حوسێن!» سەیریش ئەوە بوو کە هەموانی بە ناو دەناسی، زمانی خۆشمانی لە بیر نەچووبۆوە! ئەدی بۆچی پاشملە بۆیان هەڵدەبەست کە «من کوردی لەبیرم چوو.. درەنگ درەنگ هاتە وڵات ـ

بیر چۆوە!» خەڵکێکی سەیرن، خودا نەکا لەگەڵ کەس قسەیان چەپ بکەوێ... کابرای داماو کوردی وەک بلبل دەزانێ و ئەو کات ئاوا، ئەو قسانە!

هەر چۆنێک بوو دیسان ئێمە ماینەوە و کاسی و ورِمانی زەین و جۆرێک نارِەزامەندی: «یانی چی؟ چ رووی داوە ولاّم دەداتەوە، لەبەرچی ولاّم دەداتەوە، چ مەبەستێکی هەیە!» و هەر قامک بوو کە لەبەر سەرسوورِمان بەرەو چەناگە دەچوو... «ئائا، چاوت لێ بێ، چاوت لێ بێ، دیتووتە؟ ئاغای پاکنەهاد لە دووکانی حاجی عەزیز دانیشتووە! چاو چاو، ئاغای پاکنەهاد خەریکە پێدەکەنێ...» ئائا... ددانەکانی «عەمەلی»ن... بە زاری شلن! تا ئەو کاتە کەس پێی نەزانیبوو!

پاشان رووداوێک پێش هات کە دەتوانم بڵێم بۆ خەڵکی شارە بچکۆلانەکەی ئێمە گرینگی و شوێندانانەکەی کەمتر لە گرینگی و شوێندانانی قەڵشتنەوەی ئەتۆم بۆ خەڵکی باقی جێگاکان نەبوو: ئاغای پاکنەهاد چارەگە نانێکی کرِیبوو، نانەکانی لەسەر باسکی دانابوو دەیبردەوە ماڵێ ـ دەرِۆیشت و لە رێگادا پارووی دەگرت و لەبەر خۆیەوە پێدەکەنی ـ وەکازە گۆرینیشی پێبوو، چاویلکە و کرِاوات... .

ها! باشمان دەبینی! چاومان هەڵگلۆفی، سەیری یەکتریمان کرد، بە تێرِوانین خوازیاری روونکردنەوە بووین لە یەکتر؛ مێشکی شڵەقاوە، یا دەوڵەت گوتوویەتی!

وەشوێنی کەوتین... ئێستا ئیدی وەشوێنی دەکەوتین. گوێمان لە ویرەویری ئەو گۆرانییە بوو کە لەبەر خۆیەوە دەیگوت: ئەوەی باشە کە زولفی ئالاگارسۆنە!

زولفی ئالاگارسۆنە!

لەو بەینەدا دیاردە و ئاماژەگەلێکی نارِاستەوخۆ بەلاّم رۆشنکەرەوەیەکی دیکەش پەرێشانی زەینی ئێمەی پتر دەکرد: کورِە

@kurdica

چکۆڵەکەی لەمەوبەر وەکوو «ئاغاگیان» کەوشی لەپێ دەکرد ـ خاوێن، بۆیاغکراو، لەگەڵ کۆت و شاڵواری جوان و کراوات. بە چاو دیتمان هەوەڵێ کراوات غەیب بوو، پاشان کەوشەکان لە خزمەت مەرەخەس بوون و کەڵاش هاتە جێگایان؛ بە فەرمانی «ئاغاگیان» وەستا رەشیدی خەیات کۆت و شاڵوارەکەی هەڵگێڕاوە، بە دابی «قەزبێن» پشتەوەی شاڵواریش وردە وەکوو «ئاغاگیان» چاویلکەی لە چاو کرد ـ دوو چاوی خڕی هاوتا بەرامبەر بە یەک لەوێ قوت بوونەوە ـ وەک لە تەنیشتی ئاورگی ماڵێ و ـ لە خەڵک فکرین! سەریش بەرە بەرە لە سەلمانی وەدوورکەوت و تووکی بناگوێچکە درێژ بوو ـ وەکوو تووکی بناگوێچکەی بنەجووەکان ـ هەر چەند کە ئەو ئاڵوگۆڕە زۆر دواتر رووی دا... .

پاشان... پاشان لەپڕ دەنگۆ داکەوت کە «تەقاویت»ـە!

تەقاویت؟ ـ بەڵێ، تەقاویت ...یانی...؟ ـ یانی کە ئیتر نۆکەری دەوڵەت نیە، لە «باندرۆڵ» و «ئەموال»دا نیە... . خودایە، ئەدی لە کوێیە، بۆ کوێ چووە! ئێمە مناڵان لە دڵی خۆماندا دەمانگوت باشە بێگومان، بەو سەر بەرەو ژێربوونەوەیە، ئێستاکە لە بەشی ئەموال رۆیشتووە دەبێ چووبێتە بەشی مەموال... ئەگەر بەشێکی ئاوا هەبێ، لە دارایی‌دا... بەڵام ئێمە هیچمان نەدەزانی، ئەوانەی دەشیانزانی لە گۆڕیش کڕتر بوون.

ـ کێ گوتوویە تەقاویتە؟

ـ لە دووکانی حاجی عەزیز دەیانگوت... رەئیسی داراییش لەوێ بوو ـ دەیگوت تەقاویت بووە، بەستەزمانە!

حاڵەتی بیچم و راوێژی وتە لە دەربڕینی ئەو رستەیەدا بەیانگەری تاسووفێکی زۆر بوو، وەکوو ئەوەی گوتبێتت «بێئەنوایە ئازارەباریکەی گرتووە، ئەمڕۆ و سبەیەکی بە رەحمەتی خودا دەچێ!»

کوردیکا @kurdica

کاک مەجیدی دالآنداری داراییش، ئەو هەواڵەی بە راست زانی، گوتی بەڵێ، راستیان کردووە، ماوەیەکە، بووە؛ ئاخری هەموو مانگێک دەچێتە ئەوێ «تەقاویتەکەی» وەردەگرێ...

دیسانیش ئێمە ماینەوە و سەرسوڕمان: چیە ئەو تەقاویتە، کە هەم وەریدەگرن، هەم دەبن، هەمیش هەیە! ئەگەر هەیە ئیدی بوونەکەی چیە؛ ئەگەر لە قەزبێن بووە لێرە چی دەکا؛ ئەگەر لێرە بووە کەی بووە، چۆن بووە کە کەس نەیزانیوە ئەگەر بۆتە شتێکی جیا لەوەی لە پێشدا بوو، ئەدی بۆ ئێمە نایبینین... وەکازەکەی ماوە، چاویلکەکەی ماوە... جیا لەوانەش دوو جووت کەوشیشی بەسەر یەکدا لە پێ کردووە... قەڵافەتیشی نەگۆڕاوە، نە تووکی سەری وەریوە، نە تووکی دەم و چاوی!

لەو بەینەدا ئاغای پاکنەهاد تەواو لەگەڵ خەڵکەکە تێکەڵاوی پەیدا کردووە: «دوێنێ شەوێ میوانمان هەبوو، بێ ئێوە ناخۆش... ئاغای پاکنەهاد لەوێ بوو ـ هەتا درەنگانێک دانیشتین؛ باسی هەمەدان و قەزبێنی دەکرد... بەڵێ، دەیگوت ماندوو بووە ئیدی لە نۆکەری دەوڵەت... دەیەوێ ئەو یەک دوو رۆژە تەمەنەی ماویەتی بیگوزەرێنێ... منداڵەکانیش بیری وڵاتیان کردبوو... بەڵێ ئیدی، راستیش دەکا، مەوتەنە ئیتر ـ هاووڵاتی لە کوێ و غەوارە لە کوێ...! باوەڕ بکەن چڵەموویەکی رزیوی ئەو بلەشێتە سەدان قەزبێن و هەمەدان دێنێ....

ئەمن ئەلحان دەزانم کە راستی کردووە: بەڵێ، مەوتەن شتێکی دیکەیە و راستیان گوتووە هێندێ کەس کە مەوتەن ئەو جێگایەیە وا ئادەمیزاد عەزیەت ببینێ... بەو عەزیەتانەیەوە خۆشە مەوتەن!

پاشان پێشامەدێک رووی دا کە وەکوو بۆمب لە شارە بچکۆلانەکەی ئێمەدا دەنگی دایەوە: بەیانی رۆژێک کە لە خەو هەستاین و هاتینە شەقام لەگەڵ دیمەنێکی سەیر رووبەڕوو بووین. دیسان چاومان هەڵگلۆفی ـ

دروستی نابینین!؟ نا، دووکانێک و درگایەکی شووشە و لەسەر درگاکە چ تابلۆیەک و چ خەتێکی خۆش! «بنکەی عەریزەنووسیی نیشتمان، لە ژێر چاوەدێری عەبدوڕڕەحمانی پاکنەهاد پسپۆڕی کاروباری داوەری و حوقوقی و ئیداری و مالّی و کۆمەلاّیەتی و ملکی...»

که وا بوو ئەو قسانە راست بوون! تەقاویت ببوو!... نا، ئەگەر تەقاویت ببوایە ئیدی نەیدەنووسی «حوقووقی» و «ئیداری» ـ ئەو دووانە هەردووکیان هی دەولّەتن... دیسانیش ئێمە بووین و ورمان و سەرگەردانی... بەلاّم لەگەلّ هەمووی ئەمانەدا خەلّکەکە جۆرێکیان چاو لێدەکرد کە دەتگوت مردووە و بۆخۆی نەیدەزانی و لە ئاماژەش حالّی نەدەبوو. پاش ماوەیەک، هێندەیان ئاوا چاو لێکرد کە وردەوردە هەر بەڕاستی «تەقاویت» بوو... روالّەتیش کە هەمیشە ـ وەک دەلّێن لەسەرەتای ژیانەوە ـ نیشاندەری دەروون بووە... هەوەلّێ کۆت و شالّوار تەقاویت بوو، پاشان بۆیاغی کەوشان، دوایە خودی کەوشەکان، بە جۆرێک کە لە ئاکامدا نۆبە گەیشتە گالۆشەکان بە تەنیا «لاق لەوانەدا رەحەتترە... ئەمانە هەم جیرن... هەمیش نێوەکەیان کورکی پێوەیە ـ زۆر رەحەتترن!»

لە کۆتاییدا نۆبەی وەکازیش هات؛ بەدفەڕێکی حەرامزادە لە مزگەوت وەکازەکەی دزی و ئاغای پاکنەهاد پاک تەقاویت بوو! ئێستا هەم بووە، هەم هەیە، بێچارە شتێکی ئەوتۆش وەرناگرێ... بەوەی چاکە وەرناگرێ... لە مەبالی مزگەوتدا کۆخە دەیگرێ و نیوێک لە ددانەکانی لە دەم دەردەپەڕێ و لە ئاوەڕۆکە دەکەوێ!

ئێستا زۆربەی ئێواران خەلّک لەبەر دەرکی مزگەوتی جامیعە لە دەوری کۆ دەبنەوە و گوێ رادەگرن بۆ نەقلّ و نەزیلە و قسەی خۆش و گێڕانەوەی ئەو رووداوانەی کە لە پێشکاری و ئیدارەی ئەموال و باندرۆلّ و

پاکردە و ئەو جۆرە عەجایباتانەدا تێپەڕی کردوون و پێدەکەنن ـ بە ڕقەوە، وەکوو ئەوە کە بڵێن دەزانین، دەزانین، ئەگەر ئادەمیزادێکی ڕاست و دروست بوایەی خۆت ئاوا چارەڕەش نەدەکرد و تەقاویت نـەدەبووی! کـڵۆڵە دڵـی بەوە خۆشە کە «باندڕۆڵ» ئەوێ دەمێ لقێکی پێشکاری بووە، یا ئەوەی کـە ئیدارەی دوخانیات ئەوان سەردەمان لقێکی وەزارەتی دارایی بووە... نەفام!

ئێستاش، ئێمە منالان لە شـەقامدا وەشـوێنی دەکـەوین و هـەرای لێدەکەین: «تەقاویت! تەقاویت!» ئەگەریش لە بنکەی کارەکەی بێ لووت بە شووشەی درگاکەوە دەنێین و لە کەلێنی درگاکەوە بـە دەنگێکـی ترسـێنەر هاوار دەکەین: «تەقاویت!» بە جۆرێک کە کابرا پیرەی نوشـتاوە بـە سـەر عەریزەیـەکی «حوقـووقی» یـا «کۆمەڵایـەتی» یـا «مـڵکی»دا بـستێک هەڵدەبەزێتەوە و وەشوێنمان دەکەوێ، بـە گاڵۆشـی فـڵچ و نیـو دەست ددانەوە، بە جنێودان. بە زمانی خۆمان جنێوی وا دەدا کە زۆر لـەمێژە لـە قاموسی جنێوەکانی زڕدایکان دەراوێژراون.

ئەو بیرەوەرییانە هەر لەو چەند چرکەیـەدا وەبـیر دێنمـەوە و بـە پێکەنینەوە «تەقاویت» بۆ پیرێژن شی دەکەمەوە... کە بەڵـێ، سـەرەنجام ئادەمیزاد پیر دەبێ، شەکەت دەبێ، هەمیشەی خودا ناتوانێ کار بکا، کاتێ پیر دەبێ و دەگاتە تەمەنی «تەقاویت» دەوڵەت دەڵێ: «بچۆوە ماڵی خۆت، دابنیشە لە سووچی ئاورگی ماڵەکەت و خەریکی حەسانەوە بـە بۆخـۆت و مانگانەکەت وەربگرە!» ئەوە کـوێی خراپـە، کـابرا لـە سـووچی ئـاورگی ماڵەکەی پاڵ داتەوە و سیغار بە با کا و هەموو سەری مانگان، مانگانەکەی بۆ بەرنە درگای ماڵەکەی و بڵێن فەرموو، ئەوەش حەقی تۆ؟

پیرێژن دانیشتووە و بەو چاوی کەمسۆماوە، دایکانە، بێباوەڕانە، بە هەمان دڵسۆزی و مێهرەبانییەوە تێمدەفکرێ!

دەڵێ: «وەڵڵاهی بڵێم چی... ئـەدی بـۆچی دەڵـێن خراپـە، فلانــە، فیسارە... ئامان لـە دەس ئـەم خەڵـکە!» بـەڵام لـەوە دەچـێ بـاوەڕ بـە ڕوونکردنەوەکەی من نەکا، ئەوانەی دەشیانڵێ قسەی دڵی نـین ــ سـیمای بێباوەڕی لێدەبارێ. ماوەیەک خۆی رادەژێنێ، لە پاشان، بە دوودڵـییەوە دەڵێ: «گوتت حەسـانەوە!؟ حەسـانەوە چەنـدە؟ حەسـانەوەیان گوتـووە سەبیلەکێشێک، دوو سـەبیلەکێش، کـە ئـادەمیزاد لـە سـووچی ئـاورگی ماڵەکەی دانیشێ و شەکەتی دەرکا، بەڵام ئەوەی کە تۆ دەیلێی...»

راستیشی دەکرد، ئەو جگە لەوەی نەدیتبوو؛ بۆ ئەو و کەسانی وەک ئەو حەسانەوە مانای نەبوو؛ هی وەکوو ئەو دەبوا هەتا دوایین سـاتەکانی ژیان حەولیان دابا: «کە وا بوو بەو جۆرەی کە تـۆ دەڵـێی، ئیـشەڵڵا، بـە تۆفیقی خودا «حەق و حۆقی» تـۆش دەوڵــەت دەیهێنێتـە بـەر دەرکـێ بـە سلامەتی... ئەگەر ئاوا بێ کە زۆر باشە ــ هەمان دوعای دایکانە کـە دەڵـێن یاخوا بۆخوت سوار و رزق و رۆزیت پیادە بێ.» و پـاش تاوێـک: «بـەڵام، کاکە، تۆ پێت وایە دەوڵەت بیهێنێ!؟»

ئەمەشی لە رووی ئەزموونەوە دەگوت. «حۆق» بەڵێ، بەڵام بە پێـی ئەزموونی ئەو دەوڵەت «حەق»ی هیچ کەسێکی قەت نـەدەبردە بـەر درگـای ماڵــەکەی... نــەیبردبوو؛ ئەگــەر شــتێکی دەبــرد و هەمیــشە بردبــووی «هەقوهۆق» بوو ــ ئەوەندەی دڵت بخوازێ. بۆ وەرگرتنی حەقەکەت دەبـوا هێندە بچیە بەر درگاکەی کە لە پێ بکەوی....

«باشە، ئاواش نا، بۆخۆیان نایهێننە بەر دەرکێ... هەموو مانگان ــ سەری مانگ ــ بۆ خۆم دەچمە شاری و وەریدەگرم...»

پیرێژن بێباوەڕانە چاوم لێدەکا و دەڵــێ: «حــەح... حــەح!» یـانی تەڕەماش ــ و هەناسەیەک هەڵدەکێشێ: «ئای رۆژگار!» و خۆی رادەژێنێ.

# ٣

ئێستاکە چاو لە خۆم دەکەم دەبینم لە راستی‌دا بەو مەبەستە گەڕامەوە بۆ ئاوایی کە بیرەوەرییەکانی رۆژانی منالیم لەگەڵ پیرێژن وەبیر بێنمەوە... چکۆلە بووم ئەو دەم، حەوت، هەشت سالێک پتر لە ئاوایی نەمامەوە... سەرەتاکانی حکوومەتی رەزاشا بوو، تازە قوتابخانە لە شار کرابۆوە. بە شوێن قوتابی‌دا دەگەڕا و هەر کە دەستی لەسەر «ماڵ»ەکە دادەنا وەکوو ئەو خەلکە لەچەرانە، ئیدی بەری نەدەدا، دەبوا بمێنێوە. بە کورتی، چوومە شار دەرس بخوێنم، پاشانیش کەوتمە گێژاوی رۆژگارەوە و پێوەندیم لەگەڵ ئاوایی پساند... بەلام ئەو حەوت هەشت سالەی وا لە ئاوایی ژیابووم بۆ خۆی بە تەنیا دنیایەک بوو: هەر بن بەردێک و ژێر هەر پنچکێک بیرەوەرییەک بوو. زێدەبێژی نیە ئەگەر بلێم کێو و دەرە و تەپک و بنچک و رووبار و درەخت هەر کامێکیان گەلایەک لە دەفتەری بیرەوەرییەکانم بوو کە هەتا چاوم لێدەکردن سەدان بیرەوەری لە زەینمدا زیندوو دەبوونەوە و سەریان هەلدەدا... ئای، لێرە کلاولار لەگەل دادەسوێسنە مشتومڕیان بوو.. چەندە جوان بوون هەردووکیان ... ئەو پێکەنینانە ـ ئەو تالییە شیرینانە! ئای، ئەوەش مالی دەروێش رەحیم ـ

دەڵێی شوێنی جێپێی هێشتاش هەر ماوە... ئـای ئـەو ڕۆژە چـۆن لەسـەر بانەکەڕا بازی دا! لـە هـەموو قـولینچکێکی ئـاوایی دەنگـی قاقـای ورد و پێکـەنینی گـەورە کچانـەی دادەسوێـسنەم گـوێ لێـدەبێ... پیرێـژن و ژنەگەڕاوەکان دەبینم کە چۆن بە درۆ چاویان چکۆلە دەکەنـەوە و لـە ژێـر لێوەوە خودایە تۆبە و ئەستەخفیرۆڵڵا دەڵێن، لە حاڵێکا پێدەکەنن... هـا؟ دەڵێی دەنگی گۆرانی کلاولار دێ! گـوێم هەڵخـستووە، بـەڵام مـاوەم نیـە «حوسێن...!» لە کوێی ئاورتێبەربوو... سەعاتێکە بە دووتـا دەگـەڕێم! تـۆ کـارت بـەوان چیـە ـ وەرە، وەرە بچـۆ نـان بـۆو کـابرا پـیرە بـەرە ـ چاوەڕێیە، هەروا هەڵمەوەستە و بەو دەم و فلچەوە پڕمە و پێکەنینت بـێ ـ کابرا پیرە برسیەتی!» لە حاڵێکا ئەمن پڕمە و پێکەنینم نەهاتبوو، دەمزانی بە بووکێی دەگوت هەتا خەسوو گوێی لێبێ. دادەسوێسنە دەبینم کە لێـو و لووت هەڵدەقرچێنێ و پێدەکەنێ ـ چەندەش جوان!

بیرەوەریـی کـلاولار و دادەسوێـسنە و پـوورە رابی، لـە تـەواوی بیرەوەرییەکانم تازەتر و زیندووترن... ئاخ، زەمان چ زوو تێپـەڕ دەبـێ... باسەکە دەگەڕێتەوە بۆ پتر لە چل ساڵ لەمەوبەر...!

کلاولارم هێشتاش لەبەر چاوە، بە جۆرێ کە دەتـوانم دەسـت درێـژ کەم بۆ قومقومەکەی ـ قومقومەکەی هێشتاش ـ پاش تێپەڕبوونی ئەو گشتە ساڵە ـ بۆ من هەر تازەیە... ئەو ڕەنگە شادانەی، بۆ خۆشی هێشتا بۆ مـن هەر تازەیە ـ هەمەکارەی هیچ کـارە ـ زۆریـش خـۆش قەڵافـەت و خـۆش مەشرەف. ئێستاش هەر لە بیرمە، دایکم دەیگوت بە برای بێ، کابرا عەیبی تێدا نیە... بەڵام حەیف! هەناسەی هەڵدەکێشا، لەبەر ئەوە کە خۆی لە کار نەدەدا و دابونەریتی جەماوەری ڕەچاو نەدەکرد. هەڵبەت ئەویش بۆخـۆی وڵامی هەبوو: زارەخوارەی لەبەر کێ کردووە، لە لای کامە ناپیاو ملـی بـە

لارەوە ناوە؟ کار دەکا، قاچاخچییە، قاچاخچێتی کار نیە یا شاخ و گوێی هەیە؟

بەڵام زۆرتر وەکوو زۆربەی پیاوانی کورد دەستی لەبەر پشتێنەکەی دەنا و لە پەنای دیوار یا لە سووچی ئاورگی ماڵ، یا لە سەربانی مزگەوت سیغاری بە با دەکرد - ئەگەر پووڵێک لە ئارا بایە، ئەگینا سەبیلەی دەکێشا و قسەی کەڵەکەڵەی کەس نەبیستووی دەکرد. لە مانادا رووناکبیری ئەو سەردەمەی ئاوایی بوو. بەو جۆرەی خۆی دەیگوت هاموشۆی ئاڵتوونکۆپری دەکرد، بۆ هێنانی ماڵی قاچاخ و لە گەڕانەوەدا وتەی بابەت و وشەی باوی ئەوێی دەرخواردی خەڵک دەدا: ئاللی درەم، دوو حۆققە، پەنجا فلس، روبعە دینارێک، حکوومەت، پۆلیس، جادەی قیلەتاو! بە خراپ باسی حکوومەتی دەکرد، بە شێوەی خەڵکی ئەوێ: بە ئینگلیزی دەگوت، قاحبەی پیر و رەئیس عەشیرەتەکانی نێو دەنا نۆکەر و جیرەخۆری قاحبەی پیر - هەرکە ناوی یەکیانت دەبرد بێماتڵی، دەیگوت: «نۆکەری ئەو قاحبە پیرەیە، چڵکاوخۆرە، سەری لە ئاخوڕی ئینگلیزدایە»... پاشان «گەل»، «سەربەستی»، «مافی مرۆڤ» - ئەو وەختی سەردەمی شۆڕشی شێخ مەحموودی نەمر بوو - بریتانیا تازە خەریک بوو «ئێراق»ی ساز دەکرد. رەعێتەکان بە رق و قینەوە چاویان لێدەکرد و سەریان لێ رادەوەشاند: «مەردی حیسابی، وە شوێن مانگایەک، پەڵە زەوییەک بکەوە... عەیبە، شوورەییە، پیاو هەر وا بەرەڵا و بێکار بخولێتەوە و قسەی مفت بکا و قۆڕیات بڵێ!» ئەویش پێیان پێدەکەنی و دەیگوت ئەوە شوورەییە کە مرۆڤ تێنەگا و نەیەوێ تێبگا... ئەو ژیانەی ئەوانە - یانی رەعێتەکان - دەیکەن ژیانی ئاژەڵیش تەواو نیە... نازانن کە ئادەمیزادن و «ماف»ێکیان هەیە!

@kurdica

لــە هەوەڵــەوە کەللــە قەنــدێک و گەروانکەیــەک چــای چاکی عەبووجەماڵیــشی لەگــەڵ خــۆی دێنــا و کاتــێ دەگەڕایــەوە، ماڵــەکەی هەفتەیەک دە ڕۆژ دەبوو بە مەکۆی بێکاروبارانی وەکوو خۆی، کە بۆ چــا خواردنەوە لە دەوری کۆ دەبوونەوە، کە چایی هەڵدەچۆڕا و چادان تــڵپاتی تەڕی تێدا نەدەما دەستیان دەکرد بە ڕەخنە گرتن و لۆمە و لەقەمی پاشملە ـ ئەو دەم، پیرێژن گوتەنی، پلاوەکەی چاک و بۆخۆی خراپ.

شۆڕەلاوێکی وێچوو بوو، تێکسڕماو، چاو و برۆ رەش، برۆی تێکەڵ و دەموچاوێکی دالگۆشت و سمێڵ ڕێکوپێک و بە پێچەوانەی خەڵکی ئاوایی بە دایم ریش تاشراو، دایکم گوتەنی، بەین و بەڵڵا، بەندەی بێعەیب بوو، بە برای بێ؛ بۆئێمە منالانیش هەمیشە لێو بە بزە.

راوچــیش بــوو، ســاچمەزەنێکی هــەبوو لەگــەڵ جووتێــک کــەو ـ پاشانیش قومقومەیەکی ساردوگەرم کە لە ئێراقی هێنابوو، تەواو ببووشــە هۆی ماقووڵی ئەو. لە مەڵبەندی ئێمە راوێکی ئەوتۆ نەدەکرا، شــتێکی وای لێنەبوو، جگە لە راوی بەرازێک، ورچێک، یا کەروێــشکێک و ڕێوییــەک. خەڵــک هەمیــشە تفــەنگیان بــە دەســتەوە بــووە، گیانلەبــەرێکی وایــان نەهێشتووە و راو و شکار بە جۆرێک نیــە هــەتا کەســێک بیــەوێ بناغــەی ژیانی لەسەر دامەزرێنێ و پێی بەڕێ بچێ ـ لەوێش وەکوو هەموو شوێنێکی وڵات رابــواردنێکی مەزنانەیــە، بەتایبــەت کــە ورچ و بــەرازیش کەڵــکیان لێوەرناگیرێ. زۆر بە دەگمەن هەڵدەکەوێ کــە ڕەعیــەتێک وەخــتی خــۆی لەسەر ئەو بەتاڵەتە دابنێ ـ ئەمن جگە لە کاک ئەحمەد کەســی دیکــەم لــە ئاوایی خۆمان نەدیتبوو کە چووبێتە راو.

بۆ راویش زۆر لە ئاوایی دوور نەدەکەوتــەوە، وەهــابوو کــە ئێمــە منالانیش بە دوویدا وەرێدەکەوتین ـ هەنگاو بە هەنگاو، چ لە زســتاندا چ لە هاویندا. ئێوارێ کە دەگەڕاوە ئەگەر بەهەڵکەوت کەروێشکێک یا کەوێکی

کوردیکا @kurdica

کوشتبوو، لاقی کەو یا کەروێشکەکەی بە کوتە بەنێک دەبەست و بە نێو قەدیدا هەڵیدەواسی. ئەو دەڕۆیشت و ئەمیش بەولاو ئەملای ئەژنۆیدا رادەژا... پاڵەوانێک بوو. ئێمە لە خەیاڵی خۆماندا ئەومان بە قەڵافەتێکەوە دەبینی کە دەتگوت لە شەڕی حەوت لەشکر گەڕاوەتەوە و ئەویش بەو پووزەوانە و تفەنگ و قومقومەوە جۆرێک بە رێدا دەڕۆیشت، کە وەکوو بە راستیش لە شەڕی حەوت لەشکر گەڕابێتەوە... خۆزگە بە خۆیان ئەوشۆ تەڕەکەبابی کەویان هەیە! ئەگەر زۆری دەکوشت بۆ ماڵەکانی دیکەشی دەنارد، بە دیاری. مامۆستا بە ناقایلیێوە قبووڵی دەکرد. چونکە ـ بەتایبەت زستانان گیانلەبەری لێقەوماو لە برسان و لەبەر بێبژیوی پەنایان بۆ ئاوایی دێنا و ئاوا قڕانیان تێدەخرا ـ نارەحەت بوو ئامۆژگاری دەکردن کە وا مەکەن، مەیانکوژن ئەو ئافەریدە بێپەنایانەی خودا ـ بەڵام کەس گوێی نەدەدایە... ئەو جۆرە وەختانە جگە لە خۆی هەموو کەس دەچوو.

گەورەترین واقوڕمانی ژیانم ئەو قومقومە ساردوگەرمەی ئەو بوو: جێی باوەڕ نەبوو، هەموو جێیەک بەفر دایگرتبوو، کەو بە هەوای رەشانگی سەربانی ماڵان بەرەو ئاوایی هاتبوون لەبەر بێدانی، کاک ئەحمەدیش وەڕێکەوتبوو، بە تفەنگ و قومقومەکەیەوە ـ ئێمەش بە دوویدا ـ هەر چەندە نیازێکیش بە تفەنگ نەبوو، چونکە کەوەکان مەودای فڕینیان زۆر نەبوو، ئەو جار گیانلەبەری بێئەنواش لە برسان هێزیان تێدا نەبوو ـ هەر ئەوەندە لەو نێو بەفرەدا حەوت هەشت هەنگاو وەشوێنیان کەوتبای، ماندوو دەبوون و دەکەوتن.

شەکەت ببوو، ئارەق لەسەروچاوی دەتکا... پاشان ... پاشان چاومان پێکەوت ـ ئای چیمان بینی! دیتمات هەر لەو نێو بەفرەدا راوەستا و بە فیزێکەوە سەری قومقومەکەی کە بە قایش لە نێو قەدی بەستبوو،

هەڵگرت. ئێ ئێ ئێ ـ بە خاتری خودا ـ سەرەکەی پیاڵەی چایی بوو! ئەویش چ پیاڵەیەک ـ گەورە و سپی وەکوو بەفر!

سەری قومقومەکەی هەڵگرت، پاشان سەرەکەی دیکەی کە «چێوپەمۆ» بوو ـ ئێمەش هەتا ئەو کاتە نەماندیتبوو! پیاڵەکەی لە ژێر قومقومەکە راگرت و قومقومەی لار کردەوە... لەبەر چاوی ئێمە چای تازەدەمی کە هەڵمی لێهەڵدەستا خوڕەخوڕ لە پیاڵە کرد! عەینی چایەکی تازەدەم کە لە ماڵێ لە قۆری تێیکەی! پاشان کلۆیەکی قەند لە گیرفان دەرهێنا و دەستی کرد بە فوولێکردن لە نێو پیاڵەکە... یانی هێند گەرمە دەم نایوێرێتێ!

بە تام و چێژ و دەم بۆ تەقاندن، چایەکی خواردەوە و پیاڵەیەکی دیکەی تێکرد... چ هەڵمێک لە زارکی قومقومەکە هەڵدەستا، لەو بەفر و سەرمایەدا!

لە بیرمە لە ئاواییدا لە هەموان تەرپۆشتر بوو: کەوا و پاتۆڵی فاسوونیای سوورگوێز، پشتێند پەشمینەی فەڕانسە، شەدە و قۆندەرەی هەرە چاک... کەوشەکانیشی دایمەی خودا تازەی تازە، وێدەچوو هەر ئێستا لە دووکانی میرزا سەلیمی کەوشدرووی کڕیبێ. زۆری ئاگا لێیان بوو، چەوری دەکردن و نەیدەهێشت نوونیان تێکەوێ... ئەمن بۆخۆم دیتم: رۆژێک چووبوو بۆ شار، باران دایدا... ئێوارە بوو. عاسمان شریخ و هۆڕێکی بوو مەپرسە. ئێمە لەگەڵ گاڕان دەهاتینەوە، وەکوو گۆزەی سەرەوژێر باران لووزەوی بەستبوو... لە حاندی «بییە گەورە» تووشی کاک ئەحمەد بووین، کە خەریک بوو دەهات چۆن! وەکوو فەعلە و بەننایان هەبێ و ئەویش قوڕ بشێلێ، شنەشنی دەکرد و دەهات. ئەو کاتە بوو کە زانیم چەندە ئاگای لە کەوشەکانە: کەوشەکانی داکەندبوو، بە کوتەبەنێک

کوردیکا @kurdica

لێکی بەستبوون و بە ملیدا کردبوون، دەلینگی پاتۆڵەکەی هەڵکردبوو، جا وەرە! بەڵێ زۆری ئاگا لێیان بوو....

هەموو دادەسوێسنەمان بە دڵ بوو؛ ئەوانەش کە وا دەیانمینگاند درۆیان دەکرد ـ دەمزانی. ئێستاش هەر کاتێ دێتەوە بەر زەینم زەردەی لەسەر لێوە. کیژۆڵە جۆرێکی تایبەت بوو، بە وتەی ئەمرۆیی پارچە هەڵبەستێکی راستەقینە بوو، وەک هەموو شێعرێکی راستەقینەش لەگەڵ هەر چاوپێکەوتنێکا زانیارێکی تازەی لە دنیای دەوروبەر بە بینەر دەدا... چ بوو، ئەو رەوشتە تایبەتە، کە ئێستاش کە ئێستایە پیرێژن ئەو کاتانەی یادی دەکا دەڵێ «جوانەمەرگ» یا «خۆشی نەدیو....» چ بوو، نازانم. هێندێ لە ئافرەتان ئاوان؛ بۆخۆشیان نازانن... هەر ئەو رەوشتە بوو کە ئاوا خەڵکی ئاوایی دەخستە سەما. مامۆستا تەماشای نەدەکرد، دەیزانی ئەگەر چاوی بە چاوی بکەوێ دەبێ پێبکەنێ و وەکوو لاوەکان زەین و بیری هەڵتەکێ. ـ حەقیشی بوو ـ ئادەمیزاد چلۆن دەتوانێ کایە و هەڵبەزدابەزی کارامز و کاریلە ببینێ یا گوێی لە زرووقانەوەی منداڵی دوو ساڵانە بێ و لێوی بە بزە نەپشکوێ؟ جارجارە کە بیر دەکەمەوە، بۆم دەردەکەوێ پاک بوو بۆیە ئاوا بوو: پاکیش هەر ئاوایە؛ ئەویش چۆنیەتێکی تێدایە کە هیچ چەپەڵی و خەوشێک وەخۆ ناگرێ و هیچ ناپاکی و غەورێک لەبەرامبەریدا توانای خۆڕاگری نیە، هەرکە هات چەپەڵی دەڕوا. ئەوجار من منداڵ بووم، هیچم نەدەزانی ـ ئێستا بزانە ئەوانەی کە فامیان کردبۆوە و تێگەیشتنیان هەبوو چیان هەست دەکرد! ئەمن ئەلحان هەست دەکەم و دڵنیام کە هەر کاتێ چاوی لە ئاوێنە دەکرد وێنەکەی بە تەواوی دەدیت... لەگەڵ ئێمە منداڵاندا خۆی شلوێ نەدەکرد؛ لەبەر چاوی ئێمە زۆر جار دەستی دەبرد و ئاوێنە چکۆلەکەی لە گیرفانی کڵۆنجەکەی دێنا دەرێ و چاوی پێ لە خۆی دەکرد. وای، چەندە جوان بوو ـ دەتگوت لەگەڵ خۆیدا خۆشارەوەکێن

دەکا... لەم سووچەوە بۆ ئەو سووچ... لــە رووبــەڕوو... لەســەرێڕا... لــە تەنیشتەوە ـ دەمەلاسکەی خۆی دەکردەوە، پێدەکەنی، وەکوو دایکێک کە بە چاوی پڕ لە پێکەنینــەوە بــە شــۆخی خــۆی کردۆتــە گــورگ زارۆکەکــەی دەترسێنێ! دیار بوو کە وێنەکەی بە تەواوی دەبینێ، نە وەکوو وێنەگەرێک کــە خێــرا خێــرا قەڵــەمەکەی هەڵــگرێ، هــەتا ئەنــدامێک تــەواو کــا، سەرەنجامیش ئەو جۆرەی کە دڵخوازی ئەوە ئاوا دەرنەیــەت ـ لــە بــزە و سیمای ڕەزامەندیڕا دیار بوو کە هەموو شتێک دروست و ڕێکوپێکە، هەموو شتێکیش هەر بــە یــەک گۆشــەی چــاو خورانــدن، یــا لــووت، یــا کــەمێ سەرلەقاندن و هێنانەوەی ئەم تاڵە یا ئەو تاڵە مووە بۆ سەر جێگای خۆی، دروست بووە!

بە گومانی ئێستای من دنیایەکی کە دەیدیت وێنەی سازکراوی زەینی منداڵێکی خۆشخەیاڵ بوو ـ پڕ لە شتی سەمەرەی جوان، دوور لــە یاســای قورسایی و ڕاکێشان، ئاسوودە لە ئاکاری ملۆزم، ئازاد، بە بــێ ســنووری سروشتی یا دەسکرد، «تاکە وەرزە» لەگەڵ بەهاری بێبڕانەوە ـ لە عــەینی حاڵیشدا پڕ لە ئاڵوگۆڕ: ئەوەندە بەس بوو لێ ببڕێ هــەتا لــە ســووچی خەیاڵیدا، دەستێک لە گۆشەی پەڵە هەورێ بێتە دەر و ئەو لەگەڵ خــۆیدا بەرەو مەڵبەندی پڕ لە پەری دیکە، جیاواز لــە مەڵــبەندی ئــەو پەریانــەی لەگەڵیان ڕاهاتبوو، بەرێت.

ئێئێئێ تۆ خودا چاوتان لێبێ ـ کاریلەش تێگەیوە... چاوت لێیــە، یەک ڕاست هات و لە پەنای لێی خەوت و چاوی بڕیــە دەمولێــوی! چــاوت لێبێ چەندە خۆشەویستانە قامکەکانی بە نێو تووکی ســەر و دەم و لێــوی کاریلەدا دەگێڕێ، چەندیش دایکانە، هەر دەڵێی دایکێکە مناڵەکەی لەســەر کۆشی داناوە و شیری دەداتێ! کاریلەشم چاو لێیە کە بە نازەوە چاو چکۆلە دەکاتەوە و شنەشنی بۆ دەکا ـ بە دانیشتنەوە خۆی لێ نزیک دەکاتــەوە...

ئەمن دڵنیام کە لەگەڵ بێچووە گورگیش هەر ئاوای ڕەفتار دەکرد، لێشم ڕوونە کە بێچووە گورگیش هەر ئەو هەڵوێستەی پێشان دەدا!

حاڵەتی چاوەکانی هەموو گیانلەبەرێکی دەستەمۆ دەکرد... شین شین بوون، بە ڕوونی ئاسمانی ئاوایی و قووڵی دەریای بێبن... ئێمە کە مناڵ بووین لە چاوتررووکانێکدا تێیاندا ون دەبووین و هیچ پەرۆشیش نەبووین لەوە کە ون بووین، بە تەجرەبە دەمانزانی کە ئەو دەریایە دڵۆوانە و دەمانزانی کە لە جێیەکی خۆشدا ون بووین. جا ئێستا وەرەو چاوت لە خەڵکی دیکە بێ... ئەوجا مامۆستا ـ نازانم ئەو تاکە شێعرەی لە نێو کام کتێبە کۆنی فارسیدا دۆزیبۆوە کە جارجار ئاوێتەی قسەکانی دەکرد: «زاغ و کبود ار تو ببینی بَصَر / هیچ نباشد عملش بی‌ضرر *» (بەصەر لە لۆغەتی عەرەبیدا بە مانای چاوە) کتێب دەفەرموێ» و سەری بۆ دەلەقاند... «خودا ڕەحم بە هەموو موسڵمانان بکا!» و خەڵکەکەش سەریان بۆ دەلەقاند و چەناگە و بناگوێیان دەخوراند... ئیلاهی ئامین! پاشان هەناسەهەڵکێشانی کورت و درێژ. دیار بوو کە دەستیان لێ داشتبوو. بە زمان ئاوایان دەگوت، بەڵام بیچمەکان وایان دەردەخست کە هێشتا هیوادارن ـ بزەی نادیار کە بەو سەرلەقاندنە دەهاتە لێوان، ئەوەی ڕادەگەیاند: لەو جۆرە کاتانەدا بیچمەکان بیچمی باوکێک بوون کە بە فیزێکەوە مناڵەکەی لەبەر بزۆزییەک لۆمە دەکا کە ناحەزیش نیە... .

دادەسوێسنە دەیگوت: (لە بیرمە لەبەر درگای ماڵی ئێمە لەگەڵ دایکم و چەند کەیخوداژن دانیشبوو، ژنەکان ئامۆژگارییان دەکرد، نازانم ئەو قسەی لە کێ بیستبوو ـ ڕەنگە لە ئێمە مناڵان کە وەکوو تووتی

---

* - واتە هەر کات تۆ تووشی مرۆی کسکی چاوشین هاتی پێت وانەبێ تووشی زەرەر و زیان نابی.

شێعرەکەمان دووپات دەکردەوە و وەخت و بێوەخت دەمانخوێندەوە؛ دیسانیش نازانم مانای شێعرەکەی لە کێ بیستبوو) گوتی: «پووریێ، چاوی بزنمژەش رەشە، بیلاتەشبی... بە قوربانی خودا بم، بەو کەللەسەرەیەوە کە لە کەللەسەری کیسەڵ دەچێ... ئێستا ئیراد لە کاری خوداش دەگرێ! کیسەڵیش کاوێژێ دەکا... وەیش!» بە جۆرێکیش دەم و لێوی هەڵقرچاند و خۆی بادا کە لە خۆی جوانتر نەبوو... ئاکارەکەی لە ئاکاری منالێکی سێ سالانە دەچوو کە قسەیەکی ناشیرینی بیستووە و وەک تووتی دووپاتی دەکاتەوە. دایکم و کەیخوداژنەکان وەکوو بیسەری قسەی ئەو جۆرە منالانە ئەستەخفیرولڵا و خودایە تۆبەیان دەگوت، لە حالێکدا کە پێدەکەنین... لە حەیفان پێدەکەنین، بەو جۆرەی کە بۆخۆیان دەیانگوت ـ وەکوو دایە گەورەکان. «کچەتیوە هەموو کەسی وەکەڵ هێناوە ـ پەرژینێکی قایم بێ ـ وەکوو خۆی!» بەڕوالەتێکی گرژەوە کە هاودڵی و هاودەنگی لە ژێر تووێژە ناسکەکەیدا بە جوانی دیار بوو دەیانگوت: «حەیا بکە کچێ ـ زمانت گرێ دە، سەیدە عەولادی پێغەمبەرە... ئەستەخفیرولڵا، ئەستەخفیرولڵا، خودایە تۆبە!» و ئەویش دەیگوت: «نا، پووریێ، هیچیش زمانم گرێ نادەم... بە قوربانی پێغەمبەری خوداش دەبم... بەلام ئاخۆ درۆ دەکەم!؟ تۆ خودا پووریێ، تۆ گیانی عەولادت، ئەتۆ بڵێ کوێی وەکوو بنیادەم دەچێ... ئەتۆ ئەگەر نەتدیبایە و لە خەودا دیتبات زراوت نەدەچوو!... بەو فەرمایشتە حەلەق مەلەقانەیەوە، بەصەر لە لۆغەتی عەرەبیدا... بەڵێ، بە سەری خۆی کتێب دەفەرموێ! چۆن بوو ئەو کتێبە هەمووی هەر بۆ خەڵک دەفەرموێ و بۆ کچەکانی خۆی لاڵ بووە، ئەوەندەیان وەک قنگ‌هەڵتەکێنە سمت و کەفەڵ باداوە، کەمەریان لەرزۆک بووە، وەکوو کەللەسەری خۆی!» ژنەکانیش بە پێکەنینەوە روویان تێکدەنا و دەیانگوت: «وای لەو زمانە... ماری پێوەدا ئیشەڵڵا بەو زمانە چەپرەکەوە!... .»

@kurdica

ئێستا ئەگەر بە نۆبەش بێ نۆبەی پیرێژنە، بەڵام ئەمن بڕێک ئاڵۆز و گرژم: هەموو ڕۆژی خودا کەلوپەلەکەم ڕێکوپێک دەکەم، هەموو ڕۆژی خوداش پیرێژن ئەو شتانەم لێتێک وەردەدا ــ هەمووی ــ قەڵەم، کاغەز، کتێب، مەرەکەبدان، یادداشت... ئاخ هێشتا هیچ نەبووە، شێتی کردووم... قسەشی بە کەللەدا ناچێ....

«ماندووی، ئەلان دانیشە بڕێک بحەسێوە ــ دوایە. جارێ کارێک نیە ــ خۆ من پێم گوتی، ئەتۆ کارت بەو کەلوپەلە نەبێ... .»

پیرێژن تێمهەڵدەڕوانێ ــ تێڕوانینی ئاقڵمەندێ لە حۆلێ... پاشان: «ئەدی ئەوانە کێ کۆیان کاتەوە! بۆخۆت کە نایکەی ــ خۆت ماشەڵڵا بوویەتە منالی سێ چوار ساڵان، هەتا چاوت لێ خافڵ دەکەن هەموو شتەکان تێکدەدەی... ئەو کتێبە سەعاتێک لەوە پێش لە هۆوێ بوو، ئێستا لێرەیە... هۆو قەڵەمە لەسەر تاقەکە بوو، ئەلحان لەبەر پەنجەرەیە، ئەو «مەرەکەفدانە» لەو ژێرە بوو... ئەگەر هەموو تەقاویتەکان ئاوا بن خودا روحم بکا بە ژن و منداڵەکەیان...!»

«ئەوە چ پێوەندییەکی بە تەقاویتەوە هەیە، پووری... قسەت کەوتۆتە سەر زار!» وەکوو شتێ دەڵێی پێی وەڕەز دەبم، هەرچەند پێکەنینیشم دێ.

«زۆر باشە، تۆ ڕاست دەکەی، با قسەی تۆبێ... ئاخ!» هەر پێنج قامکیشی بە سەر دەمیدا دەکوتێ، یانی کە ها، ئیدی لاڵ بوو.

دادەنیشێ خەمبار و من تەواو پەشیمان دەبمەوە لەم توند و تیژییەی نواندوومە، دەمەوێ بیلاوێنمەوە؛ سەرەنجام پیرێژن دێنمە سەر ڕێ.

«بلێم چی، پیرم... پیری ناشاردرێتەوە، کوڕم، من خودا دەزانێ چەند ساڵ بوو ژنی بە مێرد بووم کە تازە خوالێخۆشبوو، حەلیم، دایکت، زگی بە تۆ پڕ بوو. باشە، مەعلوومە، ڕۆڵە، دەستم دەلەرزێ (ئەوێ ڕۆژێ

مەرەکەبدانەکەی لە دەست بەر ببۆوە و شکابوو) دەبێ بشلەرزێ ـ دەستی بێئەنوا چەندە کار بکا؟ چاویش کەم بینا دەبێ، سەریش دەلەرزێ... دیسانیش ئەمن چاکم ـ شوکر بۆ خودا زەمینگیر نیم ـ خەڵکی دی ببینی دەڵێی چی، بێچارە پوور فاتمی بێئەنوا ـ دایکی رەسووڵ ـ سەعاتێکی پێدەچێ هەتا ژنی فەقیر دەست بە دار و دیوارەوە بگرێ و هەستێ و خۆ بگەیەنێتە پەنا درگاکە ـ ئەوجار چەند ساڵێکیش لە من چکۆلەترە بە تەمەن. دەردێکی خراپە پیری، رۆڵە ـ دەردێکی بێدەرمانە، خودا بە نسیبتی نەکا...!»

«یانی زوو بمرم، پوورێ، ها!؟»

«نا، رۆڵە، خودا نەکا... مەبەستم دەرد و گرفتارییەکانێتی... ئەتۆ هێشتا شوکری خودا جەحێڵی، هێمان زۆری ماوە بۆ پیری، ئەتۆ هێشتا دەمت بۆنی شیری خاوی لێدێ. بە خودای ئەمن سەرم سوڕماوە لە کاری دەوڵەت، کێ هەروا لەخۆڕا تەقاویتی کردووی. رەنگە لە لای دەوڵەتیش وەکوو ئێرە زۆرت نکە و ناڵە کردبێ، وەکوو من ـ کە چووزانم لاقم وا و چاوم ئاوا و پشتم بەو جۆرە... بەڵێ؟»

«لا حەولە وە لا... دیسان رۆیشتەوە زگ «تەقاویت» ـ قسەی کەتۆتە سەر زار...! وە سەر خۆمی ناهێنم، پێی دەڵێم: «چ دەکرێ، تووکی سەر سپی بووە، پیری خۆ ناشاردرێتەوە.... کاتێ هات دێ ـ ئیدی چ دەم بۆنی شیری خاوی لێبێ چ بۆنی پەنیر ـ خۆ نابێ خۆمان فریو دەین... پیرییان پیری گوتووە و جەحێڵیش جەحێڵی؛ مرۆ کە پیر بوو پشت ئێشە و باداری و چووزانم ئێشی لاق و دەستیش رووی تێدەکا ـ ئەوە یاسای سروشتە....»

«نا، یاسایەکی ئەوتۆش نیە، رۆڵە... هەر ئەو سۆفی فەتاحەی خۆمان بەو جۆرەی کە دەڵێن سەت و دە ساڵی تەمەنە، بەڵام چاوت لێیە ماشەڵڵا وەکوو منارە راوەستاوە؛ لە باتیان حوسێن غەفوور، لە تەمەنی

تۆیە دایە ـ چاوت لێیەتی بێئەنوایە بە قەرا فڕووجێکی لێماوەتەوە و لە چوار پەلان گوێی ساغە، کە ئەویش گرانە... تۆش ئیشەڵڵا پیر دەبی کوڕم، بە پیران پێمەکەنە، بەسەر خۆشت دێ!»

«تکا دەکەم، پووریێ، من کەی پێکەنیوم! ئەو جار پیری کوا بۆ پێکەنین دەبێ... پیاو مەگەر بە دایک و بابی خۆشی پێدەکەنێ ـ یا بە خۆی؟! چونکە هەر چۆنێک بێ ئەگەر تەمەنێکی لەو دنیایەدا مابێ پیر دەبێ... .»

«ئاخر ئەورۆ بەیانی وا تێگەیشتم وەکوو شتێ هێندێ گرژ و ئاڵۆز بووی.»

«تێنەگەیشتم، ئاخرێکەی ـ گرژ بووم یا پێدەکەنیم؟ ... جارێک دەڵێی پێدەکەنیم، کاتێ دەڵێی گرژ و مۆن بووم... ئاخری نەمزانی!»

«وەڵڵاهی، بڵێم چی....»

راستی دەکرد پیرێژن، گرژ بووم. کەلوپەلەکەمان تا رادەیەک دامەزراندبوو،ماڵەکەمان برێک رێکوپێک کردبوو؛ لە دڵی خۆمدا دەمگوت ئێستا ئیدی کارێکم نەماوە جگە لەوە دانیشم و بۆ خۆم گوتەنی خەریکی کتێب و یادداشتەکانم بم، کە دیتم دوژمنەکەت نەیبینێ سەر و کەللەی «هاموشۆکەر» پەیدا بوو! پیرێژنیش وەکوو هەموو ژنانی هاوتەمەنی خۆی سەری لە هەموو شتێک دەردەچوو ـ لە تەواوی لقەکانی زانیاریدا دەستی هەبوو... دنیایەکی هەبوو بۆ خۆی، بە توورەکە و قوتووی زۆری ورد و درشتەوە، پڕ لە گیاوگۆڵی جۆراوجۆر، ماجوومی رەنگاورەنگ: ئەوەیان تایبەتی لاقئێشە، ئەویان تایبەتی ژانەزگ... ئەوی دیکە زگچوون، هۆوەی دیکە بێوەسیری... لە رشتەی حوقووقیشدا کارامە بوو، لە هەموو چەشنە «دادخوازی»یەکدا راوێژی دەردەبڕی. ماڵەکەی ئێمە لە راستیدا دەبوو بە دەفتەری بریکاری و مەتەبی دوکتۆر... بووش، هەر ئاواش

کوردیکا @kurdica

مایەوە: ژنانی جەحێڵ هەبوون کە بۆ ڕێنوێنی و وەرگرتنی شێوەکار دەهاتنە خزمەت پووریێ. پووریش هەموو چەشنە ڕاسپاردەیەکی دەدا بە خوازیارەکان؛ هێلکەیەک دەشکێنی و لەسەری دادەنیشی؛ هێندێک تووکی گورگ دەسووتێنی، خۆڵەمێشەکەی دەکەیە بن ڕێسمەی درگاکە، قاپێکیش ئاو بە بەر درگاکەوە دەکەی، بەیانی پێش تاوهەڵات....

بێئەملا و ئەولا گوتم: «بۆچی ئەو ڕێنوێنییانەت بە دادەسوێسنە نەدەگوت؟ ـ دادەسوێسنەت لە بیرە!؟»

پیرێژن ناباوەڕانە چاوێکی لۆمەگەرانەی لە قەڵافەتم کرد ـ بەو چاوە شپرزانەوە؛ چرچی بەرچێڵە پڕ لە لۆچەکەی لە ژێر چەناگەی هێنا دەرێ، وەکوو چرچی ملی کیسەڵ، کاتی بردنەوە ژووری نێو قاپێلک.

«همم ـ لە بیرمە! ئای، ڕۆڵە؛ ئاوا خێرا لە بیرت چۆوە! سوێسنەی جوانەمەرگ خۆم گەورەم کرد... ئێستا دەڵێی لەبیرتە!»

ڕاستی دەکرد، لەبیرم نەبوو... پووری دادەسوێسنە بوو. «بەڵێ، ڕاست دەکەی پووریێ، هەر لەبیرم نەبوو.»

«ئاوایە ئیدی، لە دڵی خۆمدا دەڵێم بێگومان ئۆینی ئاوات دەرێناوە، هەر گوتت هیچم لە بیر نیە و زەینم پەرتە، لە لای دەوڵەت، کە ئەو خودا نەناسەش ئاوا تەقاویتی کردی... .»

«ئێستا چیم لێهاتووە، کلکم لێ ڕواوە! لا الـــه الّـا الله ـــ بابەتی دەست کەوتووە!»

پیرێژن ماوەیەک بێدەنگ دەبێ، بە بیچمێکی خەمبارەوە چاو لەسەر و پۆتراکم دەبڕێ، پاشان وەکوو دڵخۆشیدانەوە پێم دەڵێ: «دەی نارەحەت مەبە، ڕۆڵە، خودا کەریمە... دەوڵەتیش نەبێتە یارمان، خودا دەسازێنێ کارمان، بە گۆڕی بابی دەوڵەتەوە... کێ لە دەوڵەت خێری دیوە هەتا ئێمە بیبینین...!» دوایەش بە مەبەستی دڵدانەوە بێ سێودوو دەست پێدەکا:

@kurdica

«بەڵـێ، ڕۆڵـــە، هـــەر وەكـــوو گـــوتم بۆخـــۆم گـــەورەم كـــرد ـ كڵاولاریش...لێرە هەر بەو جۆرەی دەیبینی چەند كەسێك لە دەوری یەك كۆ بوونەوە، هەموو كاریان بە یەكترە ـ دەبێ بە چەشنێ كاری یەگدی بەڕێوە بەرن... هەموویان بە جۆرێك پێكەوە خزمایەتییان هەیە ـ ئێـستاش نـەبن ڕۆژێك دەبن... همم ... نەمكرد! ئای كوڕم، خودا دەست بە عەمرتەوە گرێ ـ هێندەم گوت زمانم مووی لێهات، هێندەم گوت قیل سپی بوو...! كێ نەیگوت؟ هەموو گوتیان ـ بە هەردووكیان ـ زۆریـشمان بـە كـڵاولار گـوت... بـەڵام باشە... ئەوانیش گیرۆدە بوون، ڕۆڵە ـ گیرۆدە ببوون... كارەكەیان لە دەوا و دەرمان و ئامۆژگاری و ئەو جۆرە شتانە تێپەڕیبوو، ئیـدی كێـشابوویە بەدناوی. بە قەولی ... كێ بوو خودایە؟... ئەرێ... بەڵێ... بە قەولی كوێخا ڕەحمان بازەرگانی ئەوین بوون، سەودای خۆشەویستییان دەكـرد، دڵـیان دەفرۆشت... بەڵێ كاریان ببووە سەودای دڵ... بڕوا بكە، كاكە، لەو كاتەوە كە مناڵ بوو ئەوەندەم لێو لێكرۆشت لێـوم برینـدار بـوو، ددانم كـەوت ـ فایـدەی نـەبوو، گوێیـان نەدایـە، یـەك لـە یـەك خراپتـر... چـەتیوی جوانەمەرگ هەر باسی مەكە ـ گڵ خەبەری بۆ نەبا ـ هەمو شتێكی پێ گاڵتە بـوو، دەتگـوت مناڵـێكە و لەگـەڵ پۆلـێـك مناڵـی هاوتەمـەنی خـۆی بووكبووكێن دەكا، دنیاكەی دنیای كایە و پێكەنین بوو. تـۆ بـڵێی گـەورە بوو... لە هەوەڵەوە گوتمان منداڵە، فامی نەكردۆتەوە، چاك دەبێ؛ پاشان دیمان نا، ساڵێك، دوو ساڵ... نا، تەواو فامی كردبۆوە، هاوتەمەنـەكانی چووبوونە ماڵی مێـرد، بـەڵام ئـەو جوانەمەرگـە هـەر وا منـاڵ مـابۆوە. ئامۆژگاری چەندە؟ جارێـك، دووجـار، هـەزار جـار... ئـاخری چـی؟ لـە ئاخریدا دەتگوت جەحەندەمی پێ پڕ بێ، ئێستا كە دەیەوێ خۆی چارەڕەش كا، با بیكا؛ لێیگەڕێ با بڕوا و سـەری وە بـەرد كـەوێ... بـە جەحەنـدەم وەكوو ئەو شارستانیە قرپۆكانە ـ ئاخر بیستم كوڕی حاجی كـەریم خـۆی

کوشتووە... کەس نیە، بپرسێ، لەبەر چی؟ رۆڵە گیان بۆچی خۆت چارەڕەش دەکەی؟ نانت نیە، ئاوت نیە، خانە و لانەت نیە ـ لەبەر چی؟ دەردت چیە؟... ئاخر ئێستا وەک دەبیستم ناشکوری نەبێ بۆتە روسم ـ پارەکە کوڕی میرزا نەسروڵلا، ئەوساڵ کوڕی حاجی کەریم... «خۆم دەکووژم، خۆم لەسەربان بەردەدەمەوە خوارێ!» دەپاڕێیەوە، ئامۆژگاری دەکەی: وا مەکە کوڕم، جەحێڵی، وە خۆ وەرە، روحم بە جەحێڵی خۆت بکە، گوناحە، تۆش دەبێ بژی... دەڵێ نا ئیللا و بیللا خۆم هەر دەکووژم! باشە، تۆش ئیدی چەندە... تۆ کە ئیدی حەزرەتی ئەییووب نی نەعوزوبیللا، سەرەنجامماندوو دەبی، لە دڵی خۆتدا دەڵێی باشە ئێستا کە هەر دوو لاقی لە کەوشێک کردووە و دەیەوێ خۆی بکووژێ لێی گەڕێ، بە جەحەندەم! باشە... با خۆی لەسەربانڕا بەرداتەوە خوارێ، وەکوو کوڕی حاجی کەریم، دەڵێی چی بوو، چ بوو؟ هیچ چ ببێ باشە، فلانەکەس لەسەربانەوە خۆی فڕێداوەتە خوارێ. ئاخ، خودا روحم بە دایکی بکا! دەچی دەبینی بۆتە کوتەگۆشتێک، کە ئادەمیزاد پێی خۆش نیە چاوی لێ بکا... یەکێک دەچێ کوتە سیپاڵێک دێنێ، بە سەریدا دەدا، پاشان چەند رۆژێک شین و گریان... ئەویش ئەگەر دایک یا خوشکێکی هەبێ... دەنا ئیدی وەسسەلام خەتمی کەلام. باشە، کوڕم گیان کێ زەرەری کرد لەو بەینەدا؟ بەڵێ، کوڕم، زمانم مووی لێهات، هێندەی گوتم، بەڵام کچەی جوانەمەرگ خەتی کەسی نەدەخوێندەوە ـ نە خەتی من، خەتی هیچ کەسێک... پەرژینێکی قایم بێ، گووی بە کڵاوی کەس نەدەپێوا ـ مامۆستای بەو ردێنە سپی و شاڵە سەوزەوە بە بنیادەم نەدەزانی. قسەی خۆشی ئەوە بوو: کەچەڵ ئەگەر حەکیم با دەرمانی سەری خۆی دەکرد، کچەکانی خۆی، بیلانیسبەت، فلان ـ کوڕەکەشی، پەرژین بێ بە سەر گۆڵەکەریشەوە ناچێ! باخچەی ماڵی خۆی بژار دایگرتووە... لا اله الّا اللّه! قسەی سەیری دەکرد،

کوردیکا
@kurdica

شتی وای دەگوت کە دەبوا بۆ خۆت گوێت لێ بێ، نسحەتم کرد، پێمگوت کچم لە قەدیم و نەدیمەوە گوتوویانە پێکەنینی زۆر گریانی لە دوایە، هەر کارەی ڕێوشوێنێکی هەیە... بەڵام نا... لەو گوێیە وەریدەگرت و لەوی دیکەڕا وەدەریدەنا، جا ئەگەر قسەیەکی زەلامیشی وەبن هەنگڵ نەدابای...»

پیرێژن وەکوو کەسێک کە خەونی دیتبێ و بیگێڕێتەوە و ئەوانەی دیتوونی لە بیری نەمابن و بیەوێ وە بیریان بێنێتەوە، نیگای چاوانی کەمبینای بە سەر سەرمدا تێدەپەڕێ و دەچێتە نێو بیرەوەری دوور و درێژ و تاریکی خۆیەوە ـ منیش لەگەڵ خۆی دەبا؛ بڕێک دەگەڕێ ـ لەگەڵ من ـ پاشان بە سەرلێشێواوی بەری دەستە پڕ چرچ و لۆچەکەی کە لە چەرمی کاڵەیەک دەچوو، لە پەنا ئاورت دانابێ بە سەر دەموچاوە پڕ لە گنج و لۆنجەکەیدا دێنێ و بەڕواڵەت تارمایی بەرچاو و زەینی دەسترێ و دەگەڕێتەوە سەرخۆ.

«بەڵێ، کوڕم، خەتی کەسی نەدەخوێندەوە ـ وەکوو کەس نەبوو ئەو جوانەمەرگە، لەگەڵ کچانی دیکەدا جیاوازی هەبوو. خودا هەڵناگرێ ئەمن بۆ خۆم کچی ئاوام نەدیتبوو... چۆنت پێ بڵێم.. ڕۆڵە، خودا ژن و پیاوی یەک جۆر ئافەریدە نەکردووە ـ ژنی ژن خەڵق کردووە و پیاویش پیاو؛ کچی کچ دروست کردووە، کوڕی کوڕ. بەڵام ئەو جوانەمەرگە یاسای خوداشی، ئەستەخفیڕوڵڵا، وەژێر پێ دابوو ـ لەگەڵ کوڕان «چاوبڕکێنە»ی دەکرد! تۆ خودا... ئاخر کێ دیویە کچ لەگەڵ کوڕ «چاوبڕکێنە» بکا، ئەویش بە عالەمی ئاشکرا، لە پێش چاوی هەموان! لەوەش خراپتر لەگەڵ کوڕانی هاوتەمەن و باوخۆشتر لە خۆی زۆرانی بگرێ... گەورە بوو کچەتیوە... بەڵام دەتدی بوو بە مەیداندار ـ قوڕم بە سەر!»

قامکی شادەی دەباتە سەر چەناگەی، بێباوەڕانە و راماو لە سیمام هەڵدەڕوانێ.

هەمووی ئەوانەم لەبیر بوو، راستی دەکرد پیرێژن، گەلێ جار دیتبووم: داوێنی کراسەکەی لە ئاواڵ کراسەکەی داویشت، کە گورجوگۆڵ بێ... باب و دایکی ئەو کات نەمابوون ـ چاکم لە بیر نیە، بەڵا لە بیرمە کچە زۆر دڕ بوو، گوێی بە قسەی کەس نەدەدا... کوڕگەلیش کە لە خودایان دەویست... باب و دایکەکان حەسرەتیان دەخوارد و هەموو شەوی خودا لەسەر ئەو کارەساتە لە ماڵەکان دار و دارکاری بوو.

«بەڵام پووری، قسەی خۆمان بێ، زۆر جوان بوو.»

پیرێژن وەخۆ دێتەوە و دەڵێ: «همم ـ جوان! دایک مردووە لە مانگیش کاملتر بوو، بە مانگی دەکوت تۆدەرمەکەوە من دێمە دەر... پاک و خاوێن ـ ئەوەندە خاوێن بوو ترووسکەی لە ئاوێ بڕیبوو. رۆڵە، من لەگەڵی ژیام، گەورەم کرد... بەڵام ئەوەش بڵێم لە خۆی نیەت پاکتر و دڵخاوێنتر نەبوو ـ دڵی عەینەهوو دڵی مناڵێکی دوو سێ ساڵان ـ ساف، تۆ بڵێی تاقە خاڵێکی پێوە بوو، ئەستەخفیروڵڵا، لە ئاوێنەش پاکتر بوو... لەبەر ئەوە بوو کە هەر شتێکی دەیگوت کەس لێی لە دڵ نەدەگرت. شایەدیش ـ خودا دەزانێ ـ شایەدیش هەر ئەو دڵپاکییە بوو کە تا ئەو رادەیە نەترسی کردبوو، چونکە لە قەدیم و نەدیمەوە گوتوویانە کاتێ دڵ پاکە، زمان بێباکە. هەموو دەیانزانی کە رواڵەت و دەروونی یەکێکە و ئیدی وا نیە کە لە رووبەڕوو شتێک بڵێ و پاشملە شتێکی دیکە ـ هەر ئەوە بوو کە دەتدیت، هەر کە چاوت لە چاوی دەکرد دڵیشت دەخوێندەوە ـ چاوی ئاوێنەی دڵی بوو ـ لەگەڵ هەمووی ئەو ئەدا و ئەتوارانەیدا چاوت کە لە چاوەکانی دەکرد هەموو شتێکت لە دڵ دەردەچوو بە قودرەتی خودا. دەتدی بە حوکمی خودا لە ئاوی کانی ژنان روونتر ـ چاوەکانی دەڵێم ـ وەکوو چاوی منداڵێکی ساڵەوەختینە: دڵی لە چاویدا بوو وەک ئاوێنە؛ وەکوو ئەو کچ و ژنانە نەبوو کە چاویان هەزار کار دەکا بڕۆیان ئاگای لێ نیە... هەر

ئەوەش ببوو بە هۆی ئەوە کە هەموو جووڵانەوەیەکی هێندە لە دڵ بنیشێ و بۆ خۆی ئەوەندە لە دڵ نزیک بێ. لە خـۆی پـاکتر نـەبوو، ڕۆڵـە. ئـاخر ئادەمیزاد کە خۆشخدە بوو، خۆشقەلب بوو، هەموو کەس خۆشـی دەوێ؛ ئێمەش خۆشمان دەویست بۆیە هێندەمان حەسرەت دەخوارد، هەڵدەچووین و بەرۆکمان دادەڕی و ئامۆژگاریمان دەکرد ـ لەبەر ئەوە کە بێگەرد بوو.

«ئادەمیزاد کە بەدئاکار و دڵپیس بوو لە نێو خزم و کەسی خۆشیدا بێگانەیە... ئێستا کچ بێ، جوانچاک و رووخۆش بـێ، خـۆشئاکـار بـێ، خۆش قەلب بێ... دەی باشە ئیدی، مەعلوومە، هـەموو پەسـندی دەکـەن. خودا روحمی بەوە کرد کە دێیەکـە قوڵـەئاغای هـەبوو؛ ئەگـەر ئاغایـەکی بەزەبروزەنگ و ـ پەرژینێکی قایم بێ ـ چاوحیزمان بوایە هەر لـە هـەوەڵ ڕۆژەوە کچی بێئەنوای دەبرد و فەسـاتی دەکـرد ـ دیـسان خـودا روحمـی کردبوو... بەڵام، ڕۆڵە، کچـە رادە و سـنووری پـشگوێ خـستبوو... خـودا بمکووژێ ـ کایە ئەویش لەگەڵ کوڕان و لاوان...! ئاخر کوڕم، هەر چی بـێ خودا کچی کچ خەڵق کردووە، کوڕیش کوڕ... هەر شتێک لـە ڕێوڕەوشـتی خوداداوەی خۆی دوور کەوێتـەوە، ڕۆڵـە، ئاخرێکـەی سـەری وە بـەردی دەکەوێ ـ وەکوو مریشکێک دەچێ کە ئاکاری کەڵەشێر ڕەچاو کا ـ کە خۆت دەزانی هەر کە دوو جاری خوێند سەری دەبـڕن و لـە پـەنای دادەنـێن؛ یا کەڵەشێرێک کە خودا لە ڕۆژی ئەزەڵەوە پێی گوتووە سروشتی تۆ ئەوەیە، کاری تۆئەمە: فلانە کات و فلانە وەخت بخوێنە، کە خەڵکی خودا بە بـانگی تۆ کاری خۆیان بکەن، نوێژیان بکەن، هەسـتن... بخـەون، ئـاخر قـەدیم کاتەژمێر و ئەو جۆرە شتانە نەبوو، وەکوو ئەمڕۆ؛ کاتەژمێر لە کاتێکـەوە داهات کە خودای گەورە ئەو کاتـەژمێرەی بـە حـەزرەتی جوبـڕەئیلدا بـۆ حەزرەتی یۆسف نارد کە براکانی خستبوویانە نێو چاڵاوەکەوە، هـەتا لـە وەختی خـۆیدا نوێژەکـانی بکـا... خـۆت کـە ماشەڵـڵا کتێـب و قاقـەزت

خوێندۆتەوە، ئەو شتانە دەزانی. ئێستا ئەگەر کەڵەشێر چارەڕەشی رووی تێکرد و لەو سروشتە خوداداوەیە دوور کەوتەوە و بوو بە کەڵەشێری بێوادە، ئەو دەم سەری دەبڕن و لە خێروبێری دەگوزەرێن. ئادەمیزادیش هەر وایە: کچیان کچ گوتووە، کوڕیش کوڕ... .»

ئەو قسەی دەکرد و من وێنەکانم دەبینی. سەرەتای داستانەکە بوو. کچە تا ئەو جێگایەی لەبیرمە تازە فامی کردبۆوە... ئەوەم لە دایکم دەبیست، کە دەیگوت: «فامی کردۆتەوە کچە... ئێستا ئیدی دەبێ وردەوردە بچێتە ماڵی مێرد... ئەوانە هیچیان بە لاوە عەیب نیە. هەتا دوێنێ دەمانگوت منداڵە، فامی نەکردۆتەوە و فلان و فیسار... ئەلان چی. ئێستا ـ پەرژین بێ ـ بەشی فەوجێک قازاخ دەکا!...» ئەوانەی بە باوکم دەگوت. چاکم لەبیرە شەوی ئەو رۆژە بوو کە ئەو ئۆینەی بە سەر ئەحمەد کلاولار هێنا.

کاک ئەحمەد دوو سێ ساڵێک بوو ژنی هێنابوو ـ پووره رابی ـ زەماوەندەکەیانم لەبیر نیە. پیرێژن راستی دەکرد، کچە ئاکاری زۆر کوڕانە و نەسرەوتوو بوو؛ دایمەی خودا لەگەڵ کوڕان بوو؛ ئیزنی لە دەست خۆیدا بوو، باوکێک نەبوو کە بەرگێڕەوەی بێ، یا دایکێک کە لە کۆڵاندا وەشوێنی کەوێ؛ هەر ئەو پووره زلێخایە بوو، کە ئەو دەمیش شتێکی وا نەبوو هەر ئەوە بوو کە بوو. کچە هەمیشەی خودا لەگەڵ کوڕان بوو ـ هەر کە یەکێک لە نێو کۆڵان دەیگوت، «منداڵان وەرنە دەرێ!» بەر لە هەموان پەیدا دەبوو. هەمیشەش ئامادە بوو: هەمزەل بوایە، هەلووکێن بوایە، زۆرانی بوایە یا هەر کایەیەکی دیکە ـ ئەو یەک پای کایەکە بوو، زۆریش قوت و قۆچاخ. ئەحمەدیش ئەو کاتانەی لەوێ بوو خۆی رەگەڵ دەخست، لە بیریشمە هەمیشە بە دەوروبەری دادەسوێسنەدا مڵومۆی دەکرد و دادەسوێسنەش هەمیشە کاتێ ئەوی لێ نزیک دەبۆوە لێوی هەڵدەقرچاند...

«تەماشا ئەوە... بە قوربانی خودا بم، ئەوەش بۆتە بنیادەم! ناوی خۆی ناوە پیاو...! بە قوربانی خودا بم بۆو کارانەی... چەوەندەریش بە خۆی دەڵێ میوە... وەیش!»

کوڕگەلی تازە پێگەیشتوو لیکیان بە دەمولەوسدا شۆڕ دەبۆوە و بە دمی داچەقاوەوە چاویان دەبڕیە دەم و لێوی و لە نێو ئاکارەکانیدا ون دەبوون. هەمیشە ئاوا بوو: کوڕەکان هەموو هەتا ئەویان چاو پێدەکەوت بێئاگا هۆشیان دەبرا؛ ئەمن تەنانەت کچ و ژنەکانیشم دەدیت کە لەگەڵ دادەسوێسنە دەردەکەوت تەشییەکەیان لە بیر دەچۆوە و چاویان دەبڕیە دەم و لێو و پێکەنین و ئاکارەکانی، تەشی بێئەنواش بۆخۆی هەڵدەسووڕا، وەکوو تەگەرێکی هەر لە جێوە هەڵخولێ. کوڕەکان کە جێگای خۆیان بوو... دەمدیت ئەگەر یەکی گەورەتر لەوێ بوایە چاویان بەردەداوە، وەکوو ئەو کاتانەی کە بۆ نوێژ رادەوەستان، کاتێک سەریشیان هەڵدێنا سوورسوور هەڵگەڕابوون ـ لە چاوەکانیاندا گەرمایەکی بەتینی خۆشەویستی و پێکەنین هەبوو، جارجار رەنگیشیان دەبڕووسکا. لێبڕانیان بۆ مەحکووم کردنی ئەو ئاکارانە هەتا کاتێک بوو کە لەگەڵی رووبەڕوو نەببوون، هەر کە رووبەڕووی دەبوون و دەیاندیت، داماوی خۆیان هەست پێدەکرد و سەریان بەر دەداوە، چەشنی تاوانباران کاتی بیستنی رای مەحکەمە ـ بەڵام بە پێچەوانەی تاوانباران بە دڵەکوتەوە نا، بەڵکوو بە جۆرێ سۆز و تریق بوونەوە، وەکوو داوای لێبووردن بکەن لەوە کە بێزانیاری پاشملە مەحکوومیان کردووە و بە بێدەنگی، پشت ئەستوورییان لە قسەی دایک و باوکەکانیان کردووە... پاشان شادمانی و دڵفەریحی؛ ئەوجار، رەنگە، زانین و تێگەیشتن لەو مەبەستە کە لەگەڵ جوانیدا ناکرێ بەربەرەکانی بکەی و لەگەڵ ئەو هەموو شیرینییەدا ناکرێ تاڵ بی. وا مەنشووره دەڵێن، خەڵک بۆیە بە مرۆی ئازا هەڵدەڵێن چونکە خۆیان ترسەنۆکن ـ هۆگرییان

بە خەڵکی ئاژاوە لەبەر ئەو ترسەیە کە بۆخۆیان گیرۆدەی ئەون... ئەمن پێم وایە هەڵوێستی کچەکان لەوەوە سەرچاوەی دەگرت.

نازانم ئە رۆژە کلاولار لەبەرخۆیەوە چی گوت کە دادەسوێسنە گەڕاوە و گوتی: «بڕۆ! تۆ پیاو نی ـ لەخۆڕایی هەڕوگیف مەکە... پیاوەتی بە ریش و سمێڵ نیە ـ بزنیش ریشی هەیە بستێک، پشیلەش سمێڵی هەیە لە سمێڵی تۆ گەلێ درێژتر و پڕتر!... تۆ وەک ئەو جووجکانە دەچی کە لاسایی مریشک دەکەنەوە... راست دەکەی، پیاوی؟!... پیاوی لەم بانەوە باز دە ئەو بانەی کە ـ بزانم زاتت هەیە ـ باز نەدەی ناپیاوی! باز نەدەی بۆخۆم باز دەدەم و لێت حاڵی دەکەم کە مەردایەتی بە ریش و سمێڵ نیە. فەرموو هازا گۆ و هازا مەیدان!...»

ئەوە ئێستا ئێمە لەسەربانی ماڵی سۆفی حەسەنین... سەربانەکانی ئاوایی پاڵیان وە داوێنی چیاوە داوە؛ بە دەگمەن بەینی سەربانی دوو ماڵ مەودای تێدەکەوێ و کۆلانووچکەیەک ساز دەبێ ـ بەهەڵکەوت ئەو سەربانەش یەکێک لەو دەگمەنانە بوو. بەینی ئەو و سەربانی ماڵی رووبەڕوومان ـ ماڵی دەروێش رەحیم ـ شتێک نەبوو پێنج میتر مەودا بوو ـ ئەلحانیش هەیە؛ بەهەڵکەوت هەر دوێنێ دیتم: چووم بەتایبەتی، هەتا بزانم ئاخۆ هێشتا شوێنی جێ پێی کلاولار لەسەربانەکە ماوە یا نا ـ مەیلم لێ بوو. بە کورتی، کارێکی کرد کە هێندەی نەمابوو بەسزمانە کلاولار بە هیلاک بەرێ... بەلا باشە کلاولاریش کلاولار بوو ـ ئەویش وەکوو زۆربەی پیاوانی کورد هەموو گیانی خۆهەڵکێشان و فیشاڵی ئازایەتی بوو، لەگەڵ ئەمەدا کە ئەو هەڕ و گیفانە زۆریش بێبنەڕەت و بنەما نەبوو... هی خەڵکی دیکەش جاری وایە بێپشتیوانە نیە، چونکە دەبینی ئەوانیش بە بارەقەڵلایەکی «ئاغا» ئامبازی ورچ دەبن و تەمەنێک خۆیان نەقوستان دەکەن....

@kurdica

رەنگی ـ رەنگی کلاولار ـ وێدەچوو بڕووسکابێ، پێستی دەموچــاوی بە ئێسکی روومەتێوە نووسابوو، خـۆی دەخــواردەوە ئــەویش چــۆن! بــە بیچمێکی دڵــەدواوە خــەریک بــوو وزاقــی خــۆی بــدا: چــاوم لــە ســیمای دادەسوێسنە کرد، ئەویش بە حاڵ رەنگــی بڕووســکا بــوو، لێــوی ویــشک هەڵگەڕابوو، حاڵەتی چاوەکانی پەرۆشی تێدابوو. من چاوم لــەو بــوو کــە ئەحمــەد چەنــد هــەنگاوێک دوور کەوتــەوە و... پاشــەوپاش کــشاوە بــۆ لەخۆنووسان... ئێستا هەموو پشوویان لە سینگدا قەتیس کردووە... ئەمن چاوم لە دادەسوێسنە بوو، بــەڵام ئەحمەدیــشم دابــووە ژێــر ســەرنجم... ئەحمەد گەیشتە لێواری سەربانەکە، لەگەڵ وزاقی خۆیدا و گوتی: «هوو» ـ دیتم دادەسوێسنە هــەر دوو چــاوی قووچانــد و رووی وەرگێــڕا... منــداڵان کردیانە هەرا. جووت پێی ئەحمەد لەسەربانی رووبەڕوو رۆچوو بوو؛ خودا روحمی کرد، سەربانەکە نەڕووخا! دیسان خودا روحمــی کــرد کــە کــورتی نەهێنا... وای ئەگەر بستێکی کورت هێنا بوایە زگی راســت بــە ســەرە داری گوێسوانەی بانەکەدا دەکەوت، گومانیشی تێدا نەبوو جــەرگ و ریخۆڵــەی دەهاتە دەرێ! دیتم ئەحمەدیش دەتگوت تێگەیشت کە چ کارێکی پڕمەترســی کردووە، چون کاتێ ئاوڕی داوە و چاوی لە دواوە کرد لە دوورەوە دیار بوو کە چاوەکانی پڕ بوون لە ترس... بەڵام وەسەر خۆی نەهێنا.

بــە کــورتی، کــڵاولار لــەو لاڕا، دەوری بانەکــەی دا و هاتــەوە، منداڵەکان کردیانە قریوەقریو. بەڵام دادەسوێسنە بڵێی مێشێکی لــێ میــوان نەبوو! بە بێهەمیەتێوە گوتی: «خۆ حونەری نەکردووە، منیش دەتــوانم ـ پێتان وایە شاخی غوولی شکاندووە... نا، قوربان، مەردایەتی بەو شــتانە نیە... منیش دەتوانم، ئێستا دەبینی...» رۆیی تا وزاقی خۆی بدا، کە نازانم لەکوێڕا سەر و کەللەی پــوورە رەعنــا وەدەرکــەوت، چــوو لەبــەر دەمــی راوەستا و تفێکی لە چرچاوی کرد و دوو چەپۆکی بە سەردا دا... «چــەتیوە

@kurdica

نەفامە!... ئێستا ئەگەر بەو ئاکارانەت توانیت منالی خەلک بەربەلا کەی! قوڕ بەو سەرەت، حەکەداری بێحەیا!» پاشان گەڕاوە و تفێکیشی کردە چرچاوی کلاولار و زۆر قسەی ناخۆش... .

بەلام کچە ئاخۆ لە روو چوو! هەر وەک تفی لێنەکرابێ، زۆر رووهەلمالاوانە گەڕاوە و گوتی: «پووریێ، بۆچی لەخۆڕا بە گژ مندا دێی، خۆ من هیچم نەکردووە... بەو ئاغایە بلێ.. ئەو ئاغایەیە کە دەلێ پیاوە ـ بەو تەرحەیەوە!» خێسەیەکیشی لە کلاولار کرد، دەستێکی راوەشاند و خۆی بادا «ئێستا تۆ خودا، پووریێ، ئەمن نالێم تۆبلێ ـ بەوە دەلێن پیاو ـ ئەوەش بوو بە پیاو، بەو تەرح و دیدارەوە! وەیش، بە قوربانی خودا بم، بۆ کارەکانی!» و تریقەی پێکەنین. ئەوەندە پێکەنی و پێکەنی و خۆی بادا و ئەیش و وەیشی کرد کە پووریێ بێئەنواش وەپێکەنین کەوت ـ لەو تووڕەبوونەدا. «ئەستەخفیڕوللا، خودایە تۆبە! جا بلێم چی، ئاخر زەمانە ـ چی بلێم!» بزە لەسەر لێو لە حالێکا لفکەی دەسمالەکەی بە دەمەوە گرتبوو لێیدا رۆیشت.

بەلام کلاولار دەیگوت نا، دەبێ لمبۆزی لە خۆل وەردا ـ تێشی وەردەدا ... دەیبینن ـ ئاخ!» ئەویش کەوتبووە سەر باری رق و رقەبەرایەتی.

«دەی، پووریێ؟»

«گیانی پووریێ، رۆلە... کچە هەر لە کاتێکەوە بەرسیلە بوو ببووە مێوژ ـ هەر لە مندالیڕا ئاوا بوو، رۆلە، من لەبەر دلپڕی خۆم ئەو شتانە دەلێم، ئەگینا کام قشقەڕەیە کە لەسەر هێلانەی خۆی بقڕێنێ، کام دایکە کە پاشملەی منالەکەی خراپ بدوێ؟ تۆ ئەو کات منال بووی... لە بیرمە زۆر چکۆلە بووی ئەوێ دەمێ ـ تۆ رەنگە زۆر شتت نەدیتبێ، یا کە دیتووتە و تێینەگەیشتووی... بەلام من گەورەم کرد، ئەو شتانەی کە من دیتم و بیستم ئەگەر بیانلێم دەبێتە کتێبێک بە قەرا کتێبە گەورەی مامۆستا! کچە... وەی

وەی، خودا بە دووری کا، ئاتەشپارەیەک بوو! ئێستا من شتێک دەڵێم و تۆ شتێک دەبیستی - هەر لە منداڵیڕا لە دێوی دووسەریش نەدەترسا، لە دیواری راست سەردەکەوت، تۆ مناڵ بووی رەنگە وەبیرت نەیە، کچێکی وردەڵە بوو، ئایا فامی کربۆوە یا نەکردبۆوە، بەڵا دەتدی بە تاقی تەنێ بێستانێکی رەعەمەڵ دێنا. شەو و رۆژ لە لای بێستان بوو... خۆت مناڵی ئاوایی، دەزانی، دەزانی لە مەزرا هەزار جۆر مەترسی هەیە، هەزار جۆر ئادەمیزاد هەیە، گیانلەبەر هەیە: ئەوە کاروانچییە، ئەوە رێبوارە، ئەویدی راوچییە، ئەوەیان جووتێرە، ئەوە غەوارەیە، ئەوە، چووزانم فەعلەیە، ئەویان عەجەمە - بە کورتی هەزار جۆر ئادەمیزاد؛ بەڵام تۆ بڵێی کچە ئەبەدا دەربەست بوو - حاشا. شەوانەش بە تاقی تەنیا لە لای بێستان دەخەوت، تۆش بڵێی بە خەیاڵیدا دەهات - ئەبەدا. هەوەڵێ مامۆستا گوتی: «زلێخا، ئەو کچە هەر چێکی بێ زەعیفەیە، منداڵی ئەم گوندەیە، ناموسی ئەو دێیەیە، هەر چۆنێک بێ ئافەریدەی خودایە... هەزار موقەددەرە، مەهێڵە بە تاقی تەنیا لە لای بێستان بخەوێ - بۆ خۆشت بچۆرە لای... خودا عافووی کا، پیاوی چاک بوو، ناخۆشییەکانی لە دڵ نەدەگرت - لەگەڵ خەڵکەکە بوو، لە شایی و شیندا. «بۆخۆشت بچۆ لەگەڵی بمێنەوە؛ هەرچێک بێ زەعیفەیە، ناموسی ئەو ئاوەدانییەیە...» بەڵام کورِم، کچە ئەو کاتانەی کە دەکەوتە سەر ئەو بارە و دەیدا دەری بێعاری، ئیدی ئەستەخفیرِوڵڵا عەبدایەتی خوداشی نەدەکرد. ئەگەر دەتگوت ماست سپییە دەیگوت ئیللا و بیللا رەشە کە رەشە. زۆرم بە گوێیدا هەڵخوێند... بەڵام چ فایدە، لە من زۆر گوتن و لەو کەمبیستن. هەڵبەت نەبێتە درۆ چەند شەوێکیش چوومە لای خەوتم، بەڵام هێندەی زمان شرِی کرد کە لە چوونەکەم پەژیوان بوومەوە، لە دڵی خۆمدا گوتم بە جەحەندەم، لە ئێمە گوتن بوو - شەرعی خوداش هەر ئەمە دەڵێ، ئیدی خۆ من ناتوانم، بیلامانێ، وەکوو لینگە کەوشی کۆن کە

کوردیکا
@kurdica

بە لاقی مریشکەوەی دەبەستن خۆمی بە لاقەوە ببەستمەوە، یا داوێنی بە داوێنی کراسەکەی خۆمەوە بدرووم... گەورەیە، بۆخۆی دەبێ ئەو شتانە بزانێ ــ ئێستا کە پێم دەڵێ کەوشەکانت جفت گوتەکانت مفت، منیش ئیدی ئەرکێکم لەسەر شان نیە.

«بەڵێ، مرۆ تێدەمێنێ بڵێ چی... دەیگوت: «هاتووی ئێشکم بکێشی، نەهاتووی چاوەدێریم بکەی ــ ئەمن مندال نیم، خۆم شارەزام چ بکەم» رۆڵە، ئەوەش بڵێم، گوناحی ناشۆمەوە، ئەمن بۆخۆم ئەوێ دەمێ هیچم نەدی... هەرزاڵێکی دروست کردبوو بۆخۆی؛ لەگەڵ دەبوو بە شەو نەردیوانەکەی هەڵدەکێشا سەرێ ــ وەکوو مەردێک ــ تەورداسێکیش لە پەنای. نا، لەو کچانەی دەیانبینی نەبوو، کە لە مشک دەترسن و شەوێ حەتمەن دەبێ یەکێک بە پەرەی دڵیانەوە بێ هەتا زراویان نەچێ. نا، لە دێوی دووسەریش نەدەترسا، راستە، دەچوون، سەریشیان دەخستە سەر. بەڵا ئەتۆ بڵێی دەیانوێرا بڵێن پشتی چاوت برۆیە، یا فلان وفیسار، یا کە بە نەزەرێکەوە لێی نزیک ببنەوە؟ .... نا، ئاوا نەبوو، لەو کچانە نەبوو، خۆ بۆ خۆت دیتبووت، ئاخر ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم جارجارە نان و دۆم دەدا بە تۆ کە بۆی بەری...»

«بەڵێ، پوورێ، چاکم لەبیرە ــ هەر دەڵێی دوێنێ بوو...»

پیرێژن راستی دەکرد. جەحێڵەکان ــ بەتایبەت کلاولار ــ دەچوون و بە بیانووی کڕینی گڕکە و خەیار و شووتی سەریان دەخستە سەر، بەڵام ئەو ئەوانی بە بنیادەم نەدەزانی ــ کلاولار لە هەموان کەمتر. دەرووەستی هەموویان دەهات. لە یادمە رۆژێک نان و دۆم بۆ بردبوو، کە کلاولار پەیدا بوو، داوای گڕکەی کرد. دادەسوێسنە بڕێکی چاو لێکرد ــ لەو چاولێکردنانەی کە لە کەلاکی بزنی مندارەوە بووی دەکەن. گوتی: «کێ تۆی ناردووە؟ بڕۆ بڵێ لە تۆ گەورەتر بنێرن... بڵێ دەڵێن تۆ هێشتا منداڵی...

کوردیکا
@kurdica

هەر وەخت بوویە پیاو وەرە، هێشتا منداڵی، سەودا لەگەڵ تۆ دروست نیە!» پشتیشی تێکرد و کلاولار هەرچێکی کرد کەڵکی نەبوو. سەرەنجام بۆخۆی رێکەوت بەرەو کەردوو... کە دوژمنەکەت چاوی پێی نەکەوێ...! وای خودایە، پڕی دایە تەورداس و جا وەرە هەڕای کەیە... کلاولاریش بەو قەد و قەلافەتەوە جا وەرە هەڵێ! لەو هەلاتنانە ـ هەلاتنی بەڕاستی، تاژی تۆزی نەدەشکاند! لە من دەپرسی، هەوەڵ پێشێ پێکەنینم هاتێ، بەلام کاتێ سیمای دادەسوێسنەم چاو پێکەوت، منیش ترسم رێ‌نیشت... دیتم نا، داماوە حەقی بووە! قەلافەتی وای بەسەر هاتبوو کە هەر کەس دیتبای دەترسا: بەو قژە ئالۆزە و چاوە دەرپەڕیوانە و ئەو لاقە پێخاوسانە و کراسە دڕاوە و رەنگە بڕووسکاوەوە وەکوو ئەو دێوانە دەچوو کە دێنە خەونی منالانەوە و کلک لە عەرزی دەدەن و نەعرەتە دەکێشن! بەلام لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا زەردەی بۆ من لەسەر لێو هەر هەبوو. لەبەر خۆیەوە دەیگوت: «نامەرد نۆبەرەی گێلاسی هێناوە! ماڵی خۆمە و بە تۆی نافرۆشم... نامەرد دەیەوێ کەلەگایی بکا، بەو تەرحەیەوە پێی وایە وێنجە بەڕەلایە... وەهام لێ رادەکێشا پەنجەی دەستی دە هەنگاو لەو لاتر بکەوێ ـ نامەردی نیوەپیاو!» گیانی دەلەرزی، پاشان کە دانیشتینە سەر نان و شووتی و دۆ خواردن، وێڕای خواردنەکە جارجارە لە فڕقەی پێکەنینی دەدا و خۆی دادەنەواند و هەڵدەستاوە و دەستی لەسەر دڵی دادەنا، وەکوو منداڵی چکۆڵە خۆی دەخستە سەر تەنیشت و لەقە و لووشکەی دەهاویشت... «کابرا تەواو زەرد هەڵگەڕا ـ نا حوسێن؟!» دیسانیش پێکەنین و پێکەنین. پێمگوت: «دادە، هەر بەڕاستی لێت دەدا؟» بە سەرسووڕمانەوە سەیری کردم: «لێم دەدا! بەڵێ، کە لێم دەدا... من لەگەڵ کەس شۆخیم نیە... دەیەوێ شۆخی بکا. بچێ بۆلای دادی... وەهام لێ‌ڕادەکێشا پەنجەی

کوردیکا @kurdica

دەستی دە هەنگاو لەو لاترەوە بکەوێ... بەڵام تـەواو زەرد هەڵـگەڕا، هــا!»
دیسان پێکەنین و لەقە و لووشکە. هێندە پێکەنین کە ژانمان کرد.

ئەو شەوە بەسەرهاتەکەم بۆ دایکم گێڕایــەوە؛ دایکــم وەک هــەموو جــارێ ســەرێکی راوەشــاند و گــوتی: «همــم، ئێــستا ئیــدی کەوتۆتــە بازاڕگەرمی... وەک ماکەر وایە هــەتا چەنــد لووشــکە حــەوا نــەدا دەست داناداتە عەرزی! چاوم لێیە... بەڵێ، بە گیانی باوکی!...»

رقم هەستابوو، گوتم: «یانی دەڵــێی بــە درۆی بــووا دەڵــێی ئــەمن نەمدیت!»

«با، دیتت... دەزانم، ماکەریش دەبــینی، لووشکەکەشــی دەبــینی ـ پاش ئەوەش دەبینی کە دەستەکانی حیسابی لە عەرز داگرت و گەڵــی فــش کرد... خودا روحمی پێ بکا ـ کەوتۆتە ســەر بــارێکی خــراپ... ئەوانــە لــە خوێنیان دایە...»

پیرێژن دەڵێی لیزگەی بیرەوەرییەکانمی زانیوە راست لەو جێگایەڕا کە لە زەینمدا کۆتایی پێهاتبوو دەستی پێکردەوە: «بـڵێم چــی رۆڵــە، لــە خوێنیدا بوو... ئەو شتانەی کە ئێمــە دەمــانگوت یــا بــە دڵــمان بــوو لــە خوێنیدا نەبوو، رۆڵە، چاڵاوێک کە ئاوی نەبێ بە ئاو تێکردن، ئاوی نابێ ـ چاڵاو دەبێ ئاوەکەی هی خۆی بێ، ئەگینا ئاوی تێکە... رۆژێک، دوو رۆژ، سێ رۆژ، ئەو ئاوەی تێتکردووە دەیداتــەوە. پاشــان وشــک دەبــێ... ئــەو ئاکارانە لە خوێنیدا بــوو.. دەنــا نــا هەڵــپەڕین، گــۆرانی گــوتن، لەقــە هاویشتن چەندە ـ منــداڵ بــازاڕی چەنــدە! خــۆت رەنگــە لــە یــادت بــێ، دەربەستی کەس نەبوو. ئەمن ئەلحانیش جارجار کە وەبیر ئــەو ماجەرایــە دەکەومەوە لە دڵی خــۆمدا دەڵــێم شــایەدیش نەیــدەزانی! چونکــە حــەد و سنوورێکی بۆ خۆی دانەنابوو... وەکوو گیانلەبــەرێکی کێــوی... تــۆ بــڵێی دەیزانی عەیبە چیە، شەرم چیە، حەیا چیە ـ حاشا! حەی، چاوت لــە مــن

بێ دەڵێم چی... حەد و سنوور! وەکوو ئەوە وایە لە باڵندەیەک کە لە کوێستانەوە بەرەو گەرمێن دەچێ پرسیار بکەی کەنگێ لە سنوور تێپەڕ بووی!... خودا دەست بە عەمرت بگرێ، ڕۆڵە... حەد و سنوور! بەڵێ کوڕم، ئەو شتانە لە خوێنیدا نەبوو، سروشتەکەی ئەو جۆرە بوو... وەختێکی دیکە بۆت دەگێڕمەوە، ئەوشۆ بڕێک بێوازم، سبەیشەو یا شەوێکی دیکە وەبیرم بێنەوە، ئەگەر عومرێک باقی بێ لەو دنیایەدا، بۆت دەگێڕمەوە ـ لە خوێنیدا نەبوو...»

پیرێژن خەوتووە، پرخ و هۆڕی دێ، لە دەرەوە بەفر دەبارێ و بۆران قوولە دەکا. دێوی زستان پێشوادە پەتی پساندبوو، ڕکێفکوت نزیک ببۆوە... گەیشتبوویە؛ من دوور کەوتبوومەوە و زەینم لای دادەسوێسنە بوو... ئەو دەڕۆیشت و من دەڕۆیشتم... دیار نەبوو، بەڵام لە خەیاڵدا کولووە بەفرەکانم دەدی کە لەسەر دارەکە دەنیشن و لە دارەکە دەفڕن، دارەکەشم دەدیت، لە خەیاڵدا، کە دەست درێژ دەکا و لە خانووچکەکەی ئێمە یارمەتی دەوێ، بایەکەشم دەبینی کە چەشنی ئەو مناڵە هارو هاجانە بە تاڵووکە دێت و چنگێک بەفر هەڵدەگرێ بە پەنجەرەکەیدا دەکا و هەڵدێ... کڵاولاریش دەبینم، کە دادێتەوە؛ مستێک خیز هەڵدەگرێ و بە پەنجەرەی ماڵی دادەسوێسنەیدا دەپڕژێنێ... پیرێژن خەوتووە.

وژەوژی بایەکە بەرزە. پرخ و هۆڕی پیرێژنیش، هەرچەند بەیانی دەڵێ کە دوێشەو لەبەر ئێشی پشت و ژانی لاقولەتەر چاوی لەسەر یەک دانەناوە و خەو لە چاوی نەکەوتووە... دادەسوێسنە پێدەکەنی، کڵاولاریش ـ منیش. دادەسوێسنە جەحێڵە، شادمانە، قەت سکاڵا ناکا، لە خەودا جوانتر و بێگەردترە لە خۆی؛ ناڵینەکەشی جوانە، سکاڵاش بکا جوانە، تاڵییەکەشی شیرینە. گوێم لە دەنگی پێکەنینەکەیەتی ـ لەخەودا پێدەکەنێ... پیرێژن لە خەودا دەناڵێنێ؛ نازانم ئاخۆ پیرێژن هێشتا هەست

به گەرمای لەشی دەکا؟ ئاخر دەڵێ لە پەنا خۆم دەمخەواند. ئەگەر وەها بێ بێگومان هەستی دەکا ـ مەگەر دەکرێ ئەو گشتە تین و تاوە شوێنێکی لە خۆی جێنەهێشتبێ؟ بە بۆچوونی من لەبەرەکەتی گەرمای ئەو لەشەیە کە ئێستاش لەو دیوە ساردەدا ئاوا ئاسوودە خەوتووە... جێوبانەکەی من هێشتا گەرم دانەهاتووە.

بەفر دەبارێ... زستان هاتووە... زستانی سروشت... زستانی پیرێژنیش. زەوی دەبێ بحەسێتەوە، هەروەها خەڵک. فەسڵی شەوانی درێژ، قاوەڵتێی بە شێنەیی و خاوبوونەوە گەیوەتێ ـ ماڵاتیش شەکەتی دەردەکا. فەسڵی چیرۆک گێڕانەوە و گوازتنەوەی ئەزموون و کەلتوور، گۆرانی گوتن، شەوچەلە خواردن ـ فەسڵی دانیشتن لە پەنا ئاور و بە ناخا ڕۆچوون و خەیاڵات و گوێ هەڵخستن بۆ قسە و سکاڵای دایە گەورەکان....

ئەوانیش خاسیەتی ئەو بەفرەیان هەیە: دەبارێن لە کاتی خۆیدا: زەویش گەرم رادەگرن، هەمیش کاتێ توانەوە زەوی دەخووسێنن و کانیاوەکان کەیلی ئاو... قەت زیادی نین... تێنەگەیشتم چۆن بوو دادەسوێسنە بەوەی نەزانی، بەو گشتە مەیلەوە کە بە گوڵ و گیا و سروشتی هەبوو ـ یا کە پێی زانی و نەیگوت... هەر چەند هەمووی خەڵک ئەو کاتە لە بنەماڵەدا پەی بە دووریان دەبەن و یادیان لێدەکەن کە ئیتر لە هەوێڵدا نین... ئەوە رەسمی دنیایە... بەفری زستانیش هەر ئاوایە: ئەو کاتە بە کەم بوونەکەی دەزانی کە لە هاوینێدا لەگەڵ بێئاوی رووبەڕوو دەبی... تەنانەت بێنانیش.

ئاور قرچەقرچێتی؛ با، جنێو بە پەنجەرەکە دەدا؛ دارەکە لە تاریکی و خۆفی شەو و وژەوژی با ترساوە؛ باسکی بۆ هەڕەشە دێنێتە پێشێ؛ پەنجەرە تەقەلایەتی، تێدەکۆشێ خۆی لە چوارچێوەکە جوێ کاتەوە و بێتە دیوەکەی ئێمە و لە قولینچکێک خۆی بشارێتەوە. گڕی ئاور بڵێند و نەوی

دەبێ و پێچ و خول دەخوا و خۆ با دەدا ، دەڵێی وڵامی تـەوس و پلارەکـانی بایە... وەیش! لە پڕێکدا وە شوێن با دەکەوێ... جارجار دەگەڕێتەوە ـ بـە دوودڵی ، هێندێک لە خۆی دەهاڵێ ، دیسان بە دوودڵـی ، پاشـان تـەنوورە دەکێشێ ، لەپـڕ ، «تەورداسـەکە»ی دەبیـنم... ترسـم رێدەنیـشێ... بـەڵام دادەسوێسنە پێدەکەنێ ، منیش پێدەکەنم ـ پیرێژن دەناڵـێنێ لـە خـەودا و دەمولەوسی خوار و خێچ دەکا... دارەکـە لـە دەرەوە خـۆی رادەژێنـێ؛ بـا فیکەفیکێتی... دەنگـی فیکـەی کـلاولار بـوو؟! چـاوەڕێی دادەسوێـسنەیە!؟ خەوتووە دادەسوێسنە؛ لە خەودا قریشکەی پێکەنینەکەی دەبیستم....

# ٣

پیرێژن نوێژەکەی کردووە، سڵاوی نوێژی داوەتەوە و خەریکی دوعا و پاڕانەوەیە لەبەر خودا، شوکرانە دەبژێرێ، داوای لێبووردن دەکا، تەواو لێی حاڵی دەبی، داخوازی لە خودا دەکا، زۆر نهێنی و خەمبار ـ لە نێو داخوازەکانیدا وشەی «تەقاویت»م بەرگوێ کەوت وەکوو شتێ. راچەنیم، دڵمەند دەبم، بەڵام هیچ ناڵێم، هەرچەند لە دڵم گران دێ. سەرەنجام هێندێک خۆی رادەژێنێ و برێک شتی نهێنی بە خودا دەڵێ، پاشان وەکوو بەڵێنی وەرگرتبێ و پێزانینی خۆی دەربڕێ، دەڵێ، ئامین یا رەببەلعالەمین!

ئەو جار فوو لە وڵات دەکا، بەری هەردووک دەستی بە دەم و چاویدا دێنێ و بەرماڵەکە کۆ دەکاتەوە ـ بەڵام لێوی هەروا دەجووڵێتەوە. بەرماڵەکە لەسەر تاقە دادەنێ و بە کووڕەکووڕ دەچێ و کەوڵەکە دێنێ. کەوڵەکەی بە دڵ نیە... کەوڵیش بوو بە شت... «مەجومعە»یان دروست کردووە بۆ نان خواردن... کەوڵ ـ نیوگەز هومایل... لێچکە نەبێ، دەسرۆکە نەبێ ـ جا ئەوەش بوو بە قسە!

@kurdica

گیروگرفتەکەی لەو قەبیل و قوماشەیە، گرفتی فکری دیکـەی نیـە ـ نەیبووە: چ فەرقێکی بۆدەکا ڕۆژ بە دەوری زەوی‌دا هەڵسووڕێ یا زەوی بـە دەوری ڕۆژدا، یا فلانە کاکێشان ئەوەنـدە ساڵـی نـووری لەگـەڵ ئێمـەدا مەودای هەبێ یا نەیبێ. «ملیۆن» لە وزەی گەیشتنی زەینی ئـەو بـەدەرە ـ هەتا دە پتر نازانێ بژمێرێ؟ ئەگەر ئەژمار لە دە بەو لاوە دەبێ، دەیەکە بە جوێ دەژمێرێ و ئەوی دیکەش بە جوێ، پاشان یەک دە... دوو دە و....

کاکێشان!... ساڵی نووری! نا، ئەو شتە سەیر و سەمەرانە شوکر بۆ خودا لە مەڵبەندی ئێمە شوێنەواریان نەبوو؛ لێهاتوویی و زەوق و زانستی فەننی شتگەلێکی نەناسراو بوون و ناویان وەبەر گوێی کـەس نەکـەوتبوو؛ بلیمەتیش گیانلەبەرێکی نەناسراو بوو، مەگەر بـە هەڵـسەنگاندن لەگـەڵ مامۆستادا، کە ئەو کات برێک هەستی پێدەکرا: دەبوو بە شتێکی کۆنە، گنج و لۆنج و نێوچاوان تاڵ... ئەگەر ڕاستت دەوێ هەر بە خاتری ئـەو شـتانە بوو کە گەڕابوومەوە بۆ ئاوایی، ئێستاش لە پەنا ئەو شـتانە هەسـتم بـە پەژیوانی دەکرد ـ هاتبووم دڵاسوودەیی زیاترم هەبێ و ئێستە دڵپەرێـشان بووم. داخم لێدەهات: دەمدیت ڕەعێتەکانیان دەبرد بۆ بێگار، پاسگا دروست بکەن، یا لەوانە بوو کاتی چوونەکەیان بۆڵەیان هاتبـێ یـا هـەر چۆنێـک بووبێ، بەڵام دەچوون؛ چاکیشیان کار دەکـرد، پاسـگا و ڕێگایـان دروسـت دەکرد، لە حاڵێکدا کە چەپەریماڵەکانی خۆیان شڕ و پەتوور ببوو، دیوار و دەرک و لاشـیپانی ماڵـەکانیان رووخـابوو، میچـی ماڵـەکانیان زاری کردبۆوە ـ دەربەستیش نەبوون ـ تەنانـەت نەیانـدەدیت ـ نەیاندەویـست بیبینن... ئەمنیـە دەهـات، «قـازاخ» دەهـات، میوانـدارییان دەکـرد، بـە حورمەتەوە بەڕێیان دەکرد، بەرتیلیشیان دەدا، بەڵام لە باتیان تۆڵەکەیان لە ژنان و پاتاڵی بەستەزمان دەستاندەوە: بە دار لە گیانی بـزنی بێچـارە بەردەبوون، چونکە بە چەپەرە شکاوێکدا دەرپەڕیوە و برکەی کوولەکە یـا

کوردیکا @kurdica

تەماتەی خواردووە؛ گوێدرێژی بێئەنوا کە پشتی لە ژێر باردا نوشتابۆوە، بێبەزەیی، دوژمنانە، بە دار وەریدەگەڕانێ، لەبەر ئەوە کە گوتوویانە: «وەشە ـ لادە» و ئەو هۆشی نەبووە و خۆی لا نەداوە، لنگەی بارەکە وە دار یا بەردی قەراغ ڕێگا کەوتووە و بارەکە خوار بۆتەوە، لە حاڵێکدا بۆخۆیان لەگەڵ ئەوەدا لە ژینا هەمیشە هۆشیان بووە و خۆیان لە بەسەرهاتەکان لاداوە بەو حاڵەوەش بارەکەیان هەمیشە وە شتێک کەوتووە و قەت نەگەیوەتە مەنزڵ. بێجگە لە ژنان و کچان هیچ کەس بەزە و خۆشەویستی بۆ ئەو ئاژەڵە بێئەنوایانە لە دڵدا نەبوو، قسەیەکی خۆشیان بۆ ئەو بەستەزمانانە بە زاردا نەدەهات. سەگەلیش ئیدی هەر مەپرسە ـ سەگی ماڵوێران نۆکەری بێخەلات و بەرات بوو، شەوێ هەتا بەیانی پاسی دەکرد و بە پاسی ئەو شەونخوونی کێشانە بە ڕۆژ خۆی لە دەست منداڵان حەشار دەدا. هەموو ولات دلڕەقی، هەموو ولات توند و تیژی، هەموو ولات چەپەڵی و نەگبەت. سەوەتە شیاکەی ماڵاتەکەیان دروست لەبەر دەمی ماڵەکان هەڵدەڕشت، لە پەنا دیواران، لەسەربانان خۆیان خاڵی دەکردەوە؛ ژنانی بێئەنوا جگە لە کانی ژنان و حەوشەی ماڵێ جێگایەکی دیکەیان نەبوو... هیچ کەس لە فکری هیچ شتێکدا نەبوو ـ نە حکوومەت، نە خەڵک، خەڵک بەم جۆرە، حکوومەت بەو جۆرە ـ کاری حکوومەت تەنیا ببووە پاسگا سازکردن و بەرتیل وەرگرتن. لە هەموو جێگایەکی دنیای پێشکەوتە بڕیار لەسەر ئەوە دەدرێ کە حکوومەت دەبێ ئەو ئیمکانە بۆ مرۆ پێکبێنێ کە ئایینی خۆی، حیزبی خۆی، ڕۆژنامەی خۆی و ... خۆی بۆ خۆی هەڵبژێرێ... ژیانێکی شیاویش هەڵبەت بۆخۆی دابین بکا... لێرە حوکم جۆرێکی دیکەیە: حوکم لەسەر ئەوە دراوە و فەڕزە لەسەر تۆ، کە ئایینت، ئایینی حکوومەت بێ، ڕۆژنامەی حکوومەت بخوێنێوە (ئەگەر سەوادت هەبێ) لە حیزبی حکوومەتدا بی، ئەگەر بە

مەسڵەحەتی زانی و حیزبێکی بۆساز کردی... بۆخۆشت بە جۆرێک سەرەتەقەیەک بکەی، بە ناوی ژیان، ئەو جار حکوومەت لەو «ژیان»ـەش مالیات بستێنێ، کاربەدەستی حکوومەتیش بەرتیل لەسەر مالیات! لە مانادا تەواوی حەولودەولی حکوومەت ئەمەیە لە هەموو بارێکەوە وزەی ویژدانی خەڵکی لە چوارچێوەی وزەی ویژدانی خۆیدا بێ - کە یەکجار زۆر بەرچاوتەنگانە و سووک و چرووکانەیە... خەڵکیش لە جیاتی ژیان و بەڕێچوون «زیندوو»ن - زۆریش «رازی»ن!

ئاخ... منیش شێت بووم... حیزب، ئایین... رۆژنامە! لێرە حکوومەت یانی پاسگا، یانی ژاندارم، یانی قازاخ... وەک خەڵک بۆخۆیان دەڵێن یانی «دەوڵەت»! دەوڵەتیش یانی دەوڵەت. دەوڵەت دەوڵەتە؛ هیچ شتێک بە کەس نادا؛ بۆ ئەمە نەهاتووە هیچ بدا، هاتووە وەرگرێ، وەریشدەگرێ - هەمیشەش بە زمانی ناخۆش. پیرێژن حەقێتی دڵەدوا بێ، دەزانم دڵەدوایە، دەپارێتەوە دەوڵەت دەبە دەرنەهێنێ و «تەقاویتەکەم» بداتێ... ئیلاهی ئامین... ئامین یا رەببەلعالەمین!

نانمان خواردووە، کە بێ پێشەکی پرسیار دەکا: «ئەورۆ چەندەی مانگ بوو، کاکە؟»

«مانگ؟ چاک نازانم... .»

«چۆن نازانی، ماشەڵڵا بەو هەموو کتێب و دەفتەر و «مەرەکەفدان»ـەوە! مامۆستا، هێشتا قسەکەت لە دەم دەرنەهاتووە کە ماشەڵڵا - پەرژین بێ - وەک بلبل جواب دەداتەوە - مەسەلەن هەوەڵی سەفەر، یا چووزانم بیست و دووهەمی جیمادوسانی، یا چی بڵێم حەقدەهەمی رەبیعول ئەووەل... .»

بزەم دێتێ.

«بە چی پێدەکەنی...! دەڵێی درۆ دەکەم لە خەڵکی بپرسە...!»

«نا ، ئەستەخفیرو‌ڵڵا... لەبەر چی درۆ بکەی...!»

«ئەدی چی؟»

«هیچ ، ئێستا ئیدی ئەو جۆرە ڕۆژەژمێرانە باو نین.»

پیرێژن چاو دەردەپەڕێنێ ، بە واق وڕمانەوە دەڵێ: «تەقمین؟» یانی چۆن؟ ـ نەمبیستبوو!...» دەتگوت زۆر شتی بیستبوو تەنیا هەر ئەو یەکە مابوو.

«ئێستا بە پێی مانگەکانی ئێرانی حیسابی دەکەن... .»

«چلۆن یانی... یانی ئیدی دەوڵەت ـ ئەستەخفیرو‌ڵڵا ، زمانم لاڵ ، کاری خودا و پێغەمبەریشی بە دڵ نیە!؟»

«نا ، باسی خودا و پێغەمبەر نیە ، پووری ـ ئەلحان مانگەکان بە جۆرێکی دیکە حیساب دەکەن نە وەکوو پێشوو... .»

«دەی باشە ، مەسەلەن ئێستا چەندەی مانگی دەوڵەتە؟»

«ئەوڕۆ بیست و حەوتەمی ئابان بوو... .»

پیرێژن دەڵێ: «همم...م!»

«ئێستە تۆ لەو سووچە لاپەڕەی مەملەکەت چ کارێکت بە مانگ و ساڵ داوە؟»

«هیچ... هەر وا گوتم.»

«بەڵام ئەو جۆرەی گوێم لێ بوو ـ ئەگەر هەڵە نەبم ، وەکوو شتێ «تەقاویت»یشت ڕەگەڵ دوعاکانت خستبوو!»

پیرێژن مات دەبێ ، بڕێکم تێدەفکرێ ، بێباوەڕانە ، پاشان دەڵێ: «ماشەڵڵا ، لەو زەینە ، یانی لەو دوورەڕا گوێت لێ بوو... ماشەڵڵا!»

«دەیجا دوعای چیت دەکرد ـ دەترسی «تەقاویتەکەم» نەدەنێ... ئەرێ؟ مەترسە ، پووری ، تۆ دڵەدوای ئەو مەبەستە مەبە... دەیدەن... دەبێ بیدەن ، ناتوانن نەیدەن... .»

«خودا لە دەمتی ببیستێ، رۆڵە! دەوڵەتە، هات و پێی خۆش بوو نەیدا. رۆڵە، لەوەتا ئێمە دیتوومانە و باب و باپیرانمان دیتوویانە دەوڵەت هەمیشە دەستی بستێنی بووە ـ شتێکی بە کەس نەداوە... نەماندیوە... نەیاندیوە... دەترسم، حەقمە، مەنعم مەکە... مەگەر بۆ خۆیان....»

«دەی باشە، منیش لە خۆیانم، منیش کاربەدەستی دەوڵەتم...»

«نا، ئیشەڵلاـ خۆیان ئەو قازاخ و ئەمنیەیانەن...»

«نا، پووریێ، نارەحەت مەبە ـ وەریدەگرم، ئیدی قسەشی لێ مەکە.... وەریدەگرم، دووسبحەی دەچمە شاری وەریدەگرم... جا دەیبینی.»

«بە سلامەتی ئیشەڵلا، خودا پشت و پەنات بێ!»

«دەی باشە... گوتت کە لە خوێنیدا نەبوو...»

پیرێژن تاوێکم چاولێدەکا، بەرواڵەت بە بیرەوەبیر هاتنەوە، پاشان دەڵێ: «ئاخ ـ سوێسنەی خۆشینەدیو دەڵێی! ماشەڵلا... هەر لەبیرم نەبوو ـ ماشەڵلا چاکت لە بیر ماوە... باشە ئیدی بە جەحێڵیش لەبەر ئەو جۆرە شتانە دەڵێن جەحێڵی... ئەوجار بەو زەینەوە، بەو بیرەوە... ئەو جار...»

بەرواڵەت گنجی نێوچاوانی دیوە، کە «تەقاویت» لە قسەکەی دەردلاوێ... لە باتیان دەڵێ:

«هەر لەبیرم نەمابوو؛ وام لێهاتووە کە ئەگەر ئێستە لێم بپرسی شەوێ چیت خواردووە دەبێ سەعاتێک مێشکی خۆم رێکوشم... دەردێکی پیسە پیری...» لە حاڵێکدا کە زەینی زۆریش تیژ و رێکوپێکە.

«زۆر باشە، خەریک بووی بڵێی!»

«ئەرێ، دەمەویست ئەوە بڵێم... ئەوانە بەو جۆرە کە من زانیومە وەکوو شتێ لە بنەرەتا غەوارە بوون ـ قەرەچی، وەکوو دۆمی خۆمان... بنەچەکەیەکی دروستیان نەبوو.»

«کامانە؟»

@kurdica

«دایکی سوێسنەی جوانە مەرگ ئیدی... ئاخر ئێرەیی نەبوو... بۆم نەگێڕابوویەوە؟»

«نا، لەبیرم نیە شتێکت گوتبێ... هێندێ شت وەک خەون دەڵێی لە زەینی خۆشمدا هەیە - لەبیرمە شتهایەکم لە دایکم بیست... بەڵا ئێستا باشم لە بیر نیە چی گوت کە وایە ئێرەیی نەبوو؟»

«نا، ڕۆڵە خودا دەزانێ کوێندەری بوو؛ غەوارە بوو - دۆم بوو؛ قەرەچی ئیدی خۆ مەملەکەتی نیە... وەک گیانلەبەری کێوی وایە، خراپتریش: وەکوو بزنەکێوی مل پێوەدەنێ، بۆ هەر شوێنێ لەوەڕی لێبێ - دیسان سەد ڕەحمەت لە بزنە کێوی؛ بزنەکێوی لانیکەم کێوێکی هەیە کە بڵێ هی ئەوێیە؛ ئەوانە بەربەڕەڵان، ئەوڕۆ لێرە سبەی لەوێ، بیلاتەشبی وەکوو شەیتانۆکە ماڵبەکۆڵن. بەڵێ، هی ئەو دێیەی ئێمە نەبوو، ڕەحمانی خودالێخۆشبوو...»

«کامە ڕەحمان، پووری؟»

«ڕەحمانی برام، زڕبراکەم... باوکی سوێسنەی جوانەمەرگ...»

«ئای!»

«تۆ نەتدیتبوو... یا لەوانەشە دیبێتت لەبیرت چۆتەوە...»

«نا، لەبیرمە، وەکوو شتێ...»

«بەڵێ، کەویی نەبوو، بێئەنوایە؛ ئەویش - گڵ خەبەری بۆ نەبا - کەویی نەبوو؛ ئەویش وەکوو کلاولار ئاشق پیشە بوو، کلاولارت لە یادە؟»

«بە - ڵێ - زۆریش باش!»

«بەڵێ، ئەویش وەکوو کلاولار زۆر بەبەژن و باڵا و خۆشقەڵافەت بوو - لەباری ڕواڵەتەوە پیاوێکی تەواو بوو. بەو جۆرەی لە هاواڵەکانیم دەبیست «بەدڵ و جەوهەر» - من کە بۆ خۆم لە شەڕ و لەشکرکێشیدا نەبووم، بەڵا دەمبیست... هەتا بشتەوێ ئاشق پیشە... ئەوەیانم بۆخۆم

کوردیکا @kurdica

دەدیت، گەورەم کردبوو. تەبیاتی، بیلاتەشبی، گڵ خەبەری بۆ نەبا ـ عەینەهوو تەبیاتی مەیموون. لەو بابەتەوە مسقاڵە زەڕڕەتێک وەکوو باوکی خودالێخۆشبووم نەدەچوو. ئادی، عەینەهوو تەبیاتی مەیموون، ئەوەندەی بەس بوو لە چایخانەیەک، لە نێو ڕێگادا، بیلاتەشبی، پەرژینێکی قایم بێ، ئاواڵکراسێکی سووری چاو پێبکەوێ ـ ئیدی هەموو شتێکی فەرامۆش دەکرد: ماڵ، باب، دایک، ژن، منداڵ ـ هەموو شتێک. بارەکەی دەخست و چەشنی یەکانە مانی دەگرت؛ ئیدی خودا دەیزانی هەتا کەنگێ ـ ئیدی هەستان و ڕۆیشتنەکەی بە خودا بوو. پاشان تێنەگەیشتم چ بوو پێوەی نووسا کە بەو بەژن و باڵا و ئەو شان و باهۆیەوە، ماڵ وێران لە ماوەی دوو سێ ساڵدا وەکوو ڕۆنەکەرەیەک کە لەبەر تاوی چلەی هاوینت دانابێ، بوو بە ئاو و تواوە... ئەو کات سوێسنەی جوانەمەرگ دوو سێ ساڵانە بوو... گوێبیست دەبووم لێرە، لە دەروجیران، کە دەیانگوت لە دەس ژنەکەی، یانی دایکی سوێسنەی جوانەمەرگ، دیقی کرد، بەڵام نا، ڕۆڵە، ئەگەر ڕۆژێک بیستت باوەڕ مەکە ـ بوختان بە ژنی بێئەنوا دەکەن. ژنی بێچارە زۆر ژنی چاک و بەگوێ و فەرمانبەر بوو ـ شووەکەشی یەکجار زۆر خۆش دەویست، هەتا دڵ بیەوێ. من لەگەڵ ئەواندا دەژیام، ڕۆژی قیامەتیش شایەدی دەدەم، ئەمن قسەیەکی ناخۆشم لە ژنی بێئەنوا نەبیست، کە مەسەلەن لەسەر چووزانم کەوش یا کڵۆنجە یا کراس یا فلان و فیسار لەگەڵ ڕەحمانی ڕەحمەتی دمبەدمەی کردبێ و قەرەچی عۆینی دەرێنابێ... ئەمن نەمدیت ـ ئەگەر بوایە دەمدیت، چونکە لەگەڵ ئەواندا دەژیام... ئاخر بە لەشی ناخێرم، «بنەوان»ی ڕەحمان بووم... .»

پیرێژن هێندێک ماتڵ دەبێ و چونکە دژایەتی و هاودەنگییەک لە من سەبارەت بەو مەبەستە نابیستێ درێژە بە قسەکە دەدا.

@kurdica

«بەڵێ، رەحمانی خودالێخۆشبوو چووبوو بۆناوچەی موکوریان ـ من خۆم ئەو لایانەم نەدیت ـ زۆری باسی موکوریان دەکرد و چووزانم «ورمێ»... کاکە، تۆ کە ئەو هەموو ساڵە لێرە نەبووی، نەچوویە ئەو جێگایانە؟»

«بۆچی، زۆر جاران چووم.»

«دەی باشە، کە وابوو دیوتە...!»

«بەڵام لەوێ قەرەچی بەو شکڵە نیە؛ لەوێش وەکوو ئێرە دێن یەک دوو رۆژ لەقەراغ رووباری شار یا لە پەنا ئاوایی دەمێننەوە، قاپ و کەوچک و بێژنگ و تەختە گۆشت و شتەکانیان دەفرۆشن و دەڕۆن... نەکا لەو ئەرمەنییانەی دەوربەری ورمێ بووە کە دەڵێی قەرەچی!...»

«نا، کوڕم، دایکەکە مسوڵمان بوو.» پیرێژن بە تێبینییەوە چاوێک بە دەوروبەردا دەخشێنێ، دەنگی نەوی دەکا و لفکەی دەسماڵەکەی دەباتە پەنا دەمی... «هەرچەند، لە لای خۆت بمێنێتەوە، بڕوایەکی زۆر قایم و پتەویشی نەبوو. یەک دوو جار لەگەڵم هات بۆ قەبران، تۆبڵێی فاتیحایەک، دوعایەکی خوێند ـ نا، ئەستەغفیروڵڵا! بڕوایەکی وای نەبوو دەیگوت ـ خودایە تۆبە ـ ئادەمیزاد کاتێ مرد دەمرێ ئیدی؛ ئەگەر کەسوکاری بوو ئەوە یەک دوو رۆژی بۆ دەگرین، ئەگەریش نەیبوو، ئیدی هیچ، رۆیشتووە بە شوێن کاریدا... فاتیحا لەو ژێرە بە چ کارێکی ئەو بێئەنوایە دێ... ئەستەغفیروڵڵا...!»

«پووری، دایکە ناوی چ بوو... لەبیرم چۆتەوە؟»

«دایکی سوێسنە؟ رۆڵە، ئەوانە ناوەکانیان هەمووی ناوی گوڵ و گیا و گیانلەبەر بوو. ناوی دایکە بلبل بوو، ناوی باوکیشی پڵینگ بووە گۆیا، ناوی دایکیشی ئاسک، خوشکێکیشی بووە بە ناوی کۆتر. بەڵێ رۆڵە، ژنە شتی زۆر دەگێڕاوە... ئەمن نازانم، راست و درۆکەی لای خودایە... شتی زۆر

دەگێڕاوە. دەیگوت: لە «بولغاریا» بووە. ـ دەیگوت مەملەکەتێکە وەکوو ئێرە، ئەوسەری دنیا، تەنانەت لەولای مەککە و مەدینە و کەرکووکەوە... من کە نەمدیوە... دەیگوت لەوێ بووە، لە نێو گاوراندا ژیاوە... شتی زۆر دەگێڕاوە. شتی وای دەگوت ئەگەر بتبیستایە ـ دوور لە گیانت ـ پێت بە حەرزەوە رەق دەبوو... راستی دەکرد، کاکە؟»

«نازانم... خۆ تۆ نەتگوت... چی دەگوت؟»

«دەیگوت هەموو شتێکیان وەکوو ئێمە وایە ـ خواردنیان، خەوتنیان، پێکەنینیان، نەخۆشکەوتنیان... ئیللا ئەوە ـ خودا بە نسیبی کەسی نەکا ـ گۆشتی بەراز دەخۆن، سەگیش، بیلامانێ، بە گلاو نازانن... دەیگوت چۆن لێرە لە دووکانی قەسابیدا کەلاکی بزن یا مەڕ هەڵدەواسن و گۆشتەکەیان دەفرۆشن، لەوێش گۆشتی بەراز هەر بەو دەستوورە، بە عالەمی ئاشکرا، هەڵیدەواسن و دەیفرۆشن ـ خەڵکیش دەیکڕن... راستی دەکرد، کاکە؟»

«باشە ئیدی... هەر گەل و نەتەوەیەک رێورەسمێکی هەیە بۆ خۆی... ئایینەکەیان فەرقی هەیە... ئەوان ئەرمەنین...»

«ئاخ، خودا بە نسیبی کەسی نەکا، خودا ئەو رۆژە نەهێنێ...! دەیگوت، بیلامانێ ـ گوڵ بە رووی حازریان...» (بەڕواڵەت پشیلەکەشی لە کۆڕی بیسەراندا لەنەزەر گرتبوو) «... دوور لە رووی تۆ تاراتیش ناگرن ـ دەیگوت، پەرژین بێ، بە قاقەز خۆیان خاوێن دەکەنەوە! بەڵام دەیگوت بەو حاڵەش لە خۆیان پاک و خاوێنتر نیە... دەیگوت لە مەملەکەتەکەیاندا بۆ دەرمانیش بگەڕێی تاقە ئەسپێیەک وەگیر ناکەوێ... ئەوجار کاکە، دەیگوت ئای چ دوژمنایەتییەکیان لەگەڵ ئەو جانەوەرەی خودا هەیە! راستی دەکرد؟ دەیگوت هەمووماڵەکان حەمامیان هەبوو، خێزانی ماڵ هەموو رۆژێکی خودا کارەکەیان کە تەواو دەبوو، دەچوونە حەمام، هەمووشیان وەکوو پەڕی گوڵ... راستی دەکرد، کاکە؟»

«دەی باشە... بەڵێ ـ دەکرێ بۆ ناکرێ!»

پیرێژن دەست وەبەر چەناگەی دەدا، بە واق وڕمانەوە: «حەمام! بەو گەورەیی یە... بەو خەزێنەیەوە... بەو توونەیەوە... لە ماڵدا! من خۆم نەمدیتووە، بەڵا وەک دەڵێن حەمامی شار زۆر گەورەیە، دەڵێن بەقەرا ئەو دێیەیە... دەڵێن هەزار کەسی جێ دەبێتەوە...»

«باشە، هی ماڵان چکۆڵەیە ـ وەکوو ئەو «سەرشۆرکە»انەی خۆمان ـ بەڵا برێ باشتر... لەوێش ئاو گەرم دەکەن و خۆیان دەشۆن ـ حەمام خۆ نابێ هێندەی کاروانسەرایک بێ....»

پیرێژن دەڵێ: «ئای» یانی کە ئەو جار بوو! «ئەرێ، دەیگوت زۆر خاوێنن، گاورن، بەڵا گەلێ خاوێنن... ئەتۆش بڵێی ئازاریان بە مێروولەیەک دەگا ـ حاشا. دەیگوت وەکوو خۆمان گەنم دەچێنن، جۆ دەچێنن، مانگا و مەڕ رەعەمەڵ دێنن... هەموو شتێکیان وەک ئێمە وایە، ئیللا ئەوە کە گۆشتی بەراز دەخۆن... ئاخ، لەبیرم چوو، دەیگوت نوێژەکەشیان لە کلێسەدا دەکەن... چ نوێژێکیش! دەیگوت رۆژێک لەگەڵ خانەخوێیەکەم چووم، یانی بۆخۆی منی برد... تۆ بڵێی کەسێک شتێک بڵێ ـ حاشا! گوتی چووم، منیش وەکوو هەموان لەسەر کورسییەک دانیشتم. ئای لەو کورسییانە، لەو ئاوێنانە، لەو شکڵانە...! دەیگوت دڵەلەرزەم بوو کە ئێستە پێم بڵێن تۆلە چی دەگەڕێی، یا چووزانم تۆ موسوڵمانی، چەپەڵی ـ ئەستەخفیرولڵا ـ یا هاتووی بە ئایینەکەمان پێبکەنی... ئاخر ئێمە بۆخۆشمان جوولەکە رێ نادەینە نێو مزگەوتەکانمان... بە کورتی، بۆ هاتووی، راست دەکەی هەستە پێ فلانە نوێژ بکە! بەڵا تۆ بڵێی کەسێک پرسیارێک بکا ـ حاشا! گوتی هەوەڵێ گۆرانییان گوت. بیلاتەشبی وەکوو مەولوودنامە... سندووقی ئاوازیان لێدا... کچ و کوڕ، ئەویش چ کچانێک، وەکوو مانگی شەوی چاردە، مێوژەڕەشە بخۆن لە گەروویانەوە دیارە... چ

دەنگێک؟ چ جلوبەرگێک! پاشان پێشنوێژەکەشیان هات، چاکم لەبیر نیە چی بوو ناوەکەی... ئێمە لێرە دەڵێین مەلا یا مامۆستا، یا ئیمام جومعە... ئەتۆ کە ئەو هەموو کتێبەت خوێندۆتەوە دەبێ بزانی... ئەرێ؟»

«دەڵێن قەشە!»

پیرێژن وەک گوڵ گەشایەوە، بە بیچمێکی پڕ لە سوڕمانەوە گوتی: «ماشەڵڵا...! ماشەڵڵا... لە چاوەزار بە دوور بی، بەڵێ، هەر ئەوەی گوتت.. چی بوو ناوەکەی...؟»

«قەشە!»

«بەڵێ، ئەو... گوتی هات و نوێژی کرد... هەموو ئەژنۆیان دادا... دوو دەقیقەی نەکێشا گوتیان ئامین! حەی ئەمن دەڵێی، واقم بردەوە... قوڕم بە سەر، ئەوەش بوو بە نوێژ! پاشان خودی کابرا ـ ناوەکەی چی بوو؟ بۆخۆی بە تەنیا نوێژی کرد ـ سەعاتێک، لە رووی قورعانەکەی خۆیان ـ بیلاتەشبی، پەرژینێکی قایم لە بەین‌دا بێ. پاشانیش دیسان هەموو گۆرانیان گوت، بۆ نەخۆش و شەل و کوێرەکانی مەملەکەتیش پاڕانەوە... بەڵێ، دەیگوت مزگەوتەکەیان هەتا دڵ بخوازێ جوان و رازاوەیە، بەڵام...»

پیرێژن هەناسە هەڵدەکێشێ، زۆر داماوانە «بەڵا حەیف کە گۆشتی بەراز دەخۆن! بنیادەم کاتێ دەبینێ ئەو گۆشتە دەخۆن تەواوی ئەو چاکبوونانەی لەبەرچاو دەکەوێ... وەک ئەوە وایە، بیلاتەشبی، قاپێکت دۆشاو لەبەر دەم دابنێن و لەبەر چاوت ـ دوور لە رووی تۆ ـ جیقنە مریشکێکی تێهاوێژن و پاشان بڵێن فەرموو! دروستە کاکە؟»

«بەڵێ، وایە... بەڵام پووری، بڕیار وابوو سەبارەت بە دایکی دادەسوێسنە بدوێی!»

پیرێژن بە سیمایەکی پڕ لەسەرسووڕمان و لۆمەوە چاوم تێدەبڕێ، وەکوو قسەیەکی ناخۆشم پێ گوتبێ، قامکەشادە چەماوەکەی لەسەر چاڵی

چەنەی دادەنێ: «چلۆن! کە وابوو ئەوانەی وا گوتم پێتوایە لە خۆمەوە سازم کردن...! دایکی ئەو جوانەمەرگە ئەو شتانەی بۆ دەگێڕامەوە...!»

«دەزانم پووری، بەڵام ئاخر قەرار وا بوو بڵێی ئەوانە کێ بوون، لە کوێوە هاتن، چۆن بوو هاتن...»

«خەریک بووم پێمدەگوتی، رۆڵە، مۆڵەتت نەدام - ماشەڵڵا دەڵێی حەوت مانگان لە دایک بووی، مۆڵەت نادەی... بەڵێ، خەریک بووم ئەوەم بۆ دەگێڕایەوە، رەحمانی خودالێخۆشبوو - ئەوندەی گڵ لەسەر ئەوە عومری تۆ بێ - چووبوو بۆ موکوریان، بارێک بەهێ و بارێک هەناری بردبوو کە بە گەنم بیانگۆڕێتەوە. ئەو ساڵە ناشکوری نەبێ، گرانی بوو. تەغارێک گەنم بوو بە سێ تمەن - سێ تمەنی ئەو دەم، نە ئەو سێ تمەنەی ئەورۆ دەیبینی - دوو کوتە قاقەزی شڕ و پەتوور. سێ تمەنی ئەو زەمان - پووڵی سپی زنجیرەداری ناسرەدین شایی، کە گوێچکەت لە دەنگی جرینگە جرینگەکەی تێر نەدەبوو... بە تاسکڵاو و کڵۆجەی ژنانەوە دەیبینی - دیوتە بێگومان. سێ تمەن یانی خەزێنەی نادرشا... بەڵێ، کوڕی خۆم کە تۆ بی، ئەو زەمان پووڵ ڕێزێکی هەبوو، زێو بوو، زێڕ بوو، پووڵی قاقەز هێشتا نەهاتبوو؛ دەوڵەت بۆ وێنەکەی خۆی لەسەر سکە ڕێزی دادەنا. شای مەملەکەت لە تاران دانیشتبوو، بەو سمێڵانەیەوە - دیتبووت؟ یاسای دەنووسی. باشە ئیدی، دەبوو پووڵەکەشی قەدر و بایەخی بوایە، ئەگینا تۆ پێتوایە ئیدی کەس پێی گوتبا بە سمێڵی مەبارەک قەسەم! یا دەیتوانی دەست بەرێ و تاڵێک مووی سمێڵی مەسەلەن لە لای پاتشای عرووس بە بارمتە دابنێ، ئەویش قبووڵی کا! ئەمن سکەی پاتشای عرووسیاتیشم دیتووە... سمێڵی هەیە، ئای... چەندە درێژ! بەڵێ، کوڕم، سمێڵ ئەوان سەردەمان ڕێز و بایەخی هەبوو. وەکوو ئێستا نەبوو کە ئیدی تەنانەت سمێڵێکی کلکەمشکیش دانەنێن... باوکی ئەگەر هەڵە نەبم چەند چڵەمووی لە

پشت لێوی هەبوو، بەڵام بۆخۆی... نەمدیت... لە وێنەکانیدا خۆ نیە... وای وای، ئەو هەموو وێنەیە! زەمانی زوو هەموو شتێک ڕێزێکی هەبوو بۆخۆی... جاران کوا ئەو گشتە وێنەیە هەبوو! خەڵک پاتشای مەملەکەتیان نەدەدیت... بیستبووم کاتێ دەهاتە شەقام و بازاڕ تاقمێک یاساوڵ ڕێدەکەوتن و هاواریان دەکرد دوور کەونەوە کوێر کەونەوە... خەڵک پاتشای مەملەکەتیان نەدەبینی، کاتێ کەسێک بەڕێکەوت تووشی دەبوو زراوی دەچوو... ئەلحان منالێ دوو سێ سالانە دەرزی لە چاوی وێنەکەی ڕۆ دەکا... ئەو دەم کەی ئەو گشتە وێنەیە هەبوو... چیە، پێدەکەنی... بە چی پێدەکەنی ـ درۆ دەکەم؟ ئەگەر درۆ دەکەم بلێ پیرێژن درۆ دەکەی...»

«نا، ئەستەخفیرولڵا... هەموو قسەکانت دروستن پوورێ... ئەوانە دەبێ بە ئاوی زێڕ بنووسرێن...!»

«خودا عومرت بداتێ کوڕم... بەڵێ، باسی چیم دەکرد... ئەرێ، هەنار و بەهێی بردبوو بۆ موکوریان کە بە گەنم سەودایان پێ بکا، بە سەلامەتی! ئێمە دەڵێی ـ دانیشتین چاوەنواڕ ـ ڕۆژێک، دوو ڕۆژ، دە ڕۆژ، مانگێک، دوو مانگ... چاومان خێل بوو، نەهاتەوە کە نەهاتەوە. ئەگەر بزانی ئەو زستانە چۆنمان لێڕابرد... ئەوەی با بمێنێ! سەرت نایەشێنم بە گێڕانەوەی چارەڕەشی و برسییایەتی و کوێرەوەرێکانی ئەو زستانە... بەڕووی تاڵ بەوکێوانەوە نەما... دەمانکولاند، تالییەکەمان دەگرت، لە جیاتی گەنم لێماندەکرد، بەو دەستاڕانە ـ دەمانکرد بە نان، درۆ ناکەم، خودا لەو دوو چاوانە کوێرم کا ئەگەر درۆ بکەم ـ نانەکەت هێشتا تەواو لەسەر سێڵەکە لانەبردبوو کە دەبوو بە تەختی کەلاش. مەگەر دەکرا بیخۆی! ئادی، کوڕم، نانی بەڕوو زگی پۆلایینی دەوێ... ورچ بە ورچی خۆیەوە نایخوا، بەڕووە تاڵە ـ بە قودرەتی خودا تەنیا کاتێ دەیخوا کە وەکوو ئێمە تووشی گرانی بێ...»

«بە کورتی، کوڕێکی من کە تۆ بی، ئەو زستانە تێپەڕ بوو، بە هەر چەرمەسەرییەک بوو خۆم گەیاندە بەهارێ. بەهار تێپەڕی هاوین هات... لەو برایەش هەواڵێک نەبوو کە نەبوو ـ نە لە خۆی نە لە گوێدرێژەکانی. لەو کاروانچییە بپرسە، لەو ڕێبوارە پرسیار بکە... نەخێر، رەحمان ببوو بە دڵۆپێک ئاو و چووبووە بن حەرزەوە ـ دوور لە گیانی. دەزانی، جگە لە منیش کەسوکارێکی دیکەی نەبوو ـ ئامۆزایەک، پوورزایەک، کە نانەبەرەکەی لە پشت بەستێ و ڕێکەوێ و بڕوا بزانێ چی لێ بە سەر هاتووە.... منیش تاقە زەعیفەیەک، دەتوانم چ بکەم!»

«کوڕێکی کە تۆ بی، رەزا بە قەزای خودا دانیشتم، هەتا بزانم خودا چ دەکا.... شەش حەوت مانگێک تێپەڕیبوو، هەوەڵی هاوین بوو؛ دەهات تاریکان دابێ، مەڕی ئێوارێ تازە لە کێو گەڕابۆوە، منیش لە حەوشە خەریک بووم حەیوانەکانم دەدۆشی... ئەو دوو سێ سەرە بزن و مەڕەی کە بوومان... لەپڕ دیتم ئەو سۆفی رەسووڵەی حازری کە ئەو دەمی تازە خەریک بوو سمێڵی بۆر دەبوو هەناسکەهەناسک هات... هەر لە دوورەوە، بەر لەوە بگاتە دەرکی حەوشە هەرای کرد: «پوورە زلێخا، مزگێنیم دەیە، مامە رەحمان هاتەوە!»»

«ئەمن دەڵێی، واقم بردەوە... چۆن بڵێم، وەک ئەوە وایە کە مردوویەکت هەڵگرتبێ بردبێتتە قەبران، پاک و خاوێن شتبێتت، بە جوانی ناشتبێتت، مامۆستا زۆر بەڕێوجێ تەلقینی کردبێ... پاشان، شەش مانگ دوایی دانیشتبی نان بخۆی لەپڕێک تەماشا کەی کە مردوو بە کەوش و کڵاوەوە پەیدا بووا... ئەتۆ بی باوەڕ دەکەی؟ نا، باوەڕ ناکەی... نە تەنیا باوەڕ ناکەی بەڵکە جۆرێکیشت لێ بە سەر دێ... تەنانەت لەوانەیە، دوور لە گیانت، فجە بکەی... ئەمن دەڵێی، سەرم لێ شێوا، خودا هەڵناگرێ

حەقیشم بوو، بە کورتی سەرم لێ شێوا و بۆ بەدبەختی، دەفرە شیر وەرگەڕا... ڕژایە سەر داوێنم...»

«دەی باشە، ئەلحوکمولیللا... بە جەحەندەم... فیدای سەرت... کوڕێکی کە تۆ بی، گەڕامەوە ـ سەر ئەو کاسەیە کە وەژێر خۆم دەدا ـ دوور لە رووی تۆ، ـ کاتی دۆشین... خۆت منالّی گوندی، دایکت دیتبوو، کاتی حەیوان دۆشین، ئێستاش چاوت پێی دەکەوێ، کورتی ببڕینەوە، دەفر وەرگەڕا...! ئێستا چ بکەم چ نەکەم ـ لە دلّی خۆمدا گوتم ئەلحوکمولیللا، ڕژا کە ڕژا... بڕێکم چاو لە رەسوولّ کرد ـ دەمەویست راست و درۆی هەوالّەکە لە سیما و چاوەکانیدا بخوێنمەوە... تێگەیشتم نا ـ کاری گۆلّمەز و گالّتە پێکردن نیە. ئەوجار ئەو سەردەمە ناشکوری نەبێ وەکوو ئێستا نەبوو، منالّ و لاوان رێزی گەورەکانیان دەگرت، ئەو گۆلّمەزانەی ئەمڕۆ هێشتا پەیدا نەببوون.

«بەلّێ، کوڕێکی خۆم کە تۆ بی، هەستام. ئەلحوکمولیللا... چوومە پێشخانەکە و رەسوولّم بانگ کرد و یەک دوو چنگم مێوژ لە گیرفانی کرد... بەلّێ، لەو حەیس و بەیسەدا بوو کە رەحمانی خوداڵێخۆشبوو گەیشتە بەر دەرکی مالّێ... ئاخ، خودا بمکووژێ... وەکوو شتێ ژنێکیشی لەگەلّە... بەلاّ تەواو دلّنیا نیم! بە کورتی، کوڕێکی کە تۆ بی، هەرچییەک بێ برایە، ئێستا دایی و بابیش نەبێ ـ دیسان هەر برایە... چوومە پێشێ... هەوا ئیدی وردە وردە تاریک ببوو، لە دوورەوە باشم نەدیتبوو...وای مسولّمان نەیبینێ، کافر نەیبیستێ ـ دوور لە گیانی عەینەهوو تەرمێک، دەتگوت هەر ئەلحان لە قەبر هاتۆتە دەر ـ زەرد، کز، شڕۆلّ، چلّکن... بڕوا بکە کوڕم، ربەیەکت هەرزن لەسەر سەری رۆ کردبا، دەنکێکی نەدەکەوتە حەرزی. بە کورتی، سەرت نەیەشێنم، برا بوو ئیدی، دەستمان لە ئەستۆی یەک کرد، جا وەرە بگری ـ ئەو گریا، ئەمن گریام. بەلّێ، تاوێک سەری

کردە سەر شانم و پڕ بە دڵ گریا... بە کورتی، تێرو پڕ گریاین... سەرم لەسەر شانی هەڵگرت... ئاخ، چ دەبینم ـ تازە لێم حاڵی دەبێ! ژنەش لەگەڵ ئەوە! تۆزێکم تەماشای رەحمان کرد ـ بەستەزمانە تاقەتی نەبوو ـ بە زەحمەت خۆی بە پێوە راگرتبوو. گوتی: «دادە، ئەوە ژنمە ـ بلبل...! بلبل! ئەوەش خوشکمە، دادە زلێخا، کە باسم دەکرد...» بە کورتی، ئەلحوکمولیللا، دەستم هاویشتە ئەستۆی ژنە، هەردووکیانم هێنا ژوورەوەی ماڵ... ئاخ...!»

«دەی باشە، پووری، لە پێشدا چایەکەت بخۆوە... با تۆزێک پشووت بێتەوە سەرخۆ، پاشان. نەبێتە زەحمەت چایەکیش بۆ من تێکە...»

خاکەنازەکەشم بە ئیستیکانەکەوە پاڵ پێوە نا بۆلای. پیرێژن هەوڵی بە دەسگرەکە یەک دوو جار بە سەر سەماوەرەکەی داکوتا، سەماوەر دەستی کرد بە ویزەویز، یەک دوو پۆلووە ئاورم لەسەر خاکەنازەکە دانا و ناردم بە هانایەوە... سەماوەر گیانی وەبەر هات.

چایەکەمان خواردەوە.

«پووری، لەوە دەچێ ماندوو بی... ئەگەر ماندووی پاشماوەی داستانەکە دادەنێین بۆ شەوێکی دیکە... زستانە، دەبێ بە جۆرێک خۆمان خەریک کەین... ماندووی؟»

«چاک نازانم، ئەورۆ تۆزێک بێواز بووم... لەش گرانیش بووم هەروەها....»

«زۆر چاکە، باشە. کە وابوو دایدەنێین بۆ شەوێکی دیکە. منیش زۆر بەدەماغ نیم...»

«باشە.»

# ٤

لە خۆم وەڕەزم، پیریێژن گوتەنی ـ پەرژین بێ ـ لەگەڵ... خۆم بە شەڕ دێم. دێ و لە پای سەماوەرەکە دادەنیشێ و دایکانە، پڕ لە بەزەیی، دەڕوانێتە سیمام، منیش نێوچاوانم تێکناوە و مۆڕە لە ئاورەکە دەکەم، لەگەڵ ئەو وێنانەی وا لە نێو گرەکاندا خولقاندوومن تێکهەڵدەچم. بێشەڕەفانە! بێناموسانە! لە پایتەخت دانیشتوون، بێخەیاڵ، چایی بە ژاریمار دەکەن و نەقڵ دەگێڕنەوە و پێدەکەنن بە ریشی من و کەسانی وەک من. پێیان وا نیە خەڵک گیروگرفتیان هەیە، هەزار دەردی بێدەرمانیان هەیە، بێچاو و ڕووانە!

بۆخۆم لەوێ بووم، دیتوومە ـ گەلێ جار دیتوومە... مەبەستیان لە هاتن بۆ ئیدارە تەنیا ئەمەیە کە لە پشت مێزەکەیان دانیشن، یا لە دیوێک کۆ ببنەوە و چایی بە ژاری مار کەن، سیغار بە با کەن، نەقڵ بگێڕنەوە و پێبکەنن، بەرد بخەنە بەر پێی جەماوەر و تەشقەڵە بە خەڵکی هەژار بکەن، یا بیانکەنە بەردی قۆچەقانی، لەم دیوەوە بۆ ئەو دیو، بۆ قاتەکانی سەرەوە، بۆ قاتەکانی نێوەڕاست و سەرەنجام بۆ بایەگانی... ژێرزەمین!

دەبینی مێردە ساڵەهای ساڵە مردووە و پیرێژنی بێئەنوا هەموو ڕۆژێکی خودا سەردەدا، دەیبینن سەر و زمانێکی وای نیە و ئەو مووچە و بەراتە کەمە هەر بۆ ئەمەیە کە بتوانێ بە داهاتی تەمەنێک مەینەتی مێردەکەی لانیکەم بە جۆرێک، نەمرنەژی، ژیانی خۆی بەڕێوە بەرێ... بەڵام دیسان دەبینی ئەوەش لەو داماوە دەکەنە ژاری مار، جاری وایە هێندەی دەڕەتێنن کە بێئەنوایە بێئەوەی مووچە و بەرات وەرگرێ، دەڕوا ـ بەرەو ئەو دنیا. ئەمڕۆ، سبەینێ، دوو سبەی، سێ سبەی، یەک ساڵ، دوو ساڵ، دە ساڵ...!

ڕۆژێک لە یانەی خانەنشینان بووم، پیرێژنێکی ڕەقەڵ و نەخۆشە هاتبوو لە ئازەربایجانەوە، دەیگوت شەش ساڵە مێردەکەی بە ڕەحمەتی خودا چووە و جیرەکەیان هێشتا نەداوەتێ، دوو کچی عازەبی هەیە، بە خودا، بە پیر، بە پێغەمبەر ـ بە خێر و سەدەقە بەڕێدەچن، تا ئێستا سەد کەڕەت هاتۆتە تاران، بۆتە سەرباری خەڵک، پەروەندەکەی خودالێخۆشبوو هێشتا نەبیندراوەتەوە... وەڵڵاهی هێندە لەو پلیکانانە چۆتە سەرێ و هاتۆتەوە خوارێ لە پێ کەوتووە، شەوانە لەبەر ئێشی لاقی خەوی لێناکەوێ... عەباسئاغا دەڵێ برۆ بۆ لای ئاغای فلان، ئاغای فلان دەینێرێتە لای ئاغای فیسار... هێشتا دوو سێ دیو زیاتر نەگەڕاوە کە ماوەی خزمەت لە ئیدارە کۆتایی پێدێ... وەڵڵا خودا قبووڵی ناکا، پێغەمبەر قبووڵی ناکا... هەتا کەنگێ؟ یەکجاری پێی بڵێن نایدەین گیانمان رزگار کەن...!

دڵخۆشییان دەداوە، زۆر دڵاوایانە، زۆر ماقووڵانە: «دەبیندرێتەوە، دایە، ناڕەحەت مەبە، دەبیندرێتەوە... نەچۆتە هیچ کوێ... کوێی هەیە بچێ؟ هەر لەو دەوربەرانەیە... ئاخرێکەی دەبیندرێتەوە ـ هەڵنایە خۆ ـ بۆ کوێ بچێ! هەر لەو نێوانە دایە...!» دەستێکیشیان بە دەورادەوری

@kurdica

قەبرستانی پەروەندە «مردووەکان»دا دەگێڕا. وەکوو ڕێنوێنێک کە وەفدێکی بۆ چاوپێکەوتنی گڵکۆی شەهیدان بردبێ... هەر ئەوانە... ئەوانە کە دەیانبینن هەموویان لە ڕێی پارێزگاری لە نیشتمان شەربەتی شەهادەتیان نۆشیوە...!» مژێک لە سیغار و قومێک لە پیاڵە چایەکە دەدەن. «بەڵێ ـ هەر لەو نێوانەدایە ـ لە نێو ئەو قەبرستانەدا! ناچێتە جێگایەکی دوور... ئەو چاتر، پاشەکەوتێکی بە ئیجبار... لە باتیان، کاتێ بیندراوە... (هەڵبەت ئیدی ناڵێن لە ڕۆژی قیامەتا) پوولێکی بەرچاوی دەست دەکەوێ کە دەتوانێ برینێکی خۆی پێ دەرمان کا... ئەو سێ پەناباتە جیرەیە کە نەبوو بە پوول... کۆ بۆتەوە، زەرەد ناکا... ئیشەڵڵا کاتێ پوولێکی بەرچاوی هاتە دەستەوە شەکەتێکانی لە لەش دەچنە دەر....

پیرێژنی بێئەنوا، پیرێژنانی بێئەنوا هەموو ڕۆژێکی خودا بەڕێدەکەن بۆ بایەگانی... ئەگەر ئێشی لاق و پیرێتی هێشتبای کە لە تەشریفاتی سەرەتایی تێپەڕن، هەتا بگەنە بایەگانی. بایەگانیش چ بایەگانییەک! مەیدانی کۆنەفرۆشان، تاریکە بازاڕ، مەیدانی کافرۆشان، لەگەڵ هیچ کوێیەک هەڵناسەنگێندرێ... سەگ سێحەبی خۆی ناناسێتەوە، وشتری بە بارەوە تێدا ون دەبێ... دەریایەک پەروەندەی ورد و درشت، قەڵەو و لاواز، باریکەڵانە و زگزل، بادار و سالم... کەڵەکەکراو، لەسەر یەک ـ ڕاکشاو، لەسەر تەنیشت، درێژاودرێژ، لەسەر پێ، دەمەوڕوو... لە حاڵێکدا کە دەورادەوری کاروانسەراکە بە لەشی ناخێری قەفەزەیە، لە پای قەفەزەش نەردیوانێک و لەسەر نەردیوانەکە، عەباس ئاغا و لە پای نەردیوان ئامەشتی عەلی، کە دەستیار و هاودەستی عەباسئاغایە، چایی و پەروەندەی دەداتە دەستی....

ئێستا تۆ وەرە و کارت بەوێ بێ و بچۆ! عەباس ئاغا ئەگەر ماوەی هەبوو (کە زۆرتر نیەتی، تەنانەت ماوەی سەرخوراندن)، ئەگەر ئێستیکانە

کوردیکا
@kurdica

چای بە دەستەوە نەبوو، ئەگەر قەندی لە دەمدا نەبوو، ئەگەر سەبارەت بە ساردی یا گەرمی پتر لە رادەی چایەکە تووڕە نەبوو، ئەگەر پەروەندەی بە دەستەوە نەبوو، ئەگەر دەستی درێژ نەکردبوو هەتا پەروەندە یا چایی لە ئامەشتی عەلی وەربگرێ، ئەگەر ماندوو نەبوو، ئەگەر بە گشتی تووڕە و جاڕز نەبوو، «ئەنجامدانی بەتاڵووکە»ی لەڕێوە «بەڕێوە دەبرد»: «بۆخۆت نێو پەروەندەکان بگەڕێ!» تەنیا ناتەواوی کارەکە ئەوەیە کە ئەو وڵامە راستەوخۆ ناداتەوە بە خوازیار، ئەو وڵامەی لەگەڵ ئامەشتی عەلییە، لە پای نەردیوانەکە: «بۆخۆت نێو پەروەندەکان بگەڕێ.» ئامەشتی عەلیش راسپاردەکە بە خوازیار رادەگەیێنێ... لەو حەیسوبەیسەشدا هەڵبەت دەقیقەیەک لە وەختی شەریفی خوازیار دەفەوتێ: «خۆی لە پەروەندەکان بیگەرێ...» هەرچەند ئامەشتی عەلی ئەو فەوتانە بە رێنوێنی کە زۆر کارسازە قەرەبوو دەکاتەوە: «لەو دەوربەردا دەبی!» واتە هەر لەو دەوروبەرانەیە، لەو نێو بارانەی کاروانسەرادا!

زۆر لەمەوبەر رۆژێک بە شوێن کارێکدا، چووبوومە بایەگانی، کە لەگەڵ دیمەنێکی زۆر سەرنجڕاکێش و قەشمەر رووبەڕوو بووم. رەئیسی دژبانی ناوچە هاتبوو، یەقین بە شوێن پەروەندەیەکدا، دیاریش بوو کە پێشتر چەند کەڕەت «پیاو»ی ناردووە و بێئاکام بووە و لە ئەنجامدا بەو ئاکامە گەیشتووە کە کار بە پەیام و راسپاردە جێبەجێ نابێ، شەخسی خۆی قبووڵی زەحمەتی فەرمووبوو، بە تانج و ئەستێرە و گەڵاخورما و واکسێل و دەسکێش و باتۆمی ژێر باغەڵەوە. هاوین بوو، سوور هەڵگەڕابوو، لە گەرمان، وەک بریانی و ئارەق لە ئازای ئەندامی دەتکا. دیاریش بوو کە یەکجار قەڵسە. لە نێوەڕاستی دەریایەک پەروەندە راوەستابوو، گوڕە و هەرایەکی بوو چۆن...! وەکوو لە مەیدانی مەشق بێ و پەلی ژێر فەرمان، دەستووری دروست بەڕێوە نەبردبێ، ئەویش ئەفسەر و

دەرەجەدارەکانی پەلەکەی دابێتە بەر شێلنگی تۆپ و تەشەر و قسەی ناخۆش ـ کە خەیاڵی خاوتان کردووە، بابوو دێنمە پێش چاوتان، ئاوا دەکەم، ئاوا بچێ...!

پیرێژن لەو سووچەدا، ترسەنۆکانە، چارشێوەکەی لە خۆیەوە پێچاوە و دیار بوو کە شایی لە دڵدا دەگەڕا و دەپاڕاوە کە خودا بکا ئەو «رەئیسە گەورە»یە ئەو کاروانسەرایە برووخێنێ، تەنانەت بیتەقێنێتەوە، بە جۆرێک کە هەر لەتێکی فڕێ بدرێتە سووچێکی دنیا... ئاخ، ئەگەر خودا دەیکرد! با بیکا، بە جەحەندەم... مەنجەڵێکی بۆ من نەکوڵێ با سەری سەگ تێیدا بکوڵێ! ئەو تراویلکەشمان نەویست، با ئەوەش هەر نەبێ... هەتا لانیکەم دەست و دڵی بنیادەم بۆ کارێک بچێ! هەر دانیشە و چاو لە دەرگای ئەو کاولبووەی خاوەن نەماوە ببڕە و... پەلکە سپی کە... نا، نەمانویست... بە جەحەندەم دەچمە جێیەک قەرەواشی دەکەم... بەجەحەندەم، لێی گەڕێ، با رەئیسی گەورە ئاوری تێبەردا، هەموویان بخاتە بەندیخانەوە، لە قەنارەیان بدا... خودایە گیان!

رەئیسی گەورە هەر وا هەڕەشە و گوڕەشەی دەکرد و خۆی هەڵدەکێشا ـ بە شێوەی پاڵەوانەکانی شانامەکەی خۆی کە داوای خەنیمیان دەکرد، کە بەڵێ ئەمن فلان، ئەمن فیسار ـ بەڵا ئیدی نەیدەگوت کە دایکی مەسەلەن کچی لۆهراسب بووە یا کە لۆهراسب فلانەکەس بووە لە سۆنگەی ئەوەوە وڵاتی «سەند» لە گەشەدا بووە یا نەبووە؛ عەباسئاغاش هەروا لەسەر نەردیوانەکە بوو، ئاجورەکانی بە حەوسەلە لەسەر یەک هەڵدەچنی، چەشنی ئەو قەبرە چەند قاتانەی کە تازەگی بوونە باو، وەکوو بەننایەکی خاوەن ئەزموون دیوارەکەی ئاجور بە ئاجور، خشت بە خشت، دەبردە سەرێ و چەشنی هەمان بەننا کارێکی بە ژێر پێ و جێگایەک و کەسێک نەبوو، جگە لەوەی کە بە پێچەوانەی ئەو بەننایە ئیدی

نەیدەگوت: «ئاجور بدە، نیمە بدە، بمدەرێ باوکم!» ئامەشتی عەلی لە کارەکەی شارەزا بوو، پەروەندەکەی لە کاتی خۆیدا بەڕێ دەکرد ـ خاوەن ویستیش؛ جەنابی تیمساریش هەروا هەڕەشە و گوڕەشەی دەکرد، بۆ مردووەکان، لە مانادا فاتیحای نیزامیی دەخوێند... .

پێکەنین دەمگرێ ـ وەبیر ئاغای عیمادی دەکەومەوە... هاوکارم بوو؛ بەستەزمانە ئاخری عومری لە کەللەی دا... رۆژانە لە کاتی خۆیدا نەدەهاتەوە ئیدارە، کاتێکیش دەهات پێڵاوەکانی خۆڵاوی و بۆ خۆشی شەکەت و ماندوو بوو. خودایە خوداوەندا! ئەو کابرایە چ دەکا، دەچێتە کوێ، وا بەو بەیانییە زووە، ئاوا تەپ و تۆزاوی و شەکەتە... کرێکاری دەکا؟ ... بەڵام کرێکاری بە قەرز و قۆڵە و ئاوهامان نەدیتبوو... کە وا بوو چ دەکا؟ بەڵێ، کاتێ لێیکۆڵدرایەوە ـ ئەویش هەر خۆی گوتی، داماوە ـ دەرکەوت کە بەڵێ، وەکوو زۆر کەس کە دەرینابڕن، خۆی بە رێبەری گەل دەزانێ و دەچێ بۆ «گەل» نوتق دەکا: مێگەلە مەڕێک وەگیر دێنێ، لەسەر بڵێندایییەک رادەوەستێ و «خەڵک» رێنموونی دەکا.

جەنابی تیمساریش لە نێوەڕاستی پەروەندەکاندا راوەستابوو دەتگوت لە نێوەڕاستی پەلەکانی لەشکری دژبانی ناوچەدایە و هەڕەشە و گوڕەشەی دەکرد، بابی دێنانە پێش چاویان، زوێڵەچەرمی لە لا ملان دەکردەوە، حەپسی دەکرد، قامچی دەوەشاند، تەحویلی دادگەی نیزامیی دەدا، بە تاوانی خەیانەت، پیاوکوژی و سیخوڕی... کە بەڵێ، هەر ئێوە و کەسانی وەک ئێوەن ـ یانی عەباس ئاغا و ئامەشتی عەلی ـ کە خەڵک دەرحەق بە دەزگای پاشایەتی رەشبین دەکەن و توودەیی و لایەنگرانی موسەددیق ساز دەکەن... بەڵێ، ئێوەن و کەسانی وەک ئێوە دەبێ لە دار درێن!

پیرێژن خەریک بوو لە خۆشیان هەڵفڕێ: خوایـە... یـانی نـامرم و دەیبینم! یاڵلا دەی، خێرا بە، لەسەر چی ماتـڵی! لـەو حـەیس‌وبەیـسەدا چایان هێنا؛ شاگردی ئابدارخانە ئیستیکانە چایەکی دایە دەست ئامەشـتی عەلی، بە شێوەی ئاسایی، عەباس‌ئاغا کـە بەڕواڵـەت سـەری لـە کـاری خۆیدا بوو سەرنج دانیشی سەبارەت بە باسەکە پێشان نەدابوو، هـەر لـە سەرێڕا، هەر بەو جۆرەی ئاجورەکانی راستە و پاستە دەکرد، بە ئامەشتی عەلی گوت: «ئامەشتی عەلی، بیدە خزمەت جەنابی تیمسار...! بـڵێ بچـێ یەکی دیکە بۆ من بێنێ...»

جەنابی تیمسار دەڵێی؟... تێک‌چوو... بەڵام هەتا بێتەوە سەرخۆ، یا بجووڵێتەوە، یەک دانە چای پەپوولە نیشانی فەردی ئـەعلای لەگـەڵ دوو کلۆ قەندی گۆشتنی قەڵەوی وەرگرتبوو! بۆخۆشـی تێنەگـەیی چ رووی دا و بۆچی وەریگرت... پێکەنینی دەهات... حەقیشی بوو، هەڵبەت: چایەکـە بـە وەخت هاتبوو، گەرووی وشک هەڵاتبوو!... بەڵام باتۆم و دەسـکێش مـڵۆزم بوون: دەستێکی بە چایەکەوە گیرابوو، ئەو دەستەی دیکەشی کە باتۆمەکەی وەبن هەنگڵ دابوو، بە دەسکێشەکەوە، قەندەکەش... بە هەر حاڵ، بە هـەر جـڕنیا و فڕنیایـەک بـوو باتۆمەکـەی لـەبن هـەنگڵ دەرێنـا و لەگـەڵ دەسکێـشەکە، دایـە خزمـەت ئامەشـتی عـەلی، کـە لانی‌کـەم چایەکـەی بێ‌دڵەڕاوکێ لە بابەت تەڕبوونی بلووزەکەی بە نۆشی گیان کا. «دەبوورن، تکایە ئەوانە دەقیقەیەک راگرن!» و دەستی کرد بە چـایی خواردنـەوە، بـە شێنەیی و هێندێک رەزامەندی و «ملچەملچ» چەشنی کاریلەیەک کە فرچـک لە گوانی دایکی بدا. بەڵـێ، بـێ ئێـوە نـاخۆش، بـە کـاوەخۆ چایەکـەی خواردەوە و بەڕواڵەت وێڕای چا خواردنەوەکە بەو ئاکامە گەیشت کە بەڵێ، جەنابی عەباس‌ئاغا راست دەکا و بە دەکوژم و دەبڕم کار جێ‌بـەجێ نابـێ؛

کوردیکا @kurdica

بەڵێ، شمشێر پێویستە ئاڵتوونی لە پشت ـ لە قەدیمەوە گوتوویانە: «بە دوو شت وڵاتان داگیر دەکرێن... یەکیان شمشێر ئەوی دی ئاڵتوون.»

چایەکەی خواردەوە، ئیستیکانە بەتاڵەکەی داوە بە ئامەشتی عەلی و باتۆم و دەسکێشەکەی لێوەرگرتەوە ـ رووی لە ئامەشتی عەلی کرد و زەردە خەنەیەکی دۆستانەی هاتە سەر لێو، هێندێکی خۆ وەرسووڕاند و لەوە دەچوو دەستێکی بە نێو گیرفانی شاڵوارەکەیدا گێڕابێ، «پووڵ چایی»یەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و دایە خزمەت ئامەشتی عەلی، بە سیما و بزەیەکەوە کە دەتگوت لە مێژساڵە بە یەکەوە هاوپیاڵەن... «رێنوێنییەکم لە خزمەتتان دەویست... بەڕێزتان لەگەڵ ئێرەدا پتر ناسیاویتان هەیە، بە رای بەڕێزتان دەبێ چ بکرێ... مەمنوونتان دەبم ئەگەر بڕێکم رێنوێنی بفەرموون!» بە دەست گوشینێکی دۆستانەوە «حەقەڕاوێژ»ەکەی لەبەری دەستی ئامەشتی عەلیدا شاردەوە، چەشنی ئەو دایکانەی دوور لە چاوی باوک، ئەگەر لەماڵیش بێ، پووڵەکە بەئەسپایی و دزانە، لەبەری دەستی مناڵەکەدا دەشارنەوە....

ئامەشتی عەلی گوتی: «عەباس ئا...! عەباس ئاغا، لەو سەرەوە هەموو شتێکی دیتبوو، بیستبوو، لێکیشی دابۆوە... بێ ئەوەی سەری وەرگێڕێ، هەر لەو حاڵەدا کە لەسەر لێواری قەبرەکە، خەریکی هەڵچنینی ئاجور بوو گوتی: «تەشریفتان بچێتە دەفتەری بایەگانی، لای ئاغای نەسیری... بڵێ من دۆستی عەباسم... یا نا، مەشتی عەلی... بۆخۆشت بچۆ لە خزمەت جەنابی تیمساردا، بڵێ لە دۆستانی فلانەکەسە... ماتڵیان نەکەن...»

«دایکی» بێئەنوا ئەو ئاکار و کردەوانەی کە چاو پێکەوت، داهاتەوە و هەر لەوێ لەسەر پەروەندەکان دانیشت. «دایە، بۆچی لەوێ دانیشتی! نێو پەروەندەکان بگەڕێ بەڵکوو دۆزیتەوە ـ بۆخۆت کە چاوت لێیە، بەوەی

چاکە چاوت لێیە... چاوت لێیە کە گیرم خواردووە، ماوەی سەرخوراندنم نیە...!»

پیرێژنی داماو دەگریا... منیش وەکوو تەشتێک سەهۆڵاویان بە سەردا رشتبێتم رەق هەڵاتبووم... ئێ ئێ ـ ئاوا بە ئاشکرا! ئەو کاتە هیچ بیرم نەدەکردەوە ئەوە وشترێکە کەلە دەرکی ماڵی من و کەسانی وەک منیش ئیخ دەخوا. دەمگوت هەرچێکی بێ، پەیوەندم بەو وەزارەتخانەوە هەیە، هاوکارین، هاووەزارەتخانەین، هەر مامڵەیەکیش کە لەگەڵ خەڵکی دیکەی بکەن لەگەڵ ئێمەی ناکەن... وای بە حاڵی پیرێژنی چارەڕەش و کەسانی وەکوو ئەو... ئەوەی لەگەڵ دایکی خۆی زینا بکا لەگەڵ خەڵکی دی چیها ناکا...!

ئەوە دەهەمین و دوزادەهەمین جار بوو کە بە پێیان، لەو بەفرو سەرمایەدا، چووبوومە شار، بە شوێن «تەقاویتەکەم»دا و بە دەستی بەتاڵەوە گەڕابوومەوە... نەمدەتوانی لەبەر روانینەکانی پیرێژن خۆ ڕاگرم، لەگەڵ خۆم شەرم بوو، لەگەڵ دنیا، لەگەڵ کاینات.

هەوەڵ جار کە چووم گوتیان حوکمەکە هێشتا نەهاتووە، حەواڵە نەکراوە... دێت، چ پەلەیەکمە، خۆ وەدرەنگی نەکەوتووە، سێ چوار مانگێک پتر تێنەپەڕیوە... دەگاتێ!

جاری دووهەم چووم ـ هێشتا نەهاتبوو، نەگونجابوو... بە پێشنیاری موعاوینی دارایی کە سڵاو و عەلەیکمان پێکەوە هەبوو، برووسکەیەکی وڵام قبووڵم بۆ شوێنی خزمەتی پێشووم ـ قەزبێن ـ لێدا... وڵام نەهاتەوە... برووسکەی دووهەمم لێدا، دیسان هەواڵێک نەبوو... جاری شەشەم یا حەوتەم بوو کە دیتم بەڵێ، وڵامی برووسکە هاتۆتەوە ـ گەلێک خۆشحاڵ بووم؛ بەڵام دەقی وڵامەکەم کە چاوپێکەوت تەواو سڕ بووم: پەروەندەی ئێوە بە ژمارەی ٢٧/٩٥٣٤٢٣٧/ق‌ن رێکەوتی ١٣-/٧/١٢ بۆ ئەنجام

بوون بەڕێکراوە بۆناوەند ـ یـانی بـۆ هــەمان قەبرسـتانی وا چـاوم پێـی کەوتبوو!

دەی باشە، ئێستا ئێمە مـاوین و ناوەنـد...! ئـای لـەو هەڵـەیەی کردم... دەبوا هەر لە هەوەڵەوە پەروەندەکەم بۆخۆم بۆ ناوەند بردبایە، بە جێم نەهێشتبایە، هەتا لەو چاڵی وەیلەدا شرتوگوم بێ... دەبوا لە ناوەند مابامـەوە هــەتا «تەشـریفاتی قـانوونی» تێپـەڕ دەبــوو، ئـەوێ دەمـێ هاتبامەوە....

کەمتەرخەمی لە خۆم بوو؛ پیرێـژن قـسەی راسـتی کردبـوو ـ ئـەو تێبینی و بڕیار دەربڕینانەی، داهاتی چەند عومر ئەزموون بوو... قسەکەی راست بوو، دەوڵەت «تەقاویتی» کەسی نەناردۆتە بەر دەرگاکەی ـ نە تەنیا «تەقاویت»، هـیچ شـتێک، جگـە لـە ئەمنیـە و کاربەدەسـتی ماڵـیات و «دەوڵەت»...!

چەند برووسکەی ولام قبووڵیشم بۆ ناوەند لێدا، بـەو هیوایـە کـە شاید قەزا کردی بەهەڵکەوت مۆجزەیەک روو بدا... بەڵام نا... کـوا شـتی وا دەبێ! دەوڵەت لە تاران لێی دانیشتبوو، پیرێژن گوتەنی سمێـڵی بـا دەدا و یاسای دەنووسی و بە ریشی من و کەسـانی وەک مـن و یاسـاکانی خـۆی نووسیبووی پێدەکەنی. سەرەنجام دیسان بە پێشنیاری هـەمان موعـاوینی دارایی پاشنەی کەڵاشەکانم هەڵکێشا و بە شوێن پەروەندەدا رێکەوتم... جـا وەرە دەلینگان وەرێنە، خودا بە هەمڕات... چوومە ناوەند، شەقامی سـپا، میوانخانەی تەورێزی نوێ، تەنیـشتی گـاڕاژی شووشـە... لەنگـەرم لـێ خست، خودا بە نسیبی کەسی نەکا، پیرێژن گوتەنی: «ئای، رۆڵە، بنیادەم بێ و دەم لە دەمی «دەوڵەت» نێ! نا، رۆڵە، حاشا... نە شیری وشـتر و نـە دیداری عارەب... بنیادەم دست لە زاری سەگی چوار چاو رۆبکـا دەسـت لـە

@kurdica

دەمی «دەوڵەت» ڕۆ نەکا... ئامان... ڕۆڵە... هەژدیهایە، دەوڵەت... حاشا... لە منەوە بۆ تۆ وەسیەت بێ...!»

لەگەڵ خۆم بڕیارم دانا کە شایی‌یەک بە کەسانی وەک عەباس ئاغا و ئامەشتی عەلی نەدەم و خۆم کارەکەم وەڕێخەم ـ کە پاشان هەڵبەت وەکوو سەگ پەژیوان بوومەوە... گەلێک هەرزانتر و بێدەردەسەرتر تەواو دەبوو... بەڵام باشە، جارجارە دێتە پێش، بنیادەم بە قیندا دەچێ ـ لە خۆی. کۆڵکێشێکم بە کرێ گرت، ڕۆژی بە تمەنێک ـ بۆخۆشم کۆتەکەم داکەند و دە ڕۆژی تەواو هەموو ڕۆژێکی خودا لە هەوڵی بەیانیڕا تا کۆتایی کاتی ئیدارە لە نێو ئەو دەریای قوڕ و لیتەیەدا تلامەوە، هەتا ئاخرێکەی پەروەندەکەم لە ژێر خەڵوارها کەلاکی ڕزیو و گەنیو دەرکێشا دەرێ....

ئای لەعنەت لە ژەکتان! بنیادەم ئەوەندەش ناچیزە دەبێ! چکۆڵەترین هەنگاوی لەسەر هەڵنەگیرابوو: قەزبێن «بە پێی ژمارەی ۲۷/۹۵۳٤۲۳۷/قن» کە گوتبووی پەروەندەکەی بەڕێکردبوو، بەرپرسەکەشی کە ناو و ئیمزاکەی لە ریزی ئەو ڕەمز و ڕازانەدا بوو کە بە هیچ کلیلێک نەدەکرایەوە ـ ئاقیبەتیش هەر نەمزانی کێیە، بەڵام زانیم کە ئەوەش بۆخۆی فیڵێکە ـ بە قەڵەمباز نووسیبووی «بایەگانی...» وەکوو تەواوی پەروەندەکانی دیکەی «لەدەستی ئەنجامدا»!... بایەگانی... یانی مسگەراوا، مردووشۆرخانە... ناوەڵڵا، سەد ڕەحمەت لە مردووشۆرخانە ـ مردووشۆرخانە زوو مردوو وەڕێدەخا... یانی ... یانی هەمان بایەگانی....

پیرێژنی بێئەنوای ئازەربایجانی بە حەسرەتەوە ئاگای لەو سەرکەوتنە بوو؛ بێئەنوای بەستەزمان سەوادی نەبوو، ئەگەر هاتبا و وەکوو من فەعلایەکیشی گرتبایە دیسان بە هیچ کوێ نەدەگەیشت، جیا لەوەش جێی حەسرەت خواردنیشی نەبوو ـ تازە سەرەتای خۆشییەکە بوو:

ئێستا دەبوا پاژنەکانم هەڵکێشابوایە و لەم دیوە بۆ ئەو دیو، لەم مێزەوە بۆ ئەو مێز، چووبایەم؛ ملم خوار بکردایەتەوە، رقی «هاوالآن»م هەڵساندبایە، جارجار لە کۆبوونەوەکانی نەقڵگێڕانەوە هێنابامنە دەرێ و مۆر و ئیمزام وەربگرتبایە. بە کورتی، مانگێکم هەڵات هەڵات کرد، کە ئەگەر ئەقڵم بوایە هەرلە هەوەڵەوە بە داوێنی عەباس ئاغاوە دەنووسام و دەچوومە خزمەت ئاغای نەسیری دەمگوت دۆستی «عەباسم» ــ گەلێک هاسانتر و هەرزانترم بۆ تەواو دەبوو... هەتا ئێرە تەواو زەرەدم لە خۆ دابوو.

پیرێژنی بێ‌ئەنوا ئیدی دەستی لێ هەڵنەدەگرتم... دەستەوداوێنم ببوو کە لە ڕێی خودا کارێکیش بۆ ئەو بکەم. لەم دیوەوە بۆ ئەودیو وەشوێنم کەوتبوو ـ دڵم بە حاڵی سووتا... پێشنیارێکی کە بۆ خۆم بەڕێوەم نەبردبوو بەوم کرد: «دایە، بۆخۆت دەیبینی، لێرە هیچ کارێک ناکرێ... بڕۆوە ناوچە، مەنجەڵێک، مەنجەڵۆکەیەک، لەتکەبەڕەیەکت ئەگەر هەیە بیفرۆشە و بگەڕێوە ـ بە داوێنی ئەو عەباس‌ئاغایەوە بنووسێ ـ پێویست ناکا دەستەودامێنی کەسی دیکە بی... هەر ئەو عەباس ئاغایە... ئیدی کارت نەبێ ـ ئەگینا هەتا ڕۆژی قیامەت کارەکە جێ‌بەجێ نابێ... .»

پیرێژنم بەڕێکرد و خۆم وەڕێکەوتم... ئێستاش گەڕاومەتەوە، بە حوکم و حەواڵە و تەشکیلاتەوە. پیرێژن تەواو خۆشحاڵە، دایمەی خودا دەمی بە پێکەنین ئاواڵەیە و پووکە ڕەش‌هەڵگەڕاوەکانی هەمیشەی خودا بەرەو دنیا و خەڵکەکەی دەترووسکێنەوە ـ دەگاتە هەر کەسێک ڕووداوەکەی بە هەر بیانوویەک، بێ هیچ بیانوویەک، بۆ دەگێڕێتەوە ـ جا ئێستا ئەگەر ژنێک بۆ لەتە سابوونێکی جلشتن هاتبێ: «ئادی، کاکە ئەوەی لە تاران هێناوە... تاریفی لە سابوونەکانی ئەوێ دەکرد، نازانی چ سابوونێکن، ئەو بۆنەیان... ئاخر وەشوێن «تەقاویتەکەی» کەوتبوو، سەرەنجام داستانی

دڵێرانەی تەقاویت و ـ مۆرە خڕەکـە... «قاقەزەکـەی» ــ چ قاقـەزێک ـ چ یاسایەک ... ئەستەخفیڕوڵڵا، خودایە تۆبـە، عـەینی قاقـەزی کتێبەکـەی مامۆستا...!» ئێستا ئەگەر هاتبوونایە مەسەلەن بۆ تۆسقاڵێک ئەسـپۆن... «ئادی، نازێ گیان، کاکە زۆری شـت دەگێـڕاوە... دەیگـوت ئێـستا ئیـدی ئەسپۆن و سابوون خودا نەکا... دەیگوت ئێستا «مەکینە» هەیە، دەزگا هەیە کراسەکەی تێداوێی، بۆخۆی دەیشوا، دەریدێنێتەوە، پاکوخاوێن و لەبار تـەحویلتی دەداتـەوە... ئـاخر دەزانی، کاکـە وەشـوێن تەقاویتەکـەی کـەوتبوو... ئەگـەر بـزانی...! ئـەو کەسـەش کـە نەیـدەزانی، پیرێـژن بەسەرهاتەکەی لـە هەوەڵـەوە هـەتا ئاخرێکـەی بـۆ دەگێـڕاوە ـ خەتـە رەشەکانی حوکمەکە و مۆرە خڕەکەیم پێشان دابوو...

ئەوەندەی کە ئەو خۆشحاڵ بـوو، ئـەمن خۆشـحاڵ نـەبووم؛ لـە خۆشیان شاگەشکە بووە: شوکری خودا، سەد هەزار جـار شـوکر، کـە لـە سـایەی خـوداوە «تەقاویتەکـەم» تەقاویتـە! لەگـەڵ هـەمووی ئەوانـەدا جارناجارێک سێبەری بەدگومانی‌یەک بە سـەر حاڵـەتی سـیمای‌دا تێپـەڕ دەبێ، منیش ناچار بۆ رەواندنەوەی ئەو سێبەرە شەوانە دادەنیـشم و ئـەو پووڵانەی وەرمگرتووە، لە خۆڕا بێهوودە، دەژمێرم....

«ماشەڵڵا لە قودرەتی خودا! ئەدی بۆچی دەیانگوت تەقاویت خراپـە و چووزانم فلان و فیسار! ئەی ئامان لە دەست ئەو خەڵکە، کە بـۆ هـەموو شتێک قسە ساز دەکەن... تەقاویت کوێی خراپە... شای مەملەکەت ژێرەکەی مۆر کردووە... ئەستەخفیڕوڵڵا، بە خەتی کتێبەکەی مامۆستا نووسـراوەی داوەتە دەست ـ ئەوە کوێی خراپە...!» لە پێش‌دا چەند کەڕەتێک دەستی بـە «مۆرەکەی شا»دا هێنابوو، زۆریشی کەیف پێ ساز بووە ـ شێروخورشـیدی حوکمەکەی دڵ گرتوویەتی و زۆری پی جوانە ـ بەتایبەت شێرەکە وا لەسەر خورشید وەجواب هاتووە و شمشێری لەسـەر کێـشاوە... ئـاخر خورشـید

کیژۆڵە بووە، کافران دەیانویست سووکایەتی بەسەر بێنن، ئەویش پەنا دەبا بۆ شێرەکە، شێریش دەڵێ خۆت باوێژە سەر پشتم... لەو کاتەوە، بە قودرەتی خودا لەسەر پشتی شێرەیە... هەر لەوێ دەخوا، هەر لەوێ دەخەوێ... چاوت لێیە، چەندە جوانیش بۆخۆی لەوێ لێی دانیشتووە...!

«کاکە گوتت ئەو بنەوشانە چەند تمەنین!؟»

«پەنجا تمەنی... .»

«ماشەڵڵا لە قودرەتی خودا... ئەو هەمووە ئەسکیناسە... نەمرم و ئیشەڵڵا چاوم پێ بکەوێ کە بە یارمەتی خودا بە لەشی ساغ دەچی بۆ زیارەتی کابەتوڵڵا... ماشەڵڵا!»

هەڵدەستێتە پێ، بە کوورەکوور دەڕوا، ئەسپەندەر دێنێ و دەیرێژێتە ئاتەشخانەی سەماوەرەکەوە... چاوی حەسوود رۆڕژێ... بە لفکەی دەسماڵەکەی دووکەڵەکە بۆ لای من بەرێدەکا.

«کاکە، لەو پووڵانە دوو تمەنی هی منە ـ لە بیرت نەچێ... سەدەقەی سەری خۆت ـ ناچێتە جێگایەکی دوور.»

دەڵێم: «باشە، پووری.. قسەیەکم نیە...» دەزانم دوور لە چاوی من داوێتی بە مامۆستا «نوشتە»ی نووسیوە، ئاوی «نوشتە»کەشی بە دوامدا پڕژاندووە، هیمەت و بەرەکەتی پیران و «مشایخان»ی لەگەڵ بەرێکردووم، ئەگینا «رۆڵە، پێت وایە هیمەتی خۆت بووە... بەرچاوتەنگ مەبە، رۆڵە، لەبەرەکەتی نفووسی ئەوان بووە، دەنا دەوڵەت! تەقاویت...!» سەریشی رادەوەشێنێ.

زستان رۆیشتووە و بەهار گەڕاوەتەوە؛ منیش گەڕاومەتەوە، بە پێچەوانەی گومانی پوورە زلێخا بە پێڵاوی دڕاوەوە نا، هەر چەندە بە قاچ و قولی شەکەتەوە... بە کەوشی تازەوە گەڕاومەتەوە، لەگەڵ بۆن و بەرامەی گوڵ و سونبوڵ، بۆنی وەنەوشە لە هەر هەنگاوێدا سەر و مێشک

کوردیکا @kurdica

دەلاوێنێتەوە ـ وەنەوشەکان بۆ ئەوەی ترسی سەرمایان لە دڵدا بێ، لە ژێر دارگوێزەکاندا سەریان بردۆتە بن گوێی یەکتر، شەرمێونانە و بۆن بە یەکترەوە ـ دەکەن. بەهار گەڕاوەتەوە، هەر کە تاو دەکەوێ کێو ڕەنگ دەگۆڕێ، هەور ڕەنگ دەگۆڕێ ـ پێدەشتیش، هەموو جێیەک. بەڵام پیرێژن چۆن بوو هەر ئاوایە: شل و شەوێق، بێهێز، خورافاتی و بەنکە و ناڵە؛ ئاوایی هەر وەک خۆیەتی: پڕتووکاو، هەڵقرچاو، پیس و پۆخڵ، چاو لە دەست، دەردەدار، بە گلە و گازندە، بەڵام ڕەزامەند! و ... بەهار گەڕاوەتەوە بۆ ئاوایی.

هەورەکان کێویان پەڵەپەڵە کردووە! سیمای کێو وەکوو ژێر پاتۆڵی منداڵێک وایە کە خۆی تەڕ کردبێ و بەیانی زوو، زووتر لە خاوخێزان، وەخەبەر هاتبێ و لە ترسی دایکی هاتبێتە بەر دەرگا، هەتا بە دزی ئەوەوە لەبەر تاو خۆی وشک کاتەوە: ئێرە کەمڕەنگ، ئەوێ پڕڕەنگ، ئەولاتر بێڕەنگ.... ڕووبار دەم بە پێکەنین دەچێتە زەماوەندی پێدەشت، پەلەیەتی، با، جارناجارێک وەشوێنی دەکەوێ. بە پەلەپڕووزە و بە شوێنیدا فیکە دەکێشێ... وەکوو منداڵان ـ بانگی دەکا و ئەویش وەک گراوییەک کە بە نازەوە لەبەر ئەویندارەکەی رابکا، بێڕوانین و بەتاڵووکە، بەڵا نابەدڵ، بە ڕێی خۆیدا دەڕوا... گۆرانی دەڵێ و دەڕوا، بە هەڵپەڕین، بەڵا دڵگران... .

بەهار گەڕاوەتەوە، حاجیلەگلەگەکانیش گەڕاونەتەوە ـ دەیبینم، ئەویش چووە لە لێرەوار تەقاویتەکەی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە: چیلکەیەکی بە دەندووکەوەیە: هێلانە ساز دەکا، لەسەربانی مزگەوت... حاجییە ئاخر، مزگەوت لە جێیەکی بڵیندە، مزگەوتی پتر بە دڵە، ئەگینا بە پێچەوانەی حاجییەکان کەسی لە دەست وەڕەز نەبوو، ئەویش وەکوو بڕێ لە حاجییەکان (ئەهلی بڕێ کار و شت شاردنەوە نیە) ـ خاوەن دین و بڕوایە، هەموو ساڵێکی خودا دەچێتە مەککە و مەدینە و تەوافەکەی دەکا و

دەگەڕێتەوە ـ کاری بە کاری تۆو و دانەوێڵە و مانگا و مەڕی کەس نەداوە ـ مار دەخوا و شوکری خودا دەکا، قلیانەکەی دەکێشێ و شوکری خودا دەکا، بە خاتری نیعمەتە دراو و نەدراوەکان... هاوسەرەکەی لە قەراغی چۆم لاقێکی هەڵێناوە و چۆتە فکرەوە ـ دیارە وڵامی برووسکەکەی نەهاتۆتەوە...! پەنجا هەنگاوێک وێوەتر حاجی لەگ‌لەگێکی تر عەبایەکی رەش و سپی لە خۆیەوە پێچاوە و لە قەراغ چۆمەکە راوێچکە دەکا ـ لە دوورەوە بزەی رەزامەندی لە سیمایدا دەبیندرێ... دەندووکی سوور هەڵگەڕاوە، چاوەنواڕی ئەوەی کە دوو ئەنگوست بۆ لووتی بەرێ و بە شێوەی ئەهلی دووکەڵ ـ لە حاڵەتی نەشەدا ـ لووتی لە نێو دوو ئەنگوستدا بلاوێنێتەوە... دیارە حوکمەکەی وەرگرتووە... بە مۆرە خڕەکەی دەوڵەتەوە....

لەبەر پەنجەرەکە دانیشتووم ـ رووبەڕووی کۆگا پەینێک. ئەگەر عومر باقی بێ سبەینێ لە دەست کەسافەتی ئەو کۆگا پەینەش بۆ ماوەیەک رزگار دەبین و سبەینێ «میزاو» دەدەن بە مەزراکان: پەینەسووتاو لە ئاوی جۆگە دەڕێژن و بەڕێی مەزراکانی دەکەن... چەند مریشک و کەڵەشێر لەسەر کۆپەینەکە خەریکی هەڵگێڕووەرگێڕ کردنن... جووچکە کەڵەشێرێکی زەرد، وەکوو رەئیسی دژبان، لەپڕ جندار دەبێ؟ چەند کەرەت باڵ لێک دەدا، یەک دوو جار بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە و بە باڵە شل و داهێزراوەکانیەوە ـ وەکوو شتێ لە گەرمان ـ بە شۆخی، بە شوێن شتێکی خەیاڵیدا دەڕوا. من لە دوورەوە شتێک نابینم، لەوانەشە مێشێک بێ، یا شایەدیش عەباس‌ئاغای بایەگانی کۆمەڵی مریشک و کەڵەشێرەکان... هێندێک پێچەڵاوپووچ و قیلەو قاج دەڕوا. پاشان لە قەراغێک رادەوەستێ، وەکوو رووداوێک رووی نەدابێ، بە بیچم و حاڵەتێکی پڕ لە دڵمەندی و کەڵەشێرانە تووکی ژێر باڵ و سینگی دەدۆزێ... یا شایەد گیرفانی بن

کوردیکا
@kurdica

باغەڵی بۆ «پووڵ چایی» دەگەڕێ... کەڵەشێرێکی خەنەیی بە قەڵافەتێکی گرژ و حاکمانەوە باڵ لێک دەدا و دەخوێنێ ـ دروست لەسەر نوچکی کۆپەینەکە ـ بێخود و بێدەلیل، بە گومانی من، دەڵێی بۆخۆشی پێدەزانێ: نیوەنیگایەک لە لاشانی چەپیڕا داوێتە دەوروبەری و چاو لەسەر یەک دادەنێ و وا دەنوێنێ کە هیچی نەدیوە ـ چەشنی رێبوارێک کە لە ژێر لێوەوە قسەی ناخۆشی بە شای مەملەکەت گوتبێ و کوتوپڕ پاسەوانێکی لەبەر دەمی خۆی چاو پێکەوتبێ....

بەهار گەڕاوەتەوە، رۆژ زەردەی لەسەر لێوە، وەکوو کیژۆڵەیەکی دەم و چاو شڵە، بەڵام خوێنشیرین... لەگەڵ هەر بزەیەکیدا پەڵەکانی دەموچاوی زیاتر وەدیار دەکەون ـ سەیریش ئەوەیە شیرنایەتی روخساری کیژۆڵەش، چاو لە هەورەکان دەکەم... بەرەڵایانە... لە چاوەکانیانڕا دیارە پەژارەیەکیان نیە، هەر بەڕاستی دڵیان پڕ نیە: بێخەمی لەسەروسەکوتیان دەبارێ: وەکوو ئەو ژن و کچە بێدەردانەی، کە گریانەکەیان لەبەر بێکارییە، بۆیە دەگرین هەتا چاوێکیان تەڕ کردبێ، هەرلەو حاڵەشدا کە دەگرین، بە ریشی من و تۆ پێدەکەنن... گریانەکەیان هی دڵتێرییە، دەگرین هەتا خۆیان بۆ پێکەنینی پتر ئامادە کەن... بۆ درەوشانەوەی چاویان دەگرین ـ دەڵێن ئەسرینی چاو خاسیەتی هەیە ـ دەبینی هێشتا فرمێسکیان وشک نەبۆتەوە کە قاسپەی کەوانەی پێکەنینەکەیان لە هەوادا دەنگ دەداتەوە... چەندەش جوانە ئەو قاقایە، ئەو لەرینەوەی سەر و سینگە، ئەو دڵڕفێنی دەم و لێوە، ئەو بریقەی ددانە، ئەو گڕگرتن و رەنگ گۆڕینی روخسارە ـ هەر لەبەر ئەمەشە کە لەگەڵ ئەوەدا بە ریشمان پێدەکەنن وەسەر خۆمانی ناهێنین... بەپێچەوانە خۆشحاڵیش دەبین، کە بە ریشمان پێکەنیون... دڵگرە پێکەنینە جەحێڵانەکەیان... وەکوو پێکەنینی چرۆکانی بەهار... .

هەتاو تەواو وڵاتی داگرتووە ـ ئەگەر هەور لێی گەڕێ... حەیف نیە، لەو هەوایەدا، لەو وەرزەدا، بنیادەم خۆی لە چوارچێوەی چوار دیـواریدا حەفس کا، لەگەڵ ئەمەدا کە دیمەن و بەرژەوەند جوان و رازاوە بـێ؟ دەبـێ بڕۆی و لەگەڵ سروشت تێکەڵاو بی.

هەڵدەستمە سەر پێ، دەچمە ئەو بەری رووبارەکە... بەهار سـفرەی رەنگاوڕەنگی راخستووە، دڵاوایانە و میوانەکان هەموویان گەیـشتوونێ... دارکونکەرەیەک کە تازە گەیوەتێ دەقولباب دەکا، دیارە خانەخوێ، وەکوو پوورە زلێخا، گرفتارە ـ لە پێشخانە ـ ئاخر ئێمەش بۆ شـەوێ میوانمـان هەیە: پوورە زلێخا بە شوکرانەی ئەو سەرکەوتنە گەورەیە هەموو پیاوانی ئاوایی بۆ «نان» خواردن بانگ کردووە... تەعام دەدا بە خەڵک! بە سـڵامەت گەڕاومەوە، لمبۆزی «دەوڵەت»م لە خۆڵ وەرداوە، بە تۆفیقی خودا، کارێکم کردووە کارستان ـ «حەقەکەم» لە «دەوڵەت» وەرگرتووە!

قشقەڕەیەک بە دەنگی قرەقڕی خۆی هەواڵی هاتنەکەم رادەگەیێنێ، یەک دوو باڵندە بۆ رێزگرتن، لـە جێـی خۆیـان هەڵدەسـتن؛ لـەولاترەوە باڵندەیەک هوو دەکێشێ، وەکـوو دەروێـشێک کـە «حـاڵ»ی لـێهاتبـێ، باڵندەیەکی دیکە وەکوو ئەو «هوو»یەیان لەگەڵ ئەو بووبـێ لەسـەر لقـی دارێک هەڵدەستێ، یەکی دیکە لەخۆڕا وەشوێنی دەکەوێ. لقی دارەکە دەنگی لێ هەڵدەستێ، دەنگی باڵی باڵندەکە لە حەوا دێتە گوێ ـ لقی دارەکە هەروا دەلەرێتەوە... لەولاترەوە باڵندەیەک، دەندووکی لەو لقـەدارەی لەسـەری هەڵنیشتووە، دەساوێ... «نانەکەی» خواردووە... دەمولەوسی دەسـڕێتەوە ـ سوننەتە.

دارەکـانی لێـڕەوار دەسـتەکانیان بـە هـەزاران پەنجۆڵـەی ورد و درشـتەوە هێناوەتـە پێـشێ و لـە ژێـر خۆرەتـاو رایـانگرتوون، هـەر پەنجۆڵەیەکیش بـە تـەنیا خۆرەتـاوی راگرتـووە: زۆر دڵـۆوان، وەکـوو

جووجەڵەی باڵندە ـ خۆرەتاویش لە شەونمی هەموو گەڵاکان ئاو دەخواتەوە و هەروا تینووشە، دارەکەش چەشنی دایکێکی لەسەرخۆ، هەروا هێمنایەتی دەنوێنێ و لە پێداگری کۆرپە نە تەنیا هەست بە ئاڵۆزی ناکا بەڵکوو ڕەزامەندیشە... لە حاڵەتی قەڵافەتی وا دەردەکەوێ....

بەهارە، هەرکاتەی لەسەر وازێکە، تەبیاتی عەینی تەبیاتی مناڵێکی شیرەخۆرە... جارجارە پێدەکەنێ، جارجار دەگری... هەمیشەش وەکوو مناڵێکی تێری خواردبێ خەریکی کایەیە و لە هەموو حاڵێکدا پێکەنینی لە چاودایە ـ گریانیش: پێکەنین لە نمی فرمێسکەکاندا، فرمێسک لە تروسکەی پێکەنینەکاندا... بە گریانەکەی خۆی پێدەکەنێ....

ڕۆشن نیە لەو سەرانە چ خەبەرە و هەورەکان چیان بیستووە کە ئاوا بە پەلەپڕووزە بەرەو ڕۆژاوا بەڕێوەن...! دەڵێی خەبەراتێک هەیە... یا ڕەنگە شەڕ بێ، دەچن بۆ تەماشا کردن... یا نەکا ئەوانیش چەکدار بن کە وەکوو پیاوەکانی ئەو مەڵبەندە دەڕۆن بە شوێن ماڵی تالانیدا!

هەورەکان پاڵیان وێکداوە؛ لە دوورەوە بە هۆی تەنگەبەری جێگە دەنگی گرمە و بۆڵە و هەرا دێتە بەر گوێ... دارەکان گوێقوڵاغن و چوونە فکرەوە... لەپڕ با دەست پێدەکا و هەواڵ دێنێ... ڕۆژیش بەرەو ماڵ دەبێتەوە و درگا لەسەر خۆی توند پێوە دەدا.. دوور لە چاوڕەوانی نیە کە ئەو گرووبانە مەستانە، تووشی چەرمەسەرێی کەن.

بەتالووکە دەگەڕێمەوە ماڵێ و لە تەنیشت پەنجەرەکە جێ خۆش دەکەم و چاوەڕوان دەمێنمەوە. دارگوێزەکەش بەڕواڵەت وەکوو من، هەواڵەکەی بیستووە و دۆشداماوە... خودا وەخێری گێڕی... خودا بکا لەو شەڕ و هەڵڵایەدا کەس وەژێر دەست و پێیان نەکەوێ و سەر و دەستی نەشکێ... حەیفە، جحێڵن... جحێڵ نابێ بکوژرێ، نابێ ناقیس کرێ... حەیف نیە!

@kurdica

هێشتا تەواو جێگام خۆش نەکردووە کە گۆشـەی ڕۆژاوای ئاسمـان دەبرووسکێنێ... ئێ نەکا ماڵەکەیان ئاور تێبەردابێ! برووسـکە دادەمرکـێ؛ توولەمارێکی زەرد ـ لە وانەی وا بەرزگیان وەک پەڕی قوو سپییە ـ وەکـوو دەوەنێکـت ئـاور تێبـەردابێ، چەشـنی لەتـە تێلێکـی سـوورەوەبوو، بە قەڵەمبازی کورت و درێژ لە نێو دەوەنەکە دەردەپەڕێ و خـۆی بـە گەواڵـە هەورە ڕەشەکەدا دەدا و لەتوکوت دەبێ... لەبەر یەک دەچێ و دەکەوێتە نێو شـیوەکەوە. ناڵەناڵـەکەی لـە شـیوەکەدا دەنـگ دەداتـەوە... هێنـدێک دەتلێتەوە، دیسان دەتلێتەوە و دەناڵێنێ ـ وەکوو گیانلەبەرێکی بریـندار... سەرەنجام خۆی لە ژێر ڕەوەزە بەردێک حەشار دەدا و دەست دەکا بە برین لستنەوە... .

بایەکە کە خۆی لە هەراکە دەربـاز کـردووە و لـە نێـو لـقوپـۆپی دارگوێزەکەدا حەشاری هەڵگرتووە، سەری لەویش شێواندووە... ئاسمـان دەگری، ئەبەدا روون نیە لەبەرچی و بۆ ئاوا لە کوڵ ـ وەکـوو هێنـدێ لـە دایکان کە کاتی دروومان و پینە و پەڕۆ ژیلەمۆی دەروونیان تێک وەردەدەن و بە یادی خۆشەویستانی لە دەسـت چوویـان فرمێـسک هەڵـدەوەرێنن و خۆڕادەژێنن و لەو حاڵەشدا لە کارێکی کە بە دەستیانەوەیە خافڵ نـابن... بەڵێ، ئەویش بە تەقەڵە کورت و درێژەکانی باران، داوێنی کراسـی زەوی بە نێو قەدی ئاسمانەوە دەدوورێ... .

بارانەکە بە خوڕەمتر بووە، هەوا تاریکە، چاو چاو نابینێ؛ ئاورەکە داییسێ، قرچە قرچی دێ، پڕیشکان داوێـژێ ـ دەنگـی خرمـەخرمی بـاران لەسەربانەکە دەبیسترێ... پیرێژن لە پێشخانە سـەخت خـەریکی کـارە... پێشخانەکە چێشتخانەی ئێمەیە... بۆ شـەوێ میوانمـان هەیـە ـ پیرێـژن تەعامی خەڵک دەدا ـ تەقاویتەکەم وەرگرتووە لە «دەوڵەت» شوکر بۆ خودا! ڕۆڕۆژێ چاوی حەسوود...!

هەورەکە ڕۆدەڕژێ... .

نیوەڕۆژە بەوەی هەمانە دەبەینە سەر، دەخەوم، هەتا ئێواریێ درەنگ... میوانەکان دوای نوێژی خەوتنان وەژوور دەکەون ـ پیرۆزبایم پێدەڵێن، کەم تەمەنەکان تەنانەت دەستم ماچ دەکەن...! «نان» دەخۆین؛ سەبارەت بە هەموو شتێک دەدوێین... زیاتر سەبارەت بە یەک شت: تاران، شای مەملەکەت. چاوم بە شا کەوتووە لەو سەفەرەدا ـ قەسرەکەیم دیتووە؛ قەسرەکەی چ ڕەنگێکە؟ تاران نفووسەکەی چەند کەس دەبێ؛ کێ نانی ئەو گشتە نفووسە دەدا... بە خودا باشە دیسان، کە خەڵک یەکتر ناخۆن...! چ ڕادەیەک «دەوڵەت» لە تاراندایە؟ ڕاستە دەڵێن تەرمی ڕەزاشایان هێناوەتەوە تاران و کاتێ سندووقەکەیان کردۆتەوە تەرمەکەی تێدا نەبووە و ڕەزا شا زیندووە و لە ئینگلیز حەفس کراوە...؟!

کەوا بوو بە سڵامەتی «تەقاویتەکەم» وەرگرتووە لە دەوڵەت! بە لەشی ساخ ئیشەڵڵا... بە مەبارەکی و پیرۆزی... کارێکی گەورەیە، وەڵڵا حونەرە، لەو دەور و زەمانەدا! بە پێشنیاری پوورە زلێخا مۆرە خڕەکەی شای مەملەکەت چاو لێدەکەن... ئیدی شکێک بۆ هیچ کەس نەماوەتەوە؛ نا، وەباڵ بە ئەستۆم، مۆرەکەی کە مۆرە، خەتەکەشی، جێی لێ نەبێ ـ هەر خەتی کتێبەکەی مامۆستایە! مامۆستاش لێرەیە ـ بەڵام حەیف چاویلکەکانی نەهێناوە و جەماوەرەکە بەداخەوەن ـ بریا بیهێنابوایە... کە لانیکەم بە جوانی دەیخوێندەوە و شتێکی دەفەرموو.

میوانەکان ڕۆیشتوون ـ لەمێژە. شەکەتین هەردووکمان ـ پیرێژن و من. من کارێکم نەکردووە، بەڵام پیرێژن لەپێکەوتووە... بەڵا دەی باشە، بەهارە؛منیش وەکوو کێوم کۆڵیبێ بە دانیشتنەوە خەوم لێکەوتووە... دەخەوین هەتا بەیانی درەنگانێک... .

@kurdica

دانیشتووین، وەکوو جاران، ئـەمن لـە لای سـەرەوە لـە تەنیـشت پەنجەرەکە و پیرێژن بـە سـەماوەر و کەرەسـەی چایەکـەوە کـەمێک لـە خوارەوەتر، خاکەنازەکەش لە نێوەڕاست. شەکەتیمان لە لەش دەرکردووە ـ سیمای پیرێژن ڕەزامەندە ـ ئەوە کە سەری قسە دەکاتەوە.

«کاکە، لە میواندارییەکە ڕازی بووی، کەموکوڕی نەبوو؟»

«نا، پووری، دەست و چاوت خۆش بێ ـ هەموو شتێک تەواو بوو ـ دەستت نەیێشێ... .»

«برینجەکەی هێندێکی مابوو بگاتێ... ئەگینا «خۆرشتەکەی» خـراپ دەرنەهاتبوو ـ باش بوو... .»

«نا، برینجەکەی زۆر بـاش بـوو، مـن کـە زۆرم پـێخـۆش بـوو، میوانەکانیش کە بۆخۆت گوێت لێبوو هەموویان بەدڵیان بـوو، تاریفیـان دەکرد ـ زۆر مەمنوون، دەستت خۆش بێ... .»

«باشە دەی، بە ناشکوری ناڵێم، برینجیش ئەو برینجـەی پێـشوو نیە... زەمانی زوو برینجی سەدریت کە بە سەلەدا دەکـرد بـۆن و بەرامـەی دنیای هەڵدەگرت ـ لە مەزراکەی مامە خواکەرەمەوە دەتزانی کە فلانە مـاڵ

کوردیکا
@kurdica

بۆ «جێژن» پلاویان لەسەر ئاورە ـ ئەو عەیامانە یەک ساڵ شەوێک ـ لەم جێژنەوە هەتا ئەو جێژن ـ دەنکە برینجیش خۆیان دەکێشا ئای، ئەهێندە (ئەمن شتێک نابینم) کاتێکیش لە دەوریت دەکرد لە قووچکی سەرێڕا کە بە دەست پاڵت پێوە دەنا بۆخوارێ بە بن دەورێکەوە دەنووسا و هەر کە دەستت لادەبرد تا چاوت دەترووکاند هاتبۆوە سەر جێگای خۆی، وەکوو کولوویەک لۆکەی هەلاجی کراو... ئێستا هەموو شت گۆڕاوە ـ بە ناشکوری نەبێ ـ ئەلحان کوا ئەو برینجەی ساڵان...!»

«نا، زۆریش چاک دەرهاتبوو، ئەمن بۆخۆم لەمێژ ساڵ بوو پلاوێکی ئاوام نەخواردبوو ـ عەجەمستان زۆرتر کەتەیە ـ ئەوان برینج بە سەلەدا ناکەن وەکوو ئێمە...»

پیرێژن مات بووە... کەتە؟ مەگەر دەکرێ... ئەوە خۆ دەبێتە قبوولی، شیربرینج...!

«دەی باشە... خۆلاسە باش بوو، دەست و پەنجەت نەیێشێ...»

پیرێژن دەڵێ: «نۆشی گیان!»

بڕێک بێدەنگ دەبین و دەڕوانینە یەکتری، ئەمن بە سپاس و پێزانینەوە ئەو بە ڕەزامەندی دەروونەوە. پاشان دەڵێم: «دەی باشە، پوورێ، بانگێشتنەکە بە هیمەتی تۆ بە خێر و خۆشی بەڕێوە چوو، ئێستا ئەگەر ماندوو نی بگەڕێینەوە سەر داستانەکەی خۆمان ـ کە یەکجار زۆریشی بەین کەوت... لە بیرت بێ گەیشتینە ئەو جێگەیەی وا مام ڕەحمان گەڕاوە و ژنەکەشی لەگەڵ خۆی هێنا...»

پیرێژن بە گومانی من زەینی زۆر باش کار دەکا و تەواو هۆش و بیری لەسەرخۆیە، بەڵام خۆی لاڕێ دەکا؛ بێئەوەی حاڵەتێکی لە سیمادا بەدی بکرێ، بڕێکم تێدەفکرێ... دەڵێ: «کامە؟» نێوچاوانیش تێکدەنێ؛ پاشان دەڵێی دێتەوە سەرخۆ، چارۆکەکەی لەخۆیەوە دەپێچێ و دەڵێ:

«ئاخ، رەحمان دەڵێی، ئای! دەی باشـه، هـەتا كـویێم گێـڕابۆوە، تـۆلـه بیرته؟»

«تا ئەو جێگایه كه هاتەوە و ژنەكەشی لەگەڵ خـۆی هێنـا ـ دایكـی دادەسویێسنه ـ به ناوی پووره بلبل، كه منیش دیتبووم....»

«ئای، ئەرێ... چووبوو بۆ موكوریان و پاش پێنج شەش مانگ بـەو ژنەوه گەڕاوه... جا ئیدی ئەو ژنەی چۆن هێنابوو، له كوێی پەیدا كردبـوو، لەكوێ‌ڕا هێنابووی... ئەوه ئیدی خودا دەزانێ ـ هەرچەند ئەوەش دەبێ بڵێم لەهجەی ژنه موكوریانی نەبوو» (زۆر مەحرەمانه) «ئەمن هەر له هەوەڵەوە تێگەیشتم؛ پاشان خودی ژنەش گوتی كه بەڵێ له «بولغاریا» بووه ـ كه من نازانم له كوێیه ـ له نێو گاوراندا ژیاوه و فلان و فیـسار... ئەوانـەم گـوت وەكوو شتێ؟ باشه، ئێستا ئیدی چۆنی هێنابوو، نازانین؛ دەنگۆ داكەوت كه بەڵێ، كچەی كڕیوه له بنەماڵەكەی ـ ئێستا كێ ئەو دەنگۆیەی خسته سـەر زاران، دیسان خودا دەزانێ. له دڵی خۆمدا گوتم بەچی؟ به بارێـك بـەهێ و بارێـك هـەنار!؟ یـا تەنانـەت وام دانـا گوێدرێژەكانیـشی فرۆشـتووه و پووڵەكەی لەو كاره خەرج كردووه... بـەو شـتانه خـۆ ژن نایـه، كـوڕم ـ ئەویش له غەریبایەتی، چونكه ئەگەر ئێره بوایه و بۆ خوازبێنی مەسەلەن ناردبایەته ماڵی سۆفی عـەولا، ئـەوه فـەرقی دەكـرد... ئێـستا پـووڵ و مووڵێكیش له گۆڕێدا بوایه یا نەبوایه ئـەوه زۆر گرینـگ نـەبوو، چـون سۆفی عەولا باوكی دەناسی، باپیری دەناسی، بۆخۆی دەناسـی. لـه دڵـی خۆیدا دەیگوت ـ وەكوو هەموو باوكێك ـ باشه، باوكی ئەو جۆره، باپیری بەو جۆره، بۆخۆی ئەم جۆره... ئێستا یا دەستی دەچێتـه كـار یـا ناچـێ. ئەگەر دیتی كارامەیه، له بنەماڵەیەكی خاوەن ئابـڕووه، مـاڵ و خێـزانی دەوێ، ژنی پێ‌ڕادەگیرێ، ئیدی پەلێی بـازه شـتێكی نـەدەگرت. لانیزۆری ئەوه بوو كه دەیبرده سەر ماڵێ به زاوابەندی... بـەلا لـەوێ... لـەوێ نـه

کەسێک ماڵی باوکتی دیوە، ماڵی خۆتی دیوە، تەنانەت هەوەڵ جارە کە خۆت دەبینێ، ئەوە فەرق دەکا. ئەگەر باسی کڕین و فرۆشتنیش بێ ئەو کەسەی ئەو کارە دەکا، دەبێ زۆر پووڵدار بێ ـ دەبێ هەرچی گوتیان بیدا ـ بە پووڵ زاریان ببەستێ. گاڵتە نیە، کچە، جەرگە. ئەو جۆرە وەختانە لانیکەمەکەی ـ هیچی وا تەواو نەبێ، زۆر زۆر دەستی ژێرووی بگرین سەد تمەنی دەوێ، ئەو جار بارێک بەهێ دەکا چەند، دوو تمەن، بارێک هەنار دەکا چەند، دیسان دوو تمەن، نا، ئەو سەرێکەی سێ تمەن... سێ تمەن و دوو تمەن دەکا چەند، پێنج تمەن... ئێستا دەڵێین گوێدرێژەکانیشی فرۆشتووە ـ چەندە؟ مەسەلەن دایدەنێین لانیزۆری دە تمەن ـ ئەو جار کێ دەیکڕێ بەو قیمەتە، دوو گوێدرێژی پیر و قۆڵتڕ؟ بەو پووڵە دەکرێ شیربایی بدەی، جلوبەرگ بکڕی، زەماوەند بکەی؟ نا، کوڕم، ئەوانە دەنگۆ بوون. لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر وەک دەیانگوت قەرەچی بووە ـ ئەویش نەبوو: قەرەچی کچ بە غەیرە نادا ـ خۆیان بە عەشیرەت دەزانن، نایدەن... ئەوجاریش، کچی قەرەچی وەکوو باڵندە وایە، لە نێو ئاوایی و چواردیواریدا ناحەجمێ. بۆخۆت قەرەچیت دیتووە ـ لەبیرتە دەهاتن لەو دەشتە دەیانخست... تەختە گۆشت و بێژنگ و چووزانم کەوچکی دار و ئەو جۆرە شتانەیان دروست دەکرد. ئەگەر لە بیرت بێ دایکان بە منداڵەکانیان دەگوت کاتێ ژن و کچی قەرەچی لە نێو ئاوایی دانماڵەکە چۆڵ نەکەن، درگای ماڵێ ئاوەڵا بەجێ نەهێڵن، لەبەر ئەوە چاوی خەڵک دەبەستن ـ لەبیرتە؟»

«بەڵێ، زۆر چاکم لەبیرە، پووری!»

«تازە، قەرەچی نا، موکوریانیش نایدا، کام باوک و دایکە کە هەر وا بە بێدیتن و ناسین کچ بە غەوارە بدا؟ نا، کوڕم، لەخۆڕا وایان دەگوت. جارێکیش دەیانگوت چووزانم کچە، یانی ژنە، دەزگیرانی بووە،

@kurdica

دەزگیرانەکەی کوشتووە و رەدووی رەحمان کەوتووە؛ بەڵا ئەوەش هەیە کە رەحمانی خوالێخۆشبوو پیاوێکی تەواو بوو، لە باری قەڵافەت و قەد و باڵاوە، کەڵەگەت، وێچوو، سەروزمان خۆش و بە کورتی... ئەو کەسە بوو کە ژنێک بە ئاوات دەیخوازێ... ئێستا ئیدی خودا دەزانێ دەزگیرانێک لە هەوێڵدا بووە، کەسێک کەسێکی کوشتووە لەو بەینەدا، نەیکوشتووە... ئەوانە ئیدی خودا دەیزانێ... دەنگۆیە ئیدی، یەکێک قسەیەک دەکا، دەکەوێتە سەر زاران و دەگەڕێ... باشە ئیدی زمانە، کوتە گۆشتێکە، بۆ هەر لایەکی بگێڕی دەگەڕێ، لە قەدیم و نەدیمیشەوە گوتوویانە دەتوانی دەرک و دەروازەی داخەی، ناتوانی زاری خەڵکی داخەی ـ خەڵکی بێکار زۆرن و مامۆستاش گوتەنی کاوێژی ئادەمیزادیش قسەیە. هەرچۆنێک بوو، من پێم وایە کچە ئاشقی ببوو، ئاخر رەحمەتیش یەکێک بوو وەکوو کلاولار ـ لە بیرتە کلاولار؟»

«بەڵێ، زۆر باش!»

«بەڵێ، ئەویش دوورکوژی نیزیک خەسار بوو... سێ شایی ئەگەر وە دەس دێنا، خەرجی خۆی و هاواڵەکانی دەکرد ـ ئەویش بۆ دۆستەکانی سەریشی هی خۆی نەبوو، هەمیشەی خوداش بە شوێن کەیف و هەوای خۆیەوە بوو. بە کورتی، سەرت نەیێشێنم، گەڕاوە، بە دەستی بەتاڵەوە، حاڵێکی شڕ و شپرزە، بلبل خانمیشی لەگەڵ! ئێستا ئەمن دەڵێی ـ چی بڵێم؟ هیچ، چیم هەبوو بیڵێم ـ زڕخوشکێک پتر نەبووم خۆ، چیم دەتوانی بڵێم... تۆ بوایەی چیت دەگوت؟... ئەلحوکمو لیللا، کوڕێکی کە تۆ بی، شەوێ ئاوم گەرم کرد، دەستێکیان بەخۆیاندا هێنا و ئاوێکیان بە خۆدا کرد... جلوبەرگەکەیانم کوڵاند... حەی... کاتێ دەڵێم جلوبەرگ بێگومان لە دڵی خۆتدا دەڵێی جلوبەرگ! جلوبەرگی رەحمان عەینەهوو ئەو دارانەی لەسەر قەبران پەڕۆوپاڵی تێدەهاڵێنن، پڕپڕیش لە جرۆجانەوەر ـ ورد و درشت ـ

به جۆرێک که ئەگەر لەبەر دەرکی دیوەکەت دانابا پاش سەعاتێک که دەهاتێوە بۆخۆی رێکەوتبوو گەیشتبووە پەنا ئاورگەکە - لەبەر ئەو هەمووە جانەوەرەی که تێیاندا بوو. جلوبەرگی ژنە دیسان باشتر بوو - به کورتی نانیان خوارد و خەوتن... ماندوو بوون - بەستەزمانانە لە موکوریانەوە کوتابوویان و به بێخەرج و موخاریج خۆیان گەیاندبووە ئێرە....»

پیرێژن ماوەیەک بێدەنگ دەبێ، رەنگی برووسکاوە، پشووی باش بۆ ناکێشرێ، دەنگی نیخەنیخی سینگی جوان دەبیسترێ... لەئانقەست داوای چایی دەکەم هەتا ماوەیەک پەیدا بکا و پشوویەک بگرێ.

چایەکەمان دەخۆینەوە؛ لە دەرەوە باران دەبارێ، پەنجەرەکە ئاواڵەیە؛ جارناجارێک به سەر باڵی شنەباوە، فێنکایی یەک دوو پڕیشکە لەسەر باسک و پشتەملم هەست پێدەکەم، جارجارەش پڵیتەی چراکە لەپڕ وەکوو جووچکە کەڵەشێرێک که تازە تێگەیوە جووچکە کەڵەشێرە، باڵ لێکدەدا و مل هەڵدێنێ، به سەر سوورمانەوە - دادەمرکێتەوە، ئاسمانیش جاروبار نووڕپژێنەکەی چەند چرکەیەک لە لووتکەی کێوەکە دەگرێ و عەلامەت به لووتکەی ئەو بەری دەدا. شۆڵەی چراکە رەنگی دەبرووسکێ، دیوەکە تاریک دەبێ، لەحاڵێکدا پڕە لە رەنگی سپی، زەرد، نارنجی، بنەوش - دەشلەرێنەوە. دیوارەکان لەپڕ پێکهەڵدەپرژێن، بەڵام خێرا به نێوبژی هێزێکی نادیار لێک جوێ دەبنەوە و به شەرەجنێوێک دەیبڕنەوە - هەورەتریشقە دەگرمێنێ و پیرێژن دەڵێ: «ماشەڵڵا لە قودرەتی خودا! ماشەڵڵا لەو بەرەکەتی خودایە!»

چاییمان خواردۆتەوە، پڵیتە باڵەکانی لێک داوە و هێور بۆتەوە، دەڵێم: دەی باشە، پوورێ، قسەت بۆ دەکردم!»

@kurdica

«بەڵێ، کوڕم، ئەمن پێم وایە ئاشقی ببوو، ڕەدووشی کەوتبوو. ئەوەم لە ڕووی ئەو شتانەوە زانی کە لە پاشان گێڕایەوە. دەیگوت ـ ژنە ـ لە بولغاریا بووە، لە نێو گاوراندا ئەو شتانە عەیب نین: کچێک و کوڕێک کە یەکتریان خۆشدەوێ ئیدی زۆر گوێ نادەنە قسەی ئەم و ئەو، کە ئەوە شوورەیی‌یە یان چووزانم فلان وفیسار... هەڵبەت ئەوەش بڵێم، ئەشەدوو نەمبیست گوتبێتی لەوێ، پەرژینێکی قایم بێ، نێر و مێ تێکەڵی یەک بووە یا چووزانم فلان وفیسار... مەعازەڵلا! دەیگوت لەوێ کچ و کوڕ کاتێ خۆشیان لە یەگدی هات و دڵیان یەکتری گرت بێئەملا و ئەولا بە باوک و دایکیان دەڵێن. دەڵێن حاڵ وا، حیکایەت وا. ئەگەر کوڕ بێ کچەکە دەباتە ماڵی باوک و دایکی خۆی، ئەگەریش کچ بێ دیسان کوڕەکە دەبات بۆ ماڵی باوک و دایکی خۆی، بە یەکەوە چا دەخۆنەوە، «نان» دەخۆن، قسە دەکەن، پێدەکەنن، ڕۆژێکیش قەرار دادەنێن دەچنە کلێسە و مارە دەبڕن ـ ئەوەندە. ئیدی وەکوو ئێرە نیە کە کوڕە خوازبێنی لە باب و دایکی کچە بکا و باوکە بڵێ دەبێ ئەوەندە شیربایی بدا، ئەوەندەی بکاتە مارەیی، ئەنگوستیلەکەی ئەو جۆرە، گەردنبەندەکەی ئەم جۆرە، یان چووزانم ئەوەندە دەست جلوبەرگ... دەیگوت دابەکەیان ئاوایە ـ ئیدی نە خوازبێنییەک، نە دیاریکردنێک، نە خەنەبەندانێک... بەڵێ، دەیگوت زۆریش هاسانتر و باشترە؛ ئیدی وا نیە کە کچە ڕازی نەبێ و نەوێرێ قسە بکا، ئەگەریش کردی کوتان بخوا، بیدەن بە کابرایەکی پیر یا پیاوێکی ژنمردوو، هەرچی ڕۆژی خودایە لە ماڵێدا شەڕ و کێشە بێ، یان ئەگەر کچە لەسەر قسەی خۆی ڕاوەستا براکانی وەسەری وەربن و سەربەنیستی کەن. دەیگوت لەوێ بەو چەشنەیە: ئەتۆ ڕازی ئەمن ڕازی، دارێک بە قوونی قازی، بیلامانێ!»

«باشە دەی؟»

«وەڵاهی، بڵێم چی، سەرم سوڕماوە، ئاخر دەبینی جاری وایە کچە فامی نەکردۆتەوە، ئەقڵی پێی ناشکێ، چاک و خراپ لێک ناکاتەوە ـ دەی باشە، باب و دایک دەبێ ئاگایان لێی بێ، ئەگینا ئەوەش دروست نیە، کچە هەر بەڕەڵایەک کە یەک دوو جاری بە قوربان و سەدەقە بوو، چووزانم بە چاو و برۆ و سەر و گەردنیدا هەڵگوت، وەشوێنی کەوێ ـ خەڵکی زمان لووس و بیلاتەشبی، پرفڕ و فێڵ لە دنیادا زۆرن؛ ژنیش ـ ژنیش... من بۆخۆم ژنم، کاکە... بەڵا بەینەڵڵا راستە کە دەڵێن ژن ئاقڵی لە کۆشی دایە ـ بە قوربان و سەدەقە بوونی پیاوانی پێخۆشە ـ یەکێک دەبێ هەبێ رێنوێنی بکا... کچ ئیدی خراپتر ـ نا، کاکە ـ تۆدەڵێی چی؟»

«باشە، پووریێ، ئەوەش دروست نیە کچۆڵەیەکی چاردە ساڵانە بفرۆشن بە پیرەپیاوێکی حەفتا ساڵە ـ ئەوەش زوڵمە، خودا قبووڵی ناکا ـ کچی لێقەوماو گوناحە ـ پێچەوانەی شەریعەتیشە... .»

پیرێژن دەڵێ: «وەڵاهی بڵێم چی!» هەناسەیەکیش هەڵدەکێشێ. ئیستیکانەکان لە ئاوی کاسەی بەر سەماوەرەکە وەردەدا، سەد جارم گوتووە ئەو کارە نەکا، بەڵام قسەی بە گوێدا ناچێ. دەزانم پێی ناخۆشە، بەڵام دەیڵێم.

«پووریێ، بێزەحمەت ئیستیکانەکەی من لەبەر شێرەی سەماوەرەکەدا ئاو بکێشە... .»

واق دەباتەوە پیرێژن، «چۆن!؟... مەگەر ئەمن چەپەڵم؟»

«نا، پووریێ، ئەتۆ زۆریش خاوێنی ـ تۆ لە جێی دایکمی... بەڵام تەبیاتە ئیدی، من ئاوام پێخۆشە.»

پیرێژن وەسەرخۆی ناهێنێ، بڕێک خۆی دەخواتەوە و ئاخرێکەی دەڵێ: «باشە، ئەلحوکمو لیللا... باشە،خۆ قاتی ئاو نیە ـ لەم ئاواییە هەر جێیەکی نووکە پێمەرەیەکی لێدەی کانییەک لە حەرزی هەڵدەقوڵێ...

باشە، ئاوی دەکێشم...» ئیستیکانەکە وە بەر شێرەی سەماوەرەکە دەگرێ و دیسان هەناسە هەڵدەکێشێ ـ لەبەر خرابوونی دنیا، کە منداڵی دوێنێ ڕێوشوێن پیشانی پیرێژنی حەفتا ساڵە دەدا!

دەڵێم: «ئاخرێکەی تێنەگەیشتم پوورە بلبل چی لێ هات؟»

«ئاخ...!» هێندێک خۆی ماتڵ دەکا، ڕەنگە بۆ بازاڕگەرمیش بێ...

پاشان لە درێژەدا دەڵێ: «بەڵێ... دایکە ژنێکی سەیر و سەمەرە بوو....»

«کامە؟»

«بیسمیللا! ... مەگەر دایکی سوێسنەی جوانەمەرگ ناڵێی؟ دەی باشە، ئەمنیش هەر ئەو دەڵێم! پێت وایە پیرم، خەرەفاوم ـ پەرژین بێ ـ ئاوا زوو لەبیرم چۆوە! نا، ڕۆڵە، هێشتا ئاگام لە خۆیە، هێشتا زەینم کوێر نەبووە... تەنیا بڕێک لاقم دێشێ، ئەگینا هیچم لەبیر ناچێتەوە... بەڵێ، ژنێکی سەیر بوو... شەو و ڕۆژی خودا گۆرانی دەگوت ـ دەتگوت هەمیشەی خودا داوەتی لە دڵدا دەگەڕێ... بەڵا وەکوو شتێ سیمای زۆر شاد نەبوو ـ سیمای پەژارەی تێدا بوو... زۆریش دەنگخۆش بوو دایک سەگە، هەر بەڕاستی بلبل بوو، کاکە ـ خودا ئەو ناوەی بۆ ئەو دانابوو ـ ئای لەبەر قودرەتت مرم خودایە! بەڵا تۆ بڵێی لە جێیەک ئۆقرە و قەراری بوو ـ حاشا! ... بەتایبەت بەهاران ( کە دەبووە بەهار شێت دەبوو؛ هەرکە بۆنی بەهاری دەبیست وەکوو بازە ماینێک، وەکوو بازە مانگایەک، کە پەتک دەپسێنێ و وە کێو و سارا دەکەوێ، شێت دەبوو، بێقەراریت لەسیمای‌دا دەدی، چاوەکانی وەکوو چاوی شێتان ورتەورتیان دەهات، پێستی ئەندامی ڕەنگ و ڕوویەکی دەگرت ـ وەکوو کەسێکی بە نۆبەتی گیانی داگیرسابێ: پشت لێوی ئارەقی ڕێدەنیشت و گەرمگەرم دادەهات. ئای، چاو لە من کە دەڵێم چی... بۆخۆت دەڵێی قەرەچی... قەرەچیش دیارە، ئاشقی کێو و تەلان و دار و درەختە. باوەڕم پێبکە، کوڕم، دەتکوت زستان ئەگەر مانگێکی

دەیکەی بە بەرەوە با دیقی دەکرد یا شێت دەبــوو. ژنی نێــو چواردیــواری و مەنجەڵ و مەنجەلۆکە شۆردن ئەو جۆرە شتانە نەبوو ـ وەکوو ئەسپی گەڵ رەوە هەتا چاوت خافڵ دەکرد غەیب ببوو. بۆ کــوێ؟ خــودا دەزانــێ. دەبــوا وەڕێکەوتبای و چووبای، هەتا لە کێو و تەلان دەتدیتــەوە ـ ئــەویش بــە یارمەتی ئەو سەگەلەی کە وە شــوێنی دەکــەوتن... دایمــە پۆلێــک ســەگە بەرەڵای بە شوێنەوە بوو. لێرە ناویان نابوو راوچــی. کاتــێ دەتدیتــەوە، چاوت پێی‌دەکەوت ئەوە لە ژێر دارێک یا لەسەر تاشەبەردێک دانیشتووە و نوقمی کێو و لێرەوار بووە و رۆحی هەڵفڕیوە و رۆیشتووە ـ بۆ کوێ؟ خودا دەزانێ. یا دەنا، دەچوو بۆ قەراغی رووبار، کەوشەکانی دادەکەند و ـ دوور لە رووی تۆ ـ دەلینگی ئاواڵکراسەکەی هەڵدەکرد و وەکوو منداڵــی چکۆڵــە لاقی لە ئاوەکە دەکێشا و گەمەی لەگەڵ ئاوەکە دەکرد، یان خۆی دەدا ســەر هەنیشکێکی و بە هــێمنی دەســتی بــە قــژ و کاکۆڵــی گــوڵ و گیــای قــەراغ رووبارەکە دادێنا ـ وەک بە کاکۆڵی منداڵی خۆی‌دا، گۆرانیشی دەگــوت. لــە ئاوایی‌دا تەنیا دڵخۆشییەکەی ئەو گیانلەبەرانە بوون ـ هەتا دڵــت بیــەوێ لەگەڵیان یــەک بــوو. بــە قــودرەتی خــودا گیانلەبــەرەکانیش لــە یەکــەم چاوپێکەوتنا تێدەگەیشتن! سوبحانەڵڵا، ئەو سمۆرانەت دیوە... ئەتۆ بڵێی تۆسقاڵێک دەترسان ـ حاشا. من تا ئێستا نەمدیوە لەگەڵ ژنی دیکەدا بــەم جۆرە بن. بە قودرەتی خودا، هەر کــە لــە دوورەوە دەیانــدی بــە غــار لــە دارگوێزەکان دەهاتنە خوارێ، وەکوو بێچــووە پــشیلە، وەکــوو حــەیوانی دەستەمۆ، دەهاتن و لەبەر دەمی قوونەڵتــسیان دەدا و دەســتیان وەحــەوا دەخست و زمانیان دەردێنا ـ باوەڕ بکە ئەوەی دەیڵێم درۆ نیە ـ پێکــەنینت لە چاویان‌دا دەدی. بەستەزمانە چای بێ‌قەند دەخواردەوە، قەندەکانی لــە گیرفانی کڵۆجەکەی دەخست بۆ ئەوان.. من چاوم پێنەکەوت لــەم ماوەیــەدا کڵۆیەک قەند بخاتە دەمی. پێم دەگوت کچۆڵێ، قەندەکەت بخۆ، تۆ چ کارت

بەوانە داوە ـ ئادەمیزادیان ئادەمیزاد گوتووە و گیانلەبەریش گیانلەبەر...! دەیگوت نا دادە (ئاخر ئەویش وەک رەحمانی رەحمەتی پێی دەگوتم دادە) نا، دادە، ئاوام پتر بە دڵەوە دەنووسێ... بەڵێ، بە کورتی، هەر کە دەیاندی لە دارگوێزەکان بە غار دەهاتنە خوارێ و بە خۆشەویستیێکەوە تەماشایان دەکرد کە ئەگەر دوژمنیشی بوایەی تێدەگەیشتی کە خۆشیان دەوێ ـ سەگەلیش هەر باسی مەکە. بەرخ و کاژیلە ئەوەندەی وەرەزی ئەویان دەکرد ئێواران کە مەڕ دەهاتەوە ئاوایی وەرەزی دایکیان نەدەکرد... بەڵێ، کورم، ئاشقی کێو و دار و درەخت و گوڵ و گیا و گیانلەبەر بوو، دایمە چاوی لە کێو بڕیبوو، وەکوو ئەو دایکەی وا بە شوێن رۆڵە یاخییەکەیەوە دایمە چاوی بە دوای ئاوری کێودا بگەڕێ.

پیرێژن هەناسەیەکی دوور و درێژ هەڵدەکێشێ و خۆی رادەژێنێ، لە نێوقەد بەرەو ژووری دوو سێ جار دەباتە پێشێ و دوایە، بەر لە درێژەدان بە داستانەکە دەپرسێ:

«تۆ، دیتبووت، کاکە؟ سیماییت هیچ وەبیر دێ؟»

«زۆر باش نا، پووری، وەبیرم دێ هەڵبەت سیمای، بەڵام نە زۆر روون و دیار. بەو جۆرەی کە لە زەینمدا دەیبینم ژنێک بوو باریکەڵانە، بڕێک کەڵەگەت، سپی روخسار، قژەکانیشی کاڵ بوو وەکوو شتێ... بەڵام رەنگی چاوەکانیم چاک لە بیر نیە... مەڕی نەبوو؟»

«نا، ئەویش کاڵ بوو... بەڵێ، کەگەڵەت بوو، ئەندامی رێکوپێک بوو، هەرچەند گۆشتێکی واشی پێوە نەبوو... پێستێکی زۆر ناسک و زەریفی هەبوو، دایک لۆتییە... بەڵام بەستەزمانە پێ بە رۆزی نەبوو؛ رەحمانی خودالێخۆشبوو هەر لە هەوەڵەوە لە کار و کاسپی و ئاژەڵداری و چووزانم کشت و کاڵدا شتێکی وا نەبوو... گوتم، ئەویش یەکێک بوو وەکوو کلاولار، ئێستا کە نەخۆشیش بوو ئیدی خراپتر... ئێستا ئیدی بیانووشی هەبوو. بە

کوردیکا @kurdica

قودرەتی خودا رۆژ بە رۆژ بەرەو پاش چوو، بەرەو پێش نەچوو ـ ساڵ دوازدەی مانگ لە ماڵ دەرنەدەکەوت... ژنەش گڵ خەبەری بۆ نەبا ـ دایمەودەرهەم کاری گۆرانی گوتن و گەڕان و کایە لەگەڵ بەرخ و کاژیلە و بزن و مەڕ بوو. ڕەحمانێک کە لە پێشداش بە زۆرەملی، ملی بە کار دەدا، ئێستا ئیدی بوو بە خانەنشین... بیلاتەشبی «تەقاویت» بوو.

لاحەولە وەلا...! چاوێکی بە رقەوەی لێدەکەم، بە راوێژێکی پڕ لە تانەوە دەڵێم: «کە وا بوو تەقاویتیشی گرت!»

«نا، کوڕم، تەقاویتی کوێ! ئەو خۆ نۆکەری دەوڵەت نەبوو. وەکوو تۆ کتێب و قاقەزی نەخوێندبوو ـ تەقاویتی چی! تاوانی من بوو ـ نازانم چۆن بوو گوتم تەقاویت ـ لە دەمم دەرپەڕی... تەقاویت! پەرژین بێ لە تۆ، کەری پیر و هەوساری ڕەنگین!... نا، کوڕم، بوو بە خانەنشین... ئێستا ئێمەین و ئەو دوو سێ سەرە پاتاڵە، ئەو پەڵە زەوییەش کە دەروجیران بە سەدەقەسەری بۆمان دەکێڵن و تووی پێوە دەکەن... بەڵێ ڕەحمانی داماو تواوە، سەری ساڵ بۆ دیاریش بوایە بە مقاش گەڕابای چزیلکێک گۆشت چیە پێوەی نەبوو... مەنشوورە دەڵێن بە گورگیان کوت بۆچی ملت ئەستوورە، گوتی لەبەر ئەوەی کاری خۆم بۆخۆم دەکەم. ئێستا ڕەحمانی بێئەنوا کەوتبووە ئەو لای بێتفاقێوە ـ تازە ئەو کاتانەی ساخیش بوو، چی وا نەبوو، دەیدایە دەری بێعاری؛ دەتگوت بۆچی بێکار و ئاللۆری دەخولێیەوە، ئەویش وەکوو کلاولار دەیگوت بۆ کار کردن ئیدیکە هەن ـ پەرژین بێ، گەوج زۆرە ـ پیاوی زرینگیش... هەر ئەوەندە دابێیەوە، لەگەڵ داهاتێوە باریان لەسەر بۆقی ملت داناوە...!

«سەرت نەهێنمە ئێش، ڕەحمانی چارەڕەش خانەنشین بوو، کاروبایش وەکوو جاران کەوتە ئەستۆی ئەم و ئەو ـ من و ئەو خودالێخۆشبووە بلبل، دایکی سوێسنەی جوانەمەرگ و دراوسێکان. وەباڵ

بە ئەستۆم، خۆم مشکڵۆزمە ناکەم، ئەمن ئێستا تەمەنم لە رۆژپەڕدایە، پێیەکم لە لێواری قەبرە ـ ئەشەدوو، ژنە لەبەر کار هەڵنەدەهات ـ لەبەر هیچ کارێک، ئەگەر ببوایە. زۆریش بە گوێ و حیسان و خەڵک خۆشەویست بوو... بەڵێ، کوڕێکی کە تۆ بی، رەحمان بە دوو سێ ساڵ توایەوە ـ بە قودرەتی خودا ژنەش پێبەپێی ئەو ـ رۆژێک ئەم نۆبەتێی دەهاتێ رۆژێک ئەو... ئێستاکانێ ژنە بە سلامەتی دووگیانیشە...!

«ئەی خودایە، ئەی پێغەمبەر... ماڵ لە خۆیدا نەبوو، میوانیش رووی تێکرد! ئێستا ئێمە چۆن و بە چی خۆمان بەڕێ بەرین! بەو دوو سێ سەرە حەیوانە و پەڵە زەوییە! ئێستا خۆمان کەم بووین مناڵێکیش بێ، نانخۆرێکی دیکەش بە نانخۆرەکانەوە زیاد بێ! لە خودا شاردراوە نیە چ لە تۆ بشارمەوە چوومە لای مامۆستا ـ خودا لەسەرم بە گوناح نەنووسێ ـ دەمەویست مناڵەکە لەبار بەرم: ژنە بەرمە لای یەکێک لەم «مامان»انە، مناڵەکە لەبار بەرم، مامۆستا ـ خودا بیبەخشێ ـ پیاوێکی چاک بوو. گوتی: «گوێت لێبێ زلێخا، ئەتۆ مەگەر زامنی رۆزی خەڵکی؛ رۆزیدەری خەڵک کەسێکی دیکەیە. خودا سەر بدا رۆزیش دەدا... تۆ بەو کارەت، ئەستەخفیرولڵا، خودایە تۆبە، دەمەلاسکەی رۆزیدەر دەکەیەوە ـ ئەو گوتوویە دەیدەم، تۆ دەڵێی ـ نەعوزووبیللا ـ درۆ دەکەی، نایدەی!» دیتم راست دەکا... لە دڵی خۆمدا گوتم بە من چی، بۆ خۆی دەزانێ، بۆخۆی کە داوێتی بێگومان فکری ئەوێشی کردۆتەوە. بە کورتی، کوڕێکی باش کە تۆ بی، هاتمەوە، بە دەستی بەتاڵەوە ـ بەڵام بە خەیاڵی رەحەتەوە؛ بڕوا بکە دەتگوت ئەو کێوەت لەسەر دڵم لابردووە ـ وەها سووک بووم... خودا بۆخۆی باشتر دەزانێ، دادەی خودایە، پێ و قەدەمی خێر بێ...!

«پێچوو، مناڵ لە دایک بوو ـ کیژۆڵەیەکی جوان و ناسک ـ هەر ئەو سوێسنەی جوانەمەرگە ـ بۆخۆت دیتبووت خۆ ـ ئێمەش هەرچۆنێک بوو بە

جۆرێک خۆمان بەڕێ برد... مامۆستا راستی دەکرد، دنیا خرا نەبوو، هەر ئەو نانەمان دەخوارد کە لەمەوبەر دەمانخوارد... بە کورتی، مناڵە بوو، ئەویش چ بوونێک... ئەو ماڵەی لەمەوبەر هەمیشەی خودا لە قەبرستان کپوکڕتر بوو، هەمووی هەر گرژی و مۆنی و نکە و ناڵە بوو کوتوپڕ پڕ بوو لە پێکەنین، بە قودرەتی خودا... هەر کە پێت دەنا ژوورەوە دار و دیوار بە دەمتەوە پێدەکەنی، هەموو لەپڕ دەیاندایە تریقەی پێکەنین ـ ئێستا پێمەکەنە کەی پێبکەنە! وای، لەبەر قودرەتت مرم خودایە، چ مناڵێکی خوێنشیرین بوو! کاکە بڕوا بکە دەتتوانی لەسەر دەوری دانێی و هەر بە کاڵی بیخۆی ـ هێندە شیرین بوو ئەم مناڵە، ماشەڵڵا!

«بە کورتی، سەرت نەیەشێنم، مناڵ بوو بە شەمامەی هەموان و حاڵ و هەوایەکی هێنا بۆ ماڵەکە... ماڵ ئیدی ئەو ماڵەی پێشوو نەبوو ـ ئێمەش بە سەری پیری کەوتینە دۆینە کردن... منیش بوومە بنیادەمێکی دیکە: منێ کە نەترەم لە منداڵ دەچوو، بوومە گیرۆدەی ئەم مناڵە، دوور لە رووی تۆ وەکوو تاکەوشێکی کۆنە کە لە لاقی مریشکی دەبەستن. ئیدی لە کۆشم نەدەهاتە خوارێ... بە نابەدڵێوە هەڵدەستام دەچووم ئەو چەند سەرە پاتاڵەم دەدۆشی، ئەو ماوەی لەگەڵ پاتاڵەکەش بووم دڵم هەر لەلای ئەو بوو ـ دەترسام لەو ماوەیەدا کە لەوێ نەبووم خودای نەکردە بەڵایەکی بەسەر هاتبێ. کارەکەم هەر چۆنێک بوو بە جۆرێک جێبەجێ دەکرد، خێرایەکی دەگەڕامەوە لای ـ بۆگۆرانی و پێکەنین. پووری پوورێیەکی بوو کە لە خۆی خۆشتر و شیرینتر نەبوو. ئێستا من شتێک دەڵێم تۆ شتێک دەبیستی...! بەڵا دەی باشە، هەر وەکوو بیستوومانە و دەیبینین خۆشییەکانی ئەم دنیایە بێتاڵی و ناخۆشی نین. دوو سێ ساڵێک تێپەڕ بوو، رەحمانی خودالێخۆشبوو عومری درێژی بۆ تۆ بەجێ هێشت... پاش مەرگی رەحمان ژنی بێئەنواش بە قوردەتی خودا تواوە، وەکوو رۆنە

@kurdica

کەرەیەکی لەبەر تاوی چلەی هاوینت دانابێ. تازە بەوەی بـاش بـوو ئـەم مناڵە هەبوو، ئەگەر ئەو نەبوایە، من پێم وایە ژنە زۆر لە پێش رەحمـانـدا دەمرد. بەڵا کاکە دایکە بۆ مناڵە گیانی دەردەچوو - من هـیچ دایکـێکم بـەم چەشنە نەدیتبوو... زۆر جارانم دیبـوو مناڵـەکەی لەسـەر سـینگی خـۆی دەخەواند، چیت لێ بشارمەوە من زۆرم پـێ ناخۆشـبوو: لـە دڵـی خـۆمدا دەمگوت بەم جۆرەی وا رۆژ بە رۆژ وەکوو مۆم دەتوێتەوە لەوانەیە خـودای نەکردە «ئازارەباریکەی» گرتبێ، منیش لەوە دەترسام مناڵە شتێکی لێبێ... بە هەر فێڵێک بـوو مناڵـەم لـە چنـگ دەردەهێنـا و لـە باوەشـی خـۆمدا دەمخەواند....

«بەڵام ئەمەش دەبێ بڵێم... خودا هەڵناگرێ - ژنە ئاشـقی رەحمـان بوو، پێشم وایە هەر ئەوەش بوو کە پاش مەرگی ئەو ئیدی دەوامی نەهێنا. بەڵێ، کاکێکی کە تۆ بی، بە هیوای مناڵە ماوەیەک بناوبێری کرد و ئاخری و ئاقیبەت دەرد و بەڵای ئێوەی برد - ئیدی مـن مامـەوە و مناڵـێکی پێـنج ساڵانە لەسەر دەست...!»

«جا کە ئاوا ...! دەی باشە، پووری، ئێستا ئەگەر پێت خـۆش بـێ، پاشماوەکەی دادەنێین بۆ کاتێکی دیکە - ئەگەر پێت خۆشە؟» ئیدی مۆڵـەتم نەدا، هەستامە پێ، سەماوەرەکەم بردە پێـشخانە؛ گەڕامـەوە، کەشـەف و ئیستیکانەکانیشم لابرد، جێگا و بانەکانیشم هێنا... .

«خودا بتپارێزێ، رۆڵە؛ خودا لەشی ساخت بداتێ!»

@kurdica

# ٧

چووبوومە شار، بە پێیان ـ دەشگەڕامەوە هەر بە پێیان: ڕێگایەکی وا نەبوو. کاتێ گەیشتمە دووڕێیانی قاوەخانەکە ڕێگا دوورەکەیانم هەڵبژارد، پێم پێوەنا و لە پێدەشتەکەوە هاتم.

بەئانقەست ئەم ڕێگەیانم هەڵبژاردبوو ـ دەمەویست جێگای کەپر و بێستانەکەی دادەسوێسنە چاو لێ بکەم. بەهار داوێنی پڕ لە گوڵ و شکۆفەی هەڵڕشتبوو، چەشنی تۆوچێنەکانی کۆتایی زستان داوێنی پڕ گوڵ و سەوزەی بە سەر دەشت و دەر و لێڕەواردا چاندبوو. سەوزەی دەبەشێوە، گوڵی هەڵدەخستەوە، پڕ بەدەمی سەدان پەلەوەر و کانیاو و جۆگە و جۆگەلە گۆرانی دەگوت.... جێ کەپرەکەی دادەسوێسنە هەمووی سەوزە و گوڵ بوو ـ تەنانەت جێی گوڵەبەڕۆژەکانیش، بەو گشتە چاوە تاسووقانەوە، چۆڵ نیە: زەینم پڕە لە گوڵەبەڕۆژە، کە هەموویان کامێرای هەزار چاوی خۆیان لە کەپرەکە گرتووە ـ دەکرێ بڵێی هەمووش خۆیان هەڵێناوە و دەیانەوێ دیمەنێک لە بەژن و باڵا پیشان بدەن. چاوەکان بە هەزاران بڕژۆڵی درێژ، بەڵام سروشتی، ڕازاونەوە ـ هەزاران بیلبیلەی ڕەشیش. چۆلەکەکانیش دەبینم کە لەسەروچاویان دەنیشن و سەریان

کوردیکا
@kurdica

دەدۆزن، بێڕەحمانەش چاویان هەڵدەکۆڵن، ئەوانیش هەروا چاویان لە کەپرەکە بڕیوە و بە چاوی بزەوە پێدەکەنن. ئەو جێیەی دادەسوێسنەی لێبوو، پیرێژن گوتەنی، هەمیشە بەهار بوو،چ لە کەپری بێستانەکەدا هاوینێ، چ لە خانووچکەکەی ئاوایی‌دا زستانێ... بەهار هەمیشە هەبوو، بەهار لە هەموو جێیەکی دەڕژا ـ لە پێکەنینەکەی، لە ئاکارەکانی، لە ساکاری و بێگەردییەکەی. بە بێزەردەخەنە لە کەپرەکەی نزیک نەدەبوویەوە، بە بێبزە لە تەنیشت خانووچکەکەی تێپەڕ نەدەبووی ـ خوداخودات بوو گوێت لە زایەڵەی پێکەنینەکەی بێ، هەتا لەگەڵ ئەودا هاودەنگ بی... پیرێژن گوتەنی هەموو کەسی وە سەما دەخست، حەکەدارە... گڵ خەبەری بۆ نەبا- جوانوومایینە، بە قودرەتی خودا، بۆنی بەهاری لە سەد فرسەقێوە دەبیست، هەر بۆیە بەم چەشنە هەوسار پساو بوو، دایمە دەیحیلاند... زستان و بەهاری نەدەناسی، هەمیشە و دایم حیلەی دەهات....

پیرێژنەکان دەیانبۆڵاند، لە حاڵێکدا کە کۆبە و پەڕاوێزێکیان لێ زیاد دەکرد: «چاک دەبێ وردە وردە... فامی نەکردۆتەوە... باشە ئیدی... جحێڵە، جحێڵیش پێویستە جحێڵانە بژی، جحێڵ بە جحێڵایەتێوە جوانە... چاک دەبێ... بەڵام باشە، دەبێ بڕێکیش ئاگای لە خۆ بێ و لا لە ئاکارەکانی بکاتەوە، گەورە بووە، مەمکەکانی «وەبەر دەس دێن»... ئیدی دەبێ بڕێک سەنگین و گران بێ، چونکە کچە؛ کچ لەگەڵ کوڕ فەرقی هەیە، کچ دەبێ هێندێک سەنگین بێ، ئێستا ئیدی وەختێتی، چاک و خراپ دەزانێ... چاک دەبێ!» بە حەسرەتیشەوە تەماشایان دەکرد و بێئەوەی بیانەوێ لێویان بە بزە دەپشکووت، سەریان دەلەقاند... ئاخ، جحێڵی، لەکوێی، لەکوێی کە یادت بە خێر بێ!

دەیبینم، هەر دەڵێی دوێنێ بوو، دەڵێی پیرێژنەکان راستیان کردبوو... چاک ببوو ـ لە چاکیش چاکتر ـ چاکی چاک، چاکی دڵخۆش! چاکێکی وا نا کە لە خۆیدا دەبڕێتەوە بەڵکوو چاکێکی وا کە خێروبێرەکەی بە خەڵکی دیکەش دەگا. وەڵڵا ـ پوورە رەعنا گوتەنی ـ لەم دەور و زەمانەدا هەر کەسێک پێکەنین بخاتە سەر لێوێک، خێراتی کردووە! خەڵک گیرۆدەن، دڵەکان بە ناشکوری نەبێ، خۆش نین... چاکەکاری هەر ئەمەیە کە دڵێک خۆش کەی؛ باری خەمێک لەسەر دڵێک وەلابەری ـ سەد خێرات دێنێ!

منداڵان دەبینم، لاوەکان، هەر کە دەگەنە پەنا بێستانەکە پێکەنین لە چاویان هەڵدەقوڵێ، جەڕ و مەنگەنەی لێوان لە خۆڕا شل دەبنەوە و ماسوولکەی دەوری دەم و لێو بێئاگا دادەکەون، زەردەخەنەش بە بێحەول و تەقالا رێ دەکاتەوە و دێ ـ بەراوپیری زەردەخەنەی دادەسوێسنە، کە هەمیشە هەیە... چەندەش بێگەرد... دەمی خۆم داچەقاوە، خۆشم دەبینم ـ دەبینم کە ئارەقەم کردووە، چاوم بڕیوەتە دەم و لێوی و دەزانم کە چاوەکانم پێدەکەنن. ئەمن ئەو دەمی لە تەمەنێکدا نەبووم کە لە بڕێک شت تێبگەم، بەڵام لە شتێک باش تێدەگەیشتم: دەمزانی ئەم پێکەنینە سروشتییە، شتێکە وەکوو ئارەق رێنیشتنی ئەندامی، وەکوو لەرەی سەر سینگی، وەکوو لار و لەنجەی نێو قەدی... وەکوو قنەی خاسەکەو، وەکوو هەڵقوڵینی کانی و پێکەنینی چاوی ئاسکۆڵە. دەمزانی ئەگەر تێبینی تێدابوایە، ئەگەر ساختەیی بوایە، تێکەڵی حەول و تێکۆشان بوایە بە ناچار لە جێیەکدا لە خۆی لەقاو دەدا... چەندەش سارد و سڕ و ناخۆشن ئەم ئەدا و ئەتوارە سازکراوانە و ئەم چاو مەست کردنە بە درۆیانە و ئاکارە دڵشێوێنانە... ئاکار و ئەدای ژنانی سەماکەری کابارەکان... هەموو شتێک وەخۆخراو، هەموو شتێک دەسکرد ـ لە سووراووسپیاوی دەم و چاوەوە

هەتا دەگاتە داهێنان و رازاندنەوەی قژ و زەردەخەنە و جوولـەی ئەنـدام ـ هەموو شتێکیان چڵپاو کراو، دڵشێوێن. لە حاڵێکدا ئەو کاتـێ پێدەکـەنی تەواوی ئازای ئەندامی بێئاگا، بە ویستی خۆیان دەکەوتنە ڕێ ـ دەتگـوت دەچن بۆ سەر زەماوەند: چاڵی گۆنای وەکوو خۆی هەڵبەز دابەزیان بـوو، پێدەکـەنین، لەگـەڵ ئـادەمیزاد دەدوان، تـۆش لـەڕێوە لـە قـسەکەیان دەگەیشتی ـ لێوی سەرووی کورت بوو، لێوی ژێروو گەش و تەڕ و دڵـگر، لەگەڵ ئەوانـەدا هیچکامیـان دەس هەڵـگری شـادمانی نـەبوون... ڕەنگـی پێستەکەشی لەگەڵ مرۆ دەدوا ـ چەندەش روون و دیـار... لـە پێکـەنینیدا ددانەکانی درەوشاوەتر: ناحەزی و دزێوییەک لە تەواوی وێنەکەدا نـەبوو، چاوەکان هەمیشە خەریکی هەواڵ ناردنی حاڵەتەکانی بوون ـ هەواڵـەکانی دڵیشیان لە شەرگەوە بەڕێدەکرد...

نهێنییەکە لەمێژ بـوو درکـابوو، دوژمـن لـە سـنوور تێپـەڕیبوو، خۆڕاگرییەکان تێکشکابوون، پەلەکان چووبوونـە گـەڵ هێـزی دوژمـن... لەگەڵ ئەوانەدا خۆڕاگری هەر مابوو، هەواڵەکانیش هەر وا نـوێ بـوون و کەرەسەی هەواڵنێریش چاو، لێو، ڕەنگی ددانەکان، ویرەویرەکان ـ هەروا لە کاردا بوون... بەم حاڵەش رازەکە هەموو سەعاتان نـوێ بـوو، هـەموو سەعاتان راز هـەبوو، رازی دڵ هـەبوو، بـەڵام لەگـەڵ رازەکـانی تاوێـک لەمەوبەر جیاوازی هەبوو، وەکوو شتێک دایکم راستی کردبوو ـ لەگەڵ ئەو هەمووە تاڵی و گرژییانەی هەوەڵێ ئەو کەسـەی پەیامـەکانی وەردەگـرت ئێستا کڵاولار بوو! هەر بە گاڵتە، کارەکە وەڕاست گەڕابوو! هەمیـشە بـەم جۆرەیە: گاڵتە و شۆخی دەبێ بە راست....

پیرێژن گوتەنی ئێستاکانێ ئیدی وەکوو ئەسپی رەوە دەیزانی کەنگێ خوێی دەدەن. ئەحمەد هێشتا لەسەری پێچەکە وەرنەسووڕابوو، ئەم وەکوو جوانوومایـن گوێچکەی قوت دەکـرد و ملـی هەڵدەسـووڕاند، یـاڵ و کلکـی

رادەوەشاند و بۆ بـەرەوپیرچوون دەیحیلانـد... ئەحمـەدیش کـە مەسـتی خودایی بوو چەشنی پەپوولە هەر کە دەگاتە مۆم لە کەللـەی دەدا و شـێت دەبێ لەگەڵ پێی دەگەیشت وەکوو لۆتکەیەکی دەگاتە گێژاو، لار دەبـۆوە و ئیدی هەرچی ئاوەزی بووی - پیرێژن گوتەنی ئەگەر بـووی - لـە مێـشکی دەپەڕی و دەبوو بە بلّقی سـەرئاو، ئیـدی دەڕۆیـشت و لۆتکەکـەی بـەجێ دەهێشت، هەتا لە گێژاودا بە دەوری خۆیدا بخولێتەوە.

گەلێ حەزم دەکرد لە ولات بوومایە و بینەری چلەپۆپەی ئەو ئەوینە و پشکوتنی ئەو سۆز و شێواوییە بوایەم... زۆرم پێخۆش بوو هەڵدانی ئـەو ئاکار و کردەوانە و ئەو خەت و خاڵ و لەش و ئەندامەم دیبوایە... زۆرم حەز دەکرد شوێنەواری ئەو سۆز و شەیدایی‌یـەم لـە پێکـەنین و زەردەخەنـە و فرمێسکەکاندا دیتبایە... ئـەوین بـەو سـۆز و سـەرلێ‌شـێواوی و شـەیدا بوونەوە جوانە - ئەگەرنەو نەبێ ئەم یەکێتییەی کە خەڵاتی ئەوینـە بـەدی نایە. ئەم سۆز و شەیدابوونەیە کە هەر دوو لا لە یەگدی‌دا دەتوێنێتەوە و لە قالبی دەدا کە زۆر جار کەس‌وکار و دەوروبەر سەری لێ‌دەر ناکەن....

منیش وردەوردە وەکوو پیرێژن بڕوام بە پڕوپووچ پەیـدا کـردووە، لەوە دەچێ، هەست دەکەم گـوڵ و گیـا، بەدانـستە و لـە رووی تێبـینی و مەبەستەوە، هێندە گەش و تێراو لەجێ کەپرەکەی رواون.. زۆر حەز دەکەم گڵکۆکەی ببینم...!

دەنگی خۆم رامدەچڵەکێنێ، لە تەنیایی پێدەشـتدا، رسـتەکەم بـە دەنگی بەرز بە دەمدا هاتووە... چەشـنی کەسـێکی لـە حاڵـی خنکـانـدایـە چاوترووکانێک بێتە سەر ئاوەکە و پەلەقاژەیەک بکا، بەر لـە پەلەقاژەکـە دەچمەوە نێو خۆم....

لە خۆم دەپرسم بۆچی، لەبەر چی بیبینی، چ پێویـستییەکی هەیـە؟ گڵکۆ هیچت پێ ناڵێ... دەنگی خۆت بەرەو خـۆت دەگەڕێنێتـەوە، ئـەویش

ئەگەر بیگەڕێنێتەوە... لەوە دەچێ لــە میلــەکانی بەندیخانــە ـ میلــەکانی دیوی مولاقاتی گیراوەکان ـ پرسیار بکەی چیتان دیوە، چیتان بیستووە ئەم ساڵگارانە؟ تۆ پێتوایە ئەگەر ڕۆژێک وڵامیان دابایەوە چیان دەگــوت؟ چــی بڵێن کە قۆڕ و بێتام نەبێ؟ من لێم یەقینــە ئــەوانیش وەکــوو زۆری دیکــە شتێکی ئەوتۆیان دەگوت... «من یاسا نازانم... نــازانم بــۆچی منیــان لێــرە داناوە ـ من میلەم، لێرەیان داناوم، وەکوو ئەم زابتە... لــەو بپرســە، مــن نازانم... .»

«یانی تۆ هیچ نابیستی، نەتبیستووە ئەو ماوە درێژە...!؟»

«بۆچی، زۆر شت دەبیستم ـ بەڵام من میلــەم... بــە منیــان گوتــووە لەوێ بوێستە، وێستاوم... گوتوویانە ئیزن مەدە پێکــەوە قــسەی سیاســی بکەن... .»

«کەوابوو لە یاسا دەگەی، فەرقی نێوان قــسەی سیاســی و غــەیرە سیاسی دەزانی...!»

«نە بەم چەشنە، تەنیا گوتوویانە ئاگام لێبێ شتی وا نەڵــێن، هــی ئێستا خراپن و ئەوانەی دێن چاکن... .»

«ئەمەیان پێشتریش گوتبوو ـ هەمووش دیتیان: «ئەوانــەی دەبــوو بێن» هاتن، «ئەوانەی دەبوا بڕۆن» ڕۆیشتن، هەردووکیان بە نۆبــە بوونــە چاک و خراپ، چەند کەڕەت... ئەم جۆرە شتانە ئیدی نــوێ نــین، هــەموو شتێک هەتا نەهاتووە چاکە، کاتێ هــات خــراپ دەبــێ، کــاتێکیش ڕۆیــی دیسان دەبێتەوە چاک، جارجاریش خــراپ... تــەواوی ئــەم ماوەیــە هــەر ئەوانەت بیستووە؟»

«دەی باشە بەڵێ، من خۆ لە یاسا ناگــەم... منیــان لێــرە دانــاوە ـ وەکوو ئەم زابتە... .»

@kurdica

ئێرە ئیدی خراپتر ـ یانی زۆر چاکتر... ئێرە گۆڕەپانی عارفانە، لێرە هەموویان عارفن؛ هەموو دەزانن کە هەموویان دەبێ بچنە نێو ئەم رووبارەوە... هەموویان دەزانن رێبوارن و جگە لەو کفنی لەشە شتوومەکێکیان پێ نیە. بە پێچەوانەی ئادەمیزادی سەرەتایی، کە کەوشەکانیشی لەگەڵ خۆی دەبرد هەتا لە رۆژی پەسڵاندا پێخواس نەبێ، ئەمانە بڕوایان گەلێ پتەوترە ـ کەوشەکانیشیان نابەن، کە تەنانەت بڵێن رێبوارن، یا خەیاڵی سەفەریان هەیە... لە حاڵێکدا دەزانن رێبوارن و هەموو کاتان دەبێ خۆ بە رەوتی لەسەرخۆی ئەم رووبارە بێ بڕانەوەیە کە تێکەڵی هیچ دەریایەکیش نابێ بسپێرن، هەموو ساتێکیش لەوانەیە رووداوێک، گەیشتنی رێبوارانی دیکە، ئەوان لەم بوودڕە وەدەرنێ... لەگەڵ هەمووی ئەمانەدا هەموویان کەمتەرخەمن و ئاسایشیان لە سازان لەگەڵ یەگدیدا دۆزیوەتەوە ـ هەتا باشتر لەبەر ئەم رووەی ژیان خۆڕاگرن... ئێستا من لەبەردودار چی بپرسم، کە چەشنی میلەکانی دیوی مولاقاتی گیراوەکان بۆ وڵام دانەوە دانەمێنن؟ ئاخر ئەمانەش لە یاسا ناگەن، وتەی ئەویندار و غەیرە ئەوینداریش لێک ناکەنەوە... لێرەیان داناون ـ وەکوو ئەم زابتە... ئەمانەش خۆ هیچ ناڵێن، بە رەمز و راز و ئیشارە قسە دەکەن... .

لەگەڵ دادەسوێسنە و پێکەنینەکانی دام تا دەگەمەوە ماڵێ؛ لێدەبڕێم هەر سبەینێ چاوم بە گڵکۆکەی بکەوێ. گەیشتوومەوە و نەگەیشتوومەوە لە پیرێژن دەپرسم: «پووریێ، بەڕاستی دادەسوێسنەیان لە کوێ بە خاک ئەسپاردووە ـ لە قەبرستانەکەی پشتەوە، یا لەوەی رووبەڕوو؟»

پووریێ تاوێک مات و وڕ چاوم لێدەکا: «ئەوە چۆن بوو لەپڕ وەبیر گڵکۆی ئەو جوانەمەرگە کەوتیوە؟»

دەڵێم: «بڵێم چی، نازانم، هەروا... .»

@kurdica

دەڵێ: «ئاخ، لەم پشتە، ئەوێ لەمێژینەیە،ئیدی کەس لەوێ نانێژن... ئەو قەبرستانەی پشتەوە...» لەبەر خۆشیوە پێدەکەنێ، دڵ بە خەم... هەناسە هەڵدەکێشێ ـ هەناسەیەکی دوور و درێژ: «ئاخخخخ!»

دەڵێم: «چیە، پووری، پێدەکەنی... هەناسەش هەڵدەکێشی!»

دەڵێ: «بڵێم چی، رۆڵە... ئەستەخفیرولڵا، خودایە گیان تۆبە، زمانم لاڵ،بە کارەکانی خودا پێدەکەنم...!»

«چۆن؟»

«چۆنی بڵێم... ئاخر مامۆستا دەڵێ: «هیچ کارێکی خودا، بە قوربانی بم، بێدەلیل نیە... لەم کارەی سەرم سوڕماوە... لە دڵی خۆمدا دەڵێم بێگومان بۆ ئەو کارەشی دەلیلێک هەیە ـ خودا بە قوربانی بم، روحمی بە جەحێڵی و جوانەمەرگییەکەی کردووە...»

«مەگەر چی کردووە!؟»

«بە قودرەتی خودا دارە سێوێک دروست لە بن سەری شین بووە ـ لەو سێوە ترشانە ـ کە حەز دەکەی چاوی لێ بکەی ـ تیشکەڵە،بەژن و باڵا لەبار، جەحێڵ وەکوو خودی جوانەمەرگی ـ لە دیتنی رەنگی سێوەکانی تێر نابی ـ یەکی بە قەرا گوێزێک، سوور چەشنی لەعل، عەینی رەنگی لێوەکانی ئەو جوانەمەرگە ـ بۆخۆت دیتبووت،ئاوا ئاڵ. لەبەر ئەمەیە کاتێ ئەم شتانە دەبینم لەو قسانەی پاشملەی ئەو جوانەمەرگە دەیکەم بیلاتەشبی وەک سەگ پەژیوان دەبمەوە. خودا ئەگەر خۆشی نەویستبا، دارێکی بەو جوانییە چۆن لەوێ، ئەویش دروست لە بن سەری شین دەبوو... خەفەتم لەبەر ئەمەیە...»

«نا،پووری، قسەی تۆیە ـ خودا خۆشی دەوێ ـ هەموو کەسی خۆش دەوێ. عارفەکان گوتەنی خودا هەموو کەس بە چاوی رۆڵەی خۆی چاو لێدەکا... هەڵبەت هەمووش رۆڵەی ئەون... چۆن دەبێ باوک رۆڵەکەی

خۆش نەویٚ. جا ئەو جار تۆش قسەی خراپت نەکردووە... تـۆ ئەمانـە لـە رووی دڵسۆزییەوە دەڵێی، وەکوو هەموو دایکێک... تۆ دەرحەقی ئەو دایـک بووی، کامە دایکە پاشملەی مناڵی خۆی لـە دڵـەوە خـراپ بـدویٚ... نـا، نارەحەت مەبە... ئێستا «نانەکەمان» دەخۆین ... پاشان... .»

@kurdica

# ٧

بە دابی ئاوایی نیوەڕۆژەکەمان بەوەی حازرە دەبەینە سەر و شتی لێندراو ـ ئەگەر هەبێ ـ هەڵدەگرین بۆ شێو. «نانەکەمان» خواردووە، جا دەبینم هەڵوا دێنێ، پیرێژن. چاوی لێدەکەم، پڕ لە پرسیار.

دەڵێ: «ئەمڕۆم لێناوە ... بۆو جوانەمەرگە... دوێشەو هاتبوو ـ پاش ساڵگاری ساڵ. ساڵەهای ساڵ بوو نەهاتبوو... دوێشەو لەپڕ پەیدا بوو، بە هەمان پێکەنین و ئاکارەوە... ئاخر باسمان کردبوو... بەڵێ لەپڕ پەیدا بوو... گوتی: «پووری، هاتم!» ئەمن دەڵێی، خودا بمکووژێ... هاتم!» کەوانی قامکە شادە چرچەکەی دەنێتە سەر چەناگەی. «هاتم! عەین وەکوو ئەو کاتەی وا لەگەڵ ئەحمەدا ڕۆیی و گەڕاوە... ئێستا ئەمن دەڵێی، کێردیان لێدابام خوێنم نەدەهات ـ هاتم! هەر ئاوا ساکار! بەڵام، کاکە، قودرەتی خودا لە خەوەکەدا مسقاڵێک نارەحەت نەبووم، زۆریش خۆشحاڵ بووم لە چاوپێکەوتنی، وەکوو دایکێک عەولادەکەی چووبێتە تەوافی کابەتوڵڵا و گەڕابێتەوە ماڵێ. گوتم باشە، هاتووی بە خێر بێی ـ پێی خێرت هێنابێ... دانیشە، هەتا تۆ برێک دەحەسێیەوە منیش چایەکە ساز دەکەم... بەڵام کاکە لەبیرمە، لە خەوەکەدا هەڵنەستامە پێ و ئەویش پێدەکەنی، بە هەمان

ئاکارەوە ـ منیش هەرچی گلە و گازندەی هەمبوو لـەبیرم چووبۆوە، چـاوم بڕیبووە دەم و لێو و پێکەنینەکەی ـ وەکوو ئەوکاتانەی وا دیتبووت، تەواو سووک ببووم، پاشان نازانم چ پـێش هـات، دیتم لەپـڕ دەسـتی بـە نێـو چاوانییەوە گرت و لەوە دەچوو چووبێتە فکرەوە. گوتم چیە، دیسان لەگەڵ کابرا کێشەتان بووە؟ شوکری خودا، ڕۆڵە، ئەوە بە کـاری تـۆ نایـە... لـە هەوەڵیشەوە هەر بە هەڵەدا چووی... .

«باشە، ئەو گوتی چی؟»

«هیچ، گوتی من ئیدی لە لای ئەو نیم، ئـەو لای «رابی»یـە لەگـەڵ رابیدا دەژی ... دوێنـێ بۆخۆشـم چووم، سـەرێکم لـە رابی و حەسـەن و منداڵـەکانی دا ... زۆر دەچمـە لایـان... پاشـان تـۆ بـڵێی وەکـوو ژنێکـی گەڕاوە، زۆر ماقووڵ، دەگەڕێتەوە، دەڵێ: «پوورێ دەستت خۆش بێ، تا ئێستا دایکایەتیت کردووە دەرحەق بە حەسەن و مناڵەکانی ... دەستت خۆش بێ ـ دیسانیش ئەمانەتی حەسەنت بێ.» هەر دەتگوت ئەو سوێسنەیەش نیە کـە تۆ دیتبووت؛ بە قودرەتی خـودا سـەرەژنێکی سـەنگین، دایکێکی دروسـت و حیسابی؛ ئیدی ـ پەرژین بێ ـ ئـەو جووتـە وەشـاندن و هەڵـتیزاندنانە ـ ئەستەخفیرولڵا! ئێستا تۆ بڵێی وەکوو دوو خوشک دانیـشتووین و دەردەدڵ دەکەین پێکەوە و راز و گلەیی. گوتم: «ئەوە چۆن بوو پاش ئەو گشتە ساڵـە یادێکـت لـە پـووریێ کـردا پوورێـت ئـەودەم بـۆ دەرزی و دروومـان دەویست، ئێستا ئیدی پوورێ قخە بوو!» گوتی: گرفتار بووم پوورێ ـ ئێستا تۆزێک سەرم سووک بووە، دیسانیش دێم ... لەپڕ دیتم غەیب بوو ... یەکێک لە پشت درگا چەپەرەکەوە هەرای دەکرد... «کێیە؟» ـ «ئەحمەدم، بیکـەوە!» چوومە پـشت چەپەرەکـە ...ئەحمـەد بوو، بـە هـەمان قەڵافـەت و هـەمان زەردەخەنەوە ـ وەکوو رۆژەکانی تافی لاوی ... گوتی: «ئەی، ئـەوە کـوا؟» خۆم لێ لاڕێ کرد، گوتم: «کێ؟» گوتی:«مەگەر لێرە نـەبوو؟» نـازانم وڵامـم

داوە یا نەمداوە ـ بۆخۆشم نازانم. وەخەبەر هـاتم کەڵەشـێر دەیخوێنـد ـ دوایین بانگی بوو- وەختی نوێژی بەیانی بوو... ئـەم هەڵـوایەم بـۆ ئـەو جوانەمەرگـە لێناوە، هاتبوو، دەیویـست بۆیـە هـاتبوو ـ هـەتا بـزانم سیابەختە کەنگێ دیسان پەیدا دەبێتەوە ... خودا روحمی پێبکا ...! دیمەنی ڕواڵەتی باش بوو، لە خەونەکەدا... وەڵڵاهی بێگەرد بوو، ئـەوەی دەیکـرد هەمووی لە رووی ئەم ساکاری و دڵـپاکی و هەرزەکارییـەوە بـوو ـ خـودا ئیشەڵڵا روحمی پێکردووە... .»

«پووری، لە هۆشت نەبوو لە خەونەکەدا ئەنگوستە گەورەی دەسـتی راستی بگری و لێی بپرسی چی بەسەرهات، کێ ئەوی کوشت؟ ئـاخر دەڵـێن ئەگەر لە خەودا ئەنگوستە گەورەی دەستی راستی مردوو بگری، ئەوێکی لێی بپرسی راستەقینەکەت پێدەڵێ...خۆزگە لێت پرسیبایە...!»

«ناوەڵڵا، ڕۆڵە، لە هۆشم نەبوو... منیش بیستبووم، بەڵام لە خەودا کوا ئەم جۆرە شتانە لە هۆشی ئادەمیزاد دەبێ ـ ئـەویش لەگـەڵ یـەکێکی وەکوو ئەو، کە تەنانەت لە خەویشدا کاتێ پەیدا دەبێ زەیـنی ئـادەمیزاد دەشێوێ ـ ماشەڵڵا هێندە شۆخ و شیرینە! ئێستاکانێ تۆش گـەردنی ئـازا کە، ڕۆڵە، چونکە ئەم هەڵوایەم لە ماڵی تۆ لێناوە... .»

«پووری، ئەمە چ قـسەیەکە دەیکـەی ... مـاڵـی مـن و تـۆلـە گـۆڕێ نیە...ماڵ ماڵی تۆیە...ئەمن مناڵێکم کە پاش ساڵەها دەربەدەری گەڕاومەوە ماڵێ... سەد جاری گەردن ئازا بێ، نۆشی گیانی!...»

«ماڵت ئاوەدان، ڕۆڵـە، خودا بتپـارێزێ، خودا لـە کـوڕێتی کـەمت نەکا...!»

«کەوا بوو لە حەسەن و مناڵەکانیشی پرسی!»

«بەڵێ، ئیدی... بەڵام لەبیرمە گوتی هەتا من و رابی هەیـە خەیاڵـی ئاسوودەیە... سوبحانەڵڵا، کافر ببیبیستێ مسوڵمان دەبـێ! بـەڵام رابی زۆر

لەمێژە بە ڕەحمەتی خودا چووە... یانی دەکرێ ڕۆحی ئەو جوانەمەرگە خەبەردار نەبێ ...!»

«نا، بێگومان خەبەری هەیە... هەرئێستا بۆ خۆت گوتت کە ئەحمەد لەگەڵ ئەودا دەژی... ئاخر وەک دەڵێن پیاو لەو دنیا بەر ژنی هەوەڵیی دەکەوێ...»

«بەڵێ، هەر ئاوایە...ئەرێ، بۆخۆی گوتی...ئەوجار ئەو جوانەمەرگە ژنی شەرعیشی نەبوو ـ خودا روحمی پێبکا!....روحم دەکا ئیشەڵڵا!»

«ئێستا بۆ ئەمەی کە دیسان بێتە لات پاشماوەی بەسەرهاتەکەش بگێڕەوە. پووریێ، من زۆر حەز دەکەم دیسان چاوم پێی بکەوێتەوە...»

پیرێژن بڕێک دڵگرانە...دەکەوێتە بیرەوە ـ نازانم لە چی بیردەکاتەوە ـ خۆی ڕادەژێنێ، لەگەڵ ئەمەشدا لە سیمایڕا دیارە کە بێمەیلیش نیە.

دەڵێم: «گەیشتینە ئەو جێگەیە کە مناڵ بوو، کاتێ مامرەحمان و پوورە بلبل مردن... مناڵەش بەسەر تۆدا مایەوە....»

پیرێژن هەناسەهەڵدەکێشێ... «بەڵێ، مناڵ بوو... بەڵام دەی باشە بنیادەم خۆ هەمیشە مناڵ نامێنێتەوە ـ ئەویش گەورە بوو... بە قەولی پێشینیان جووجەڵە هەمیشە لە ژێر قەرتاڵەدا نامێنێتەوە... کوڕێکی خۆم کە تۆبی جووجەڵە لە ژێر قەرتاڵە هاتەدەر و چ هاتنەدەرێک! هار و هاج، پڕ قیژەو هەرا... چۆن بڵێم ئاتەشپارەیەک...خۆبۆخۆت دیتبووت. دایمەی خودا لەگەڵ کوڕان خەریکی زۆرانبازی، هەمزەڵێن و چووزانم هەلووکێن و گەمەی کوڕانە...بۆخۆت خۆدیتبووت. هەر لە مناڵیشەوە سەری دەچوو زمانی نەدەچوو، دایکیشی ـ گڵ خەبەری بۆ نەبا ـ هەروا بوو: ئەویش ئاخرێکەی قسەی خۆی هەردەکرد ـ زمانی گاڵتەی لەگەڵ سەری دەکرد، کچەتیوە.لە بیرمە شەش حەوت ساڵان بوو، ڕۆژێک لە تەنیشت خۆم

دامنا، ئامۆژگاریم کرد، کچ بەم جۆرە، کوڕ بەم جۆرە... کچ نابێ کارێکی وا بکا قسەی بە دواوە بێ، قسەی بۆساز کەن، خەڵکێ بێکار زۆرە، فلان و فیسار...ئێستا ئیدی شەش حەوت ساڵ دەبی، ئێمە لەو تەمەنەدا ماڵێکمان بەڕێوە دەبرد. لە بیرمە بۆخۆم لە تەمەنی ئەودا مندالم بەخێو دەکرد: باجی گوڵەباغ دایکی رەحمانی خودالێخۆشبوو- منالەکەی ـ ئەو رەحمانەی ـ لە لای من بەجێ دەهێشت و بۆخۆی دەچوو بۆلای بێستان، یا چووزانم بۆبێر، بە شوین دۆشینی پاتاڵدا، ئەمن منالەکەم وەکوو سەرەژنێک دەحاواندەوە... .

«ئێستاکانێ من خەریکم ئەمانەی بە گوێدا دەخوێنم...ئەویش دانیشتووە...دانیشتن، گوتم و گوتم، ئەویش گوێی دایە و گوێیدایە... من خۆشحاڵ کە شوکری خودا فامی کردۆتەوە... ئەوە ئێستا هاوکایە کوڕەکانیشی دەرگای حەوشەیان لە رێسمە بردووە، فیتوو لێدەدەن، قیژە و هەرا دەکەن؛ کچەش وەک لەسەر ئاور دانیشتبێ جینگڵ دەدا، وەکوو مارماسی قووتدابێ... چاوم لێیە. بەڵێ، کوڕێکی کە تۆبی رستم و رستم...ئاخری دەزانی بەو سنو ساڵەیەوە چی گوت؟»

تەماشای دەکەم و چاوەنواڕی وڵام دەمێنمەوە؛ ماتڵ دەبێ، بە ناچار دەپرسم: «چی گوت پووریێ؟»

«هیچ، ڕۆڵە، چی بڵێ! کچێکی بە قەرا بستێک دەگەڕێتەوە بە من دەڵێ:«ئەلحان دەڵێی چی، پووریێ؟ دەڵێی دانیشم وەکوو خۆت ئەژنۆی خەم و مەینەت بگرمە باوەش! بە گۆڕی بابی خەڵکەوە... هەرچێکی دڵیان دەیەوێ با بیڵێن ـ هێندە بڵێن هەتا زاریان شل دەبێ ـ ئەرێ بە سەری خۆیان. ئیدی خێڵ گەرمێن و کوێستان ناکا!» ئەمن دەڵێی واقێکم بردەوە! ئێئێ، ئەم منالە سەر قژنۆکە ئەم قسە زەلامزەلامانەی، کە منی پیرێژن بەهەلکەوت ئەگەر بەرگوێم کەوتبێ، لە کێ بیستووە، لە کوێی هێناوە! ئەم

کوردیکا @kurdica

قسانەی لە کێ بیستووە، ئەم جۆرە قسانە ـ بۆخۆت دەزانی ـ هی جەماوەری پیاوان نیە هەتا بڵێین لە کوڕانی بیستووە، ئەمانە قسەی ژنانەن، ئەویش لەگەڵ ژنان دانووی نەدەکولا؛ وەک ئەو کچانە نەبوو کە گۆزەیەک دەنێنە سەر شانیان و بە بیانووی هێنانی ئاو یان دۆ دەچنە سەر کانی بۆ سرتوخورت و چیگوت چیگوت. بەڵام باش کە تێدەفکریم تێدەگەیشتم دەبوا بەم جۆرەش بوایە. بە قودرەتی خودا هەر لە منداڵییەوە ئەو زمانە خاوەن مردووەی ـ دوور لە ئێستای، گڵ خەبەری بۆنەبا ـ ساتێک لە کار نەدەکەوت؛ دەتگوت برێشکە دەخوا... بڕوابکە لەگەڵ دیوار، لەگەڵ پشیلە، لەگەڵ ئەو بووکەڵەی بۆخۆم بە پارچە بۆم ساز کردبوو، لەگەڵ هەر شتێکی تۆبیرت بۆی بچێ قسەی دەکرد: هەر بۆخۆی دەیگوت و هەر بۆخۆشی وڵامی دەداوە، بۆخۆی پێدەکەنی...هیهی هیهیهی هووهووهووهووهووهوو! ئەی سندان و دڵەدەرد ـ دوور لە ئێستای!

«ڕۆژێکیان تازە حەوتهەشت ساڵ ئەگەر ببوایە، پێم گوت:«کچۆڵێ کەم پێبکەنە، شوورەیی‌یە ـ تەواو نەبوو ئەم تریقەتریقە، ئەم حیلکەحیلکە! بەسی کە، بە چی پێدەکەنی ـ خۆمن شتێکی گاڵتەجاڕم نەگوتووە ـ یا نەکا بووبێتمە قولەڕەشە و بۆخۆم نەمزانیبێ و بە تەرح و دیداری من پێدەکەنی!؟» دەگەڕێتەوە دەڵێ:«نا پووری، بە تۆ پێناکەنم...» دیسانیش پێکەنین «کەوابوو بە چی پێدەکەنی ـ خەبەرێکە ئێمە نازانین، یا کەسێک شتێکی خۆشی گوت کە ئێمە نەمانبیست!» دەگەڕێتەوەو دەڵێ:«ئاگات لە چییە پووری ـ خەبەرت نیە! خەتەنە سوورانی قازییە!...» «ئەی ڕۆۆ!...»

پیرێژن چاوی دەردەپەڕێنێ، بەڵام بزەی لە چاو دایە، چەنەگەی لە کەوانەی بەستراوی قامکی شادە و قامکە گەورەی دەگرێ، بڕێکم تێڕادەمێنێ، بە سەرسووڕمانەوە، چاویشی پڕ لە پێکەنین.

«بەڵێ، ڕۆڵە، پێشینیان شتهایەکیان دەزانی کە دەیانگوت داعبای زیرەک بە دەندووک پێوە دەبێ. هەر ئەوە سەری بەبادا... .»

دەڵێم: «بەو جۆرەی وەبیرم دێ پووریێ، هەتا هەشت نۆ ساڵانەکەی وەکوو شتێ لێرە بووم...هەر ئەو کاتانە بوو کە کڵاولار بە دەوریدا دەهات...وەبیرم دێ پوورە رابی هێنابوو... .»

«کەوابوو بۆخۆت تا ڕادەیەک ئاگاداری... ڕۆڵە، حەیا لە چاوانْدایە ـ لە کۆنەوە گوتوویانە. وای بە حاڵی ئەو کچە یا ژنە کە چاو و رووی بکرێتەوە ـ تەنانەت کوڕیش. کچە چاو و رووی کرابۆوە ـ چاک و خراپی دەزانی، دایمە لەگەڵ کوڕان و لاوان بوو. حەیا لە چاو دایە، ڕۆڵە...بڵێم چی وەڵڵاهی، من کە سەرم سوڕ ماوە... .»

هەمیسان دەچێ دەفکرەوە، تاوێک تێپەڕدەبێ، درێژە بە باسەکە نادا.

دەپرسم:«لەچی؟»

«لە کارەکانی خودا... لە لایەکەوە بەم جۆرەم دەدی؛ لە لایەکیکەوە چاوەکانیم دەدی ـ دەمدی پڕلە پاکی، پڕلە بێگەردی ـ تۆبڵێی مسقاڵەزەڕڕەتێک هەرزەیی، تۆزکاڵێک بێشەرمی، زەڕڕەیەک فێڵ و تەڵەکە و ناپاکی لەو چاوانە دایە ـ حاشا، ئەستەخفیرڕوڵڵا! بە قودرەتی خودا وەک ئاوێنە وابوون، دڵێکی لە پشتیانەوە بوو لە ئاوێنەش روونتر... پەڵەی تێدا نەبوو. ڕۆڵە، ئاخر ئەمن بۆخۆم گەورەم کردبوو. ڕۆژی قیامەت ئەم شتانە لە من دەپرسن ـ لەو چاوانەدا هەتا بتەوێ حەیای تێدا بوو، شەرمی تێدا بوو، پاکی تێدا بوو. بەڵام دیسان... سوبحانەڵڵا ـ تێماوم، لە کارەکانی خودا سەرم سوڕماوە... بە کورتی، هەروەک چاوت پێکەوت کڵاولارخان لەگەڵ ئەمەدا کە ژنی هەبوو دەستی کرد بە ملۆمۆ بە دەوروبەری کچەدا و چووزانم کلکەسووتێ کردن... بێگومان ئەمەشت بیست... لە قەدیم و نەدیمەوە لە باوک و دایکانمان بیستبوو کە دەیانگوت ئەستێرت کە ساز کرد

بۆق بۆخۆی پەیدادەبێ... دەی باشە، با پەیدا بێ، مەبارەکە، پیرۆز بێ... بەڵام بۆق، ئیدی نە هەژدیها! بەڵێ، کلاولار لە هەمان چاوپێکەوتنی هەوەڵەوە وەکوو شتێ تێگەیی. ڕۆڵەبوو: ئاوی لە ژێر حەوت تەبەقەی حەرزیدا دەدی. بۆخۆت دیتبووت، گوتت دیوتە. لە هەوەڵێوە کچە چاوی دیتنی ئەوی نەبوو، هەر کە ناوت دێنا دڵی تێکەڵ دەهات؛ بە جۆرێ دەم و لێوی هەڵدەقرچاند کە پێت وا بوو ـ دوور لە ڕووی تۆ ـ بۆگەنیوی بەرلووت کەوتووە... لە دڵی خۆمدا گوتم باشە دەی، شوکری خودا، زۆریشم پێدا هەڵخوێند و پێداهەڵگوت ـ کچە دەڵێم ـ شەوچلەی شەوانەمان بوو بە غەیبەت و خراپە گوتنی کلاولار... بەڵام کلاولاریش لە خۆوە نەببوو بە کلاولار ـ شارەزا بوو چ بکا؛ ئاو شارەزایە ڕێگای خۆی چلۆن بکاتەوە... .

«بەڵێ، کوڕێکی کە تۆبی، وردە وردە تێگەیشتم نا... کارەساتەکە ئەوەندەش سادە و ساکار نیە ـ وا وێدەچێ کەینەوبەینەیەک لە گۆڕێدابێ... کچە وا دیارە ئێستا ئیدی هەموو قسەیەکەم لە لا نادرکێنێ، ئێستاکانێ لە جیاتی حیلکەحیلک زۆرتر دەچوو دە بیر و خەیاڵانەوە... جا ئیدی چی بە دڵدا رادەبرد، لە چی بیردەکردەوە ـ ئەمە ئیدی هەر خودا دەیزانی، بەڵام من دڵم خەبەری پێدام وەکوو شتێ. یەک دوو شەوان بە دەنگی پێکەنینەکەی وەخەبەر دەهاتم... ئێ، خودایە گیان، لەگەڵ کێ پێدەکەنێ، بەم شەودرەنگانە! چاوەکانم هەڵگلۆفی، هەستم ڕاگرت؛ دیتم نا، کەسی لێ نیە، خەون دەبینێ:«ئەحمەد وامەکە... ئەحمەد بەرمدە... دەمانبینن! بڕۆ، جوان نیە، پووریێ دەزانێ!» ئەمن دەڵێی وەکوو پەڕۆی دەوری تەندوور وێکهاتم! کە وابوو ئەم خۆگرژ کردنانە هەمووی شانۆبوو! یانی تەواوی ئەو ماوەیە بە زار لێی تۆراوە و بە چاو پێی گوتووە وەرە، منیش تێنەگەیوم!ئەلحان چ دەتوانم بکەم، هیچ!

«دیسان ئامۆژگاریم کرد، بەڵام دیتم وەکوو شتێ کار لە ئامۆژگاری و چووزانم ئەم جۆرە شتانە گوزەراوە... هەڵبەت ئەو هیچی نەگوت، بەڵام ئەم شتانەی کە بۆخۆی نەیدەگوت من لە چاوەکانیدا دەمخوێندەوە. کوڕێکی کە تۆ بی، ئەلحوکمو لیللا، رازی بە رەزای خودا ـ رۆژێک کە رابی لە ماڵەوە نەبوو چوومە سەر کلاولار... بە تەنیا لە ماڵ بوو، چونکە رابی کاتێ دەچوو بۆ شار مناڵەکەشی لە گەڵ خۆی دەبرد ـ تازەگی خودا کوڕێکی دابوویە، پاش چەند ساڵ «نوشتە» و نەزر و نیاز ـ هەرچەند مناڵەش بەستەزمانە مناڵ نەبوو. بە جۆرێکی وا ـ رازێنەرەوەی سفرە بوو. زۆرباشم لە بیرە هەر دەڵێی دوێنێ بوو، سێ ساڵانە بوو هێشتا پێی هەڵنەگرتبوو، رابی بێئەنوا هەرکارێکی دەکرد مناڵی بەستەزمان وەخۆنەدەهات، بە قودرەتی خودا، هێلکە کۆتر، هێلکە مریشک، چووزانم تەنانەت هێلکەی کیسەڵ... بە کورتی هەر دایک و پیرێژنێک کە شتێکی دەگوت ئەم لەسەر مناڵی چارەڕەش تاقی دەکردەوە، مناڵی بەستەزمانیش بە قودرەتی خودا عەینی ئەم مارمێلکە زەردانە ـ دوور لە گیانی عەینەهوو بزنمژە: سەر زەلام، باقیتر هیچ، چەشنی ئەو بێچووە بۆقانەی کە هێشتا کلکیان نەوەریوە... بەڵێ لە بیرمە ئەو ساڵە زستانێ مار و بۆق باریبوو، لەگەڵ قوڕی مەکەو مەدینە، ئەم بابانوێرانەش کەوچک کەوچک لەم قوڕ و بەفرەی دێناو لەگەڵ شیلە تێکەڵی دەکرد و بە گەرووی ئەم مناڵەیدا دەکرد. پێم گوت وا مەکە کچێ، هەموو شتێک ئەندازەی هەیە ـ گوێی نەدایە ـ هێندەی بە گەرووی مناڵەدا کرد کە مناڵی بەستەزمان سەتڵ و جەمی گرت و عومری درێژی بۆ تۆ بەجێهێشت... هەڵبەت ئەم مەبەستە هی زۆر پاشانە، دوای گەڕانەوەی کلاولار لە ئێراق و ئەو رووداوانە... بەڵێ، مناڵە رازێنەرەوەی سفرە بوو.

«کورتی ببڕینەوە، کوڕێکی کە تۆبی، چووم. ئەلحەق هەرکە منی دیت بە پیرمەوە هات و گەلێ خۆشامایی ـ خودا هەڵناگرێ زۆری ڕێز بۆدانام. گوتی: «خێربی، ئیشەڵڵا، پووریێ؛ قەتت لەم کارانە نەدەکرد، ئەمڕۆ ڕۆژ لە کام لاوە هەڵاتووە!»

گوتم خێر دەبێ ئیشەڵڵا. گوتی ئەگەر کارت بە رابییە، رابی چۆتە شار. گوتم: «دەزانم، هەربۆیەش لەم کاتەدا هاتووم، دەمەویست بە تەنیایی چاوم پێت بکەوێ ـ دوو کەلیمەم قسە پێت بوو.»

گوتی: «کەوابوو فەرموو دانیشە...» بە کورتی، دانیشتم... زۆر خودمانی و بێ پێچ و پەنا مەبەستەکەم پێگوت، گوتم:«چاوت لێبێ ئەحمەد، ئەم کچە سەغیرە، لەگەڵ ئەوەدا بەڕواڵەت هەڵیداوە خودا بۆخۆی ئاگای لێیە هێشتا فامی نەکردۆتەوە، خۆی نەناسیوە، عەیب و عار ناناسێ، چاک و خراپ نازانێ، خودا هەڵناگرێ نە تۆ هیچ کەس ئابڕووی کچێکی وەک ئەو بەرێ... ئێمە تا ئێستا لەم ئاواییەدا نەماندیوە خودای نەکەردە کەسێک بە چاوی خراپ تەماشای دەروجیرانی کردبێ ـ باب و باپیرانیشمان نەیاندی ـ تا ئەلحان رانەبردووە؛ لە ئاواییەکی چەند بنەماڵەی وەک ئەم دێیەدا هەموو لەگەڵ یەکتری بە جۆرێک خزم و کەسن و بە چاوی کەسوکار چاو لە ژن و کچی دەروجیران دەکەن... تازە لەو سەریشەوە چاوی لێبکەی من و رابی بنئامۆزاین... ئەمن ئیدی چاوەڕوانی ئەوەم پێناکرێ کەسێکی وەکوو تۆ، یا هیچ کەس لە خەڵکی ئەم ئاواییە، خودای نەکەردە چاو ببڕێتە نامووسی کچێکی بێباوک و دایک. یانی لەم مڵکە بەربڵاوەی خودادا دیوارێکت لە دیواری ئەم کچە بێکەسوکارە نەویتر نەدیتەوە! شەرمت لە پرچی سپی من نەکرد! ئاخر لەکنەخۆ ئێمە خزمین... ئەوجار، تۆخۆت ژن و مناڵت هەیە ـ کەس ئیدی وای لە تۆ رانەدەدی ئێستا گریمان کچە فامی نەکردبێتەوە، پەرژین بێ دیزە

سەری ئاوەڵایە ئەدی حەیای گورپە چی لێهاتووە...! پاشانیش، پێی رابیش دەگرێتەوە ـ تۆبۆخۆت رابی لە من باشتر دەناسی ـ بیداتە دەری بێحەیایی تووشی چەرمەسەریت دەکا، ئەحمەد ـ هەربینا رۆژێک دیتت خۆی لە ئاو و ئاگردا ـ بنیادەمە، تابشتی رادەیەکی هەیە... ئەوکات من و تۆ دەبینە گۆلمەزی خەڵکی... رابیت لە بیرە، کاکە؟ لەم یەک دوو ساڵانەدا مرد... .»

لە یادم بوو، لەو دەمەدا کە پیرێژن باسی ئەم شتانەی دەکرد ئەمن سیما و بیچمی ئەوم لەبەر چاو بوو: ژنێک بوو هەڵکەوتە، کەڵەگەت، تا رادەیەک بەخۆوە، سەوزە و وێچوو ـ تەختی سینگ ئاوەڵا، مەمک گەورە، هێندێ نێوقەد باریک و چاوەکانی رەش، چەشنی رەژی، برۆی راکشاو و ناوچەوان پان ـ بە کورتی ژنێکی تەواو. دایمەی خوداش خەریک بوو: یا لە باخچەدا پێمەڕەی پێبوو، یا مەشکەی دەژاند، یا لەگەڵ پاتاڵ خەریک بوو یا کەشک و ترخێنەی دروست دەکرد یا دەچووە کێو بۆمازووچنین و هەرمێ و ئەم جۆرە شتانەی دێناوە و لەتکەی ساز دەکرد، بە پێی وەرز.

یەکێک لە کارە بنەڕەتییەکانی ئەم مریشک و جووجکە ڕاگرتنە بوو؛ حەوشەی ماڵەکەی پڕ بوو لە مریشک و جووجکە ـ تەنانەت قەلەموونەش ـ دیتبووم سبەینان جووجکە قەلەموونەکانی یەکەیەکە دەگرت و بن کلکیانی چەور دەکرد. ئەحمەدیش پوورە زلێخا گوتەنی وەکوو کەری بەتاڵ یۆرغەی دەکرد و ئەسپێی دەکوشت. پیرێژن گوتەنی دەمەچێشتە ببوو، چێشتەخۆریش لە میراتخۆر خراپترە. سبەینان پوورە رابیم دەبینی کە چەند مریشک و کەڵەشێری لاق پێکەوە بەستراوی بە دەستەوە دەگرت، یا لە قەرتاڵەی دەخستن، بە قەرتاڵەیەکی دیکەی پڕ لە کوولەکە و تەماتە و خەیار و بامیە و باینجانەڕەشەوە دەکەوتە رێ ـــ بەو جۆرەی پیرێژن دەیگوت ئەو کاتەی بوو بە مناڵەبەریش، مناڵەکەی دەخستە نێو توربێنەوە

و دەسکی توربێنی لە مل گرێ دەدا. بەڵێ، دەچوو بۆشار یا دەچوو بۆلای فەعلاکانی ئیدارەی ڕێگاوبان ـ ئەو دەم ڕێگای ئەم بستووەیان لێدەدا ـ مریشک و جووجکی دەبردە شاری.

یەکدوو جاریش لەو کاتانەدا کە مێردەکەی بە دەوری دادەسوێسنەدا دەهات دیتبووم، لە پشت پەرژینی حەوشەوە. لەم جۆرە کاتانەدا ڕەنگی دەبرووسکا و دەکەوتە پەلەقاژە ـ دەتگوت مشاری برقییە، کە پیاو دەیەوێ لەم حاڵەدا لێی نزیک بێتەوە، لە حاڵێکدا دەنگەکەی تەنانەت بێچووە پشیلەیەکیش هەڵنابەزێنێتەوە (هەڵبەت ئێستا بەم چەشنە بیردەکەمەوە، ئەودەمی مشاری برقیشم چاو پێنەکەوتبوو، ئەوەی چاوم پێیدەکەوت ڕەنگ بڕووسکان و لێوەلەرزە و لەرینەوەی ئەستوونی کونەتفنکی بوو) لەگەڵ هەمووی ئەمانەدا وەکوو تەواوی ژنانی ئاوایی سەر لە پێناوی قسەی مێردەکەی بوو: بێنە، دەیهێنا، لایبە، لای دەبرد. ئەحمەد تەنانەت جاروبار لێشی دەدا، دەنگیش لەبەرد دەرهاتبا لەم ژنە دەرنەدەهات. پیرێژن گوتەنی لەبەر ئەوەش لێی دەدا هەتا خەڵک بزانن کە هەروا مێردە و پیاوی ماڵێیە و دەسەڵاتی بە سەر ژنەکەیدا هەیە، ئەگینا ئیدی نە بژیوێک، نە جلوبەرگێک، نە دڵخۆشیدانەوەیەک... هیچ هەر هیچ. تەنانەت دەستی ژنەشی دەبڕی و پووڵی کوولەکە و باینجانەڕەشەیەکی دەیفرۆشت بە زمان لووسی لە چنگ دەردێنا.

«بەڵێ، ڕۆڵە، وەباڵ بە ئەستۆم من پێیەکم لەسەرلێواری قەبرە، خۆم مشکڵۆزمەی کەس ناکەم، وەباڵ بە ئەستۆم ئەشەدوبیللا، زۆر بە ماقووڵی و ڕێزەوە گوتی: «پووریێ، ئەمە چ «فەرمایشتێکە» دەیفەرمووی! ئەمن بێم و کچی خەڵکی بێئابڕوو بکەم! ئەمن بۆخۆم ژن و منداڵم هەیە، پووریێ، ئەمە چ قسەیەکە دەیکەی!هەرکەس گوتوویە دوور لە قسەکەی تۆ پووچی کردووە، پەینی خواردووە! منیش هەروەکوو خەڵکی دی جەفەنگی لەگەڵ

لێدەدەم... ئەم قسانە بۆ بە من دەڵێی، بە خۆی بڵێ... بۆخۆیەتی جەفـەنگ لێدەدا... منیش وەکوو خەڵک... .»

«دیتم بەینەڵڵا راست دەکا، هەتا بزن نـەکا بێلـەبێلـێ، نێری ناکـا هێلەهێلێ، کچە خەتای خۆیەتی، ئەگینا من بۆخۆم ژنم، دەزانم ـ کامە پیاوە کە پێکەنین و جەفەنگی ژنی لەبار و خـۆشمەشـرەفی پـێنـاخۆش بـێ... ها، کاکە، درۆ دەکەم؟ یا چووزانم ژن بڵێ زۆریان لێکردم و فلان و فیـسار... نا، کوڕم، ژن ئەگەر بۆخۆی مەیلی لێنەبێ لە نێو لەشـکرێک قـازاخیش دا بێ هیچی لێنایە... بۆخۆی دەبێ مەیلی بـێ...ئـەو نووکەنووکـەی دوایـە دەیکەن و ئەو قسانەی پاشان دەیڵێن، هی کاتێکە وا کار لە کار ترازاوە... ژن ئەگەر بۆخۆی مەیلی نەبێ روستەمی زاڵیش ناتوانێ، پـەرژینێکی بـە گـوڵ بێ، هیچی لێ بکا... درۆ دەکەم؟»

«نا پووری، قسەیەکی راستە، هەموو پیاوێک پێیخۆشـە و هـەتا ژن بۆخۆی مەیلی لێنەبێ کەس لە خۆی رانابینێ گەپی لەگەڵ لێدا... بۆخـۆی دەبێ بیەوێ... .»

«تەمـەن درێـژ بی ... بـەڵام ڕۆڵە، شـتێکی دیـش هەیـە ـ هـەموو تاوانەکانیش ناکرێ ئێدی بخەیە ئەستۆی کلاولار. لە حەق لانەدەین کلاولار ماوەیەک خۆی کشاندەوە ـ تا ئەو جێیەی ئێمە دیتمـان ... تـاوانی خـودی کچە بوو ـ کلاولاری مـاڵ کـاول زۆر تاوانبـار نـەبوو. ڕۆڵـە، لە قـەدیم و نەدیمەوە گوتوویانە ژن جادووگەرە ـ وای بەو رۆژە کە ژن جوان و وێچـوو بێ و بکەوێتە جادووکردن ـ پیاوی چارەڕەش دەتوانێ چی بکا؟ دەبێ ئەولیا و پیاو چاک بێ ئەگینا کاری کراوە، هەمووکەسیش خۆ ئەولیا نیە.

«پاشان خودا کردی و وا پێش هات، کلاولار بۆ هێنانی ماڵی قاچـاخ چوو بۆ ئێراق... من دەڵێم رەنگە لە دڵی خۆیدا وای بیر کردبۆوە وا چاکـە ماوەیەک دیار نەبێ، بەڵکە خودا بکا لەم ماوەیەدا خوازبێنی بۆ کچە پەیـدا بێ، یا کچە دڵ بدا بە کەسێکی دیکە، ئەوەندەی من بزانم هەتا ئێرەی باسەکە

دەکرێ بڵێی گاڵتە و راستی بوو ـ زۆر راستی نەبوو... بەڵام بۆخۆت دەزانی هەر گاڵتەیە و دەبێ بە راست، لە شەڕیشدا هەر وایە ... بەڵێ، بەڵکە خـودا بکا خوازبێنی بۆ کچە پەیدا بێ. هەڵـبەت ئـەوەش بـڵێم شـەڕیان لەسـەر دەکرد، لەسەر کچە ـ هەموو جەحێڵەکان داواکاری بـوون ـ ئـەتۆ بۆخـۆت دیبووت... پەرژین بێ، دوور لـە رووی تـۆ، گڵ خەبـەری بـۆ نـەبا، وەکوو دێڵەبەبا هەرکە رێدەکەوت گاڕانێک جەحێڵ وەشوێنی دەکەوتن ـ بۆ خـۆت لە لای بێستان دیتبووت، بەڵام کامە باوک و دایـک بـوو خـۆی بەمـە رازی کا، کە بیخوازێ بۆ جگەرگۆشەکەی؟ بەڵێ، داواکاری زۆر هەبوو، بـەڵام نـە داواکاری وا، بەڵکوو داواکارێک کە هەر بیەوێ، پەرژین بێ، دەستی پێ گەرم کاتــەوە و پاشــان دوور لــە رووی تۆ، وەکــوو دەرپــێ کــۆن فــڕێیدا... بەڵێ، کوڕم، داواکاری بەم جۆرەی زۆر بوو، هەرچەند ئەمــەش بـڵێم، خودا هەڵناگرێ، کچەش لەوانە نەبوو ـ رکێفی بە هەموو کەس نەدەدا ـ بۆخـۆی دێڵە گورگێک بوو.

«بە کورتی، کڵاولار رۆیشت و من ـ خودا لەسەرم بە گوناح نەنووسێ ـ لە دڵی خۆم دا گوتم:«بەولاترەوە چی! بڕۆی و نەگەڕێیـەوە!» چیت لـێ بشارمەوە دیزەیەکی رەشم بە دوادا شکاند: «ئمم»! پیرێژن لێـوی بـە سـەر یەک دادەگرێ، لووتی هەڵدەقرچێنێ، پێنج ئەنگوستی لێک بڵاو دەکـا، روو لە پەنجەرەکە، چەمۆڵە لە کڵاولار دەنێ...«ئمم!» بەولاترەوە چی!

«پاشان؟»

«سـینگم تۆزێـک دێـشێ، کوڕم، چاوت لێیــە پــشووم سـوارە... پاشماوەکەی دادەنێین ئیشەڵڵا بۆ سبەی شەو ئەگەر عومر باقی بێ... .»

«زۆرباشە؛ ئیشەڵڵا ساڵەهای ساڵ دەمێنی و بەسەری پیری بە تەنیا بەجێم ناهێڵی... .»

«خودا دەست بە عومرت بگرێ، کوڕم!»

# ٨

«کاکە، تێنەگەیشتم، ئاخرێکەی چووی، ئەو سێوەت چاو پێکەوت ـ مابوو هێشتا؟ ئەمن زۆر لەمێژە نەچوومە قەبران ـ لەوانەشە جوانەمەرگە هەر لەبەر ئەمە بوو کە پاش سالگاران خوتوخافڵ پەیدا بوو... رۆژێکیش پێکەوە بچین فاتیحایەک لەسەر گڵکۆکەی بخوێنین... .»

«بەڵێ چووم پووری... بەڵێ چووم و دارەکەش هەر بەم جۆرە بوو کە تۆ گوتبووت، سێویشی پێوە ببوو، هەرچەند هێشتا گەلێ وردن... .»

«گڵکۆکەیت چۆن دیتەوە؟»

«کوڕەکەی خالۆ مەجیدم لەگەڵ خۆم برد... .»

«ئاخ... بەڵێ... ئای رۆژگار! ئەلحان ئیدی ئێسقانەکانیشی رزیوە، بەستەزمانە... دەسەڵات هەر بۆ تۆ چاکە خودایە گیان! ئەو هەموو پێکەنینە، ئەو هەموو هەڵبەز دابەزە، ئەو هەموو جوانییە... ئێستاکانە لە ژێر خەڵوارها گڵدا... بۆتە مستێک ئێسقان... ئە یەیەیەی! ــ دنیایەکی بێوەفایە، کاکە؛ وەفای بۆ پێغەمبەری خودا نەبوو، ئێستا چ بگا بە هی وەکی ئێمە...!»

@kurdica

«بەڵێ ئیدی، ڕۆژگار هەر وایە؛ ئەمەی باشە فەرق لە بەینی شا و گەدا دانانێ... بەڵێ، پووری ئێستاکە بۆخۆت دەستت پێکرد پاشماوەکەشی بڵێ... ئەمشەو بەو جۆری چاوم لێیە زۆر لەسەر واز و کەیفخۆشی... لە ڕەنگ و رووتڕا وا دەردەکەوێ... .»

پیرێژن تەواو خۆشحاڵە؛ دایمەی خودا بۆڵە دەکا، ئەستەخفیروڵڵا، بەسەر خودا دا کە بۆچی زووتر نایباتەوە و سڕی ناخاتە ژێر دوو بەردەوە، هەمیشەی خودا نکە و ناڵەیەتی: دوێنێشەو تا بەیانی چاوی لەسەر یەک دانەناوە، هێندەی پشت و دەست و لاق و ئێسکەکانی ئەندامی ئێشاوە ـ لە حاڵێکدا بە درێژایی شەو پرخ وهۆڕی هاتووە، کە بۆخۆی ناوی دەنێ ناڵاندن، لە خوداش دەپاڕێتەوە هەرچی زووتر نەجاتی دا، ماندوو بووە وەڵڵاهی، ئەمەش بوو بە عومر! هەڵبەت بە ناشکوری نەبێ. بەڵام دەبینی هەرکە دەڵێی وازت باشە و ڕەنگ و رووت هاتۆتەوە جێ وەک گوڵ دەگەشێتەوە،ترووسکەی خەندە لە قووڵایی چاوەکانیڕا هەڵدەقوڵێ، دەڵێی لە نێو چڵکە هەورێکدا؛ چرچەکانی دەموچاوی، وەکوو ئەم نایلۆنە هەڵقرچاوە تۆزاوییانە، دەنێتە سەر یەک و پێدەکەنێ، لە قووڵایی دڵەوە، هاوڕێ لەگەڵ نیخەنیخی سینگی.

چایەکەی تێکردووە، تێر پێکەنیوە، ورگی لەراندۆتەوە؛ دەڵێم: «تا ئەو جێیەت گوت کە کڵاولار لێیدا و ڕۆیی بۆ ئێراق، هەتا ماڵی قاچاخ بێنێ... .»

«لە بیرمە، کوڕم، دووشەو لەمەوبەر نا بەڵکووساڵێکیش تێپەڕ بێ لە بیرم ناچێتەوە... ئاوام چاو لێ مەکە ـ دەورانی مناڵییەکەیم ئەلحان ـ وەکوو چۆن ئێستا تۆ دەبینم ـ لەبەر چاوە... بەڵێ، کوڕێکی کە تۆبی، چوو بۆ ئێراق... لە بیرت بێ لە کۆتاییدا، گوتم: «بەولاترەوە چی و... ئیدی نەگەڕێیەوە! چەمۆڵەیەکیشم بۆ حەواڵە کرد... وا نەبوو؟»»

«بۆچی، ڕاست وا بوو!»

«جا کەوابوو دیتت هۆشم هەیە، زەینم کاردەکا! هەمووشتێک دەزانم، هەمووشتێک دەبینم، تەنیا هێندێک «سۆما»ی چاوەکانم کەم بووە، ئەگینا شوکری خودا هۆشم هەیە... ئەو کتێبە ئەمڕۆ بەیانی لەولاترەوە بوو، ئێستا هاتۆتە ئەملاتر... لای «مەرەکەفدانەکە» ـ ڕاستە؟»

«تەواو ڕاستە... .»

«بەڵێ، چوو بۆ ئێراقماڵی قاچاخ بێنێ... خودا دەزانێ لەوانەشە بە ئانقەست ڕۆیی هەتا دوور کەوێتەوە، بەڵکە ئەم باسە بەخێر تێپەڕ بێ. ئاخر، ڕۆڵە، ئەویش گرفتار بوو ـ گیرۆدەی ژن و منداڵ بوو... ئاواش نەبوو بڵێی ئیدی دەربەستی عەیبە و شوورەیی نیە، یان چووزانم کەم حەمیەتی مامۆستا و خەڵکی دیکە هیچ شوێنی لەسەر ئەو نەبوو. ئاخر ئێستا ئەگەر ماڵێک خەڵکیان بۆ«نانخواردن» بانگێشتن دەکرد، ئەویان لە قەڵەم دەخست؛ مامۆستاش وڵامی سڵاوەکەی نەدەداوە... نە ئەمەی نەیدەداوە، دەیداوە، بەڵام بە سەرسەنگی ـ بۆ ئەمەی دەبوا بیداتەوە، وڵامدانەوەی سڵاو سوننەتی پێغەمبەرە، سڵاوی خودای لەسەر بێ ـ بۆخۆت ماشەڵڵا ئەم هەمووە کتێب و قاقەزەت خوێندۆتەوە، دەزانی... نا ئاواش نەبوو، هەرچییەک بێ ئینسان بوو، لێرە لەگەڵ خەڵک دەژیا ـ دەبوا لەگەڵ خەڵک بگونجێ. لای هاواڵ و برادەرانی تریق دەبۆوە، هەرچەندی تێدەکۆشا وەسەر خۆی نەهێنێ... بەڵام باشە، ئینسانە ئیدی، پەرژین بێ، کیسەڵ نیە خۆ.

«بەڵێ، چوو بۆ ئێراق. بەر لەمە کە دەچوو دە ڕۆژ ئەوسەرێکەی پازدە ڕۆژی پێدە چوو، بەڵام ئەم جارەیان نا. مانگێک تێپەڕی هەواڵ نەبوو؛ دوو مانگ تێپەڕی دیسان هەواڵێک نەبوو، بوو بە سێ مانگ، دیسان پەیدا نەبۆوە... ئێستا کچە دەڵێی... ئیدی خەریک بوو شێت بێ ـ چاوەکانی

کوردیکا @kurdica

کەوتە ورتەورت چەشنی چاوی شـێتان؛ لەبـەر بـێقـەراری کـە چەشـنی زیندەوەرێک جوولەی دەهات و تێکهەڵدەگلا قووڵایی چاوەکانیت دەبینی... ئیدی لە هیچ جێیەک ئۆقرەی نەبوو؛ دایمەی خودا لە قەراغ ئەم رووبار، لە نێو ئەو قەبرستان، لە کێو و کێوپارە... ئاوارە بوو... ئیدی تۆبڵێی پێبکەنێ ـ حاشا! ئیدی ئەو پێکەنینە وردانەی کە وەک زەنگوڵەی خڕخاڵ دڵی پـیر و لاو لە «جۆلانە» بخا، تۆ بۆخۆشت دەڵێی باشت لە بـیرە، ئاسـەوارێکیان نەمابوو. کچە ـ دوور لە گیانی ـ دەتگوت کوتوپڕ وشک هەڵات. راسـتێکەت بوێ، کاکە، زگم پێی دەسووتا، دەمدی ئەویش جەحێڵە، دڵی هەیە، دڵـی وەکوو دڵی هەموو هەرزەکارێک دڵە، گـڵ نیـە. ئـەوجار خۆشـم گـەورەم کردبوو، نەمامێک بوو لە پێناویدا گەلێکم زەحمەت کێشا بوو، بە ئارەقەی لەش و نێوچەوان ئاوم لەبن کرد بوو... ئێستاش دەبینی بەستەزمانە وەکوو مۆمی کافوور دەسووتێ و هێدی هێدی دەتوێتەوە. خودا لەسەرم بە گونـاح نەنووسێ... کوڕم، خودا ئاگای لە هەموو شتێکە، لە لای خەڵکی خودا ئیدی درۆ بۆ... بەڵێ، جارجار لە خودا دەپاڕامەوە کلاولاری دایکلۆتیمان زووتر پێ بگەیەنێتەوە، هەتا ئەم بەستەزمانە ئاوا نەتوێتەوە...!

«بەڵێ، کوڕێکی کە تۆبی، شەش حـەوت مانگێـک تێپـەڕ بـوو، چ تێپەڕ بوونێک! ئەلحان ئیدی کچە لە ماڵێش نایەتە دەرەوە، ئەم کاتانـەی دێشتە دەرەوە هەر ئەوندەیە بێتە حەوشە و لەگەڵ پاتاڵەکەی خۆی خەریک کا... ئەو جار پێت وا نەبێ کچێکی هیچ لە دەست نەهاتوو و بێکارە بـوو... نا، ئەو کاتانەی مەیلی لە کار بوو و دڵی بە کار دەدا لـە خـۆی کارامـەتر نەبوو. ئەتۆ رەنگە باوەڕ نەکەی، بەڵام کاژیلە یا بەرخ یـا گـوێلکی رەشـە وڵاغی لە ماوەی دوو دەقیقەدا بەر مەڕ یا بـزن یـا مانگـای بێچـوو مـردوو «دەخستەوە» تۆ بۆخۆت منداڵی گوندی، دەزانی بێچووی حەیوان کە دەمرێ دایکەکە وشک دەکا؛ بۆ ئەمەی وشک نەکا کاژیلە یا گوێلکە مردۆکـە کـەوڵ

کوردیکا @kurdica

دەکەن، پێستەکەی لە کا دەئاخننەوە و دەینێنە بەردەمی مانگا یا بزن ـ هەڵبەت بزن کەمتر، پتر مانگا. بەڵام بە قودرەتی خودا حەیوانە خێرا دەزانێ و زۆرتریش قەبووڵی ناکا و وشک دەکا... یا تێدەکۆشن کارێک بکەن دایکەکە بێچووی ئەو دایکەی «دووانە»ی دیوە هەڵگرێتەوە... دایکەکان زۆرتر قەبووڵی ناکەن ـ جاری واشە دەیکەن بە زەحمەتی زۆر. پاتاڵەش، بە قودرەتی خودا، لە باڵندەوە بگرە هەتا هەر ئاژەڵێک، وەکوو بنیادەم هۆشی هەر لەسەر بێچووەکەی خۆیەتی ـ ناهێڵێ بێچوویەکی دیکە لێی نزیک بێتەوە ـ تێی‌هەڵدەدا... رەنگە تەنیا گیانلەبەرێک کە جیاوازی لە بەینی بێچووی خۆی و بێچووی دیکەدا دانەنێ، ڕێوی بێ، بە قودرەتی خودا، شیر دەدا بە بێچووەکانی هەمووی بنەماڵە و بەینی بێچووەکانی خۆی و بێچووی دایکانی دیکە فەرق دانانێ... .

«بەڵێ تێدەکۆشن بە تکا و پاڕانەوە و نازکێشان و لاواندنەوە دایکە بەوە رازی کەن هەتا بێچووی یەکی دیکە لە جیاتی بێچووەکەی خوی «هەڵگرێتەوە». تێناگەم ئەو سوێسنە جابرە چی بە گوێی حەیوانەدا دەخوێند، یان چ حوکمێکی بە سەر حەیوانەدا هەبوو، کە پاش دوو دەقیقە حەیوانی بێچوو مردوو بێچووی یەکی دیکەی «هەڵدەگرتەوە» ـــ دەتگوت بێچووی خۆیەتی؛ بێ ئەم لاو ئەولا لینگی لێک ئاواڵا دەکرد و شیری دەدا بە بێچووەکە... خودا ئەم دوو چاوەم کوێر کا ئەگەر تۆسقاڵێک درۆ لەم قسەیەدا بێ: لانی کەم دە جارم دیوە بزنی بێچوو مردوو بێچووی یەکی دیکەی کە وەبەر خستۆتەوە وەکوو بێچووی خۆی بۆنی پێوە کردووە و لستوویەتەوە...! بانۆکی وەک خۆی نەبوو...!

سوبحانەڵلا، لەبەر قودرەتت مرم خودایە! تۆ ماشەڵلا ئەم گشتە کتێب و دەفتەر و قاقەزەت خوێندۆتەوە پێتوایە هی چیە؟ لەبەرچی لە من و هی وەکوو منیان قەبووڵ نەدەکرد و لەویان دەکرد؟»

«وەڵڵاهی، پووریَ، بڵێم چی... زۆر شت هەیە بنیادەم دەیبینێ و بۆخۆت گوتەنی سەری سوڕدەمێنێ. ئەگەر بڵێین حەیوانە دەزانێ ئەو کەسەی بە قوربان و سەدەقەی دەبێ و دەیلاوێنێتەوە خۆشی دەوێ، باشە، کەسێکی وەکوو تۆ یا پوور حەنیف یا ژنەکانی دیکەش حەیوانەیان خۆش دەوێ و گۆرانی بۆ دەڵێن و بۆی دەلۆرێنەوە و بە قوربان و سەدەقەی دەبن ـ بە راستیش خۆشیان دەوێ ـ دایکمم دەبینی ـ ئەو کات ئادەمیزاد دەڵێ باشە بە پێی رێسا دەبێ وڵامی ئەوانیش بداتەوە... باش نازانم... .»

«هەر وایە. کوڕم؛ منیش سەرم سوڕ ماوە، لەگەڵ ئەوەدا هەموو رۆژێکی خوداش دەیبینم. مەسەلەن دەبینی هێندێک ژن دەستیان بە بەرەکەتە هێندێک نیە. ئەمیان مەشکە دەژێنێ مەشکەکەی درەمێک رۆنی تێدەکەوێ، ئەویان هەر ئەو مەشکە و ئەو ماستە دەژێنێ دەبینی نیوەی ئەویشی تێناکەوێ... .» پیرێژن برێک دەنگی نەوی دەکا و زۆر مەحرەمانە دەڵێ:«کاکە، لای خۆت بمێنێتەوە ـ بە قودرەتی خودا ـ قورحان لە بەین دابێ ـ کچە چکۆڵەکەی حەسەن ـ گلارە ـ ش دەستی ئاوایە ـ هەر کە دەگاتە حەیوان، حەیوانە جوولە ناکا بە قودرەتی خوداش شکڵی هەمان جوانەمەرگە ـ وەکوو سێوێکت لە نێوەڕاستەوە لەت کردبێ...!»

هیچ ناڵێم.

پیرێژن لە درێژەدا دەڵێ: «بەڵێ، ئەگەر لەماڵێ دەرکەوتبایە جێگاکەی لای پاتاڵەکە بوو؛ ئێستا لەگەڵ منیش ئیدی زۆر کەم قسەی دەکرد... قسەیەکمان نەبوو پێکەوە بیکەین... هەرواش هەموو رۆژێکی خودا باریک دەبوو و پێدەچوو... خەبەرێکیش لە کلاولار نەبوو. رابیش دڵنگەران بوو. ئەویش دایمەی خودا سیمای گرژ بوو... باشە، هەڵبەت حەقیشی بوو، ژنی داماو ـ مێردی بوو، باوکی کوڕەکەی بوو... بەڵام ئیدی، زۆری وەسەر خۆی نەدێنا، تەنانەت جۆرێکی دەنواند کە وەکوو شتێ بۆخۆی گوتوویە

بەم زوانە ناگەڕێتەوە. هەروا کاری دەکرد، مریشک و فڕووجی دەبرد بۆ شار و خەیار و بامیە و باینجانەڕەشەی بۆ فەعلاکانی ڕێگاوبان دەبرد؛ باخچەکەی شێو دەکرد و بە ئاژەڵەکان رادەگەیشت... ئەویش سەری قاڵ بوو، شایەدیش کات و ماوەی بیر کردنەوە و خەفەت خواردنی نەبوو ... .»

«دەی باشە!»

«باشە و سلامەتی سەرت... با چایەکەم بخۆمەوە... تۆزێک پشووم بێتەوە بەرخۆ... پاشان پاشماوەکەت بۆ دەگێڕمەوە... بۆ تۆشم تێکردووە... .»

چایەکەمان دەخۆینەوە. پیرێژن ئاو بە سەر قۆرییەکە دەکێشێتەوە. بە دەسگرەکەش یەک دوو جار بەسەر سەماوەرەکەدا دەکوتێ... سەماوەر ویزە ویزی لێهەڵدەستێ.

«پێتخۆشە یەک دوو پۆلوو بخەمە سەر خاکەنازەکە، بیخەیە سەماوەرەکەوە؟»

پیرێژن قۆرییەکە لەسەر سەماوەرەکە دادەگرێ، سەماوەرەکە بڕێک خوار دەکاتەوە، تەماشای نێو ئاتەشخانەکەی دەکا، دەڵێ: «نا، ئاوری تێدایە. بەشی ئەمشەوی تێدایە... .»

دەڵێم: «زۆر باشە!»

«بەڵێ، کوڕێکی کە تۆ بی، دوای شەش مانگ خەبەر هات! گوتیان زیندووە. کێ گوتوویە؟ کوڕەکەی پوور ناسکێ لە شار گەڕاوەتەوە ـ لە شاری کوڕی میرزا رەشیدی بەقاڵی دیتووە، کە تازە لە ئێراق هاتۆتەوە ـ لەوێ لە سلێمانی خزم و کەسیان بووە ـ گوتوویە بەڵێ لە «فیتەلێکی» بیستووە... .»

دەڵێم: «فیتەر»

«ئەرێ، لە «فیتەلی» بیستووە کە گوتوویە ـ یانی ئەو فیتەلە ـ گوتوویە ئەحمەد ناوێکی لە رومادی دیتووە، کە شوێنێکە لە عەرەبستان، لە نزیک مەکە و مەدینە... بەڵێ، کوڕێکی کە تۆبی، گوتوویە ئەحمەد ناوێکی دیتووە کە قامکە گەورەی نەبووە عەسکەر بووە، خەڵکی ئەم لایانە بووە... ئاخر، ڕۆڵە، رەنگە تۆ نەزانی، ئەحمەدیش قامکە گەورەی نەبوو: بە منداڵی دەستی درێژ کردبوو مار بگرێ، ماریش بە قامکییەوە دابوو... باوکیشی کە ئاوای دیتبوو قامکی لەسەر «تەختە گۆشت» دانا بوو بە «گۆشت پاچ» یش قامکی پەڕاندبوو ـ ئەگینا دەمرد... خۆزگە هەر ئەو کات مردبایە و ئەم گشتە تاوانەی نەخستبایە ئەستۆی خۆی! باشە لەوێ چی دەکرد؟ لەبەرچی عەسکەر بووە؟ ـ هیچ، گوتوویە ـ میرزا رەشید ـ لە سلێمانیش وەکوو ئێرە رەشبگیر بووە، لە بازاڕ ئەویشیان گرتووە لەگەڵ خەڵکی دیکە و بردوویانە ـ وەکوو ئێرە؛ هەرچی گوتووشێتی چووزانم ئەمن ئێراقی نیم، ئێرانیم، کەس گوێی نەداوەتێ.

«ئەمن دەڵێێ... نە من، تەواوی دایک و باوکانی ئاوایی ـ ئیدی لە مامۆستا گەڕێین ـ پشوویەکی بە ڕەحەتمان کێشا و گوتمان: «ئۆخەیش ـ باش بوو! هەتا دوو ساڵی دیکە کە دەورەی ئیجبارییەکەی تەواو دەبێ خودا کەریمە... شایەدیش وەکوو زۆران نەگەڕایەوە... بە کورتی، بیست رۆژ مانگێک تێپەڕی؛ ئێستاکانێ هەموو خەیاڵمان ئاسوودە ببوو... ئیدی نازانم رابی ـ ئەو ژنێک نەبوو وەکوو زۆر کەس سفرەی دڵی دایمەی خودا ئاواڵە بێ... لە خۆیدا بوو؛ گیرۆدەی منداڵ و بەڕێچوون بوو. کوڕم کە تۆ بی، ئەم هەواڵە هێشتا تەواو کزر نەببۆوە کە دیسان هەواڵ هات... کە نا، زیندوو نیە، مردووە! ئێ، ئێمە دەڵێی، واقمان بردەوە...! ئاخر هەرچییەکی بێ منداڵی ئەم گوندەیە، دایکیمان دەناسی، باوکیمان دەناسی، ژنی هەیە، منداڵی هەیە ـ ژن و منداڵەکەی دەناسین! کێ گوتوویە؟ـــ کوڕەکەی

@kurdica

مامۆستەم ـ خەڵکی میراوا... بەڵێ، لە پێنجوێنەوە هاتووە، گوتوویە لەوێ لە چاپخانە بیستوویەتی، گوتوویانە هاتبوو ماڵی قاچاخ بەرێ، لەگەڵ شورتەکان تێهەڵچووە، بریندار بووە و ـ چووزانم ـ لە «نەخۆشخانە» مردووە...!»

«دەی بەڵێ!»

«زاری بەڵێت خۆش بێ... بەڵێ، ئەم هەواڵە لەگەڵ ئەقڵ باشتر دەگونجا ـ لەبەر ئەمە «قالوێر»یشی پێبوو، جگە لەو ساچمەزەنەی تۆ دیتبووت، ئەو کاتانەی دەچوو ماڵی قاچاخ بێنێ «قالوێر»ەکەشی دەبرد، بە تەنیاش نەدەچوو، لەگەڵ یەک دوو قاچاخچی دیکە دەچوو، کە ئەوانیش وەکوو خۆی تفەنگیان هەبوو... گوتمان بێگومان وەکوو ئێرە چۆن لەگەڵ ئەمنیە تێکهەڵدەچن ئەوانیش لەوێ لەگەڵ شورتە تێکهەڵەنگووتوون و ـ بە کورتی ئاوا ئیدی! ئێستاکانێ ئیدی لەمە گەڕێین کاتێ ئەم هەواڵە هات کچە چ حاڵێکی بە سەر هات... هەڵبەت حەولی دەدا خۆی نەشکێنێ و لەسەر دەقی خۆی بمێنێتەوە، لە لای دەستەخوشک و هاواڵ... منیش وەڕوویم نەدەهێنا ـ چیم لێداوە، کارم پێی چیە، دەرد و مەینەتی خۆی بەسە، ئیدی من بۆچی دەرد و مەینەتی ئەم ماڵوێرانە پتر بکەم ـ گوناحە، خودا هەڵناگرێ، بۆچی خوێی بە برینەوە بکەم! لە دڵی خۆمدا گوتم: «دەی باشە، بێتوو راست بێ و کوژرابێ، ئێستا ئیدی کاری لەگەڵ جێگایەکی دیکەیە و دەبێ حەسێبەکەی لەگەڵ کەسێکی دیکە پاکردە کا ـ ئەمن بۆچی باری خۆم قورس کەم؟ کچەی فەقیریش کە هەر لە خۆیدا نیە ـ داماوە خەم و خەفەتی خۆی تەواو هەیە، ئێستا ئیدی من بۆچی زیاتر لەمە ببمە بڕبەندی رۆحی و لەمەی هەیە پەژارە بارتری کەم ـ چ کارم پێیەتی، خودابەردار نیە!»

@kurdica

پیرێژن وەهانکەهانک کەوتووە، وەکوو یەکسمی وەستاو، دەم و چاوی ئارەقەی ڕێنیشتووە، تنۆکەی ئارەقەکانی پشت لێوی کە چەند تاڵ مووی درێژی لێڕواوە دەبینم. دەڵێم: «پووری، چایەکە ساز نەبوو، خۆ سەماوەرەکە دەکوڵێ؟»

«با، ڕۆڵە، سازە... .»

خاکەنازەکە بە ئیستیکانەوە بۆ لای بەرێدەکەم و چاوەڕێ دەمێنمەوە. پیرێژن تڵتە چایەکە لە کاسەی بەر سەماوەرەکەدا بە تاڵ دەکا ـ دەیەوێ ئیستیکانەکەش لەوێدا ئاو بکێشێ، وەکوو شتێ دەکەوێتە بیر قسەکانی چەند شەو لەمەوبەری من. دەڵێ: «چاوت لێبێ، کاکە، دوایە نەڵێی! دەبینی وا ئیستیکانەکەت بە ئاوی سەماوەرەکە ئاو دەکێشم، ئیدی نەڵێی لە کاسەکەدا ئاوم کێشاوە... .»

دەڵێم: «زۆر مەمنوون، پووری.»

چایەکەمان دەخۆینەوە، بە مەبەستی سەرەتا دامەزراندن بۆدەست پێکردنەوەی داستانەکە هێندێک خاکەنازەکە بۆ لای پاڵ پێوەدەنێم... یانیها ئامادەم... .

پیرێژن یەک دوو جار بە دزییەوە پشووی درێژ دەکێشێ و دەڵێ: «بەڵێ، کچە ئێستاکانێ ئیدی بۆتە کوتەبەردێک، زۆر کەم قسە دەکا... دەنگ لە دار و دیوار دەردێ لەو دەرنایە. ڕوو بە ڕووی یەگدی دادەنیشین ـ چۆن من و تۆ ئێستا دانیشتووین ـ چ کاتی نان خواردن یا کاتی چایی خواردنەوە. ئەبەدا قسە ناکا، مەگەر ئەرێ یا نا ـ ئەویش زیاتر بە سەر لەقاندن: «بۆت تێکەم؟» بە سەر وڵام دەداتەوە. «ئیدی ناخۆی، کۆی کەمەوە؟» دیسان بە سەر... هەروەها باقی شتەکان. دادەنیشێ و چاو دەبڕێتە دار و دیوار یا ئاورەکە، تیسکێک لە پرچی لە قامکی دەهاڵێنێ و

بای دەدا... جوانەمەرگە پرچەکانی سەیر جوان بوون، وەکوو ئاڵتوون... تروووسکەیان دەهات، وەکوو گەوهەر... لە تەماشایان تێر نەدەبووی.

«بەڵێ... کچە وردە وردە خەریک بوو ملی دەدا بە قەزا و قەدەر، سارد دەبۆوە ـ بەو جۆرەی دەمدی... شوکری خودام دەکرد... بەڵام، کوڕم، مقەدەر کە بیەوێ بێ ئیدی هیچ شتێک لە دەست بەشەر نایە... بەڵێ... دانیشتووین، کە دیسان خەبەر دێ!

«ئەم جارەکە چی؟ ـ هیچ... نەمردووە، هەر کەس گوتوویە درۆی کردووە... نەخێر نەمردووە... لە «مەندەلی» بووە ـ کە دیسان ئەمن نازانم کوێیە ـ لەوێ لە چایخانە لەگەڵ یەکێک قسەیان لێک هەڵبەزیوەتەوە، دەمانچەی هەڵکێشاوە، کابرای کوشتووە و هەڵاتووە!

«بەخۆم دەڵێم: دەمانچە! دەمانچەی لە کوێ بوو! خۆ دەمانچەی نەبوو؛ ئەگەر بیبوایە لێرەش بۆ خۆنواندن و پۆز و ئیفادەش بوایە لانیکەم تاقە جارێک لە کن هەرزەکارەکان خۆی پێوە ڕادەنا! هەڵاتووە؟ بۆ کوێ... ؟

«بە کورتی، دیسان ئێمە بووین و سەرگەردانی! ئێستا تۆ بڵێی نە تەنیا من و کچە و ژنەکەی... تەواوی خەڵکی ئاوایی هەر یەک بە جۆرێک دڵنگەرانن ـ هەر کەس بە جۆرێ دڵەدوا و گوێ قوڵاغە... .

«ئێستا ئیدی زستانە... ساڵێک رابردووە لە رۆیشتنەکەی... شایەدیش زیاتر... دانیشتووین، دیتمان رۆژێک تاریکانی ئێوارێ، بە شەلەشەل، زەرد زەرد، لاواز، پەیدا بۆوە!

«سوبحانەڵڵا... ئێستا هەموان لە لایەک شادمانن لە لایەکیش دڵنگەران ـ من لە سەد لاوە. بەڵام کچەی سەهەندە... کاکە تۆ بڵێی لەم رووەوە هاتە روویەکی دیکە! ئەی خودایە لەبەر قودرەتت مرم، گەورەیی هەرلە تۆ جوانە! باوەڕ ناکەی، کاکە، ئەگەر بڵێم، دوای حەوتەیەک تەواو گۆڕا ـ هەڵیدا چ هەڵدانێک، ئاو لە ژێر پێستی گەڕا چ ئاوێک! چاوەکانی

بوونە دوو چرای «عەلەتریک» بلێم چی... ماشەڵڵا لە قودرەتی خودا ـ کچە ئیدی ئەو کچەی کە تۆ پێشتر دیتبووت نەما ـ بوو بە پارچەیەک گوڵ و جەواهیرات! من ئاگام لێی بوو، ئەو شەوە ـ ئەو شەوەی کلاولار هاتەوە. تۆ بڵێی تاوێک خەو چووە چاوێوە، حاشا. بەم حاڵەش بەیانی کە دیتم وەکوو گوڵ گەش بوو: لەم دوو چاوە کوێر بم، کاکە، ئەگەر درۆ بکەم، ئەو شەوە بە قەرا سێ کەسی خۆراک خوارد... شەوەکانی دیکە هەر دەستی بۆمجومعەکە نەدەچوو... .

«سەرت نەیەشێنم، خەڵک ـ زۆرتر لاوەکان ـ پتریش بۆ گوێ هەڵخستن ـ چوونە چاوپێکەوتنی. بەڵێ... بەڵێ، بەو جۆرەی خۆی گێڕابوویەوە ڕووداوەکە هەمان شورتە بووە؛ تێکهەڵچوون بووە، گوللە وە کلاوەی ئەژنۆی کەوتووە، ماوەیەک لە نەخۆشخانە بووە؛ جەریمەیان کردووە وفلان و فیسار... ئەو تاجرەی ماڵی قاچاخی لێدەکڕی بۆتە زامنی و لە نەخۆشخانەی هێناوەتە دەرەوە... ئێستاش گەڕابۆوە، چ گەڕانەوەیک ـ کافر نەیبینێ، پیس، نەخۆش، کلۆڵ، تەڕایی لە جەرگیدا نەبوو! ئەوەندەی ئەسپێ تێدا بوو، پەرژین بێ، ئەگەر نۆکی لە ماڵدا بایە دەیتوانی دێیەکی شەش دانگ وەکوو ئێرە بە نەغد بکڕێ.

«بەڵام، دەی، خەیاڵی لەم بابەتەوە زۆر ناڕەحەت نەبوو ـ نە زۆر هەر ناڕەحەت نەبوو. رابی هەبوو، دەیزانی رابی لەم ماوەیەدا بێکار دانەنیشتووە و بۆی کۆ کردۆتەوە ـ بە کورتی، خەیاڵی تەخت بوو... ماڵیش ماڵ بوو ـ هەموو شتێکی تێدا بوو... تاوانبار رابی بۆخۆی بوو، کاکە ـ ژنی نەفام، دوور لە ئێستای، بۆخۆی نەیدەخوارد دەرخوادی ئەوی دەدا، بۆخۆی لەبەری نەدەکرد لەبەر ئەوی دەکرد ـ ئەویش بەو جۆرە. ژنە دڵی بەوە خۆش بوو کە «پووڵی بدە و مەلای لە مزگەوت دەرکە»! و لەم جۆرە قسە پڕو پووچانە... ئەمانەی هەڵبەت لە تاوان دەگوت ـ هەموو

کوردیکا
@kurdica

دەیانزانی، بۆخۆشی دەیزانی، ئەگینا مەلای چی و مزگەوتی چی... پەرژین بێ، دوور لە رووی تۆ، قوماربار ئەگەر دۆڕاندی ناچارە بڵێ بە... م، ئەوەی راست بێ رابی لە رۆژی هەوەڵەوە لە دەستی مێردە دا لە مێویش نەرمتر بوو، ئەگینا تۆ بڵێی گیانی بە ئیزرائیل نەدەدا... پاشانیش کەوای لێهات، دڵی بەمە خۆش بوو کە چووزانم، ئەمن ئاردی خۆم دابێژاوە و هێڵەگی خۆم هەڵواسیوە ـ یانیها مەسەلەن ژنی بەمێردە، لە مێردەکەی منداڵی هەیە، لەسەر ماڵ و حاڵی خۆی دانیشتووە و فلان و فیسار، مێردەکەشی بە رۆژدا لەهەر شوێنێ بێ، شەوێ دەگەڕێتەوە لای ژن و منداڵەکەی لە ماڵێ...! رابی کلۆڵ ئیدی ئەوەی نەدەزانی کە سەگ دەبێ برسی راگری، هەتا وەشوێنت کەوێ. باشە ئیدی ئەو بێئەنوایەش یەقباڵەکەی ئاوا بوو، نێوچاوانی ئاوای هێنابوو: ژنەی ماڵکاول خۆ نەیدەتوانی چارەنووسی بگۆڕێ ـ بەخت و شانس خۆ لە بازاڕی نافرۆشن، کوڕم. خراپە لە لای خوداوە نایە، تاوانەکە هی خودی ژنە بوو... راستیان گوتووە پێشینیان، چرا شۆقی بۆ بن خۆی نیە. ئەحمەدیش کلکی لە شەڕەسەگێدا پسابوو، جوڕڕەی لە حەوای ناڵ دەکرد... .

«بە کورتی گەڕایەوە، ئێمەش زۆر خۆشحاڵ. گوتمان ئێستا کە شەل بووە و سەری وەبەردی ئەلحەدێ کەوتووە، رەنگە ئەو هەوایەی لەسەر بپەڕێ، یاخۆ پەڕیوە. بەڵام نا، ماوەیەک کە تێپەڕی، کلاولارخان دیسان بۆوە بە هەمان کلاولارخانی هەوەڵێ: دیسان جلوبەرگی حەول دا و ریشی تاشی و تیفتیفەی دا... ئای، ئەگەر ئەو دەمەی هاتەوە دیتبات، ریشی نیو گەز درێژ بوو، عەینەهوو ئەم سۆفیانە ـ بڕێکیش دەلەنگی، بەڵام زۆر نا. لەبەر ئێشی لاقی هاواری بوو، ئەو کاتانەی بەفر لە حەرزیدا بوو لە ماڵێ دەرنەدەکەوت، ئەگەریش هەوا خۆش بوایە و هاتبایەتە دەرێ، بە چێوشەق دەگەڕا. رابی کورسی بۆ هاویشت، لەبەر ئێشی لاقی... ئێرە بۆخۆت دەزانی

لێڕەواره، دار و ئاوردوو زۆره، کەس کورسی دانانێ... بەڵام رابی کورسی بۆ هاویشت... .

«بەڵام سوێسنەی جوانەمەرگ... لە هەوەڵەوە خودا هەڵناگرێ، سەرنجێکی نەدایە کلاوڵار ـ تەنانەت فیز و دەماریشی نواند ـ یەک دوو جارێکیش کە تێیهەڵەنگووت ـ بەو جۆرەی من چاوم پێکەوت ـ زۆر گرژ و مۆن لەگەڵی بەڕەوڕوو بوو. دەیگوت چووزانم کیسەل لووشکەی لێداوه، دیسانیش وەکوو جاران ئەیش و وەیش! ئەو قسە بێتامانەی پێشوو... بەڕواڵەت، تۆ بڵێی هیچ دەربەست بوو ـ حاشا! ئەمە لەم لایەوه؛ لەو لاشەوە رەنگ و روویم کە دەدی، چیت لێبشارمەوه دڵم دەلەرزی. رۆڵە، من بۆخۆم ژنم، مەکری ژنان دەزانم... ئەو شتانەم زۆر چاک لەبەره... .»

پێدەکەنم ـ پێدەکەنێ. دەڵێم: «پووری، زەمانی جەحێڵی بێگومان بۆ خۆشت زۆر فێڵەباز بووی!»

پیرێژن لفکەی دەسماڵەکەی بە دەمییەوە دەگرێ، بە شەرمێکی کچانەوە و پێکەنین لە سنگیدا. «باشە ئیدی، منیش هیچ نەبێ لەو تەمەنەدا بووم ـ ئێستا ئاشقێکی واش نەبووبێتم با نەبم... بەڵا برێ شتم هەست کردووە منیش... ئەو شەوە قسەیەکی جوانت کرد کاکه؛ بە دڵمەوە نووسا ـ لەبیرته؟»

«بەڵێ، پووری، گوتم بەو جۆرەی دەڵێن ئەوینی راستەقینە زۆرتر لەگەڵ دڵڕەقیدا هاوڕێیە: دارێک یا پنجە گوڵێک بۆ ئەوەی جوان و دڵڕفێن بێ و مرۆ دڵی لێی بچێ و زیاتر ئۆگری بێ، پێویستە خۆی لەبەر تیژایی مەقەستی باغەواندا راگرێ... مناڵەکەت، ئەویندارەکەت، گراوەکەشت هەر بەو چەشنە... مەبەستت ئەمە بوو؟»

«بەڵێ، کوڕم، خودا دەست بە عومرت گرێ. بەڵێ... ماوەیەک هەڵیتیزاند... منی ساویلکەش بە بۆهاتێکی باشم دادەنا... .»

«کێ؟»

«کچە... کڵاولاریش وەک هەمیشە دەیگوت: «باشە دەی، خورمایە، شیرینە ـ دڕووشی هەیە؛ دڕووش هاواڵی گوڵە و... لەو جۆرە قسانە.»

«پاشان دیتم ئای... خودا بمکووژێ، کچە پێی کرایەوە بۆماڵی رابی! چلۆن؟ ـ هەروا... لەوەشدا دیسان تاوان کەوتە ئەستۆی رابی داماو! هەرچەند ئێستا ئیدی ئەوە چوو و رابرد، دەبینم نا، رابیش نەبووبا دیسان بە جۆرێک لێک نزیک دەبوونەوە ـ وەکوو دوو ئاوباریکە کە لە کێوڕا بێنە خوارێ بە ناچار لە نێو شیودا بە یەک دەگەن. بەڵێ... کچە چۆتە ئەوێ ـ ئێستا بە چ بیانوێک، خودا دەزانێ... چووە، رابی خوڵکی کردووە کە چووزانم دەرێ ساردە، کورسییەکە گەرمە، سڕ بووە... دانیشێ تۆزێک لە ژێر کورسییەکە لاقی گەرم کاتەوە و پیاڵەیەک چا بخواتەوە و ئەلەم قسانە... کچەش چووە... دیسانیش ئاموشۆی کردووە ئیدی خودا دەزانێ، وەباڵ بە ئەستۆی ئەوانەی دەیانگوت ـ چووزانم لە ژێر کورسی دا بە لاق چاک و خۆشییان کردووە، یانی دەبێ لەگەڵ کڵاولار و فلانوفیسار... .»

«ئەتۆ هیچت بە دادەسوێسنە نەگوت؟ نەتگوت بۆ چووی، بۆچی دەچی؟... .»

«ئەی خودا دەست بە عومرت گرێ، ڕۆڵە! کوڕەکەم، ئەو کاتانەش لەبەر ناعیلاجی بوو بە کەریان دەگوت خانباجی؛ ئێستا کە لە خەم رەخسی بوو، پەرژین بێ، کەرەکەی لە پردێ پەڕیبۆوە، پووری بۆ چ بوو؟ نەمگوت! سەد هەزار جارم گوت، رۆڵە، زمانم مووی لێ شین بوو، ئەوەندەی بە گوێی ئەو جوانەمەرگەم دا خوێند و خودا و پێغەمبەرم کردە تکا کار، بە گوێی مووشە جووم دا خوێندبا ئێستا پێشنوێژی ئەم گوندە بوو. رۆڵە دەڵێی نەمگوت، لەبەرم هەڵنەخوێند... ئای رۆڵە، سەد هەزار جارم گوت!»

«پووریێ، ئەگەر چایی ماوە زەحمەت نەبێ ئیستیکانێکی دیکەم بۆ تێکە!»

پووریێ سەری قۆرییەکە لادەبا، لە نێو قۆرییەکە خورد دەبێتەوە، قۆرییەکە رادەتلەکێنێ و دەڵێ، ماوە بە قەرا دوو ئیستیکان ماوە... .»

چایەکە تێدەکا، پشوو تازە دەکاتەوە، هێندێک ماتڵ دەبێ، دەمەوێ تەواو بحەسێتەوە... چایەکە بە کاوەخۆ دەخۆمەوە. پیرێژن ئاو لە قۆرییەکە دەکا، قۆرییەکە رادەتلەکێنێ و تلتە چایەکە رۆدەکاتە نێو کاسەی بەر سەماوەرەکە.

«بەڵێ... سەرت نەیەشێنم، بەهار هات ـ کاک کلاولار خانیش وەڕێ کەوت. هەر بەو جۆرەی گوتم ئێستا هێندێک دەلەنگی ـ لەنجەیەکی بۆ دەکرد. سوێسنە خانمیش ئیدی، پەرژین بێ، گوو بە کلاوم ناپێوێ...!»

«دەیگوت چی ئێستا؟»

«کێ ـ سوێسنە؟ هیچ، چی بڵێ، رۆڵە، زۆر سووک و هاسان گوتی:«پووریێ خۆت لەمە پتر ماندوو مەکە ـ تۆ ئەوەی بووە گوتت ـ منیش بەختی خۆم خوێندۆتەوە، ئەوەی شەرتە دڵە، دڵیشم رێی داوە ـ بۆچی لە خۆڕا خۆت ناڕەحەت دەکەی ـ چاوت بقووچێنە!» چاوت لە قسەیەتی، کاکە! ئێستاکە دیسانەوە دەستی کردبۆوە بە نەقڵ و نەزیلە هێنانەوە و مەتەڵۆکە داهێنان لێم! بەخت خوێندنەوە! چاوت بقووچێنە! چاوت لە قسەیەتی!

«لەو لاشەوە، کاک کلاولارخانیش ئێستا ئیدی بە پێچەوانەی پێشوو بەرزە بەرزە ئەوێستا و کەڵە کەڵەی ئەبێژا ـ ئێستاکانێ بە پێچەوانەی زوو «هەوای» دیکەی لێدەدا، کە پاشان بۆت دەگێڕمەوە. ئەوەش بڵێم، هەتا لەبیرم نەچووە، بە قودرەتی خودا دیسان هەر کچە لەو بەینەدا سەری قوت کردەوە. رابی کلۆڵ وەکوو پیوی گورگت لە گیان هەڵسووبێ لەبەر چاوی

مێردە کەوت و لە پێش چاوی ڕەش بوو وەک ئەم مەنجەڵە... ئەگینا ئەگـەر بڵێی شاژنێک بوو بۆ خۆی... .»

«بەڵێ، دەزانم، پووره رابیم دیتبـوو. هـەر بـەم جۆرەیـە کـە تـۆ دەڵێی... دەی بەڵێ!»

«زاری بەڵێت خۆش بێ... چی بڵێم، دیسانیش لە دڵی خـۆمدا گـوتم جەرگمە، گـەورەم کـردووە، زەحمـەتم لـە پـای کێـشاوە، بـێخـەوی و شەونخوونیم لە پێناودا دیتووە. لەگەڵ ئەم هەموو بە هێند نەگرتن و ڕێـز لێنەنانەدا دیسان نەمتوانی خۆم ڕاگرم... چ دەکرێ، نینۆک خۆ لە گۆشـت جوێ ناکرێتەوە، کوڕم... سەرت نەیەشێنم، دیسان چوومەوە زگ کـڵاولار. گوتم ئەلحوکمولیللا، مامۆستا گوتەنی تەکلیفی شـەرعییە. چـووم، گـوتم ئەحمەد، کوڕم، تۆ وەشوێن کڵاوی خوار کەوتووی ـ ئەم بارە لارە ناگاتـە مەنزڵ. تۆ ژنت هەیە، منداڵت هەیە، عەیبە، شوورەیی‌یە ـ تۆ دەبێ لەگەڵ ئەم خەڵکە ڕێککەوی، دەبێ لەگەڵ ئەم خەڵکە بژی ـ ئەم کچە دەبێ ژیـان بکا... ئەلەم شتانە زۆر. گەلێکم بە گوێدا خوێند ـ جارجار بە زمانی خۆش جارجارەش بە زمانی ناخۆش. ئێـستا مامۆسـتا دەڵـێی ـ کێـردت لێـدابا خوێنی نەدەهات ـ سەیدی عـەولادی پێغەمبـەر هـەر پیـشی دەخـواردەوە چۆن!... کاکە، وەک دەڵێن سـەیدی وەجـاخزادە هـەموو زوو هەڵـدەچن ـ ڕاستە؟ ئەگەر ئاوا بێ، مامۆستا مەلا سەی ڕەسووڵ، ئەستەخفیڕوڵڵا سەید نەبوو ـ زۆریش پیاوی چاک بوو...!»

«قسەیەکە و دەیکەن، پووری... خودا بۆخـۆی دەزانـێ... نـەتگوت، ئەحمەد چی گوت ـ هیچی نەگوت؟»

«بۆچی، بەڵام هەر وەکوو گوتم ئێستا ئیدی بەرز دەوێستا و قـسەی زەلامی دەکرد. گوتی: «پەح، قسەی سەیر دەکەی، پـووری! چـۆن ناگاتـە مەنزڵ ـ گەیوەتێ، زۆریش لەمێژە گەیوەتێ، تۆ ئاگات لێنەبوو ـ ئـەگینا

وڵاغەکان کا و جۆیان خواردووە، حەساویشنەوە! ئەو جار ئەو شتانە چ پێوەندییەکان بە ژن و منداڵەوە هەیە ـ ژن و منداڵ لە جێی خۆیان لێی دانیشتوون، ژیانی خۆیان دەکەن. منیش دەمەوێ بۆخۆم ئەم یەک دوو رۆژە عومرە خۆشی رابوێرم ـ مرۆ دوو جار لە دایک نابێ. ئەگەر لەو پێشامەدەی شورتەکاندا کوژرابام، پەرژینێکی قایم بێ، کەس گونی بۆلە خم دەدام؟»

«تێمام ـ بنیادەم بڵێ چی... چی هەیە بیڵێ بە بنیادەمێکی ئاوا: بە کورتی کورێکی کە تۆ بی کار لەم شتانە گوزەرابوو؛ بە سەرهاتی ئەمانە نۆبەتێیەکی وا نەبوو ئەمرۆ بتگرێ سبەی بەرت دا. بە ناشکوری نەبێ دایمە هەبوو، وەکوو ئەم «کەوتوویی»یە بوو کە ئەم رۆژانە وڵاتی داگرتووە ـ هەرکە گرتت کەوتووی ـ ئیدی خودا دەزانێ هەستێوە یا هەڵنەستێوە... کەوتوویی! نەمانبیستبوو تا ئێستا!»

«پێم گوت ـ بە ئەحمەد ـ«ئێستا ئەوە چون بوو لە تەواوی ئەم دێیەدا دیوارێکی نەویترت لە دیواری ئەم کچە بێ ئەنوایە نەدیتەوە ـ کچ قات بوو!»

«هێندێکم تێدەفکرێ، وەکوو حەوێزی بیستبێ. پاشان بێحەیا بێحەیا لە فرقەی پێکەنینی دا ـ جا وەرە پێبکەنە! ئەمن دەڵێی، واق مابووم ـ خۆمن قسەیەکی گاڵتەجارێم نەکردبوو!...

«دیسانیش پێکەنی... بە کورتی، تێر تێر پێکەنی، ئێستا ئەوە من هەروا مات و سەر سورماو راوەستاوم، هەتا بزانم ئاخرێکەی بە چی پێدەکەنێ... بە کورتی، تێر پێکەنی. گوتم:«ها، پێم ناڵێی بە چی پێدەکەنی ـ خۆمن شتێکی گاڵتەجارێم نەگوت؛ نەکا من کلک و گوێم لێرواوە و خۆم نەمزانیوە!»

«دیسان هێندێکم تێهەڵدەڕوانێ، بڕێکی کایە بە تەسبێحەکەی کرد و گوتی:«پووری، من سەرم لە تۆ سوڕماوە... یانی دەڵێی ببم بە قالۆنچە لە شیاکە بهاڵێم! وەشوێن ئایشە شێت کەوم!»

گوتم: «بڵێم چی... لە خۆت گوزەراوە، رۆڵە، خودا ئەقڵ بدا بە منداڵەکەت!» ئەتۆ، پێم بڵێ ـ کاکە، ئیدی چیم هەبوو بیڵێم، لەگەڵ ئەم قسەیە ـ لەگەڵ ئەم قسەیە شتێک دەمێنێ کە بنیادەم بیڵێ؟»

«نا، راست دەکەی، پووری.»

«کورتی ببڕینەوە، هەڵتەکهەڵتەک گەڕامەوە ماڵێ... دانیشتم چیت لێبشارمەوە هەوەڵێ هێندێک گریام ـ دڵم پڕ بوو... گریام، بۆ چارەڕەشی و بێکەسوکاری خۆم... کاتێ برێ سووک بووم کڵاوەکەی خۆم کردە قازی: چۆن، مامۆستا ژن و مێرد یا دوو رەعێت کە کێشەیانە دادەنێتە بەردەمی و پرسیاریان لێدەکا، ئەو دووانەم دانیشاندە بەر دەمم ـ لە بیر و خەیاڵی خۆمدا، جوان گوێم بۆ قسەکانیان راگرت، دیتم خودا هەڵناگرێ ئەو قەت کەس نەماوانەش زۆر تاوانبار نین ـ گیرۆدەن، گیرۆدە بوون. رۆڵە، لە قەدیم و نەدیمەوە گوتوویانە هەرکەس لە شەڕ دا نەبێ شێرە، لە قەراغەوە راوەستاوە، دەڵێ لێیدە، بیکووژە... ئێستا ئەوان لە نێو شەڕەکەدا بوون، ئێمە وەکوو منالان دەمانگوت لێیدە، بیکووژە... بەڵام ئێمە خۆ وەکوو ئەو دووانە گیرۆدە نەبووین، بە دەردی ئەوان مفتەلا نەبووین... بە کورتی، دیتم نا، ئاسنی سارد دەکوتم ـ نە ئەوان لە قسەی من دەگەن نە من لە قسەی ئەوان، ئێستاکانێ هەر ئەندازەش لە خەیاڵدا خۆم لە جێگای ئەوان دانێم. هەڵبەت ئەمن تا رادەیەک دەمزانی ـ منیش رۆژێک جەحێڵ بووم، دەمزانی؛ چاوم لێبوو کچە کاتێ تووشی ئەحمەد دەبێ چلۆن هەموو گیانی گڕ دەگرێ و دەکەوێتە لێوەلەرزە و پشووی سوار دەبێ ـ ئەمەم چاو لێبوو دەمزانی، بەڵام ئیدی لە تەمەنێکدا نەبووم کە خۆم بە تەواوی لە جێگای ئەو دابنێم و

ئەو جۆرەی ئەو هەست دەکا وا هەست بکەم - یا بەو جۆرەی کلاولار هەست دەکا، بشزانم کاتێ تووشی ئەو جوانەمەرگە دەبێ چۆن کوتوپڕ پێستی دەم و چاوی بە ئێسکەکانییەوە دەنووسێ و لێوەکانی وشک هەڵدەگەڕێن و ئارەقەی ڕێدەنیشێ!

«سەرت نەیەشێنم، لە ئەنجاما بەم ئاکامە گەیشتم کە جەحەندەمیان پێ پڕ بێ، هەر دووکەڵێک بێ دەچێتە چاوی خۆیانەوە، هەر قوڕێک وەسەرکەن وەسەر خۆیان کردووە. بەڵام مامۆستا و خەڵکی ئاوایی دەیانگوت نا، هەر شتێک، هەر کۆمەڵێک، هەر گەلێک بۆ خوی ڕێسا و دابونەریتێکی هەیە. کێ دیتوویە بزنی گڕوێ تێکەڵ مێگەلە مەڕ کرێ و فلانوفیسار. ئەحمەدیش لەبەرامبەردا دەیگوت ئێرە، چووزانم، دواکەوتووە، ئێرە فلان، ئێرە فیسار - خەڵکیش «حەق و حۆقێکیان» هەیە؛ خەڵک نابێ بە خاتری چەند کەللەی کۆنی وەکوو مامۆستا ئەشکەنجە و ئازار ببینن... جەحێڵەکانی دەگوت - تێگەیشتی، کاکە؟ لە شوێنەکانی دیکەش خەڵک دەژین؛ بە هەرزەکار دەڵێن هەرزەکار و بە پیریش پیر. باشە، پیرە بڕواتە گۆشەیەک تاعەت و عیبادەتی خوی بکا، لاویش لاوەتی خۆی بکا - ئەو نەبێتە چەقڵی بەر چاوی ئەم، ئەمیش نەبێتە ملۆزمی ژیانی ئەو - جەحێڵیش کاتێ پیر بوو وەخۆدێتەوە و فکرێک بۆ قیامەتی خۆی دەکاتەوە... مامۆستا تافی لاوەتی خۆی لە بیر چۆتەوە! دەیگوت ئەم شتانە لە «حەق و حۆقی» سەرەتایی ئادەمیزادن... پێم گوتی، ئێستا بەرز دەوێستا و قسەی زەلامی دەکرد - ئەمانەی لە سلێمانیڕا بە دیاری هێنابوو، بە ملی شکاوی!

«بەڵام، ڕۆڵە، ئەوەت پێبڵێم، لەم وڵاتە حەق بە مامۆستا و خەڵک بوو: مامۆستا ڕاستی دەکرد، دەیگوت ئەم جۆرە بنیادەمانە وەکوو ددانی ڕزیو وان، هەم خۆیان خراپ دەکەن هەمی دەوروبەرەکەیان، دەبێ

بیانکێشی و تووڕیان هەڵدەی. ڕاستیشی دەکرد: خەڵک ژنیان هەیە، کچیان هەیە. لە قەدیمەوە گوتوویانە گایەک لە پاڵ گایەکی کەی یا ڕەنگی دەگرێ یا خووی. حەقیان بوو. پاشان کابرا پیرە لە کاتی تووڕەبوون‌دا گوتبـووی هەرکەس ئەم سەڵیتەیە ـ یانی کچە ـ گڵ خەبەری بۆنەبا ـ بکووژێ دەستی کەسک دەبێ، واتە بێ سوال و جواب دەچێتە بەحەشت... بەڵێ...!»

پیرێـــژن بزەیـــەکی تـــاڵ دێنێتـــە ســـەر لێـــو و دووپـــاتی دەکاتەوە:«بەڵێ...!» سەریشی دەلەقێنێ.

دەڵێم:«بە چی پێدەکەنی، پووری؟»

«هیچ، ڕۆڵە، وەبیر قسەی ئەو جوانەمەرگە کەوتمەوە... نازانم لە کێی بیستبوو کە مامۆستا ئەم قسەیەی کردووە، گوتی:«پووری ئەگەر دیتت پێی بڵێ کانی نزیکە... هەڵچووە فەقیری بەستەزمانە، پێـی بـڵێ مـەلاژن بنێرێ قاپێکی دۆی سارد بۆ بێنێ هەتا لە کوڵ بچێتەوە ـ حەیف نیە بنیادەم ئەو سیما شیرینە تاڵ ببینێ! فکرێکیش بۆ ئەو سێ چـوار ددانـە کرمۆڵـەی خۆی بکاتەوە؛ پێشی بڵێ ئەوە چۆنە هی خەڵکی هەمیشە لە مەجلیـسە هـی خۆیان لە نێو تەلیسە؟ ئەم هەموو لایەلایە خۆشە دەزانێ ئەدی بۆچی خۆی خەوی لێناکەوێ؟ ئەوە چلۆنە بەڕە هەر لەلای تەنکییەوە دەدڕێ؟ وەڵـڵاهی ڕاستیان گوتووە، بێکەسی هەر بۆخودای چاکە، ئێمەش ئەگـەر بـاوکێکی وەک مامۆستامان بوایـە و کتێبێکـی هـەبا و کتێبەکـەی تـەنیا بۆخەڵـکی فەرمووبایە، ئێمەش خاوەن ئابڕوو دەبـووین. بـەڵام پـووری پێـی بـڵێ، ئێمەش ئەگەر مامۆستایەکمان نیە لەباتیان خودایـەکمان هەیـە. خەڵـک، پەرژینێکی قایم بێ، وەکوو بزنەکە وان سـاڵ دووازدە مانگـە عـەیبیان بـە دەرەوەیە ئەگەر مەڕ جارێک لە بازدانێ‌دا دووگەی هەڵدراوە لێـی لـە قـاو دەدەن، کەسیش نابێ پێیان بڵێ پشتی چاوت برۆیە ـ ئابڕووش ئەوەنـدەی بتەوێ هەیانە... بەڵام ئێمەش خودایەکمان هەیە، ئەگەر مامۆسـتایەکمان

نیه!» پێکەنینەکەم لەبەر ئەو قسانەی بوو، جوانەمەرگە؛ماشەڵڵا، زۆر بە سەر و زمان بوو. شتی وای دەگوت دایکی ڕۆڵە مردووی وەپێکەنین دێنا ــ مەبەستی قسەکەی کچەکانی کابرا پیرە بوو، کە وەباڵ بە گەردنم ئەمن شتێکی بیلحەدم لێنەدیتبوون، بنیادەم بیبینێ دەڵێ دیومە، کاتێ نەیدیوە چۆن بڵێ دیتوومە ــ نا، ئەشەدوو.»

پیرێژن دیسان هۆشی پەرت دەبێ، چەند جار سەری دەلەقێنێ و دەچێ دەفکرەوە. پێی دەڵێم:«پووریێ، چیە ــ دەڵێی دیسان چووی دەفکرەوە ــ کەوتوویە بیر شتێکی دیکەوە؟»

«بڵێم چی ڕۆڵە، هیچ نیە، لێی گەڕێ!» هەناسەش هەڵدەکێشێ.

«پووریێ، ئێستا کە قەرارە بیڵێی هەموو شتێک بڵێ ــ یەکجاری خۆت نەجات دە. بنیادەم خۆ نابێ هەموو شتێک لە دڵی خۆیدا عەمبار کا. لەمەوبەر ئەگەر لە بیرت بێ دەیانگوت خەوێکیش وا ئادەمیزاد دەیبینێ و ناتوانێ بۆ خەڵکی بگێڕێتەوە وا باشە بچێتە سەر لێوە جۆگەیەک و بۆ ئاوەکەی بگێڕێتەوە، مەینەتەکانی بە دەم ئاوەدا، هەتا لەگەڵ خۆی بیبا....»

پیرێژن چاوی بڕیوەتە سیمام، بە نیگایەکی پڕ لەسەرسوڕمانەوە. دەڵێ:«سوبحانەڵڵا! ڕاست لە نێوەڕاستی کتێبی دڵمەوەت گوت، کاکە، لە کوێوە زانیت!؟»

«چی؟ خۆ من هیچم نەگوت... .»

«ئێستا پێت دەڵێم... لە خودا پەنهان نیە لە عەبدیش با پەنهان نەبێ. بەڵێ، بیرم لەمە دەکردەوە. چیت لێبشارمەوە کاتێ بیستم مامۆستا قسەیەکی ئاوای کردووە کەوتمە بیرەوە و هەزار و یەک فکر و خەیاڵم بە دڵدا هات... خودایە، لەسەرم بە گوناح نەنووسی!» (سەری بەرەو ئاسمان هەڵدێنێ و چاوەکانی هەڵدەخڕێنێ). «بەڵام ئەمەش بڵێم لە دەمی خۆیم

کوردیکا @kurdica

نەبیستبوو؛ چوومە ماڵی مام عەزیز ـ باوکی ئـەو رەحیمـی حـازری ـ زۆر جاران دەچووم... پیاوی چاک بوو... بە رەحمەتی خودا شاد بـێ، لەگـەڵ مردووی گوێدێران. لە نێو قساندا... پرسیارم لێکرد ـ زۆر سەرسـەرەکی ـ لێم پرسی ئاخۆ مامۆستا، قسێکی وای کردووە یا بۆی هەڵدەبەستن؟ گوتی: «گوتنەکەی کە گوتوویەتی، ئەمن بۆخۆم لە دەمیم بیست... پێـرێ شـەوێ دوای نوێژی خەوتنان گوتی: خەریکی حەدیس خوێندن بوو نازانم چۆن بوو باسی ئەم دووانە کرا. بەڵام پێم وایە هێندێک تووڕە بوو، لە رقهەستاویدا گوتی ئەگینا مەبەستێکی نەبوو.» پاشان گوتی ـ مام عەزیز دەڵێم ـ گـوتی: «خوشکە زلێخا بە دڵی مەگرە راستە برازای تۆیە، بەڵام ئێمەش بێگانە نین؛ لە گوندێکی چکۆڵەی وەک ئێرە هەمووومان پێکەوە بە جۆرێک خزم و کەسی یەکترین، هەمووومان بنەماڵەیەکین. پێت ناخۆش نەبێ، لە حەق لانەدەین، کچە ئاوی لە ئاوەڕۆ دەرکردووە ـ ئێستا بۆ دەڵـێم کچـە و ناڵـێم پیـاوە؟ لەبـەر ئـەوە تـۆ بۆخـۆت ژنی، دەزانی، ئـەو ئاکارانـەی لـە کـچ و ژن ناوەشێنەوە و زەنندەن بۆ کۆمەڵـی پیـاوان بـەو ڕادەیـە ناشـیرین نـین. دروستە، ژنی جەحێڵ و کچ داری میوەن و هەموو رێبوارێک بەرد یا پـلاری تێهەڵدەکا، بەڵام ئیدی نەمانبیـستبوو پیـاو داری میـوە بـێ و ژن پـلاری تێهەڵکا. کچە، پەرژین بێ، حەیا و شەرمی فڕێ داوە؛ هەر ئەوەندە مـاوە، بیلاتەشبێ، داوێنی کراسەکەی بەسەریدا کا و لە نێـو کووچـە و کـۆلاندا وەڕێکەوێ و ـ دوور لە رووی تۆ ـ چەپڵە بەحـەدەبی لێـدا و حـەلوا بکـا! حەوسەلە بە ئەولیا و پیاوچاکانیش ناهێڵێ ـ چ بگا بە مامۆستا و کەسانی وەک ئەو. لەو لاشەوە کاک کـلاولارە، کـە ئـەو فرمایـشتانە دەفـەرموێ! مامۆستا قسەی ناحیسابی ناکا، دەڵێ دەتەوێ بیخوازی بیخـوازە، شـەرع ئیزنی داوە، هەرچەند ئەتۆ وزە و توانای بەخێو کـردنی دوو ژنـت نیـە و بۆخۆت سەرباری ئەو ژنە داماوەی دیکەتی ـ بەو حاڵەش ئـەلحوکمو لیللا،

@kurdica

دەتەوێ بیخوازی بیخوازە، مارەی کە... ئیدی ئاوا «نێریوبەرانی» نا. خەڵک خاوخێزانیان هەیە، کچیان هەیە، کوڕیان هەیە. ئەودەم کاک کلاولار لە وڵامدا چ دەفەرموون؟ فەرمایشت دەکەن کە بەڵێ، باوکی وەسیەتی بۆ کردووە کە نەکا نەکا ـ هەرکە مەلا مارەی بڕی ئیدی تەواو بوو ـ تامی خۆشی کارەکە لە حەرامییەکەی دایە ـ تامی میوەی دزێتی لەگەڵ میوەی باغی خۆت جیاوازە، تمەنی سەت تمەنیان فەرقە ئەم دووانە بە یەکەوە! بەڵێ، ئەتۆ بی تووڕە نابی؟ ئەگینا وەباڵ بە گەردنم مامۆستا قسەی ناحەق ناکا ـ قسەی دڵی هەموومان دەکا... .»

«بە کورتی، کوڕی خۆم کە تۆبی، هاتمەوە ماڵێ؛ لە دڵی خۆمدا گوتم وەکوو شتێ قسەیەکی خراپیشی نەکردووە، مامۆستا. من کە ئەم گشتە دەوا و دەرمانە دەزانم بۆچی بۆخۆم دەرمانداوی نەکەم؟ من کە هەمیشەی خودا خۆم سەرکۆنە دەکەم و دەڵێم بە دەستی خۆم چیم کرد لە خۆم ئەستۆ و رانم شکێ ـ ئاخر بۆخۆم گەورەم کردبوو ـ ئێستاش هەر بۆخۆم سەری بە گۆمدا دەکەم: تۆزێک «دەرمانڕێوی» لە چێشتەکەی دەکەم وەسسەلام ئاوێ بێنە دەستان بشۆ ـ دەڵێم: «ژان»ی کرد و مرد، سوڕی دەخەمە ژێر دوو بەردەوە... مامۆستاش خۆ گوتوویە، خوداش بۆخۆی ئاگادارە ـ ئایی! ماشەڵڵا لە قودرەتت خودایە، هەر ساتێ لە تەمەن بۆخۆی ئەزموونێکە!»

هێندێک رادەوەستێ و پشوو تازە دەکاتەوە.

«بەڵێ، کوڕێک کە تۆبی، ئەو شەوە خەونم دی ـ ئەو شتەی دەمەویست بیڵێم ئەمە بوو... لەبەر قودرەتت مرم خودایە ـ خودایەتی هەر لە خۆت دەوەشێتەوە!»

ئیدی درێژە بە داستانەکە نادا، دەڵێی دیسان پەرت بووە. لێیدەپرسم:

«خەونت دی؟»

«بەڵێ، خەونم دی، ئەویش چ خەونێک! لە خەونمدا هەر لەو جێگایە دانیشتووین ـ لە هەمان ماڵدا ـ ئێستا لە خەوەکەدا دەزانم کە رەحمانی خودالێخۆشبوو مردووە... .»

«لەگەڵ کێ دانیشتبووی؟»

«ئێ، نەمگوت! هۆشم برا ـ لەبیرم چوو! لەگەڵ بلبلی بابانوێران، دایکی سوێسنەی جوانەمەرگ... بەڵێ، دانیشتبووین، سوێسنە بەرمەمکان بوو... لە لانکەکەیدا خەوتبوو ـ ئێمەش دانیشتبووین وەکوو شتێ ماش یان نیسکمان دەبژارد ـ چاک لەسەر هۆش نیم ـ بلبلی بابانوێرانیش بە سۆزە گۆرانی دەگوت ـ وەک هەمیشە ـ وەکوو هەموو دایکانیش جارناجارێک بە لاقی لانکەکەی رادەژاند. کاکە ئێستا چۆن تۆ دەبینم ئەویش ئاوا دەبینم: دیتم دەستی درێژ کرد سەرلانکە کەتانەکەی کە لەبەر مێشومەگەس بەسەر لانکەیدا دەدەن ـ بۆخۆشت دیتووتە، لاداو تەماشایەکی منداڵەکەی کرد ـ منداڵە بە قودرەتی خودا لە خەودا پێکەنی... وەکوو فریشتەیەک... دیتم دایکە دەستێکی لە سینگی کوتا و گوتی:«ئای لەسەرت گەڕێم. . ! کوێر بێ ئەو کەسەی چاوی دیتنی تۆی نیە!» ئەمن دەڵێی لە خەوەکەدا تێکچووم، لە دڵی خۆمدا گوتم بێگومان مەبەستەکەی منم!! بەڵام خۆمن منداڵم لە گلێنەی چاوم پتر خۆش دەوێ!... ئەوی راست بێ، کاکە، لە خەوەکەدا لە دڵم نەگرت ـ ئەمە ئیدی باش دەزانم. گوتم: «یا حەزرەتی غەوس!...» ئیدی نازانم چۆن بوو، ئاخۆکەسێک بانگی کرد ـ کە من گوێم لێنەبوو ـ یان چۆن بوو، دیتم بە پەلەپڕووزە هەستا پێ. گوتی: «دادە، بە قوربانی ئەو چاوە جوانانەت بم، ئیستێک ئاگات لە سوێسنە گیان بێ هەتا دێمەوە!» رۆیشت، بەڵام هێشتا نەگەیبووە بەر دەرگاکە دیتم بە تاڵووکە، گەڕاوە. گوتم:«چیە، چیت لەبیر چووە؟» گوتی: «نا، گوتم ئێستا کە هەر دەچم پەڕۆکانیشی با لەگەڵ خۆم بەرم لەسەر جۆگە بیانشۆم...» باشم لەبیرە،

هەر دەڵێی ساعاتێک لەمەوبەر بوو... پەڕۆوپاڵەکەی هەڵگرت و ڕۆیشت... دانیشتووم دیتم، هەمیسان گەڕایەوە! لە دڵی خۆمدا گوتم ئۆئۆ ئەم ژنەش لە کەللەی داوە ـ هۆش و گۆشێکی دروست و حیسابی نیە. گوتم: «دیسان شتێکت لەبیر چوو!؟» گوتی: «نا، دادە، دەمەویست بڵێم ئەمانەتت سوێسنە گیان بێ؛ بۆخۆت دەزانی لە دار و نەداری دونیا خودا شک دەبەم و ئەم مناڵە ـ ئەویشم بە تۆ ئەسپارد!» ئەمن دەڵێی، نارەحەت بووم، لە دڵی خۆم دا گوتم، ڕاست دەکەن وەڵڵا، دەستی هێندێ کەس نمەکی نیە؛ دەڵێی بیست و چوار سەعاتەی خودا بۆخۆی ئاگای لە مناڵەیە! بۆخۆشی نەیبینێ هەموو کەس خۆ دەیبینێ، بیست و چوار سەعاتەی خودا بە باوەشی منەوەیە... ژنە لە کەللەی داوە!

«ئەڵلاهوئەکبەڕ... دانیشتووم، دەبینم سەر لە نوێ پەیدا بۆوە... لەدڵی خۆمدا گوتم با بزانم ئەم جارەیان دەیەوێ چ تەشەرێکم پێدادا!... خودالێخۆشبوو وەکوو لە دیوەکە دەرنەکەوتبێ و درێژەی بەو قسەیە دابێ کە بە منی نەگوتووە یا من گوێم لێنەبووە گوتی: «بەڵێ، دادە، جەحێڵییە و هەزار هەڵسوکەوت... بۆخۆت خۆ دەزانی...!»

«ئێستا تۆ بڵێی باسێ لە جەحێڵی کراوە، حاشا! ئەمن دەڵێی، واقێکم بردەوە، ئاخر من خۆ شتێکم نەگوتبوو، باسەکە باسی جەحێڵی نەبوو... لەپڕیش لە خەوەکە ڕاپەڕیم! هەوا هێشتا تاریک بوو؛ گوتم بیسمیللا! خودا وەخێری گێڕێ...! ئیدی خەویشم لێنەکەوتەوە... .»

«ئەدی پاشان؟»

«پاشان ئیدی هیچ... خۆ روونە... چوومە بیرەوە... ئەی خودا، ئەی پێغەمبەر ـ ئەم خەونە چی بوو! ئەم ژنە کە لەم ماوە درێژەدا نەهاتبووە خەومەوە چۆن بوو وا ئێستا لەپڕ قوت بۆوە! فکرم کردەوە، دیسان فکرم کردەوە... دیتم ئای، باسی هەمان دەرمانە کە گوتم! ئێستا ئەوە سوێسنەی

کوردیکا @kurdica

قوڕبەسەریش لـەو لامـەوە خـەوتووە ـ بـە خەیاڵـی ڕەحـەت... سـەرت نەیەشێنم، بەیانی زوو لەگەڵ ماڵاتەکەم تێکەڵ مێگەل کـرد بییـسمیللایەکم گوت و تێم قووچاند بۆلای ماموٚستا ـ سـڵاوم کـرد، گـوتی: «وەعەلـەیکی سەلام... ها، خێربێ... چۆنە ئەوە لەم کـاتی ڕۆژەدا ـ شـتێک ڕووی داوە؟» گوتم: «خێر دەبێ ئیشەڵڵا، نەخێر هیچ ڕووی نەداوە... کارێکم بە تۆ بـوو» گوتی: «فەرموو دانیشە... .»

«دانیشتم؛ مەلاژن چای هێنا... خواردمەوە، بێ تۆ ناخۆش... مەلاژن ڕۆیشت. ئەو کاتانەی کەسێک دەهاتە لای ماموٚستا مەلاژن و کچـەکانی لـە دیوەکە دەچوونە دەرێ... دەبێ وابێ، ژنە، پیاوە، پرسیاری شەرعی هەیـە ـ دروستیش وایە، نابێ کەس لە دیوەکە بێ، بەڵـێ، کـوڕێکی کـە تـۆ بی خەونەکەم بۆ ماموٚستا گێڕایەوە، هەر بەم چەشنەی کە ئێستاکانێ بیستت ـ باسـی «دەرمـان»ەکەشـم کـرد. ماموٚسـتا بـڕێکی فکـر کـردەوە... چـوو دەبیرانەوە... پاشان سەری هەڵـێناو گـوتی: «ئەستەخفیڕوڵـڵاهو ڕەبـبی وە...» دیسان هێندێکی فکر کردەوە و فەرمووی «ئیـشەڵڵا خێـر دەبـێ، بـە خەیاڵی ئەو مەسەلەوە خەوتووی، فکرت پێوەی خەریک بووە بۆیە خەونت دیتووە ـ زۆر فکری خۆتی پێوە خەریک مەکە، من ئەگەر شتێکم گوت لە ڕق هەستاندا و لە ڕووی خێرخوازییەوە گوتم ئەگینا حیسابی ئەم جۆرە شتانە بە دەس ئێمە نیە... ئێمە عەبدانی خـوداین ـ خـودا بۆخـوی مەسـڵەحەتی عەبدەکانی باشتر دەزانێ. زۆر خۆت ناڕەحەت مەکە، خەریکی کاری خـۆت بە، تۆ زەحمەتی خۆت کێـشاوە، ئـەوەی پێویـستە گوتووتـە، تـەکلیفت لەسەر خۆت هەڵگرتووە... لەسەر تۆ گوتن بووە ـ وەکـوو مـن... حوکمـت بەسەریان دا نەبووە. ئێستا ئەوان گوێ نادەنێ با نەیدەن. ئێمـە لـە ڕووی خێر خوازییەوە گوتمان ـ با لە گوێی نەگرن، دووکەڵەکەی دەچێتە چـاوی خۆیانەوە ـ بۆخۆیان دەبێ وڵام بدەنەوە. ئەتۆ زۆر خۆت ناڕەحەت مەکـە،

@kurdica

هەتا بزانین خودا چ پێش دێنێ... بەڵام دیسانیش، جارجارە لە کاتی خۆیدا بە گوێیدا بدە ـ بە گوێی کچەدا بخوێنە، هەرچێک بێ پووری ئەوی، لە هەموان لێی نزیکتری، گەورەت کردووە، بە خوو خدەی شارەزای... ئاکار و زەینی ئادەمیزادیش هەمیشە لەسەر قەرارێک نیە... وەکوو ئاوی دەریا وایە، جارێک لەسەرێ جارێک لە خوارێ، جارجار فەرتەنە جارجار هێور، شایەدیش رۆژێک خودا رەحمی کرد و کەوتە سەر رێگای راست، خودا ویستی و بۆ رێگەی راست هیدایەت بوو... ئەحمەدیش هەروا... ئەو فەقیرەش شایەد ئەو شەیتانە رەجیمە نەبێ کە ئێمە پێمان وایە... هەر چۆنێک بێ بەندەناس خودایە!...»

به کورتی، سەری کوڕی خۆم نەهێنمە ئێش؛ کوڕێکی کە تۆبی، هاتمەوە ماڵێ... ئێستا ئیدی تەواو سووک بووم، وەکوو نەخۆشی گرانەتێم گرتبێ و ئارەقەم کردبێ... دانیشتم، کڵاوی خۆم کردە قازی، دیتم بەینەڵڵا مامۆستا راست دەکا: دیتم چ بکا کڵاولاری کڵۆڵ، دانیشێ ئاو دەیبا، هەستێتە پێ گورگ دەیخوا؛ تف بۆ سەرێ حەوا دا سمێڵە، بۆخوارێ ردێنە ـ ئەو بێچارەیەش لەم بەینەدا گیری کرد بوو، ئەگینا ئەویش، تۆبلێی، خەیاڵی زۆریش رەحەت نەبوو: ژنی هەبوو، منداڵی هەبوو، خەرجی هەبوو. بەڵام کاکە قسەکانی پیاوی دەتەقاند: دەیگوت لە وڵاتانی دیکە ئەم شتانە عەیب نیە: «نیکاح! ئەستەخفیروڵڵا، نیکاح چیە؟ مارە کردن!... پەحا!... مارە کردن چیە؟! ئەم پیر و پاتاڵانە ئەمانەیان لە خۆیانەوە دەرێناوە، هەتا خەڵک برووتێننەوە (یانی مامۆستاو خەڵکی دیکە ـ چاوت لە قسەیەتی، کاکە) ئەگینا ژن و پیاویش ـ پەرژین بێ وەکوو حەیوانات نیازهایەکیان هەیە ـ مەگەر حەیوانات لە مامۆستا و من و تۆ ئیزن وەردەگرن!؟ ئەوانیش وەکوو ئێمە خودا دروستی کردوون، مەیلیان لێبوو، بەرەزامەندی، نیازەکانیان دابین دەکەن و لەسەر جێگای خۆیان دادەنیشن،

کاری خۆیان دەکەن... مارە کردن! نیکاح! ئەمانە ـ پەرژین بێ ـ قسەی قۆڕن!» ئێستا ئەمانە بە چ جۆرێک دەڵێ ئەوە با بمێنێ. «هەوا» کەی دەمگوت ئەمە بوو ـ بەر لەمە قسەی لە «حکوومەت» و «سەربەستی» و چووزانم «حەق و حۆق»ی ئینسان دەکرد، ئێستاش ئەم «هەوا»یەی لێدەدا! بەڵێ... بە کورتی کۆسە چوو بۆ ردێن سمێڵیشی لەسەر دانا... .»

«چلۆن؟»

«باشە ئیدی... سبەی یان دووسبەی بوو کە دیتم کلاولارخان تەشریفی نامەبارەکی هێنا... گڵ خەبەری بۆ نەبا! بۆ کوێ؟ ـ بۆماڵی ئێمە... زۆریش بە سانایی و رەحەت، وەکوو ماڵی خۆی بارگەوبنەی لێ بە حەرز دادا ـ دەتگوت سەد ساڵە لە تەڕی خواردوویە و لە ویشکی لێی نوستووە!

مەبارەکە! ئەمن دەڵێی... تێماوم! چی بڵێم، قیژە و هەرا ساز کەم، شەڕو کێشە و لێدان و پێ دادان وەڕێ خەم...! تێماوم ـ دەڵێم: «ئەحمەد خودا هەڵناگرێ؛ کچۆڵێ، خودابەردار نیە، پێغەمبەر قەبووڵی ناکا؛ لە ئەلحانڕا بەرد لە جێی خۆی راست دەبێتەوە و تف و نەحلەتتان دەکا، ئێستا دەتانەوێ بە عالەمی ئاشکرا دەپاڵ یەک خزێن! ئاخر شەرمێک، حەیایەک... ئابروویەک، خودایەک، پێغەمبەرێک!»

«کابرای لەندەهۆر زۆر رووهەڵمالاوانە دەگەڕێتەوە و دەڵێ... لاحەولەوەلا... تۆبڵێی بڕە حەیایەک، تۆزکاڵە شەرمێک لەو چاوانەیدایە، حاشا!... کچەش ئیدی لەو خراپتر: وەها دمم شڕ ببو کە شای لە ئەسب دێنا خوارێ ـ دەگەڕێتەوە و دەڵێ: «باشە، با ژنان و کچان تف و نەحلەتمان کەن ـ خودا لە دەمیان بڕوانێ!» بڵێم چی وەڵلاهی، راستیان گوتووە «ژنی سەڵیتە سەگی بێ قەلاتەیە!»

«ئەحمەد چی گوت؟»

«هیچ ، چی بڵێ لە خوشیان خەریک بوو باڵ بگرێ: دەیدی دوو ژن بە خاتری ئەو ، بە خاتری قەد و باڵای ، ئەگەر بلوێ یەکتری وەکوو دوو دڕندە لەتوکوت دەکەن... کاکە ، ژنانیش هەر ئاوان ، کاتێ بزانن چەن پیاو بە خاتری ئەوان تێک بەردەبن و یەکتر لەتوکوت دەکەن لە خۆشییان پێیان وە حەرز ناکەوێ ـ چی بڵێ چاکە؟ ـ هەر لەو قسانە ـ هەمان «هەواکانی» کە لێی دەدا. دەڵێ:«مەگەر خەڵک دەڵێن چی؟ ئەمە چ پەیوەندێکی بە خەڵکەوە هەیە ، چ کاری بە خودا و پێغەمبەرە... خۆ پیاومان نەکوشتووە ، ماڵی کەسمان نەبڕیوە... تۆ رازی ئەمن رازی ـ دارێک بە... ی قازی! مەگەر مامۆستا دەڵێ چی؟دوو کەلیمە عەرەبی شەل و کوت (ئەستەخفیرولڵا) کە بۆخۆشی ماناکەیان نازانێ کاوێژ دەکا و دەپرسێ: ئەتۆ رازی؟ دەڵێم بەڵێ ، لەو دەپرسێ ، ئەتۆش رازی؟ دەڵێ بەڵێ ـ ئەوجار ئەمە لە ناخی دڵەوە دەڵێ. نەوەکوو کچانی دیکە کە ئەگەر بە شلی بیڵێن لە ماڵێ دارکاری بکرێن ، هەتا ئەو بەڵێ تراوەش دەڵێن سەدجاریان کوتاون. بەڵێ ، رەزامان هەیە بۆیە بە یەکەوەین ، ئەگەر نەمانبوایە ئیدی لێرە نەدەبووین ـ ئێستا حوکمە ، دەبێ مامۆستا ئاگادار بێ و بەو دوو کەلیمە عەرەبییە! بە خەڵکی چی...!» کاک ئەحمەد دەیگوت لە جێگاکانی دیکە بەم جۆرەیە ـ ئەتۆ لەوێ بووی ، عەجەمستانیش بەم جۆرەیە؟»

«نا ، پووری قسەی قۆڕی کردووە... بە بۆچوونی من ئەوێ زۆر رێکوپێکترە: لەوێ مارەبڕین قەباڵەی هەیە ، وەکوو ملک ـ قەباڵەی ملکت خۆ دیتووە؟... وەکوو ئێرە نیە قەباڵە و سەنەدێک لە گۆڕێدا نەبێ. لەوێ قەباڵەیە؛ ژن و پیاو خوارەوەی ئیمزا دەکەن ، یان قامکی پێوە دەنێن؛ شایەدەکانیش ئیمزای دەکەن. قەباڵەکان دووانن ، یەکیان دەدەنە دەست ژن ، یەکیشیان دەدەنە دەست مێرد ، هەموو شتێکیشی تێدا نووسراوە ، مەسەلەن مارەیی ئەوندە ، ئەوەندە ئاڵتوون... بە کورتی هەموو شتێک... .»

«چەند چاکە!»

«نا، پووریّ، قۆڕیات دەڵیّ... بڕیّ شتی لەم و لەو بیستووە... نا، هەموو جێیەک بەم جۆرە نیە... دەی بەڵیّ؟»

«بەڵیّ، بە کورتی هات و شڕەوبڕەی بڵاو کردەوە... ئەلحان ئەمن چی بکەم! چ کارێکم پێدەکریّ... هیچ! ماڵەکە بە شەرع نیوەی پتری هی کچەیە ـ کچەش بەو جۆرە... دەڵێم باو نیە، دەڵیّ: «وردەوردە دەبێتە باو، پووریّ. زۆر شت لە هەوەڵەوە باو نەبووە، بەرەبەرە بۆتە باو!»

«بەڵیّ، ئێستا ئەمن چ دەتوانم بکەم، هیچ! ئەلحوکمو لیللا، شڕەوبڕەم هەڵگرت و بردمە دیوێکی چکۆڵە کە لەبەر درگاکە بوومان و زستانان ئاموور و پێمەڕە و بێڵە و ئەم جۆرە شتانەمان لیّ دادەنا ـ نەمدەویست لەگەڵ ئەوان لە ژێر میچێکدا بم و خۆم مواخیزەی ڕۆژی قیامەت کەم... .»

«ئاوا بە هاسانی مەیدانت چۆڵ کرد!؟»

«بەڵیّ ئەی چی! دەڵێی نەمکردبا ـ دەڵێی دانیشتبام دوور لە رووی تۆ پەڕۆی شتەکەشیانم شتبایە! نا ئیدی ـ ئیدی هەتا ئێرەم هاتبوو... ئای ـ هەتا... ئێرە!» دەستیشی دێنیّ هەتا ژێر چەناگەی، سەر قوڕقوڕۆچکەی، یانی ئیدی لێوڕێژ بووە، لەبەر مەینەت، جێی نەماوە. «گوتم بە جەحەندەم؛ ئەم دۆیە، قابیل بەو دۆدانەیە... نەقڵی ئێمە بۆتە ئەو نەقڵە لە خلەیان دەدا بلە لە تاسەوە دەچوو! بە من چی، چاویان دەریّ ـ جەحەندەمیان پیّ پڕ بیّ... خۆ من ئیدی دایەنی دڵسۆزتر لە دایک نیم ـ ئێستا دانیشم، پەرژین بیّ، دوور لە رووی تۆ، پەڕۆی شتەکەشیان بشۆم ـ بەجەحەندەم!... وەلحاسڵ، ڕۆیشتم.»

«دەڵێم: «کە وابوو ڕۆیشتی! زۆر باشە پووریێ؛ دەزانم ئەمشەو تەواو ماندووم کردی - لە سیماتڕا دیارە... پاشماوەکەی هەڵدەگرین بۆ کاتێکی دیکە. منیش ماندووم، شەویش درەنگ بووە!...»

«بەڵێ، کوڕم، خودا دەست بە عومرت گریێ... ماندووم... . زۆریش ماندووم - هەڵیدەگرین بۆ وەختێکی دیکە!»

# 9

لە پەنای دارگوێزەکـەی روو بـە رووبـار راوەسـتاوم و چـاوم لـە قەبرستانی بەرامبەرم بڕیوە ـ پێشەوەم قەبرستانە، دواوەشم قەبرسـتان. دەمدەمانی ئاوا بوونی رۆژە. خەمێکی تراو ـ دڵهەژێن و بەزەبزوێن ـ بـەرە بەرە وڵات دادەگری ـ کاتی ئەمەیە سروشت لە ناخی خۆی رۆچێ. دارەکـان هەروا سەر سەوزن، باڵابەرز و بەدەماخ؛ بە پێچەوانەی نیوەڕۆیان کە سەر دادەخەن و وێژنگ دەدەن... رۆژ لەسەر تەپڵە سەری کێو رۆنیشتووە ـ کـەو تـووە؟ چەشـنی ئاوێنەیـەکی شـکاو لـە نێوەراسـتڕا دوو لـەت بـووە، گەڕانگەڕەکەی بڕگە بڕگە ـ نیوەکەی دیکەی لە شیوەکەی پشتەوە کەوتووە؛ بەو حاڵەشەوە سووراو و سپیاو بە لێو و روومـەتی کێوەکـەدا دەسـوێ و بۆخۆشی وەکوو کیژۆڵەیەکی تازە پێگەیشتوو، کە تەوس یان گاڵـتەیەکی ناحەزی بیستبێ، هەتا بناگوێچکەی سوور هەڵگەڕاوە... .

پێشەوەم قەبرستان، پشتەوەم قەبرستان، تەواوی گوندەکانی وڵاتی ئێمە بەو جۆرەن: ژیانی ئاوایی بە دەوری قەبرستان یان نێوان قەبرستاندا تێپەڕ دەبێ، هەر دەڵێی خەڵکی مەڵبەندی ئێمە بەبێ خوێنـدن دەزانـن کـە مەرگیش یەکێک لە دیاردەکانی هەبوونە و دەبێ ژیانیان بـە دەوری ئـەودا

هەڵبدا، دەبێ مردووەکانیشیان لەبەر چاوان بن، بۆوەی نەکا خودای نەکردە مزەڕەتێکیان پێبگا. ئەم دابە ڕەنگە یادگاری چاخەکانی بەر لە مێژوو بێ، ئەو کاتەی وا لە کێشە و هەراکاندا بۆ سووکایەتی هێنان بە سەر خەنیم، باوک یان دایکیان لە قەبر دێنا دەرێ و ئێسقانەکانیان دەسووتاند! «باوکت دەردێنم!»، «باوکت دەسووتێنم!» «باوک سووتاو...!»واتە ئەوەندەی پیاوەتی نەبووە کە چاوەدێری ئێسقانەکانی باوکی بکا و خەنیم ئێسقانەکانی دەرێناوەتەوە و سووتاندوویە - لەبەر چاوی دۆست و دوژمن!

شایەدیش ئەم نزیکایەتییە لەگەڵ مردووان بەم مەبەستە بێ کە لە ژیاندا داوای یارمەتییان لێبکەن و لە کاروباری رابردووی ئەوان ورە وەر بگرن... وەلحاسڵ، لە مەرگ ترسێکیان نیە، گوندییەکانی مەڵبەندی ئێمە - لەگەڵ ئەودا خوویان گرتووە، لە حاڵێکدا ئێمە بڕوامان وایە ترس لە نەبوونە کە ئازادی لە بووندا دەفەوتێنێ... . ئەدی بۆچی ئازاد نین؟... خێرا لە خۆم دەپرسم: لە چی؟ لە گەلێ شت ئازادن... تەنیا گرفتیان نەزانییە و بڕوا بە پڕوپووچ، ئەگینا ئازادن - ناچارییەک، تاڵووکەیەکیان لە هیچ شتێک دا نیە... .

دەڵێی ئێستاکانێ لە هەموو ساتێکی زەماندا دەبێ خاڵێکی دەسپێک هەبێ بۆچوونە نێو داهاتوو، راوەستان و مانەوە لە یەک جێگا بە فیرۆدانی کاتە - واتە بە فیرۆدانی تەمەن... لە هەموو شتێکدا هەر ئەمەیە، دەبێ هەرواش بێ... بەڵام گوندەکانی مەڵبەندی ئێمە، لەم بابەتەشەوە چەشنی زۆربەی بابەتەکانی دیکە دەگمەنی پشتگری ڕێسان: ئێستایان هەمان داهاتووە، داهاتووشیان هەمان رابردوو، رابردووشیان ناسێنەری ئێستا... وەکوو رابردووی ئادەمیزاد کە ناسێنەری کەسایەتی ئەوە؛ داهاتوویان شڕترە لە ئێستایان و ئێستایان پڕتووکاوتر لە رابردوو - خۆشیان شڕۆڵتر لە

@kurdica

هەرسێکیان ـ هەم لە ڕواڵەتدا هەم لە دەروونداـ... زەمانیش، ئەم کابرا پیرە کوێرە ڕێبوارە، دێ و دەڕوا، کاریشی بەوان نیە ـ بە ڕێگای خۆیدا دەڕوا، تەنانەت بە ناوی ڕێبوار، بە پێچەوانەی داب و نەریت دەست بۆ کەس هەڵناهێنێ و کەسیش، بە پێچەوانەی ڕێورەسمی ئاوایی، فەرمووی ئاوێک و دۆیەکی ناکا: نە ئەمانە دەڵێن ماندوو نەبی، نە ئەو وچانێک دەگرێ هەتا لە ژێر هەیوانی ماڵێک یان لە ژێر سێبەری دارەکەیاندا تۆزێک وەحەسێ. دێ و تێدەپەڕێ ـ بە چەشنی جەندەرمەیەک کە مەخسەدەکەی گوندێکی چەور و قەڵەوتر لە گوندەکەی ئەوان بێ... هەم ئەمانە خۆیان دەشارنەوە، هەم پێسپێراوی ئەو بە تاڵووکەیە و کاتی ئەمەی نیە ڕاوەستێ و بحەسێتەوە، لەم بەینەشدا هەواڵێک لە ئەحواڵی جێگاکانی دیکەی دنیا بەوان بدا ـ ڕێبواری بە تەواو مانایە: ڕادەبرێ بێ ئەوەی وچانێک بگرێ.

بەر لە ئێستا بەم جۆرە بوو، ئێستاش هەر بەم جۆرەیە... جگە لەمە کە بە پێچەوانەی پێشوو «پیرە پیاوە کوێرە» ئەلحان وچانیش دەگرێ، شتایەکیش دەڵێ ـ بەڵام کەس لە زمانەکەی ناگا... لەگەڵ تافی منداڵیم دەتوانم بڵێم هیچ فەرقێکی نەکردووە ئاوایی: بەر لە ئێستا یەکێک لە کێبەرکێیەکانی ئازایەتی و بوێری ئەمە بوو کە داواکار هەڵترووشکێ و سەر بخاتە ژێر چەقۆی کۆنی کابرای سەرتاش هەتا بە ویشک و برینگی بیتاشێ و مەرجی کێبەرکێیەکە ئەمە بوو کە ئۆفی لێنەیە و نێوچاوان تێک نەنێ! ئێستاش هەروایە، هەرچەند نە بەو ڕواڵەتە... بەر لە ئێستا جندۆکە و پەری، ڕاستەقینەیەک بوو ـ ئێستاش هەیە، بە هەمان ڕواڵەت و بە هەمان چۆنیەتی. دایکان منداڵەکان هەر بەو چیرۆکانە دەخەوێنن کە دایکم منی پێدەخەواند و دایەگەورەم دایکمی پێخەواندبوو. جندۆکە ڕاستەقینەیەکە لە ژیانی لادێدا و بەرپرس و ئامرازی سەلماندنی زۆربەی کەمایەسییەکان

ـ لە مانادا تا رادەیەک یاریدەری «دەوڵەت». کارو باری ئاوایی بە بێ جندۆکە و پەری راناپەڕێ؛ چیرۆکی جندۆکە و پەری شەوچەلەی شەوانی زستانە... جندۆکەش وەکوو ئێمە ئافەریدەی خودایە؛ لە ئێمە باشترە ـ لە رەگەزی «لە ئێمە باشتران» (ئەوانگەل)ە... .

هەر پێرێ شەوێ سۆفی رەسووڵیان هێناوە بۆ ئاوایی، بە حاڵێکی زۆر شڕ و شپرزەوە... چ رووی دابوو؟ جندۆکەی دیتبوو؟ ـ جندۆکە؟ بەڵێ، جندۆکە. خەریک بووە لە «میراوا»ڕا بگەڕێتەوە، چووبوو هەتا ئەو مانگایەی لە میراوا کڕیبووی بێنێتەوە بۆ ئاوایی... وەدرەنگی کەوتبوو، تەنگی ئێوارێ گەیشتبووە «بیشوو» کە دۆڵێکی پڕ دارودرەختە. بە قودرەتی خودا لەگەڵ پێی‌نایە دۆڵەکە مانگایەکی کە تا ئەو کاتە وەک تولەی دەستەمۆ بە شوێنی‌دا هاتبوو، کوتوپڕ لە کەللەی دا: لەنکاو پەتەکەی کێشا، بە جۆرێک وەکوو «مۆزی» کردبێ و دەست دەکا، پەرژین بێ، بە لەقە هاویشتن. ئای خودایە، ئای پێغەمبەر ئەم ولاغە بۆ شێت بوو، چ شەیتانێک چوو لە کڵیشەیەوە...! بەکورتی ئەم بیکێشێ ئەو بیکێشێ، هەتا لە ئاکامدا مانگا توند خۆی راپسکاند و کابرا پیرەی راکێشا؛ پیرەپیاو لەبیریەتی ـ سەرمەقولاتێکی دا و بە پشتەوەدا کەوت، پشتەسەریشی بە تاشەبەردێکدا کەوت و لە هۆش چوو!

بۆخۆی نازانێ، خودا دەزانێ چ ماوەیەک لە هۆش چوو، کەنگێش وەهۆش هاتەوە. کاتێ وەهوش هاتەوە و چاوی کردەوە، جووتێک سمی یەک دوو بستێک لەولای سەریەوە چاو پێکەوت...! ئێستا هەروا لەسەرپشت کەوتووە، پشتەوقەفار... ئەستێرەکان دەبینێ... بەڵام تاریکەشەوە، مانگێک لە ئاسماندا نیە و دارستان رەش، جێی لێنەبێ وەک عەباکەی مامۆستا. هۆشی هەیە، ئەمانە دەبینێ بەڵام هێزی هەستانی نیە... ئێستا ئەم جووتە سمەش! لە بیریەتی لەو حاڵەدا خۆشحاڵ بوو، لە دڵی خۆی‌دا

گوتی، ئێ، زۆر باشە! حەیوانی فەقیر بە پێـی خـۆی گەڕاوەتـەوە! قـەت وانەبووە ـ ئەسپ بەڵێ، بەڵام مانگا... قەت نەبووە. ئەسپ لەگـەڵ مانگـا فەرقی هەیە: ئەسپ کاتێ سوارەکەی دەکەوێ ئەگەر رەسەن بێ، یـەک دوو هەنگاو رۆیشت دەگەڕێتەوە و لە پشت سـەری سـوار رادەوەسـتێ... بـەڵام مانگا... قەت نەبووە... ئێستاش ئـەم مانگایـە گـەڕابۆوە و بـە سـەریەوە هەڵوەستا بوو!

خۆشحاڵ بوو... شوکری خودا! نازانێ ئاخۆ بە راستی ناوی خـودای هێنا سەر زمان یا نا ـ دروست لەسەر هۆش نیـە... درۆ بـۆچی، ناتوانـێ خۆی مواخیزەی دنیا و قیامەت بکا. بە کورتی، ئاغایەکی بە ماڵم، دەستی درێژ کرد هەتا پەتی مانگاکە بگـرێ، دەسـتی لـە سمـی حەیوانەکـە درا... دەستێکی بە سمەکاندا هێنا... دیتی... دیتی ئێ، خۆ سمەکان دەڵـێی سمـی بزنن! ترسی ڕێنیشت، سەری هەڵێنا، دیتی، چی دیت... جووتێـک چـاوی زەق! چاوەکان عەینی دوو کولێرەشەکرە ـ لەوانـەی وا لـە بـازاڕی شـار دیتوویە، گۆشەکانیش سوور و راکشاو!... هێشتا تەواو وەخۆ نـەهاتبۆوە کە کابرا لێی پرسی: «خێڵ» لە کام لاوە رۆیی...؟» نازانێ چۆن بـوو، بـەڵام خودای مەزن لە دڵی نا، هەرچەند تەواویش لەسەر هۆش نەبوو دەستی بۆ لای باشوور راداشت ـ واتە لەو لایەوە رۆیشتن. لەگەڵ ئەمە دەڵێ ـ ئەمەی ئیدی لە بیرە، لەسەر هۆشە ـ کابرا وەکوو دوژمنی بە شوێنەوە بێ بە غار دوور کەوتەوە ـ بۆلایەک کە ئەو نیشانی دابوو... .

بەڵێ، تۆمەز «خێڵ»ی ئەوانگەل بۆ جێگایەک خەریکی کـۆچ بـووە، ئەمەش لە خێڵ بەجێ ماوە و خێڵی لێ ون بووە... هەر ئەوەش بووە کە بـە قودرەتی خودا پاتاڵێکی ئاوا هێـدی و ئـەهوەنی سڵەماندۆتەوە، ئـەگینا پاتاڵـە، ئەشـەدوو، بـەین و بەینەڵـلا، لـە سـەگی دەسـتەمۆش گوێلەمستتربووە!

سۆفی رەسووڵیان لە «بیشوو» دیتەوە و بە حاڵێکی شپرزەوە هێنایانەوە بۆ ئاوایی: چارەڕەشە هەتا نزیک نیوەڕۆ هەر لەوێ مابۆوە: مانگاکە گەڕابۆوە بۆ میراوا بۆ ماڵی خاوەنەکەی هەوەڵێی، ئەویش بەم گومانە کە لە ئاوایی رای کردووە و گەڕاوەتەوە ماڵێ، سبەی بەیانی ئەو شەوە پەتەکەی دابووە دەست کوڕەکەی و ئەوی رەوانەی گوندەکەی ئێمە کردبوو. کوڕە لە هاتنەکەدا دەبوا بە بیشوودا تێپەڕ بێ و سۆفی رەسووڵی لەو حاڵەدا چاو پێکەوتبوو، هاتبووە ئاوایی ـ بە مانگاکەوە و هەواڵی هێنا بوو! بە کورتی، سۆفی رەسوڵی بێ‌ئەنوایان بە دارەتەرم هێناوە ـ چارەڕەشە دەمی خوار ببوو... ناردیشیان بە شوێن پوورە زلێخادا ـ پوورە زلێخاش چوو، کولاندووی گوڵی گۆزروان و شیری بزنی رەشی دەرخوارد دا و بۆ تاراندنی جندۆکەش لە بوومەلێڵی ئێوارێدا، هێندێکی تووکی پشیلەی رەش لە پێش درگای ماڵەکەیان سووتاند و خۆڵەمێشەکەی کردە ئاوەوە، ئاوەکەشی بە دەرک و لاشیپانی ماڵەکە هەڵپرژاند ـ بۆ ئەمین کردنەوەی ماڵەکە، نەکا جندۆکە بەجێماوەکەی خێڵ، خێڵەکەی نەدۆزیبێتەوە و سەری لێ‌شێوابێ و بیەوێ تۆڵە لە سۆفی رەسووڵ و بنەماڵەکەی بکاتەوە. لەگەڵ ئەوانەشدا پیاوێک دەنێرێت لە «سماقان» بڕێک «ئاوی تەزبیح» بێنێ، لە لای خەلیفە سمایل: خەلیفە سمایل مورشیدی دەروێشانە، ئەو کاتانەی دەچێتە جەزبەوە و حاڵ دەیگرێ ئەندامی دەکەوێتە لەرزین و لەو حاڵەتەدا تەزبێحەکەی لە مستیدا رێک دەگوشێ و بە قودرەتی خودا بە قەرا ئیستیکانێک ئاو لە تەزبێحەکە دەتکێ، کە دەرمانی هەموو دەردێکە!

پوورە زلێخا ئەم رۆژانە زۆر سەرقاڵ بوو، مەتەبەکەشی وەکوو جاران پڕ بوو لە جەماوەر. مەتەبەکەی پوورە زلێخا عەینەهوو دەزگای براله ژاپۆنییەکان: دەواو دەرمانێکی بە تۆ دەدا، دژەکەشی بە دراوسێکەت؛ ئەوەی دیکەی بە دراوسێکەت دەدا، دژەکەی بە تۆ: پیوی گورگی بە یەکێک

لە دوو «هەوێ» کە دەدا کە بە جۆرێک لە لەشی هەوێ دژەکەی هەڵساوێ ـ ئێستا ئەوەندی دەکرێ کەمیش، بە قەرا پەڕی مێش ـ هەتا لەبەر چاوی مێردە بکەوێ، هەنگوێن و میزی زارۆکی کچی نۆ مانگانیش بەم هەوێی دیکە، کە بڕیار بوو لەبەر چاوی مێردە بکەوێ، بە جۆرێک دەرخواردی مێردەی بدا هەتا لەبەر چاوی شیرین بێ! هەردووکیان دوعایان بۆدەکرد، ئەویش هەردووکیانی بە خودا دەسپارد، بە هەردووکیانیشی ـ جوێ بە جوێ، یەکەیەکە ـ دەسپارد کە لە بیریان نەچێتەوە دەبێ چی بکەن... .

لە هەوەڵەوە نارەحەت دەبووم، بەڵام ئێستا ئیدی خووم پێگرتووە و تەواویش ئۆگری ئەم شێوە پزشکییە بووم. ژنانیش تۆزە دوودڵییەک لە دەستوورات و راسپاردەکان دەرنابڕن. «ئەم تووکی وشترە لە پارچەیەکی سەوزەوە پێچە و بە کلاوەکەیەوە بدروو ـ ئیدی کارت نەبێ!» ئەمە تایبەتی منالێکە وا گەشکە دەگرێ و زۆری ئەزموون لەسەرە: وشتر هێدییە، هی مەکە و مەدینەیە... مەبارەکە! «ئەم پیوی ورچە دەکەیە نێو تاوەوە، هێلکەیەکیشی تێدا دەشکێنی؛ هێلکەوڕۆن ساز دەکەی، دەیدەی بە منالەکە... . ئیدی ئیشەڵلا، بە پشتیوانی خودا، ملی تەور نایبڕێ!»... . «بە باوکی بڵێ گیشکێکی بۆ بگرێ... گیشکەکە سەردەبڕی، بە گۆشتەکەی شۆرباوێکی بۆلێدەنێی، بە نۆکە سپیلکە ـ لێم حاڵی ـ نۆکە ڕەشکە نا! وریا بە، بە کوڕانی نەدەی...!» ئەمە تایبەتی ئەو کچۆڵانەیە کە تازە پێیان ناوەتە عادەتی مانگانەوە ـ بۆ ئەوەی کوڕیان ببێ... هەروەها تایبەتی سووزەنەکی کوڕان... .

پیرێژن چەند شەو سەری قاڵ بوو... ئێستاش هەروەها! ـ بەڵای لە ئاسمانەوە بۆدەبارێ ناشکوری نەبێ. ئەمڕۆ هەتا ئێستا چەند جاری ئەسپەندەر سووتاندووە، ئەمڕۆ بەتایبەت تەواو ئاڵۆزە ـ کاژیلەی بزنە مەرەزەکەی مردووە...! کاژیلەیەکی ئاوا جوان، بنیادەم دڵی نەدەهات

تەماشای کا.... هەتیوە خوێڕییە پێ دەنێتە جێپێی کلاولاری دایک لـۆتی... ئاخر ئەویش دوو ڕۆژ لەبەر مـەڕی بـوو، مەڕەکـەی بـردە نێـو دێبـەری کاڕووشەوە، پاتاڵی خەڵکی بێئەنوای قڕانتێخست! ئەگەر بزانی ئەو ڕۆژە واز و حاڵی ئەم دێیە چ بوو دادەنیشی و وەکوو ژنێکی کۆرپە مردوو زۆڕەزۆڕ دەگری. ئەو خودالێخۆشبووەش دوو ڕۆژی شوانی کرد ئەویش بەم جۆرە... جەنگەی نیوەڕۆ بوو کە دیمان هاواری لە نێو دێ گەڕا: «خەڵکینە، مەڕەکان کاڕووشیان خواردووە، وەفریام کەون!» ئەگـەر بـزانی چ ڕوویدا! خەڵـک وەها سەریان لێشێوا دەتگوت قیامەت ڕابووە؛ مامۆستا زۆر بە زەحمەت لە چنگ خەڵکی دەرێناوە، ئەگینا هـەر پیریـژن دەیانخنکانـد... وای خۆزگـە خنکاندبایان. زۆرێک لە مەڕەکان چەقۆیان نەگەیشتێ... بـەڵام کوتـانێکی خوارد، دایک لۆتی! هەر ئەوەش بوو ـ ئەمە کاری هەوەڵ و ئاخری بـوو ـ ئاخر شوانی پێ شوورەیی بوو، لـە خـوارەوە دانەدەنیـشت، لەسـەرێش جێگایان نەدەکرد. ئێستا ئەم هەتیوەش پێ دەنێتە جێ پێی ئەو. شەرت بـێ «شەرتە شوانەکەی» نەدەمێ ـ «ئەگەر بیدەمێ نەحلەت لەو بابەم!»

چەقۆی لێدەی خوێنی لێنایە، حاڵ و حەوسەلەی قسە کردنی نیـە. «بەرغەل» لە سارا گەڕاوەتەوە، بزنەگەل لە حەوشـە هەرایانـە، بـەرخ و کاژیلە کاڕوکووڕیانە... هەر چەند برسیش نین، لـەوەڕ تـەواو وەبـەر دەم دێ، بەرغـەلیش هـەموو ڕوژێ دەچێتـە سـارا... بـەو حاڵـەش بـەرخ و کاژیلەکانیان هێشتا لە شـیر نەگرتۆتـەوە ـ زۆرتـریش سـاوازێیەکانن... پووریش تەواو ئاڵـۆز و سەرقاڵـە، چـووە بـە شـوێن کچـە چکۆڵـەکەی حەسەندا ـ گلارە ـ هەتا بەڵکوو بتوانێ یەکێک لە کاژیلەکانی ئـەو بزنـە مەرەزەی وا دووانەی دیوە بخاتە بەر دایکی کاژیلە مردووەکە بۆوەی بزنەکە وشک نەکا... .

بنیادەم بڵێ چی - پیرێژن گوتەنی سەری سوڕدەمێنێ لە کارەکانی خودا! بۆ باوەڕ نابێ - دەبینم بەڵام بڕوام بە چاوم نیە... ئێ... هەر بە ڕاستی «هەڵیگرتەوە»!...

گلارە دەبینم، دەبینم کە دەست دەبا و لمبۆزی کاژیلەکە بەرەو گوانی بزنەکە ڕێنوێنی دەکا؛ بزنەکە دەبینم کە بۆن بە گلارەوە دەکا؛ گلارە وەکوو دایکێک کە منداڵەکەی دەشوا و بە قوربان و سەدەقەی دەبێ، خۆی بە قوربانی بزنە دەکا: «ئا بارەکەڵڵا! ها کچی چاک...! تەواو بوو!» دایکە جارناجارێک سەر وەردەگێڕێ، ئەو و کاژیلەکە بۆن پێوە دەکا، کاژیلەکەش سەری لەبەرزگی دایکی بێچوو مردووە دەکوتێ و دەنگەدەنگێک لە گەرووی دەردێنێ... .

لە هەوەڵەوە بزنەکە ئۆقرەی نەدەگرت، یەک دوو لەقەشی هاویشت... تەنانەت لەبەریشی هەڵات؛ بەڵام گلارە کە شاخی گرتبوو زۆر هاسان هێمنی کردەوە، ئێستا بزنە بێئەملاو ئەولا لینگی لێک بڵاو کردووە، کاژیلەش بێ دڵەکوتە شیرەکەی دەخوا، گلارە هەروەها ڕاوەستاوە. هەتا ئەمەی کە بزنەکە لاقێک بە سەر مناڵە زڕەکەدا هەڵدێنێتەوە و ڕادەگەیێنێ «شیر تەواو».

کاژیلەکە دەبینم دەکشێتەوە، سەر و ملی ڕادەوەشێنێ، وەکوو ئەسپێک کە هەتا ملی لە ئاو ڕۆچووبێ و ئاوەکە لە خۆی بتەکێنێ و پاشان هەڵبەز دابەزی مناڵانە، جارجارەش گەڕانەوە بۆلای زڕدایکە و یەک دوو سەر لەبەر زگی کوتان... گلارە، هەروا لە لای بزنەکەیە و دەست بە سەر و گوێلاکی دادێنێ.

کاژیلەکە ئێستاکانێ لە قەراغێک وێستاوە، دەم و لەوسی دەلێسێتەوە و بەڕواڵەت لە خەیاڵێکی خۆشدا لە خاڵێکی نادیار ڕاماوە... دەمی دەلێسێتەوە و لە دوورەوە بە زڕخوشکەکەی پێدەکەنێ، بەڕواڵەت.

@kurdica

بیر لە چی دەکاتەوە، بۆچی پێدەکەنێ؟ لەبەر چی جووجەڵە هەرکە سەری لە هێلکە دەرێنا پێدەکەنێ؟ بۆچی پێکەنینی لە چاوانڕدایە؟ بە چ هیوایەک هاتووە، بەڵێنی چ شتێکی بە خۆی داوە، چی دەبینێ وا بەم چەشنە پێدەکەنێ؟ ئەمانە خۆ داهاتوویەکیان نیە، هەتا وەکوو ئێمە بە تەمای پاشەڕۆژێکی پووچ زەردەخەنەیان بێتە لێوان، هەرچەند ئەم دوواڕۆژەش جگە لە یادی رابردوو شتێک نەبێ! ئەمانە خۆ رابردوویەکیان نیە، تەنانەت وەکوو ئێمە رابردوویەکی مێژوویی، بنەماڵەیی، کە بە یادی ئەو دڵیان خۆش کەن... نە شانامەیەک، نە ئیلیادێک... ئەگینا داهاتوو واتە پیری، یانی بێدەسەڵاتی و لەنێوچوون... داهاتووی ئەوان لە هی ئێمە خراپتر: ئەوجار ئەوان ئەگەر مێوینە بن، زاوزوو بکەن و لە ماوەی زگکردندا چەقۆیان لە مل حەرام بێ، دیسان لە دووا رۆژدا، کاتێ گەیشتنە پیری ناتوانن لەبەر چەقۆ راکەن و سەرەنجام دەچنە بەردەمی چەقۆ ـ ئیدی نە «تەقاویتێ»، نە مەرگیکی سروشتی، نە پیربوونێکی ئارام یان نائارام... کە وابوو ئەم پێکەنینە چیە!؟

پیرێژن سەرودڵخۆش نیە، حەیوانەکانی دۆشیوە، شیرەکەی لە پێشخانە لە ژێر قەرتاڵە تاقەت کردووە، قاپ و قاچاخەکەشی شتووە... شەکەتە و تووڕە. چیا چارشێوی رەشی لە خۆیەوە پێچاوە و بێدەنگ دانیشتووە. وەکوو ئەو، چەشنی مریشکێکی کورک کە لەسەر هێلکان هەڵنیشتبێ چۆتە فکرەوە. کاکێشان لە چوارچێوەی شووشە پەنجەرەکەدا جێی خۆش کردووە، زەینم پڕە لە چیا، لە کاکێشان و سوێسنە و گلارە ـ پیرێژن راستی دەکرد: مناڵە سەیر وەکوو دایەگەورەی دەچێ ـ عەینی سێوێک کە لە نێوە ڕاستەوە لەتت کردبێ ـ پیرێژن گوتەنی حەوت قوڕحان لە بەین دا بێ... .

بێدەنگییە قورسەکە دەشکێنم؛ دەڵێم:«پووری، هێندەت بە سەر ئەو بەستەزمانە داماوەدا هاتوهاوار کرد، فەقیرە لە خێری «نانەشوانە»کەش گوزەرا» (واباوە، پاش هاتنەوەی مەڕ بۆ ئاوایی شوان دێتە بەر دەرکی ماڵان و بە دەنگی بەرز دەڵێ: «ماڵ ئاوا نانی شوانی!» و خاوەن ماڵ، بزن و مەڕەکەی نێو مێگەلی ئاوایی هەرچەندێکی بێ نانێکی دەداتێ.)

پیرێژن لەبەرخۆیەوە پێدەکەنێ و دەڵێ: «ئێستا لە کوێیەتی - شەرت بێ «شەرتە شوان»ەکەشی نەدەمێ - هەتا لێی حاڵی بێ چۆن لە ماڵی ئەمانەتی چاوەدێری بکا!... هەتیوە خوێرییە لە ئێستاوە گاڵتە بە کلکی خۆی دەکا - وەکوو ئەو خودالێخۆشبووە...! کوڕم، هیچ شتێک وەکوو ماڵی ئەمانەتی نیە - لەگەڵ ماڵی خودی مرۆ فەرقی هەیە؛ جاری وایە بنیادەم دەڵێ ماڵی خۆمە، ڕۆیی با بڕوا، بە جەحەندەم - لەگەڵ ئەوەدا کە زەرەد و زیان هەرچەندەش کەم بێ دیسان هەر ناخۆشە، زەرەدە... بەڵام ماڵی ئەمانەتی حیسابێکی دیکەی هەیە: خەڵک متمانەیان بە تۆ کردووە، ماڵەکەیان داوەتە دەست تۆ، ئەتۆ ئیدی نابێ خەیانەت بە ئەمانەت بکەی. پیرێژنی داماو، ئەم پوورە فاتمە، لە داری دنیایە تەقە بزنێکی هەیە... ئەتۆ بێی بزنەکەی بە گورگانخواردوو بدەی، یان مێگەل بەری بۆ نێو جاڕی کاڕووش و ئاژەڵەکەی تێدا ببەی! ئێستا دەڵێین پیرێژن هیچ - وڵامی خودا چۆن دەدەیەوە! کوڕم تۆش لەبیرت بێ، یان مەبە زامنی کەس و ماڵی ئەمانەتی لێ قەبووڵ مەکە یان کاتێ قەبووڵت کرد وەکوو گلێنەی چاوت ئاگاداری لێبکە... لە ماڵی خۆت زیاتر... شەرت بێ «شەرتە شوانەکەی» نەدەمێ، هەتا لێی حاڵی بێ لەگەڵ ماڵی ئەمانەتی چلۆن ڕەفتار بکا...!»

«ئێستا ئەم شەرتەشوانە چەندەیە؟»

«سەری پێنج قڕان هەتا پاییزێ.»

«پووریَ، تۆش لەرادەبـەدەر تونـدوتیژی... خـۆت زۆر نارِەحـەت مەکە... کاژیلەیەک ئەم هەمووە نارِەحەتییەی ناویَ...!»

«کاژیلە! هەروا بە زمان خۆشە...! کاژیلـەی مـەرەز... نەتـدیتبوو، حەیفیَ ـ ئەگەر دیتبات ئەم قسەیەت نەدەکرد!... دەبوو بە چ بزنێک ئەگـەر گەورە بوایە...! بروام پێبکە دەبوو بـە بزنێـک گوانـەکانی هـەر یەکـەیان ئەهێندە...! (فاتە بۆرێکی دەستە بە هەردوو دەسـتی دێنێتـە بـەر زەویـن)... چەندەم شایی پێی بوو...!»

«پووریَ، گوتم نارِەحەت مەبە ـ قەول بێ ـ بە قەولی پیاوان ـ هـەر سبەینێ یان دووسبەی لە جیاتی ئەو، بزنێکی مەرەزت بۆ بکـرِم... مەگـەر چەندە دەبرِیَ ئەوپەرِەکەی... بیست و پێنج قرِان، سێ تمـەن... ئێـدی ئـەم هەمووە نارِەحەتییەی ناویَ؛ ئەتۆ پەیدای کە پارەکەی لەسەر من!»

«خودا تۆ بپارێزیَ بۆ باوک و دایکت... فەرقی چیە، رۆڵـە، پـارەی تۆش پارەی منە ـ کاژیلەکە ئەگەر مابایە ئەو بیست و پێنج قرِان سێ تمەنە لە گیرفانماندا دەماوە... لە دەردێکی دیکەمان دەدا. ئەوجار قسە لە بیست و پێنج قرِان سێ تمەن نیە ـ پێشی ئاو دەبـێ لەسـەرچاوە بگـیریَ، ئـەگینا ئەمەش پێ دەنێتە جێپێی ئەو خودالێخۆشـبووە و رۆژێکـی دیکـە دەبـینی تەواوی مەرِەکەی تێدابرد و ئاوایی تازیەبار کرد... ئـەگینا قـسەم لەسـەر کاژیلەکەی خۆم نیە ـ بە قوربانی چاوی تۆ بێ... قسەم لە شتێکی دیکەیە... دەنا دەزانم تۆ درێغیت نیە... منیش خۆ کەسێکم نیە هەتا لەم سنوسالەدا، بەسەری پیری، سەروەت و سامانی بۆ کۆکەمەوە و میراتی بۆ بە جێ بێڵم، ناشیبەمە نێو قەبرەکەمەوە!»

«زۆر باشە... کەوابوو خەیاڵمان تەختە... ئەریَ بەراستی، لە هۆشم چوو بپرسم، سۆفی رەسوول چۆن بوو... ئەمرِۆ سەرت لێدا؟»

بەڵێ، ئەرێوەڵڵا، دەرودراوسێیە، ناکرێ نەچی. چووم حاڵ و ئەحواڵی زۆر باش نیە؛ تووشی خەیاڵات بووە، دەڵێ دوێشەوێ پشیلەیەکی رەش لە هەوەڵی شەوێڕا هەتا بەیانی چاوی لە چاوی بڕیوە... گوڵبەدەنیش ـ ژنەکەی ـ دەڵێ پشیلەیەکی رەشی دیتووە، بەڵام پێی وابووە پشیلەی ماڵی حاجی غەفوورە، ئێستا چۆن بووە رێی کەوتۆتە ئەوێ ـ زۆریش نەماوەتەوە... بەڵام کابرای داماو خەیاڵات گرتوویەتی ـ ئاوی تەزبێحیشیان هێنابوو، دابوویانێ... گوتیان پاش ئەوە خەوی لێکەوتووە... بەڵێ ئیدی، شەوێکی تەواو لە مێشەکەدا بووە، ئەویش بۆخۆت دەزانی هەمووی دارودرەختە ـ بەڵێ ئیدی ـ موقەدەر، خودا مەیلی بەچی بێ... .»

«زەینی چۆنە؟»

«چۆنت دیوە هەر وایە ـ پێی چاک نەبووە... گوتیان مامۆستاش «نوشتە»ی بۆ نووسیوە و ئاوی نوشتەکەیان داوەتێ... بەڵام نا، تۆ بڵێی کاریگەرێکی وای نەبووە... خودا رەحم بە خۆی و ژن و منداڵەکەی بکا... پیاوێکی باش و خوداناسە ـ خودا رەحمی پێدەکا.»

«پوورێ، بە راست دەمەویست ئەمەت لێبپرسم... ئەمن دادەگلارەم هەتا ئێستا نەدیتبوو، ئەمڕۆش هەوا تاریک بوو... باشم نەدی... ئەمن خراپم بینی یا قژەکانی بە پێچەوانەی قژی دادەسوێسنە رەشە ـ ئاخر قژەکانی ئەو کاڵ بوو؟»

«باشت دیتووە، کوڕم... بە قودرەتی خودا شکڵ و شێوەی روخساری عەینەهوو شکڵ و شێوەی روخساری سوێسنەی جوانەمەرگ، بەڵام چاوەکان و قژی ئەمەیان رەشە. قوڕحانی خودا لە بەینڕا بێ ئەمەیان لەو جوانەمەرگە جوانتر دەبێ... ئێستاکانێ منالە، خۆی دانەڕشتووە هێشتا، ماوەیەک پێبچێ زیاتر دێتە روو... . سیما هەر هەمانە ـ خودا بکا بەخت و

قسمەتی ئەو بەخت و قسمەتە نەبێ... .» هەر بۆخۆشی درێژەی دەدا: «نـا، نە ئیشەڵڵا ـ کچێکی ماقووڵ و بەشەرمە... نە ئیشەڵڵا!...»

دەڵێم: «نا، نە ئیشەڵڵا.»

«بەڵێ، خودا بکا... ڕۆڵە، ماندووم... ئەگـەر چـایی دەخـۆی بـۆت تێکەم، ئەگینا ئەمانە کۆکەمەوە و وردەوردە بخەوین ـ لەبەر شەکەتی هێزم تێدا نیە؛ ئازای ئەندامم، لە نـووکی پێمـەوە هـەتا تەپڵی سـەرم لەبـەر ماندوویی دەزیرپێنێ.»

«نا... تـۆ کـارت پێیـان نـەبێ... مـن خـڕیان دەکەمـەوە... ئـەتۆ هەڵمەستە!» هەڵدەسـتم، سـەماوەر و کەشـەف و ئیـستیکانەکان دەبەمـە پێشخانە و جێگاوبانەکان دێنم... .

«پووری، تۆ ناڕەحەت نابی، ئەگەر چراکە باییسی؟ئەگەر ناڕەحەت نابی دەمەوێ هێندێک کتێب بخوێنمەوە....»

«بیخوێنەوە کوڕم، ناڕەحەت نابم... . شـەکەتم، بـە پێـوە خـەوم لێدەکەوێ ـ ئەگەر ئێشی ئێسکەکانم لێم گەڕێ... .»

ئەو خـۆی گرموولـە دەکـا، لـە ژێـر لێفەکـەیدا و مـن کتێبەکـە لێکدەکەمەوە و لە ژێر لێفەکەدا خـۆم داوێمـە سـەر هەنیـشکم و لەسـەر تەنیشت لێیوەردەکەوم.

# ١٠

پشیلەڕەش ئاخرێکەی کاری خۆی کرد، سۆفی رەسووڵیش سەرەنجام ئەمری خودای بەجێ هێنا: هەر لە هەوەڵێشەوە دیار بوو - دیار بوو ئاوای لێدێ. مانگاکە بەدقەدەم بوو! مانگاکەیان بردۆتە شاری و فرۆشتوویانە. حەوتەی سۆفی رەسووڵ تێپەڕ بووە - لەمێژە - چلەی کاژیلەکەی پوورە زلێخاش - منیش بە پێی بەڵێن بزنەکەم کڕیوە: شیرەکەی تاریفێکی وای نیە، بەڵام گەڵ و گوانی خراپ نیە... چوێشتیرە هێشتا، یەک دوو زگ بزێ چاک دەبێ... هەڵبەت هێشتا بۆنی پوورە زلێخای هەڵنەگرتووە - هێندێکی پێ بچێ خووی پێدەگرێ - چاک دەبێ. پاتاڵیش بە قودرەتی خودا، وەکوو بنیادەم وایە، هەر بەو جۆرەی منالی دووڕۆژە بۆنی دایکی دەناسێ و خووی پێدەگرێ، ئەویش بۆنی کابان و خێزانی ماڵێ دەناسێ و خووی پێدەگرێ، بە قودرەتی خودا شیریش بە ئیدیکە نادا، ئەگەریش بیدا بە نابەدڵی دەیدا و زۆری ناداتێ... ماوەیەک پێبچێ چاک دەبێ... .

پیرێژن بە پێچەوانەی ئەو دوکتۆرانەی کاتێ چارەسەرکردنەکانیان بێئاکام دەمێنێتەوە و نەخۆشەکەیان دەمرێ خۆیان گرژومۆن دەکەن و

@kurdica

ترسیان لەمەیە کە تێداچوونی نەخۆشەکە لە ناوبانگ و گەشەی کارەکەیان کەم کاتەوە، ئەوەندە دەربەست نیە ـ موقەدەرە. نەخۆشەکەش هەر گومانی وایە، بنەماڵەی نەخۆشەکەش... «دەوڵەت»یش هەروا واتە ئەگەر رۆژێک ببیستێ بەرێکەوت و پێی خۆش بێ... هەموو گومانیان ئاوایە ـ موقەدرە ـ خودا ویستوویە بۆ خۆی داویەتی بۆ خۆشی دەیباتەوە ـ هی وەکوو پیریژن و مامۆستا و پەرژین بێ پشیلەرەش و ـ لە هێندێ کاروباردا، «دەوڵەت» ـ لەم بەینەدا کەرەسەیەک پتر نین ـ لە گەڵ قەزا و قەدەر شەڕ ناکرێ، قەزا و قەدر لە لایەن خوداوەیە... خودا مەسڵەحەتی ئافەریدەکانی خۆی لە من و لە تۆ باشتر دەزانێ... خودا رۆحی نوقمی رەحمەتی خۆی کا ـ ئامین یارەببەلعالەمین!

دانیشتووین، وەکوو جاران، لەگەڵ ئەوەدا ئاخریوئۆخری مانگی دووهەمی بەهارە هەروا لە دیوەکەدا نان دەخۆین... بانیژەمان نیە... ئەوجار هەواش گەرم بکا دیسان هەر لە دیوەکەدا دەمێنینەوە: تا قەت و حەوسەلەی ئەوەمان نیە لە نەردیوان سەرکەوین و نوێن و بان بەرینە سەربان... لەبەر ئەوە هەروا لە دیوەکەدا دەمێنینەوە... .

نانمان خواردووە، هەوەڵ چاییش. پیریژن لەپای سەماوەرەکە دانیشتووە، بەرواڵەت نارەحەتی و خەفەتێکی تایبەتی نیە. دانیشتووە، جارناجارێک بە حاڵودووبەلا خۆی رادەژێنێ، بە پێی ئاهەنگی سازەکەی دەروونی ـ کە من نەدەیبینم نە دەیبیستم ـ جارجارەش هەناسەیەک هەڵدەکێشێ ـ سارد، خەفەتبار، بە ساردی و خەفەتباری هەناسەکانی دایە گەورە ـ بەو جۆری لەبیرمە. جارجارەش بزەیەکی تاڵ دێنێتە سەر لێوان و ئەمەش کاتێکە کە چاوەکانی لە قوڵکەی چاوان دا گەرم داهاتوون، وەکوو لە پشت چنگێک لۆکەی چڵکنەوە شەمچەیەکت هەڵکردبێ. زۆرم پێخۆش بوو کامێرایەک هەبا، هەتا لە درزی ئەوەوە دەروونیم دیتبایە... بۆچی

جارجاره لە دڵی خۆی دا پێدەکەنێ و جارجارەش نێوچاوان تێک دەنی؟ لەبەرچی هەناسە هەڵدەکێشێ، لە نێوقەد بەرەوژووری بە ئاهەنگی کامە ساز رادەژێنێ و چی دەبینێ وا سەری رادەوەشێنێ؟ چشتێکی دڵهەژێن یان سەرسوڕهێنەری چاوپێدەکەوێ کە جارجارە بە دڕدۆنگی و پارێزەوە دەڕوانێتە دەوروبەری و سیمایەکی سەرسوڕماو بە خۆیەوە دەگرێ.

لێی دەپرسم: «پووری، بە چی پێدەکەنی؟»

«پێکەنیم! ئاگام لێنەبوو، کوڕم... ئەگەریش پێکەنیم بێگومان بە رۆژگار پێدەکەنم....»

«رۆژگار خۆ شتێکی پێکەنینی نیە ـ کوێی بۆ پێکەنین دەبێ؟ زستان دێ، دەبێتە بەهار، هاوین دەڕوا، پایز دێ... پیر و لاوازەکان دەمرن... پووڵدارەکان قەڵەوتر دەبن... بێ پووڵەکان لاوازتر، لاوەکان ژن دێنن، شوو دەکەن، منداڵیان دەبێ... کوێی بۆ پێکەنین دەبێ؟»

«بەڵێ ئیدی... دێ و دەڕوا... هەموو کەسیش دەزانێ، بەڵام بە قودرەتی خودا هیچ کەس دەربەست نیە ـ هەموو کەس مەرگ بە بەشی خەڵکی دیکە دادەنێ و خۆی بە مەلەوانی گۆمی شین دەزانێ ـ هەر ئەم سۆفی رەسووڵی خوداڵێخۆشبووە لەو حاڵەدا دەیگوت بە نیازە ساڵێکی دیکە کاتێ گەنمەکەی هەڵگرت مەزراکەی بە بەیاری نەهێڵێتەوە و هەرزن بچێنێ... ئیدی نەیدەزانی کە عومری ئادەمیزاد بە موویەکەوە بەندە...!

«بەڵێ ئیدی، ئەمە رەسمی رۆژگارە؛ خەڵک ئەگەر ئاوا بیرنەکەنەوە بەرد لەسەر بەرد بەند نابێ. هەرکەس ئەوێکی هەیەتی بە دوو رۆژان دەیخوا، هەرکەس هەر کارێکی ویست دەیکا و ئەو کات پەرژین بێ سەگ سێحەبی خۆی ناناسێتەوە... باشییەکەی لەوە دایە کە ئادەمیزاد نازانێ کەنگێ ژیانی کۆتایی پێدێ... ئێستا... لەوانە گەڕێین... ئێستاکانێ

ماندووت حەساوەتەوە، پێتخۆشە درێژە بە چیرۆکەکەمان بدەین؟... زۆری مابەین کەوت ـ پووریّ!»

«دەزانم، لە بیرمە... گەیشتبووینە ئەو جێگایەی کە... .»

واهەست دەکەم لە بیریەتی، دەیەویّ من تاقیکاتەوە. دەڵێم: «ئەو جێگایەی کە کلاّولار هات و جێگاوبانی لیّ بە عەرزدا دا... .»

بزەیەکی پان و پۆڕ دەنیشێتە سەر لێوە رەش و قرچهەڵاتووەکانی پێریژن، رەشایی پووکی تیژتێپەڕ دەبینم ـ هێندێکم چاو تێدەبڕیّ و دەڵیّ: «ماشەڵڵا لەو زەینە ـ خودا دەست بە عەمرت گریّ... بەڵیّ، کوڕم، بارگە و بنەی لیّ بەحەرز دادا، منیش وەکوو گوتم لەو قوونەجندەی بەر دەرگا، ئەو جێیەی وا ئاموور و چووزانم پیمەڕە و بێڵە و وەروەرەمان لیّدادەنا ـ زستانان. بە کورتی، کوڕێکی کە تۆبی، رۆیشتم. بە رۆژ بەیانی زوو هەر کە پاتاڵەکەم تێکەڵ مێگەل دەکرد بۆ خۆشم وەڕێدەکەوتم... ئەمەش بڵێم... پاتاڵەکانیشم جویّ کردەوە ـ ئەوانی خۆم دەدۆشی، کارم بە حەیوانەکانی کچە نەبوو ـ لە دڵی خۆم دا گوتم: پەرژین بیّ، بە گۆڕی باوکی سێحەبیانەوە، کە برای خۆم بیّ؛... هەڵبەت ئەمەش بڵێم، کچە لەو پێکراوانە بوو... لە کار نەدەماوە... کە بڵێم بەو تۆران و مانگرتنەی من بە خۆیدا شکاوەتەوە، یان چووزانم فلان و فیسار. ئەویش کەڕەی بەیانی هەڵدەستا و حەیوانەکانی خۆی دەدۆشی و... ئێستاکانیّ خانم کە تووشم دەبیّ سلاویشم لیّناکا ـ چاوت لێیە، کاکە، دنیا چی لێهاتووە!ـ چاوی لەوەیە من سلاوی لیّبکەم، بەم پەلکە سپییانەمەوە؛ ئیدی ئەوەندەی تێگەیشتن نیە کە بزانیّ چووکە دەبیّ سلاو بکا!... خودا هەڵناگریّ... ئێستا ئەو چۆتە جێی حەق، ئێمە لە جێی ناحەق ماوینەوە ـ نامەویّ خۆم مواخیزە کەم ـ لە هەوەڵەوە چەندجارێک سڵاوی کرد، ئەمن خۆم تیّنەگەیاند... بەڵام ئەو لە جێی نەوەی من بوو، نەدەبوو چاو لە من کا،

دەبوا سڵاوی خۆی کردبایە ـ ئیدی ئەمن وڵامم دەداوە یا نەمدەداوە ـ ئەوە تەکلیفەکەی لەسەر خۆم بوو؛ ئەرکی ئەو ئەمە بوو کە سڵاوەکەی بکا، ئیستا ئەمن وڵامی دەدەمەوە یا نایدەمەوە.

«بەڵێ، کوڕێکی کە تۆ بی، حەیوانەکانم تێکەڵی مێگەل دەکرد؛ نانێک، شتێکم هەڵدەگرت ـ بۆخۆشم لەگەڵ مێگەل ڕێدەکەوتم بە شوێن گژ و گیادا، بۆ دەرمان ـ یا بۆ خواردن. لە لای خودا درۆ نەبێ گژوگیام بە ئەندازەی پێویست هەبوو، نیازێکم بە گژ و گیا نەبوو. بەڵام ئاخۆ دەمتوانی لە لای خەڵک سەر هەڵینم! ئای خودایە، چیم کێشا لەو ماوەیەدا ـ چ جەزرەبەیەکم دی، چ سووکایەتێکم کێشا! دەنگی پێکەنین لە هەرماڵێک و لە لایەن هەر کەسێکەوە بوو دەمگوت بە من پێدەکەنێ ـ ئاخر هەرچێکی بوایە ناوی براکەمی پێوە بوو، بە لەشی ناخێرم پووری ئەو بووم، دەستپەروەردەی خۆم بوو!

«سەرت نەهێنمە ئێش ـ دەڕۆیشتم هەتا ئێوارێ درەنگان و لەگەڵ مێگەل دەگەڕامەوە بۆ ئاوایی ـ حەیوانەکانم دەدۆشی، نوێژەکەم دەکرد، بە پەلەپڕووزە شتێکم دەخوارد و لە سووچێک سەرم دەناوە... .»

«پاش ئەوە ئیدی هیچت بە دادەسوێسنە نەگوت؟»

«نا ئیدی، شتێک نەمابوو ـ چی پێی بڵێم! دەیگوت بزن بە پێی خۆی و مەڕ بە پێی خۆی هەڵدەواسن ـ ڕاستیشی دەکرد. چیم هەبوو بیڵێم؟ قسەی خۆمان کردبوو پێکەوە... ئێیی...! لەبیرمە پێش ئەم کارەساتە جارێکیان پێمگوت... گوتم کچۆڵێ، ڕێوڕەسمێکیان گوتووە، عورف و عادەتێکیان گوتووە... پێشینیان دەیانگوت پیاو کە بچێتە شاری کوێران دەبێ دەست بە چاوییەوە بگرێ. دەگەڕێتەوە، زۆر بێشەرمانە دەڵێ: «من چاوی خۆم خۆش دەوێ پوورێ ـ ئێوە چاوی خۆتان بقووچێنن!» ئیدی بنیادەم قسەی پێدەمێنێ، کاکە؟ کوڕم، کارەکەی لەم شتانە تێپەڕیبوو: لە بێشەرمیدا وای

لێهاتبوو ئەگەر نەمناسیبایە دەمگوت دە هوردوو قازاخی تێر کردووە هەتا ئێستا. راستییەکەت بویَ ئەویش لەبەر قسەکەی مامۆستا بوو، ئەگینا من کە وشترم لیَ گوم ببوو ئێستا بێم بە شوێن هەوسارەکەیدا بگەڕێم!»

«ئەویش ئیدی نەهات بە لای تۆوە؟»

«ئای خودا دەست بە عومرت گریَ، کوڕم، ئەو لە خودای دەویست، مەسەلەی مەنشوورە چەقەڵ لە باغی بتۆریَ، قازانجی باغەوانە! بیَ بە لامەوە! ـ نا، رۆڵە...!»

«هم!»

«بەڵیَ... ئێستا کاک کلاولار هاتووە و پەرژین بیَ جێگاکەی تەختەپەین کردووە، چایی بە ژارەمار دەکا، جگەرەش دەکێشیَ و قاقا پێدەکەنیَ، کچەش پێکەنینەکەی بە پێکەنین ولام دەداتەوە.... ئەم پێدەکەنیَ، ئەو ولام دەداتەوە ـ وەکوو دوو کەو کە لەبەرامبەری یەک بخوێنن ـ زۆرتریش لە داخی من. بەلام دیسان رەحمەت لە باوکی، شەوانە تەشریفی نامەبارەکی ـ گڵ خەبەری بۆ نەبا ـ دەبردەوە ماڵە بەقوڕگیراوەکەی... .»

«ئەدی پوورە رابی چی دەگوت ـ هەروا دانیشتبوو، دەنگیشی لیَدەرنەدەهات!؟»

«ژنی بیَئەنوا چۆن دەنگی لیَ دەربیَ؟ لەگەڵ وستەی لێوە دەهات کلاولار بە دەسکەپێمەڕە دەکەوتە گیانی. جارێکیان دەستی شکاند، هێندەی نەمابوو ژنی داماو بۆ هەمیشە سەقەت بکا... لە مێردایەتی هەر کوتانی دەزانی... ئەوجار هەموو رۆژێکی خوداش خۆ ناکریَ گەردەش سازکەی، رۆڵە. ئێستا چارەڕەشی ئەوەیە کە ئاغایەکیش لە دیَدا نیە هەتا تەمبێی کا و تۆتەکەی پیَ بگریَ ـ لانیکەم لەبەر چاوی خەڵک رایکێشیَ و حیسابی دارکاری کا... ساڵی ساڵان ـ زەمانی باب و باپیرانمان ئاغایەک هەبوو، ریَوڕەسمێک

هەبوو. ئەمن بۆخۆم لەبیرمە، منداڵ بووم؛ ئاغا دەهاتە سەربانی مزگەوت، یان رەعێتەکەی بانگ دەکردە مەیدانی پێش دیوەخانەکەی خۆی ـ چما کەسێک زاتی بوو چاو لە چاوی کا! لاقت خوار دانابایە وەبەر دارانی دەدای، ئەوەندەی لێدەدای، پەرژین بێ، میزت بەخۆدا دەکرد یا تەنانەت جارجار ـ دوور لە گیانی تۆ ـ لە پیاوەتی دەکەوتی... بەڵێ، پاش ئەوەی ئاغا مرد، ئاوایی بوو بە خوردەمالیکی ـ هەرکەسەی چەند شەعیرێک... هەمووشیان چەشنی گەڵای خەزەڵوەر پڕشوبڵاو بوونەوە ـ هەریەکەی بۆ لایەک ـ تەنیا یەکێکیان لێرە مابوو... ئێستا بۆت باس دەکەم... .»

پیرێژن پێدەکەنێ. دیسانیش پێدەکەنێ. دەڵێم: «پێدەکەنی، پووریێ.... چیە ـ دەڵێی شتێکی خۆشە!...»

«ئێستا بۆت باس دەکەم... یەکێک لە خوردە مالیکەکان لێرە مابوو، ئەوانی دیکە هەموویان گوموگۆڕ ببوون ـ ئیدی نازانم لە کامە جەحەندەمدا ـ بە کورتی تەنیا یەکێکی لێمابوو بە ناوی ئاغاسەعیدبەگ... هەر ئەم پار و پێرارە عومری درێژی بۆتۆ بەجێهێشت، بنیادەمێکی چارەڕەش بوو، لە هەر بارێکەوە کە تۆ بڵێی ـ نە دەستی بۆ پێمەرە دەچوو، نە بۆخۆی ملک و ماڵێکی وای هەبوو... نازانم شەعیر و نیوێکی هەبوو، یان چەندە ـ هەمیشەی خودا ئەسپێ بۆ سێ پەنابات لە گیرفانیدا ئامانە خانمی دەگوت، بەو حاڵەشەوە ئەو شەعیرو نیوەی لە گرێو دەنا و نۆکەری رادەگرت! کاریش کە حاشا... کار تایبەتی پاتاڵ و رەعێتەکانە، ئاغاوات دەبێ دەست لەبەر پشتێن بنێ و جگەرە بەبا کا و تەزبێح بگێڕێ... کاکە کەنگێ بوو ئەو کاتەی وا ئەو «زرێلی»یانە هاتن، کە دەیانگوت تفەنگ کاریان لێناکا؟»

«هێندێ لەمەوبەر بوو، چۆن... چۆن بوو لەپڕ کەوتیە بیر زرێلی!»

«شەوێک بۆ نان خواردن هەموو خەڵک چووبوونە ماڵی حاجی خەسرەو... ئەویش لەگەڵ بوو... ئەم ئاغا رووتەیە. منیش چووبووم یارمەتی رێحانی خودالێخۆشبوو ـ ژنی حاجی خەسرەو ـ بدەم. منیش لەوێ بووم گوێم لە قسەکانی مەجلیسەکە دەبوو. باسی ئەم زرێلییانە بوو، کە چووزانم گوللە و تفەنگ کاریان لێناکا و فلان و فیسار، ئەو دەمی تازە پەیدا ببوون ـ زەمانی زوو نەبوون. بەڵێ، نازانم کێ چی گوت کە ئەم ئاغاسەعیدبەگە رووی کردە مامۆستا و گوتی: «مامۆستا، من کەوتوومەتە ئەم فکرەوە کە بڵێم حاجی برایمی ئاسنگەر مەڵغەیەکی قایم و قۆڵم بۆ سازکا و بڕۆمە پێشی و مەڵغەکەی بخەمە ژێر و هەڵیگێڕمەوە... (واتە زرێلییەکە)، بە رای تۆ چۆنە ئەم فکرە؟» ئێستا تۆ بڵێی هەموویان دەزانن کە کلۆڵی بێئەنوایە لە خشپەی مارمێلکە زراوی دەچێ و «دەوڵەتێک» کە دێتە ئاوایی خۆی لە حەوت کونەمشکدا دەشارێتەوە....!

«مامۆستای بێچارە تێمابوو چی بڵێ؛ رەعێتەکان هێندێکیان چاو لە یەکتری کرد و زەردەخەنە گرتنی و مامۆستاش ئەلحوکمولیللا زەردەخەنە گرتی و گوتی: «فکرێکی خراپ نیە... .» و سەرێکی لەقاند «بەڵێ، فکرێکی خراپ نیە!» ئاغاسەعیدبەگ گوتی: «کە وابوو ئێوە پێتان باشە! پێت باشە سبەینێ رەحیم بنێرمە شاری هەتا بە حاجی برایم بڵێ!؟»

«بەڵێ ، ئاغا، بەو غیرەتەوە ئێستا دەیەویست بچێتە پێش زرێلی و بە مەڵغە زرێلی هەڵگێڕێتەوە، بە یارمەتی خودا! تەنیا هەر چاوەنواڕی هاودەنگی مامۆستا بوو...!

«بەڵێ، ئاغایەکی ئەوتۆ لە دێدا نەبوو، رەعێتەکانیش خۆیان دەخواردەوە و حەسرەتی رابردوویان دەخوارد، کە بەڵێ رەعێت بەبێ ئاغا پەرژین بێ وەکوو سەگی بێسێحەب وایە، خودا نەکا هیچ گوندێک بێخاوەن بێ ـ بۆخۆشیان خۆ لە ترسی رەزاشا نەیاندەوێرا شەوێک

بڕژێنە ماڵەکەی و لانیکەم شڕەوبڕەکەیان وەبن هەنگڵ دەن و وەدەریان نێن ـ بە شوێن خاوەندا دەگەڕان... خاوەنیش ئاوا!

«وەلحاسڵ، کوڕێکی کە تۆبی، ئەم گلە و گازندانە گەیشتەوە گوێی ئاغاسەعیدبەگ! وردەوردە دەنگۆ داکەوت کە بەڵێ، ئاغاسەعیدبەگ گەلێ ناڕەحەت بووە، گوتوویە ئەدی ئەو چ کارەیە، پەرژین بێ پنگە! نا، ئاوایی ئەوەندەش بێخاوەن هەر نیە. ئەم ماوەیە سەری قاڵ بووە... نەیبیستووە... بۆچی پێیان رانەگەیاندووە.... ئاوا دەکا.... ئاوا بچێ.... ئێستا تۆبلێی ئەویش وەکوو ئێمە لەم گوندەدا دەژی و وەکوو ئێمە دەبینێ و چاکیش دەزانێ... ئیدی بیستنی ناوێ.

«دیسانیش لە دڵی خۆمدا گوتم، باشە دەی. مامۆستا گوتەنی ئادەمیزادە، هەمیشە زەینی لە قەرارێک نیە... راستت دەوێ وەشک کەوتم، لە دڵی خۆمدا گوتم باشە، بەشەرە، بێگومان سەرقاڵ بووە، بێشک هۆشی نەبووە، بێگومان نەیدیتووە... بە کورتی، لە دڵی خۆمدا گوتم خودایە سەد شوکر! ئێستا شایەدیش لەو قەوارەدا جەوهەرێک هەبێ، کە ئێمە نەماندیتووە ـ خودا بۆخۆی دەزانێ؛ شایەدیش خودا کردی و زیپک و پیاوەتێکی نواند ـ کوێر لە خودا چی دەوێ؟ دوو چاوی ساغ!

«رۆژێکیان ئێوارێ تازە لە دۆشینی پاتاڵەکە نەجاتم ببوو کە دیتم رەحیمی نۆکەری ئاغاسەعیدبەگ پەیدا بوو... هەر لە دوورەوە هەرای کرد: «کاک ئەحمەد، ئاغا داوات دەکا! گوتی زۆر زوو بێ کارم پێیەتی!» لە دڵی خومدا گوتم.... خودایە، یانی شتی وا دەبێ! نەزر بێ ئەگەر ئەم کابرایە تەمبێ کا تاقە مەڕەکەم لە رێی مەولوودی پێغەمبەردا سەر بڕم!

«هەرکە ئەحمەد لاقی نایە دەرەوە، منیش وەشوێنی کەوتم ـ پێدزە پێدزە هەتا بزانم بەسەرهاتەکە بە کوێ دەگا... ئاخۆ هەر ئەوەیە کە دەیانگوت، یان فلان... بە کورتی چووم. دیتم بەڵێ، ئاغاسەعیدبەگ چۆتە

سەربان، دەستێکی ناوەتە بەر پشتێنەکەی و زۆر ئاغایانە وێستاوە... ئەوە منیش لە پشت چەپەرەکەوە چاوم لێیە. کلاولار هات، لە خوارەوە زۆر ڕێکوپێک سلاوی کرد و گوتی: «داوای منت کردبوو ئاغا، فەرمایشتێکت هەبوو؟» زۆر بە جوانی. ئاغا لەسەرێڕا هەروا کە دەستی لەبەر پشتێنەکەیدا بوو بە فیز و دەمارێکەوە گوتی: «بیستوومە کاری بیلعەدەکەی ـ ویستم پێت رابگەیەنم ـ هەتا پاشەڕۆژ گلەیی نەبێ... ئاگات لە ئاکار و رەفتارت بێ... دواڕۆژ نەڵێی فلان و فیسار...» کاتێ منی لە پشت چەپەرەکەوە چاو پێکەوت پتری با لەخۆی کردو گوتی: «ئەگینا دەستوور دەدەم لەبەر چاوی خەڵکی ئاوایی «نێفەکت» ببڕن و بێئابڕووت بکەن...» ئاهەنگی دەنگی پتر هەڵبڕی: «بەسە، دەست لەم کارانەت هەڵگرە!... بۆ ئەمە بوو ویستبوومی... بڕۆ!»

«ئەمن دەڵێی... واق مابووم، وشک ببووم لە جێی خۆم... لە دڵی خۆمدا گوتم ئەی رەحمەت لەو شیرەی خواردووتە، ئەی رەحمەت لەو دایکەی تۆی لێبووە! ئەی خودا دەست بەعومرت گرێ، پیاوە! راستیان گوتووە، وەڵلا، هەر پیاوی پیاو کاری لە دەست دێ: بنەماڵەی گەورە بێ «گەورە»نامێنێتەوە ـ پیاو خۆڵیش وەسەرکا هەر لە کۆگای گەورەی وەسەرکا...!

«ئێستا راوەستاوم بزانم کلاولار دەڵێ چی! کلاولار بڕێکی چاو تێبڕی، پەرژین بێ بە جۆرێک کە چاو لە پیسایی خۆت بکەی، نیوەدەورێک سووڕا و گوتی: «حەح، تەماشا ئێمە!... ئەی دارزێی بەختە، ئەی کاول بی دنیایە...! خەڵک مار پێوەی دەدا، ئێمە مێشەکەرانە! ئاغا وای لێهاتووە نێفەکی خەڵک دەبڕێ...!» پاشان رووی کردە رەحیمی نۆکەر، کە پیاوێکی کلۆڵی لێقەوماو بوو، لەبەر چارەڕەشی پەنای بۆ ئاغا هێنا بوو. گوتی: «کاکە رەحیم، «ئاغا» دەڵێ دەستوور دەدەم نێفەکت ببڕن... بە تۆ دەڵێ

بیبڕی، یان بۆخۆی دەیبڕێ!» ئێستا رەحیمی بێئەنوا قۆڵی ئەحمەدی گرتووە، دەڵێ: «لە دڵی مەگرە... عەیبە، وەشوێنی مەکەوە...!» دەیەوێ بە جۆرێک ئەحمەد رەوانەکا و کۆتایی بە کارەساتەکە بێنێ.... ئاغاش هەروا لەو سەرەوە دەستی لەبەر پشتێنەکەی ناوە و مرچومۆنە و تەزبێح دەگێڕێ. ئەحمەد گەڕاوە و بە رەحیمی گوت ـ بە جۆرێ کە ئاغا گوێی لێبێ ـ «بە ئاغاکەت بڵێ سەدان چۆلەکەی وەکوو ئەو بەو زاقوزووقەیانەوە مەنێکیش نابن... بەو تەرحەیەوە دەیەوێ نێفەک ببڕێ ـ گوو سەگ!» بە خێسە و مۆڕەوە چاوێکی لێکرد و رۆیشت. ئەتۆ بڵێی لەم سەنیرە متەق هەستا لە ئاغا هەڵنەستا ـ کابرای بێئەنوا تفی لە دمدا وشک بوو!»

«بەڵێ، جا، کە بەم جۆرە!»

«بەڵێ، کە بەو جۆرە... ئێستا ئیدی خۆیان بوون و خۆیان... لە هەوەڵەوە خەڵکی بە شتەکەوە ماندوو بوون، دەیانویست بزانن چی لێ بەسەر دێ، کارەکە بە کوێ دەگا.... کاتێ دیتیان نا، خەبەرێک نەبوو، شتێک رووی نەدا، وردە وردە سارد بوونەوە... دیتیان نا، ئاڵوگۆڕێک رووی نەدا ـ نە ئاسمان هاتە خوارێ نە حەرز گەیشتە ئاسمان... بە کورتی، ئەوانیش سارد بوونەوە، ئیدی بڵێی پەرژین بێ وەکوو سەگیش چاویان لێبکەن ـ حاشا.... وەبزانە دوو کەلاکی مردوون.... وەکوو لەم گوندەدا نەبن ـ تەنانەت شوان، بە شوانی خۆیەوە، «نانە شوانەکەی» لێ وەرنەدەگرتن ـ وەکوو ئەوە کە سەریان پێوە نیە.»

«بە چی بەڕێ دەچوون؟»

«هەربەوەی کلاولار لە رابی کلۆلی دەردێنا ـ ئێستا بە زمانی خۆش یان بە زمانی ناخۆش... دوای ئەوەش مەسەلەی مەنشوورە چرای کەس هەتا رۆژ نایبسێ... ئەوانیش کاتێ دیتیان ئاسمان نەڕووخا و کێوێک لە جێی خۆی جوولەی نەکرد و قیامەت رانەبوو، خەڵکیش سەریان بە کار و

ژیانی خۆیانەوە بەندە، ئیدی لەو بەزم و هەرایە کەوتن، بەتایبەت کە ئیدی نە کەسێک هاتوچۆی دەکردن نە تەنانەت سڵاویش.»

«رۆژێکیش هەستاین... دیتمان... ئای، سەر و سۆراغیان نیە!

«سبەینێ، دووسبەی، سێسبەی... نا، دیتمان هەر دەڵێی بەراستی گۆڕیان گوم کردووە! زگم بە حەیوانە بەستەزمانەکان سووتا؛ ئەو دوو سێ رۆژە نەمدۆشیبوون ـ چونکە پێم وانەبوو هەر بەڕاستی رۆیشتبێتن... ئەوەی شیر بوو بەرخ و کاژیلەکان خواردبوویان. ئەلحوکمولیللا، دیتم حەیفە، وشک دەکەن... دۆشیمن ـ بەڵام شیرەکەیانم تێکەڵی شیری حەیوانەکانی خۆم نەکرد ـ دڵم قایل نەدەبوو، دەمگوت «نەهامەتی» پێوەیە... کورتی ببڕینەوە، کوڕێکی کە تۆبی، حەفتەیەک دە رۆژ رابرد، کاروانێک هەواڵی هێنا، کە بەڵێ ئەوانیان لە بۆکان دیتووە... لە دڵی خۆمدا گوتم بەولاترەوەچن، بچنە ئەو جێیەی باوکمی چۆتێ!... نە من، تەواوی خەڵکی ئاوایی بە گەورە و چکۆڵەوە ـ «بچنە ئەو جێیەی باوکمی چۆتێ...!»

«پوورە رابی چی ـ ئەو چی دەگوت؟»

«چی بڵێ داماوە، بۆ خۆی گیرۆدەی نەخۆشی منداڵەکەی بوو ـ چی بڵێ. گوتی: بە سلامەت، کەس رێگای لێنەگرتوون، بەغدا نیوەی رێتان بێ!»

«پوولیان لە کوێ بوو؟ خۆ هەروا بێ پوول و بێ موخاریج ناکرێ وەڕێکەوی؟»

«وەڵڵاهی، چووزانم... رۆڵە، منیش سەرم سوڕماوە... هەموو هەر ئەم پرسیارەیان لە خۆیان دەکرد و هەمووش وەکوو من بەم ئاکامە دەگەیشتن کە کابرا دیسانەکە دەستی رابی داماوی بڕیوە و گۆڕی خۆی گوم کردووە و رۆیشتووە...!»

«یانی پوورە رابی ئەوەندە لەبەر دەستیدا زەلیل بوو؟»

«ئەی خودا دەست بە عومرت گریَ، کورِم؛ ناپیاوە بە دوو قسە ماری لە کون دێنا دەریَ... رابی لە دەستیدا لە مێو و رۆن نەرمتر بوو... چی بڵێم کورِم، لە قەدیم و نەدیمەوە گوتوویانە خودا هێلانە بۆ داعبای کۆیر دەکا... کلاولار خان تێگەیشتبوو کە دنیا چۆنی بگری ئاوا دەڕوا... ئەگینا رابی بە قودرەتی خودا چۆنی بەری دەستی خۆی دەناسی ئەویشی ئاوا دەناسی. رۆڵە، شوانەکان بە خوو و خدەی جانەوەری کێوی شارەزان - کاتیَ دەبینن بزنە کێوییەکان حەمیەت نادەنە سەگەلی مەڕی یا نزیکبوونەوەی ئادەمیزادیان پیَ مەنزوور نیە و لەگەڵ مێگەلە مەڕ تێکەڵ دەبن، تێدەگەن کە لە ترسی گورگ پەنایان بۆ مێگەلەکە هێناوە - تێدەگەن کە گورگیان لیَ نزیکە و یەک و دووانیش نین. رابیش شارەزای ئەخلاقی کابرا بوو: ئەو کاتانەی بە دەور و بەری دا هەڵدەخولا و خۆی لە لاق و لەتەری دەساوی تێدەگەیشت کە پووڵێک شک نابا... لە حاڵەتی چاوی‌ڕا دەیزانی... خودا دەزانیَ، شایەدیش قەرار و مەدارێکیان لە بەین‌دا بووە.... ئەگینا رابیش خۆ ئەوەندە بەدڵودەروون نەبوو... ئەوجار بڵێین قەول و قەرارێکیش نەبووە... رابی دەیتوانی چی بکا؟ دەیتوانی کام بەرد کە لە هەموان گەورەترە هەڵیبژێریَ و کەللەی سەری پێدادا... ئەمە قورِێک بوو کە بۆخۆی وەسەر خۆی کردبوو - بەنێک بوو کە بۆخۆی بەریشی خۆی رابەستبوو... هەڵبەت ئەمەش هەیە، کە ژنە ئەوەندەی ناپیاوە خۆش دەویست کە ئەگەر عومر و ماڵەکەی هەموو کردبایەتە هێلکەیەک و بە دیواری‌دا دابا دەستی وەبەرنەدەهێنا... پاشانیش خودا دەزانیَ... رەنگە ئەویش لە خودای دەویست لە پێش چاوی نەبیَ - ئاخر چەندە سووکایەتی - چەندە ئابڕووچوون... بیَ‌گومان ئەو داماوەش لە دڵی خۆی‌دا گوتوویە بیدەمی - هەتا لانی‌کەم لە پێش چاوم نەبن، لانی‌کەم ئەوندە نەبنە بڕبەندی رۆحم - پێوەدان لە وزەوز خۆشترە! راستت

دەوێ، ئەمن بۆ خۆم قەتم لێ نەپرسی - چی لێ پرسم؟ با بڕۆن، بەو لاوەتر چن و نەگەڕێنەوە...!

«هەڵبەت ئەمەش بڵێم، ئەو دەمی ڕۆیشتن، مامۆستا بانگی کرد و گوتی شەرعەن دەتوانێ تەڵاق وەرگرێ... هەموو ئاگایان لێیە، هەموو دیتوویانە - دەیبینن - نە نەفەقەیەک، نە جلوبەرگێک - نە هیچ، ئەو گشتە سووکایەتییەش لەوێ راوەستێ... هەموو خەڵک شایەدن کە مێردەکەی وەشوێن ژنێکی بەڕەڵای سەڵیتە کەوتووە و ڕۆیشتووە. بەڵام رابی گوتی: «نا مامۆستا، نە تەڵاق وەردەگرم، نە حاشاشی لێدەکەم... خودای لەگەڵ بێ، لەسەر ماڵوحاڵی خۆم دانیشتووم، لە خانوو و کولانەی خۆمدا... مێردم بۆ چیە... بۆخۆم مێردی خۆمم، بۆ خۆم پیاوێکم...» وەباڵ بە ئەستۆم پیاوێکیش بوو - شێرەژنێک بوو. مامۆستاش ئیدی بڵێ چی - نەیدەتوانی بە زۆری تەڵاقی پێ وەرگرێ... وەلحاسڵ ڕۆیشتن....

«بەڵێ، ڕۆیشتن... بە جەحەندەم با بڕۆن. راستت بوێ هەموو کەس خۆشحاڵ بوو - یەکیان بۆخۆم - هەموو خەڵک مستیان لێکئاوەڵا کرد و چەمۆڵەیان لێنان... بەڵێ، دەرد و چەرمەسەریی خۆمان کەم بوو ئێستا دانیشین و خەفەتی ئەوانیش بخۆین... بەولاترەوەچن... کچە جگە لەمن خۆ کەسوکارێکی وای نەبوو - منیش زاییفەیەک - کەس و کاری رابیش خۆ نەدەهاتن وەشوێن کلاولارخان کەون، کە تۆخودا بگەڕێوە لای خۆشکەکەمان یان چووزانم کچە مامەکەمان، یا فلان و فیسار... بە کورتی ڕۆیشتن و ئاوایی پشوویەکی بەڕەحەتی کێشا... .

«بەڵێ، ئەمەش بۆ ئەمشەو...!»

# II

«ماشەڵڵا لەو منالە باش و گوێدێرانە ! زۆرم خۆش لێیان هات ـ خۆزگە پوورە رابی و دادەسوێسنە مابایەن و دیتبایان ! حەسەنیش ماشەڵڵا پیاوێکی تەواوە....»

«دایکەکە ژنی چاکە بۆیە منداڵەکانیشی ئاوا سوڵحاو و گوێڕادێرن... عەسڵی کار دایکە، کاکە ؛ منال شیری دایک دەخوا، لە بوونایەتی دایکە، لە ئاکارەکانی دایکە ـ دایک کە عەسڵ بێ منال باش دەردێ. ئەمە راستە، کوڕ کاتێ وەڕێکەوت زیاتر چاو لە باوکی دەکا ـ بەڵام عەسڵی کار شیر و رەسەنایەتی دایکە. هەر لەبەر ئەمەشە کە ئێمە ژنان دەڵێین دایک ببینە و کچ بخوازە، کاتێکیش دەچینە خوازبێنی کچ بۆ کوڕ لە راستیدا دەچینە خوازبێنی دایکی. نا، وەبال بە ئەستۆم، خاتوونێکە بۆخۆی... حەسەنیش ـ ماشەڵڵا سەد ماشەڵڵا ـ پیاوێکی تەواوە بۆخۆی ـ ئاخر، کاکە، ئەویش دەسپەروەردەی رابییە ـ ماشەڵڵا لە هەر قامکێکی سەدان هونەر دەبارێ... جا لە دروست کردنی قاپ و قاچاغی دارینەوە بگرە، هەتا درگا و پەنجەرە و مجری... بە قودەرەتی خودا یەک چرکەش بێکار نیە ـ وەکوو خودی رابی رەحمەتی ـ خۆ لە بیرتە؟ منداڵەکان، خودا

@kurdica

بیانپارێزێ، بە هەر لایەکدا وەرسووڕاون ناعەسڵییان نەدیوە ـ کاری خراپ لە کێ فێر بن؟... نا، ئەلحەمیللا یەک لە یەک باشترن....»

«من بۆ خۆم زۆرم خۆش لێیان هات ـ هەم لە کچەکان هەم لە کوڕەکان... ئەو پاروو گرتنەیان، ئەو قسەکردنەیان ـ ئەو هەستان و دانیشتنەیان... من زۆرم خۆش لێیان هات... راستی، پووری، پێت نەگوتم دایکیان ـ دادە گوڵناز ـ کچی کێیە؟»

«پێم نەگوتووی، پێموابوو گوتوومە. لە بنەماڵەی سۆفی عەوڵایە. پێموابوو گوتم سۆفی عەوڵا نەوەی مامی دایکم بوو ـ ئەرێ؟»

«ئەرێ، پێم وایە... .»

«بەڵێ، پیاوێکی زۆر باش و لە خودا ترس بوو... ریشسپی ئاوایی بوو... زۆر ماقووڵ و بەڕێز. هەتا ئەو کاتەی ئەو مابوو خەڵک کەمتر دەچوونە لای مامۆستا ـ پرس ومەسڵەحەتیان زۆرتر بەو بوو... تەواوی خەڵکی ئاوایی بە چاوی منداڵی خۆی چاولێدەکرد... .»

«ئیدی نەیانگوت ئەوە دایکی بەو جۆرە یان باوکی ئاوا...!؟»

«نا، چی بڵێن، بۆچی بڵێن؟ کاتێ کوڕە چاکە، لایقە، خۆی دەداتە کار، ماقووڵە، بە حەیا و شەرمە... چی بڵێن؟ زانین کە دەیانزانی، بەڵام ئەمەشیان دەزانی کە پەروەردەی دەستی ژنێکی وەکوو رابییە، نوێژ و رۆژووی ناچێ، دایمەی خودا خەریکە، پاشملە غەیبەتی کەس ناکا... چی بڵێن؟ نا، زۆریشیان خۆش دەوێ ـ وەکوو منالی خۆیان، وەکوو نەوەی خۆیان... .»

«ئەرێ بەڕاست پووری، تا ئێرە خۆ دادەسوێسنە منداڵی نەبوو، ئەم منداڵە لە کوێوە هات؟ منداڵەکەی هەر لەو دەربەدەرییەدا پەیدا کرد؟... کێ منداڵەکەی هێنایە ئێرە؟»

کوردیکا @kurdica

«حەسەن دەڵێی؟ هەر لێرە بووی، ڕۆڵە. ئێستا بـۆت دەگێڕمـەوە... ئای ڕۆڵە، بە ناشکوری نەبێ، هەویرەکە هێشتا زۆری ئاو دەوێ... !»

هێندێک ڕادەوەستێ، سیمای تاڵ دەبێ، شیرین دەبێتەوە... هەناسە هەڵدەکێشێ... پاشان وەک هەمیشە دەپرسێ : «هەتا کوێم گوت؟»

«هەتا ئەو جێگایە کە ڕۆژێک بەیانی ڕاست بوویەوە و دیتت سـەر و سۆراغیان نیە... .»

«بەڵێ، ڕۆیشتن، بڕۆنە گۆڕەوە، بڕۆنە ئەو جێیەی باوکمی چۆتێ! بەڵێ، کوڕێکی کە تۆبی، بە ڕۆیشتنی ئەوان ئاوایی، بە قـودرەتی خـودا، وەها سووک بوو- هەموو دەتگوت ئەو ملۆزمەی لەسەر سینگیان خـەوتبوو لەپڕ ڕاست بۆتەوە، بە قودرەتی خودا، سووک بوون و ئاوایی گەڕاوە سەر ژیانی ئاسایی خۆی، چلۆن کە سپایەک چەکدارەکانی بەسەر ماڵی خەڵـک دابڕیبێ لەپڕ گۆڕی گوم بکا و بڕوا... هەموو ئاسوودە بوون : زارەکـان لـە سرتوخورت کەوتن و سەرەکان سـرەوتن و هـەموو چوونـەوە لای گـیر و گرفتەکانی ژیان و زەحمەتی خۆیان و خاوخێزانیان. تەنیا شتێکی کـە لـەم بەینەدا بوو بە هۆی ناڕەحەتی ئاوایی، مناڵەکەی ڕابی بوو... .»

«بۆچی؟ مەگەر مناڵەکەی ڕابی چی بە سەر هات؟»

«ئێستا بۆت دەگێڕمەوە... ئەگەر لە بیرت بێ گوتم کە مناڵەکە هـەر لە هەوەڵەوە بناوبێر بوو ؛ چارەڕەشە لووتیت گرتبایە گیانی دەردەچـوو. دەوا و دەرمانێک نەما کە ئـەم ژنـە بـە گـەرووی ئـەم مناڵـەی‌دا نـەکا، چێشتێکی بەقەوەت نەما ئەم ژنە دەرخواردی ئەم مناڵەی نـەدا ـ ئیـدی لـە هێلکەی کۆترەوە بیگرە هـەتا هێلکـەوڕۆن بـە پیـوی ورچ، ئـاوی دوعـا و نووشتە و نەزر و نیاز و سەدەقەش. بەڵام مناڵە، بە قـودرەتی خـودا، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ هەر لە کورتی دا و بەرەو پێش نەچوو... سێ چـوار مـانگێکیش پاش ڕۆیشتنی کچە و کلاولار عومری درێژی بۆ تۆ بەجێهێشت...!»

کوردیکا @kurdica

پیرێژن تاوێک روو تێکدەنێ و سەری رادەوەشێنێ: «ئاخ، ئەم ژنە کلۆڵەش لە تەواوی ژیانیدا قومێکی ئاوی خۆش بە گەروودا نەڕۆیشتە خواری! بۆ ژنەی چارەڕەش لە دار و دیوار بەڵا دەباری ـ هەوەڵەکەی بەو جۆرە هەتا چاویشی کردەوە و خۆی ناسی کلاولار و ئەو پەندانەی بە سەری هێنا... پاشانیش ئەو جوانەمەرگە... دوایەش ئەو هەمووە سووکایەتی و ئابڕووچوونە، دوای ئەوەش ئەم منالە... هەر لەسەرەتاوە سیابەخت بوو، ژنی داماو. بەڵام، کاکە، دەر و دراوسێ هیچ نەما نەیکەن... هەوەڵێ، مامۆستا بۆ خۆی تەرمەکەی شت، لەگەڵ ئەوەدا کە منالەکە نەبالق بوو لەبەر دڵی رابی بێئەنوا نوێژی لەسەر مەیتەکە کرد... بۆخۆی لەگەڵ خەڵکەکە چوو بۆ قەبران... خودا هەڵناگرێ، تەواوی خەڵکی ئاوایی، لە چکۆلە هەتا گەورە، لە منالی پێنج سالەوە بگرە هەتا پیرە پیاوی پەنجا سالە، هەتا پیرێژنی کۆم بۆوە، لەگەڵ تەرمی ئەم منالە وردیلەیە چوونە قەبران... بە کورتی، تۆ بڵێی وەکوو ئەوەی، کەسێکی وەک شێخ باقی وەفاتی کردبێ؛ هەموویان کار و ژیانی خۆیان بەجێهێشت و سێ رۆژی تەواو لە مالی رابی دانیشتن و هەموو رۆژێکی خودا ـ چ نیوەڕۆ چ شەوێ ـ نان و چێشت لە مالانەوە دەهات: بۆ دیوی پیاوان جیا، بۆ دیوی ژنان جیا... بەینەڵلا خەڵک ـ رووسووری دنیا و قیامەت بن ـ درێغیان نەکرد!

«بەڵام رابی بۆخۆی، ئەتۆ بڵێی بە قودرەتی خودا تاقە دڵۆپێک فرمێسکی لە چاو هات ـ حاشا! بە قودرەتی خودا چاو و دەمی قفڵ بوو: نە وەکوو دایکێک گریان و شیوەنی بوو، نە قسەشی دەکرد... نازانم... خودا دەزانێ... شایەدیش هەر وەکوو دەڵێن گریانیش دڵی خۆشی دەوێ... بە کورتی، بە تێکڕا لەم رووەوە کەوتە روویەکی دیکە... هەڵبەت ئەمەش بڵێم، لە پێشداش ژنێکی خۆڕێکخەر نەبوو، ئێستاش ئیدی ئاخ... !» پیرێژن لەپی دەستی دەنێتە سەر دەمی و دەڵێ:«ئاخ!» واتە دەمم دەبەستم و هیچ ناڵێم...

«دەی بەڵێ؟»

«زاری بەڵێت خۆش بێ! ئەرێ... وەلحاسڵ سەرەخۆشی و فاتیحا خوێنیش تەواو بوو ـ ئەو جار منالێکی ریوەڵەی بچووک فاتیحای چی... بە کورتی، دیسان خەڵک چوونەوە بە لای کار و کاسپی خۆیانەوە، هەر کەس بە شوێن کار و گرفتاری خۆیەوە... ژنانیش هەروا... رابیش ـ هەمیسان بە دوو سێ رۆژ جارێک دەچوو بۆ شار یان داوێنی گەردەنە و باینجان و کوولەکە و فڕووج و ئەم جۆرە شتانەی دەبرد و دەهاتەوە. بەڵام تو بڵێی تێکەڵاوی لەگەڵ کەسێک هەبێ، دەردەدڵ لە لای کەسێک بکا، هاتوچۆی لەگەڵ کەسێک هەبێ ـ حاشا! هەر ئەو رابییە بوو کە دیتبوومان ـ لێوەکانی بەسەر یەکا کشاو، وەکوو ژێی کەوانی هەللاجی، دەم وچاوی تێکتەپیو و رەنگ بڕووسکاو، چەشنی مقەبای رەقهەڵاتوو، چاوەکانیش نەسرەوتوو و بە قووڵاچوو ـ چاوەکانیشی زۆر جوان بوو دایک لۆتییە! ئێستا ئیدی چ گەردەلوولێک لە دەروونیدا بوو، ئەمە ئیدی خودا دەزانێ... بەڵام دیار بوو کە دەروونی گڕکانێکە و ژنی کڵۆڵ لە دەروونیدا دەسووتێ و وەدەری ناخا... پاشان... ئاخ! بەڵێ، پاشان... پاشان دیتم ـ چی ببینم! لە پشت چەپەرەکەوە دیتم ـ ئاخر دراوسێ بووین و دەرگا بە دەرگاوە ـ هەر ئەمەش چارەڕەشی بوو ـ دیتم لە حەوشە دەسنوێژ هەڵدەگرێ! جارێک دووجار دەجار... رابی! رابی خۆ نوێژێکی وای نەدەکرد ـ هەڵبەت نە ئەوەی کە نوێژ نەکا ـ دەیکرد، بەڵام نە بەم جۆرە! ئێستا دەمدی ئەو کاتانەش کە لە شار یان لە پای گەردەنە، یا باخچە، یا لە نێو پاتاڵەکە دەگەڕێتەوە، ژنی بێ ئەنوا وەکوو جاران پشوو نادا و زۆربەی کات و تەنیاییەکەی خەریکی نوێژ کردنە! لە دڵی خۆمدا گوتم باشە، شوکری خودا... باشترین کار هەر ئەمەیە ـ هەر بۆیەشە کە ئادەمیزاد لە

کوردیکا
@kurdica

بەدبەختی و رۆژەڕەشیدا پەنا دەبا بۆ خودا ـ ئەو لە هەموو کەسدلۆوانترە... .»

پیرێژن ماوەیەک لە نێو ماشەری ئالۆزکاوی بیرەوەرییەکانیدا سەراسیمە دەبێ، بەبێ مەبەست دەست بەملاولادا دەگێڕێ و سەرەنجام دەسگیرەکەی وەبەر دەست دەکەوێ؛ دەست وە دەسگیرە کەوتنەکە بەڕواڵەت دەیخاتە بیری چا تێکردنەوە، چاییش تێدەکا. چایەکەمان دەخۆینەوە؛ سیمای کراوەی دەبینم ـ سەری هەوداکەی دۆزیوەتەوە.

«بەڵێ، کوڕێکی کە تۆ بی، هەموو کەس لەسەر ماڵوحاڵی خۆی دانیشتووە و کاری خۆی دەکا ـ ئاوایی کپ و بێدەنگە ـ دوور لە گیانیان منالان و لاوەکان ـ وەکوو قەبرستان؛ پیاو لە مەزرا دێتەوە هەر کە نانەکەی خوارد سەری ناگاتە سەر سەرین خەوی لێدەکەوێ؛ کابانی ماڵیش لەگەڵ حەیوانەکانی دۆشی و شیر و قاپ و قاچاغەکەی تاقەت کرد هەر بەم دەستوورە... کەچی لەپڕ بە قودرەتی خودا، وەکوو ئەوەی گامێشێک لەسەر شاخەڕەشەوە لە نێو گۆمەگەورە کەوتبێ چلۆن کە لەنکاو دەنگی شڵپەی لە ئاو کەوتنەکەییت گوێ لێدەبێ و گۆمەکە دەشڵەقێ و ئاو بەم لاو لادا دەپرژێنێ، ئاوایی ئاوا دەشلەژێ! تۆفانێک ساز دەبێ کە وەرە و بیبینە! جێیەک نامێنێ نەیکوتێ ـ وەکوو ئەم تەرزە و تۆفانەی پێشوو کە بۆ خۆت دیتت... .»

«یانی بوو بە تۆفان و گەردەلوول و تەرزە باری!؟»

چرچ و لۆچە رەشهەڵگەڕاوەکانی دەموچاوی پیرێژن دەکەونە سەریەک و پێکەنین دەخەنە سیمایەوە ـ پێدەکەنێ:«نا، کوڕم ـ تۆفانی ئاوا نا... دانیشتووین کەچی لەنکاو، تەنگی نوێژی شێوان، سەر و کەللەی ئاغا و خانم پەیدا دەبێتەوە...!»

«وای ـ سەیرە!»

«بەڵێ، سەیرە ـ بەڵام خودا نەیهێنێتەپێش! بەڵێ، هاتنەوە، چ هاتنەوەیەک! ئێستا من چۆن لەبەردەمی تۆ دانیشتووم، هەر دەڵێی دوێنێ بوو ـ حەیوانەکانم دۆشیبوو، لەبەر دەرگا راوەستابووم لەگەڵ شوانی گوند قسەم دەکرد، کە خانم و ئاغا بە هانکەهانک گەیشتنەوە ـ ماندوو، شەکەت، کلۆڵ... کلۆڵی لەسەروسەکوتیان دەباری. ئێستا من هەروا واق ماوم، شوانی بێئەنواش واق ماوە؛ هەر دووکمان، پەرژین بێ، تفمان لە دەمدا ویشک بووە! لە دڵی خۆمدا دەڵێم هەی هەی، بە وشتریان گوت، دوور لە رووی تۆ، لە پشتەوەڕا میز دەکەی، گوتی چ شتێکم وەکوو خەڵکی دیکە دەچێ! بنیادەم سەری‌سوڕ دەمێنێ لە کاری ئەم ژن و پیاوە ـ ئەمانە هیچ شتێکیان وەکوو بنیادەم ناچێ... ئەڵڵاهووئەکبەر...!

باوەڕ بکە، کاکە، بە قودرەتی خودا، ئەژنۆم شکا، وەکوو دایکێک کە دوورکا، هەواڵی مەرگی کوڕە مێرمنداڵەکەیان دابێتێ، تەرمی کوڕە مێرمنداڵەکەیان نەخافڵ هێنابێتەوە بەردەرگا ـ نەمدەتوانی لە جێی خۆم جووڵە بکەم... تۆ خودا بنیادەم دەبێ چەندە چارەڕەش بێ کە کاتێ ماندوو و هیلاک لە سەفەر دێتەوە بە وەها بیچمێکەوە پێشوازی لێبکەن...!

«کچە هەر کە گەیشتێ، گڵ خەبەری بۆ نەبا، زۆر روو هەڵمالاوانە دەستی خستە ئەستۆم و سەری کردە سەر شانم و پڕ بە دڵ گریا... ئێستا ئەوە شوانەش لەوێ راوەستاوە... ئەمن دەڵێی، بوومەتە کوتەبەردێک، هەر وا راوەستاوم مات و بێدەنگ، دەشلەرزم چۆن، وەکوو کەسێکی شەپلە لێی دابێ ـ نە هیچ دەڵێم، نە دەستم دەجووڵێنمەوە، نە هیچ دەکەم، هەر وا لە جێی خۆم چەقیوم، چەشنی کوتەبەردێک، لە دڵی خۆشمدا دەگریم بۆ چارەڕەشی خۆم، چونکە دەزانم کچە بەم گریانانەی بە زمانی بێ زمانی بە من دەڵێ هەتا هەم بە ملتەوە بەستراوم!... بەڵێ کوڕێکی کە تۆ بی، تێر

گریا... کاتێکیش دیتی من بە هێندم نەگرت وەشوێن کەڵـەگاکەی کـەوت و ڕۆیشتە ژووری...

«هەر چۆنێک بوو خۆم گەیانـدە نێـو کولانەکەمـەوە، چیـشت لـێ وەشێرم پڕ بە دڵ گریام ـ دڵم پڕ بوو ـ ئاخ، بڵێم چی ـ منی دامـاویش لـە ڕۆژی هەوەڵەوە ژنێکی چارەڕەش بووم ـ ئەوە ئەو مێردە بێئەنوایـە، کـە جوانەمەرگ بوو، ئەوە ئەو برایە، کە تۆ دیتبووت، ئەوە ژنەکەی ـ ئەمەش کچەکەیان ـ بە کورتی، تەواو بۆ ڕۆژەڕەشی خۆم گریـام... ئـای، ئەمـەم نەگوت... ئاخر ڕۆڵە دەرد و بەدبەختی خۆم کەم بوو ئێستا خـانم زگیـشی پڕە...! حەییە حەی شەل نیە پای شکاوە... بەڵێ، هەموو شتێکم تـەواوە، هەر ئەمەم کەم بوو... بە قەولی مەنشوور هەموو شـتێکمان تـەواوە، هـەر دەهۆڵ و زوڕنا ماوە... ! ئێستا ئیدی لە پرتە و بۆڵە و قسە و باسی خەڵک گەڕێین... وای خودا بە هاوارمانەوە بێ...!»

«جا بە خەڵک چی؟»

پیرێژن بە سیمایەکی واق ماوەوە چاوم لێدەکا و پاش تاوێـک، کـە درێژخایەنیشە، بێ باوەڕانە دەڵێ:

«بیسمیللا! چلۆن بە خەڵک چی؟ قسەی سەیر دەکەی... تۆش قسەی کلاولار دەکەی ـ چلۆن بە خەڵک چی؟ ئیشتا ئەگەر، پـەرژین بـێ، ژنێکـی خراپ پەیدا بێ و بێت لەم پێشخانەیماڵەکەت بارگە و بنەی بە حەرزدا دا و ببێتە دراوسێت، پێوەندی بە تۆوە نیە، تۆ نارەحـەت نـابی!؟ دەنگـت دەر نایە!؟ دەی باشە منیش، خەڵکیش، هەر بەم جۆرە... قسەی سەیر دەکەی!»

«بۆچی... بەڵام... دەی باشە... .»

«باشە، خەڵکیش هەر ئەمەیان دەگوت.»

«ئەدی ئەو چی دەگوت ـ دادەسوێسنە؟»

کوردیکا @kurdica

«چی بڵێ باشە، هەر ئەو قسە قۆڕ و بێبایەخانەی پێشوو ـ کە، چووزانم، ماڵی خۆیەتی، ماڵی کەسی نەبڕیوە، شتی خەڵکی نەدزیوە... بە خەڵک چی، کەس ناخەنە قەبری کەسەوە، ئەو پەڕەکەی ئەمەیە ئەگەر مرد کەس نەچێتە ژێر تابووتەکەیەوە، یان با مامۆستا تەڵقینی نەکا... ئەویش ـ واتە ئەحمەد ـ ماڵی خۆیەتی؛ ژنەکەی قسەیەکی نیە، ئەگەر هەیبا دەچووە شار و لای دەوڵەت شکایەتی دەکرد و «دەوڵەتی» دێنا. برایەکیشی نەبوو ـ کچە ـ هەتا بە پێی ڕێ و ڕەسمی مەڵبەندەکە سەر بە نیستی کا؛ ئەگەر زەمانی زوو بایە سەریان دەتاشی، بەراوەژوو سواری کەریان دەکرد، دەیانبردە قەراغی جادەکە؛ لەوێ، پەرژین بێ، شەقێکیان لە قوونێ هەڵدەدا و بەڕەڵایان دەکرد... بەڵام ئێستا ڕەزاشا بوو، قازاخ و ئەمنیەش... خەڵک زاتیان نەبوو....

«بەڵێ، بەکورتی، لە ماڵی خۆی لێی دانیشتووە، ماڵی کەس ناچێ، کەسیش ناچێتە ماڵی... پاشانیش بیستم گوتوویانە ـ ئاخر ئێستا ئیدی لە سووچ و قوژبنەکان مناڵانیان وەگیردێنا و بۆیان دەگێڕانەوە ـ خەڵک قسەیان لەگەڵ نەدەکردن ـ بەڵێ، بیستم گوتبوویان چوونەتە سنە و گەڕووس، تەنانەت عەجەمستانیش و... چووزانم، شەقامیان دیتووە ـ خودا تووشی کەسی نەکا...! لەم جۆرە قسانە... کلاولارخانیش هاتبۆوە هەتا دیسان ببێتەوە، پەرژین بێ، کەری نێو جۆگە ـ کە هەم لەملا بلەوەڕێ هەم لەولا ـ هەم لەم بخوا هەم لە رابی بێئەنوا... ئەوە خەبەریشی لە مردنی منداڵەکەی رابیش نیە...!

«ئەو شەوە وەکوو جاران حازری هەرچی هەبوو خواردیان... هەڵبەت ئەمن لەوێ نەبووم ـ نەمدی ـ بۆ خۆم وا گومان دەکەم. ئەمن شیر و کەرەکەیانم بۆ لە کوزووەکانی خۆیان کردبوو، ڕۆنەکەیانم لەگەڵ

ڕۆنەکەی خۆم تێکەڵاو نەکردبوو ـ لـەوە دەترسـام ئـەو بـڕە بەرەکەتـەی حەیوانەکانیشم تێدا بچێ... .

«بەکورتی، کاک کلاولارخان بەڕواڵەت شتێکی بە ژاری ماری کرد... دەنگی کاسە و دەوری دەهات ـ دیسان وەکوو جـاران بـۆ نووسـتن چـۆوە ماڵەکەی خۆی...! ئێستا ئەمن دەڵێی، خوێن خوێنم دەخواتەوە! تو خـودا ناپیاوە بەم حاڵەوە، بەم گـشتە چەپەڵـکارییەوە دانـاڕزێ...! لـە خـودا شاراوە نیە چی لە تۆ بشارمەوە لە دەست ژنە پتر قەڵـس بـووم: تـۆ بێـی شتێکی ئاوا چەپەڵ ـ پاش ئـەم هـەمووە چەپەڵـکارییە ـ ڕێ بدەیـە سـەر جێگاکەت...! لە دڵی خـۆم دا دەمگـوت نـەفام ـ گـڵ خەبـەری بـۆ نـەبا ـ بێئەقڵ، پەرژین بێ، نەزان، ژنەتیوە کەرە، لەبەر چی لەوێ دانیشتووی و ئەم گشتە سووکایەتی و سەرشۆڕییە قبـوول دەکـەی، بیچمێکـی واش بـە خۆوە دەگری کە دەڵـێی لـە دەوڵـەتی سـەریەوە هـیچ دەردێکـت نیـە!؟ شڕوشاتاڵەکەت هەڵگرە و بڕۆ بۆ ماڵی، پەرژین بێ، برا بێ غیرەتەکانت، هەتا کەنگێ!؟ چەندە!؟ سووکایەتی لەمە پتر، ئابڕووچوون لەمە زیاتر!؟

«بڵێم چی کاکە، ئێستا ئەوە لە کولانەکەمدا دانیشتووم و لە خۆم دا وەکوو شیر هەڵدەچم... سەرت نەیەشێنم، هەرکە پێی لە دەرگای حەوشـە نا دەرێ، لە دیوەکەم هاتمە دەر و بە ماتەمات ڕۆیشتمە پشت چەپەرەکـە ـ دەمەویست بزانم ژنە چۆنی لەگەڵ ڕووبەڕوو دەبێ.

«دیتم پـشتکۆڵی دەرگاکـەی ترازانـد، حەیوانـەکانی وەلاخـست ـ لەسەر پەنجەی پێ... ئەوە مـن هـەموو شـتێک دەبیـنم... چراکـەی رابی داییسا... بەو جۆرە لـە پاشـان دەرکـەوت رابی زانیبـووی کـە تەشـریفی نامەبارەکی گەڕاوەتەوە، گڵ خەبەریان بۆ نەبا، بەڵێ، هەر کە لە دوو سێ پلیکانی حەوشەکە سەر کەوت و گەیشتە دەرکی دیوەکـە، کـۆخی، یانیهـا ئاغا تەشریفی هێناوەتەوە... جا دوژمنەکەت چاوی پێی‌نەکەوێ، دیتم رابی

ـ به قوربانی ئەو دەستانەی بم ـ دۆژەنگەکەی دەستدایە، جا وەرە بیکوتە ـ چلۆن کەردار کورتانی کەر دەکوتیٚ! ئەوە تۆ بلێی متەق لەم بالـنجە دەردیٚ لە کلاولار دەرنایە! لە رابیش هەروا ـ دەیکوتا و متەقیشی نەدەکرد... ئیدی ئەوندەی کوتا کە وەهانکەهانک کەوت ـ گوێم لە هانکەهانکەکەی بوو، چلۆن داری موورەکراو دەشکێنن! رابیت دیتبوو خۆ، بۆخۆی رۆستەمێک بوو، دایک لۆتییە. ئای کە کوتای کاکە...! تۆ بلێی، بە قودرەتی خودا، کلاولار تەنانەت نووکێکی ئەنگوستی بجوولێنیٚ... حاشا! پەرژین بیٚ، وەکوو سەگێکی زیانی کردبیٚ. بە کورتی، کوڕێکی کە تۆ بی، رابی کوتەکی خۆی کە زۆر باش وەشاند، چۆوە ژووریٚ و دەرگاکەی داخست ـ دەنگی ئالقەڕێزەکەشم گویٚ لێبوو، دیتم کلاولاریش وەکوو کەرێکی جاشوولەکەی تۆپی بیٚ سەری داخست و لە هەمان رێگاوە کە پێیدا هاتبوو، گەڕایەوە... من لە پێش ئەودا... .

«ئەو شەوە حیسابی دڵم ئۆخژنی تێگەڕا، لە دڵی خۆمدا گوتم ئۆخەی، ئەی دەستت خۆش بیٚ ژنە... رووسووری دنیا و قیامەت بی ـ من خۆ خەریک بوو دیق بکەم! ئۆخەی، دڵم فێنک بۆوە... ئەوندەش دەکریٚ سەبر بکەی!... بە کورتی، سووک بووم، بڕوام پیٚبکە ئەو خەوەی ئەو شەوە کردم بە حەیاتم نەمکردبوو... .

«بەلیٚ... ئەوەش ئەوە: کلاولارخان لێی حاڵی بوو کە، پەرژین بیٚ، سەگ و مزگەوتیان نەگوتووە ـ ئیدی بۆیان ناگونجیٚ کە جەژنەکەیان لێرە بکەن و نەورۆزەکەیان بەرنە جێگایەکی دیکە! کورت و کرمانجی بە یەکجاری بارگە و بنەی لە دیوەکەی سوێسنەی بیٚچاو و ڕوو بە حەرزدا دا: ئەو جێیە خۆشە کە دڵی لیٚ خۆشە... !»

«دەی باشە، پاشان؟»

کوردیکا @kurdica

«پاشان، هیچ، سلامەتی سەری تۆ. کاتێ بار و دۆخەکەی بەم جۆرە بینی بە پێچەوانەی پێشوو «هەواکەی» گۆڕی... ئیدی فڕسوار و بەراوەژوو قسەی نەدەکرد... بیستم چووبووە لای مامە خواکەرەم ـ لە مەزرا ـ زۆریش لەسەرخۆ و لارەمل گوتوویە کە بەڵێ، بە پێچەوانەی خەڵکی دیکە کە ئەو کاتانەی تاوانبارن و پتر بۆ لای خۆیانی دەکێشن، ئەو هەمیشە زانیویەتی کە خەڵک حەقیان بە دەستە و تاوانبار ئەوە، بەڵام چی بکا، کاری خودایە ـ مامۆستا گوتەنی مقەدەر وا بووە؛ ئەو نەیویستووە ئاوای لێبێ... کێ پێی خۆشە منداڵەکەی بمرێ، ماڵەکەی وێران بێ، ئابڕووی بچێ؟ ئەمانە هەمووی کاری شەیتانە، بۆخۆی تێدەگا... خەڵکەکە هێندێک تامولیان هەبێ. مۆڵەت بدەن... ئەویش ئیدی ئەوندە خراپ نیە ـ ئەگەر فێڵێکی لە بن سەر دابوایە کاتێ گەڕانەوە دەیگوت لە فلان شار لەسەر دەستی فلانە مەلا کچەی مارە کردووە و ئیدی ئەو هەموو تف و نەحلەتەی خەڵکی بۆ خۆی نەدەکڕی (هەڵبەت قسەکەی راست بوو، رۆڵە). بە کورتی، باوکە، مێردە، دڵی دەسووتێ... بەڵام چی بکا... ئا لەم قسانە... بەڵێ، ئەمەش ئەمە...!»

«پاشماوەکەی ؟»

«هەر ئەمە بوو ئیدی... پاشماوەیەکی نیە... پاشانیش هەموویان مردن... ئیشەڵڵا خوداش رەحم بە هەموویان دەکا... .»

«نا، نەبوو پوورێ، لەگەڵم پێک نایەی! ئەمن دەزانم بە خاتری حەسەن و منداڵەکانی ناتەوێ هێندێ شت بگێڕییەوە، لە حاڵێکدا جگە لە من هەموو کەس دەزانێ، تەنیا منم لەم بەینەدا غەوارەم؛ بەڵام لە بیرت بێ لە هەوەڵەوە بڕیارمان دا دایک و کوڕ بین ـ لەبیرتە؟ ئەو شتانەی تو دەیانڵێی خۆ من ناچم ماڵ بە ماڵ بگەڕێم و بۆ خەڵکی بگێڕمەوە، ئەو جار هەر وەکوو گوتم هەموو کەس دەزانێ و تەنیا منم کە لەم بەینە دا

**غەوارەم... منیش بەڵێنت دەدەمێ گڵیش لێم نەبیستێ، لەم بابەتەوە ئەرخەیان بە... .»**

**«ئەرخەیانم، رۆڵە، ئەتۆش غەوارە نی... نامەوێ رووداوەکە دیسان هەڵاییسێنمەوە؛ بۆخۆت باش تێدەگەی ـ بنیادەم هەموو شتێک خۆ نابێ بڵێ... بەڵام بەو حاڵەش ئێستا کە تۆ سوور وێستاوی بە سەر چاو... بەو مەرجەی گوتت... پاشماوەکەی هەڵدەگرین بۆ وەختێکی دی... ئەمشەو ئیدی هەردووکمان ماندووین، شەویش درەنگە... .»**

# ١٢

«کەوابوو کاکە، لەبیرت بێ، ئێمە قسەی خۆمان کرد پێکەوە، باسەکە باسی ئابڕوو و ژیانە؛ ئەم کارەساتە پەرژینێکی قایم بێ، وەکوو پیسایی وایە، هەتا پتری چیلکە تێوەردەی، پتری بۆگەن بڵاو دەبێتەوە؛ نامەوێ لەم ئاخری عومرەدا، خودای نەکردە، وای لێبێ کوڕە لە من بڕەنجێ و شتم لێ لە دڵ بگرێ ـ لە سایەی خوداوە پیاوێکی ئابڕوومەندە، منداڵی هەیە، خێزانی هەیە... پێم خۆش نیە وای لێبێ کە... .»

دەپەڕمە نێو قسەکەیەوە: «نا، پووری، بۆ خۆت گوتەنی ئاها!» وەکوو خۆشی پەنجەی دەستم دەخەمە سەر دەمم، یانی قڕوقەپ.

«بۆ خۆت ئەلحەمیللا ئەقڵی دە مەلات هەیە، بۆ خۆت لە من باشتر دەزانی ـ مامۆستا گوتەنی، دەرس دادانی لوقمانە ئەم قسانە....»

«نا، دڵنیا بە، پووری... .»

«بەڵێ... ئێستا ئەوە تۆ بڵێی شاییەک پووڵ، درەمێک ئارد، خۆراکێک چایی لەو ماڵە دایە ـ نا... خانمیش ئاوس... دەی باشە، چی بکەن، چی نەکەن... بە کورتی کوڕێکی کە تۆ بی کچە تەنیا مانگایەکی کە هەیبوو هێنایە سەرفرۆش ـ ئەوە منیش ئەم مانگایەم لە گلێنەی چاوی خۆم

@kurdica

پتر خۆش دەویّ ـ دایەگەورەی ئەم مانگازەردەی حازری ـ کە مانگایەک بوو شیری میسر نەیدەبڕی. ماشەڵڵا گوانی هەر یەکەی ئەهێندە ـ بەقەرا دەفرێکی مەڕدۆشین....

«ئەی خودا... ئەی پێغەمبەر... ئێستا من چی بکەم! کوڕێکی کە تۆ بی ئەو شەوەش تێروپڕ گریام، بۆ رۆژەڕەشی خۆم... بۆ بەیانی چووم بۆ لای مامە خواکەرەم و دەستەودامێنی بووم، هەتا بەڵکوو بۆخۆی یان لە رێگای کەسێکی دیکەوە مانگاکە بۆ من بکڕیّ ـ هەڵبەت نە بە ناوی منەوە ـ ئاخر لە بیرت بیّ گوتم کەس قسەی لەگەڵ نەدەکردن. بە کورتی، ئەوندە پاڕامەوە و لاڵامەوە هەتا مامەخواکەرەمی بێچارە زگی پێمسووتا پیرەپیاو. ئەلحوکمو لیللا، کلاولارخانی لە شوێنێک وەگیر هێنا و سەری قسەی لەگەڵ دامەزراند... سبەی یان دووسبەی بوو وڵامی هێناوە، گوتبووی لە نۆ تمەن دوو شایی کەمتر نادا... ئێستا من دەڵێی، نۆ تمەن خەزنەی نادرشایە؛ ئەمن نۆ تمەن لە کویّ بێنم. ئەگەر بەشەماڵێکیش لە گۆڕیّدا بیّ بەشەماڵی باوکییە ـ دوو بە یەکە: ئەو ـ واتە کچە ـ دووبەش ئەمن بەشێک ـ بەشی برا ئەو دەیگریّ، بەشی خوشک ئەمن... چوومە لای مامۆستا... ئەویش گوتی بەڵیّ، هەر بەم جۆرەیە کە من دەڵێم. بە مامە خواکەرەمیشم گوت، ئەویش گوتی ئەشەدوو ـ کلاولاریشی حاڵی کرد کە بێتوو بیەویّ سەوداکە شەرعی بیّ و سبەینیّ قسەی لیّ پەیدا نەبیّ و کێشە و هەرای لیّ ساز نەبیّ دەبیّ بەشی من وەلا بنیّ، واتە سیّ تمەن بۆ من شەش تمەن بۆ خانم... ئەویش ئەلحەقی گوتی وەباڵ بە ئەستۆم. بە کورتی، کوڕێکی کە تۆ بی، بۆ خۆم بڕێکم پووڵ لەم لا و لەو لا، لەم لینگە گۆرەوییەدا، لەو گۆزە شکاوەدا، لەو قۆرییە کۆنەدا هەبوو، تەواویم لە کون و کاژێڕان هێنایەدەریّ، بڕێکیشم لە رابی خودالێخۆشبوو قەرز کرد و شەش تەمەنم پێکەوەنا... دامە دەست مامەخوا کەرەم و مانگاکەم لەسەر دەستی

مامەخواکەرەم کڕی... بە ڕەحمەت بێ، مامە خواکەرەم، لە پێناو ئەم کارەدا زۆری زەحمەت کێشا، پیرەپیاو. ئێستا خۆ تۆ غەیرە نی، مانگاکەشی ئەگەر نەهێنابایەتە سەر فرۆش، ئەمن دیسان هەرچێکی بمبوایە درێغم نەدەکرد، لەبەر ئەوە کە خودی کچە لەگەڵ ئەوەدا هۆی سەرشۆڕی بوو دیسانیش جەرگم بوو، پاش ئەوەش دووگیان بوو، پاشانیش ئاتاج: ئاتاجی شتێکی خراپە، کوڕم، خودا ئەم دەستە ئاتاج بەو دەستە نەکا...! ئەوجار، ئەو کۆرپە بەستەزمانەی لە زگی دابوو، هەر چەندە بەرهەمی تاوان بوو، بێئەنوایە بۆ خۆی بێتاوان بوو، خودا ئەگەر بە مەسڵەحەتی نەزانیبایە بێتە دنیاوە لە هەوەڵەوە نەدەگوورا... بە کورتی، چی لە تۆ بشارمەوە من ئەم سەرەنجامەم لەبەرچاو گرتبوو، ئەو پووڵەشم بۆ وەها ڕۆژێک راگرتبوو....

«وەلحاسڵ ـ بە سلامەتی سەری تۆ ـ مانگاکە ما، کلاولارخانیش دەمودەزگای دیسان رێکەوتەوە ـ دەم و دەزگای چایی و سەماوەرەکەی... بەڵام ئیدی لە وتار دەربڕین و قسەی زەلامزەلام و خۆهەڵکێشان خەبەرێک نەبوو ـ بۆخۆیان بوون و بۆخۆیان... .»

پیرێژن چایی بۆ خۆی تێدەکا، فەرموویەکی من ناکا ـ چایەکە دەکاتە ناڵبەکییەوە و هەڵیدەقوڕێنێ... رادەوەستم هەتا چایەکەیەی بخواتەوە... دەیخواتەوە، پاشان ئیستیکانەکەم لەسەر خاکەنازەکە دادەنێم و رەپاڵی دەنێم بۆ لای، بزەی دێتێ، دەڵێ: «ئای خودا بمکووژێ، بۆ تۆم تێنەکرد! لە هۆشم چوو... چۆن بوو لەبیرم چۆوە... ماشەڵڵا هێندە وەک منداڵان عۆین دەردێنی...!»

پێدەکەنم: «لە کوێ عۆینم دەرێناوە، پووریێ؛ خۆ من وەکوو بەچکی بنیادەم دانیشتووم گوێم راگرتووە!»

«باشە ئیدی... ماشەڵڵا جۆرێک دەڕوانی کە بنیادەم دەستی تێکەڵدێ...» چایەکە تێدەکا... دەڵێم: «ئێستا یەکی دیکەش بۆ خۆت تێکە، ئیستیکانەکان چکۆڵەن، با تەواو پشوووت بێتەوە سەرخۆ... .»

«نا ئیدی، لێم زیادە ـ کایەکە هی خۆم نیە خۆ کادێنەکە هی خۆمە؛ شەوە، نارەحەتم دەکا...» بەو حاڵەشەوە تێی دەکا، بە سیمایەکی پڕ لە هەواسپەرتی... «بەڵێ، ئێستا خانم دووگیانە... بەڵام ئەتۆ بڵێی ئاواش نیە کە لە لای کەسێک ـ تەنانەت لە لای من کە پووری بم ـ خۆی بشکێنێ و مل خوار کاتەوە و فلان و فیسار... نا، مەڵێ کچ، بڵێ ئاتەشپارە... کڵاوی لەسەر خودی شەیتانیش دەنا. هەموو کارەکانی خۆی بۆ خۆی دەیکرد، بەو حاڵەیەوە حەیوانەکانی دەدۆشی ـ ئەوە منیش جەرگم جەرگمی دەخوارد... دەمگوت هەر ئێستایە حەیوانە لە کەللەی بدا و لەقەیەک باوێژێ و کچەی بێئەنوا سەقەت کا! بەڵام تۆ بڵێی، وەڕووی خۆمی بێنم ـ ئەبەدا. بەڵێ، حەیوانەکانی دەدۆشی، مەشکەکەی دەژاند، شیووکوڵەکەی دەکرد، لە کێوڕا کۆڵەداری دێنا و... بە کورتی، هەموو کارێک. نازانم بە قودەرتی خودا ئەم گشتە وریایی و کارامەییەی لە کوێوە هێنابوو؛ وەکوو کێ دەچوو؟ باوکی کە برای خۆم بێ مرۆیەکی ساویلکە و دەستەوستان بوو؛ دایکیشی ئیدی بەم جۆرە نەبوو، خودا هەڵناگرێ! چی بڵێم تەنیا دەتوانی بڵێی قسمەتەکەی ئەمە بوو... ئەتۆ بڵێی من لەم ماوەیەشدا نەمدی لەگەڵ کڵاولار لەسەر شتێک دمبەدمەی کردبێ، وەکوو ئەمە ئەو کچی قەڕاڵی فەرەنگ و کڵاولارخان کوڕی عەزیزی میسر بێ، کە شکڵ و شێوەی لە خەودا دیتووە و بە روانینێک ئاشقی بووە و گۆچانی ئاسنی هەڵگرتووە و رۆیشتووە، پاش ساڵەها دەربەدەری و کوێن لەبەر کردن سەرەنجام پێیگەیشتووە! پێت وابوو بە زمانی بێ زمانی بە عالەم و ئادەم دەڵێ لەسەریشم زیادە ـ کچە دەڵێم ـ وانەبوو بڵێی بووکێ هاتووە

چاوانبرێژێ... نا، کلۆڵەی بێ ئەنوایە لە جیاتی چاوڕشتن کاری پینە و پەڕۆ بوو... خودا هەڵناگرێ، بنیادەم دەبێ ڕاست بڕوا!

«بە کورتی، کوڕێکی کە تۆبی، نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ و نۆ سەعات و نۆ دەقیقە و نۆ سانیە و نۆسالیسە ـ مامۆستا گوتەنی... ئێستا، لە خودا پنهان نیە با لە بەندەی خوداش پنهان نەبێ، شەوانە گوێقولاغم ـ لە هەمان کولانەی خۆمڕا ـ گوێ قولاغی دەنگی قیژەی کچە... تۆ بڵێی هەموو شەوێکی خودا دڵەدوا دەخەوم، کە هەر ئێستایە قیڕە و قیژەکەی هەستێ....

«ڕۆژێکیان چووبوومە لای رابی نازانم بۆ چ کارێک... رابی دەیزانی من لەگەڵ ئەوان هاتوچۆم نیە... نزیکەی نیوەڕۆ بوو... کاتێ لاقم نایە حەوشەی ماڵی خۆمان... گوێم لە دەنگی واقەی مناڵ بوو...!

«کاکە ئەگەر بزانی چ حاڵەتێکم بە سەر هات... ئەژنۆکانم شل بوون، بە قودرەتی خودا... جۆرێکم لێهات: ئارەقێکی ساردم نیشتە نێوچاوان، گوێچکەکانم دەستیان کرد بە ویزەویز، دەنگی هاژەهاژیش لە کەللەی سەرم وەستا... ! ئای خودا، ئای پێغەمبەر، یانی ئەم کچۆڵە ژانی هاتۆتێ و ئەمن نەمزانیوە! ئای خۆزگە هەردوو لاقم شکابوایە و نەچووبامە لای رابی! ڕۆڵە، ئەتۆ پیاوی، نازانی ـ هیچ شتێک وەک ژنی ئاوس نیە... هیچ شتێک وەک بێ پەنایی نیە، ئەویش بۆ مێوینە ـ نێرینە فەرق دەکا. دووحاڵ بی، بزێی، کەست لە ژوورسەر نەبێ ـ نە دایکێک، نە خوشکێک، نە میمکێک، نە پوورێک... کەسێک نەبێ ئیستیکانێک ئاوت بداتە دەست...! کاکە، گورگی بیابان، بە گورگایەتی خۆیەوە، بە قودرەتی خودا، کاتێ دەزێ خودا ڕەحمی پێدەکا. تۆ بۆخۆت منداڵی ئاوایی، دەزانی، دەبینی باران دایدەدا، پاشان بە قودرەتی خودا لە نێوان تنۆکەکانی هەمان باران دا تاو هەڵدێ ـ دەڵێین بۆتە گورگەزێ ـ ئەمەش کاتێکە گورگ دەزێ، خوداش بە کەرەم و ڕەحمەتی خۆی بە هەتاو دەڵێ بدرەوشێ هەتا سەدەمەیەک بە

@kurdica

دایک و بێچووی بێئەنوا نەگا! کاتێ خودا، بەو گەورەیی‌یەوە کە هەیەتی بەو جۆرە رەحم بە دڕندەیەک دەکا ئادەمیزاد ئیدی جێگای خۆی هەیە، جێی بەزەیی‌یە.

«کوڕێکی کە تۆ بی لەگەڵ گوێم لە دەنگی گریانی کۆرپەکە بوو جۆرێکم لێ بەسەر هات... ئیدی ئاگام لە خۆ نەما، هەر کە چاوم کردەوە دیتم لە نێو دیوەکەم و لەسەر سەری دایکی بێ ئەنوا و کۆرپەکە! دیتم... ئاخ، چ ببینم، رۆڵە... دیتم کچەی داماو خەوتووە ـ بێ کەس و بێ پەنا، زەرد و لاواز ـ هێندێک پەڕۆوپاڵیش لە تەنیشتی! نازانی، کاکە، چیم بە سەر هات... !»

پیرێژن کوڵی گریانی هەستاوە؛ تێر دەگری، بە داوێنی کراسەکەی ئاوی لووتی دەسترێ و چڵمەکەی هەڵدەلووشێ... ئەمن هیچ ناڵێم.

دەڵێ: «خودا هیچ کەسێک بێ کەس و بێ پەنا نەکا...!» هەمیسان هێندێک چڵم هەڵلووشین و لووت گرتن – پاشانیش: «ئای... خودایە شوکرت! کافر بیبینێ مسوڵمان دەبێ...! بەڵێ، کوڕێکی کە تۆ بی هەوەڵ کارێکی کردم ئاورگەکەم هەڵکرد و تاوەکەم هێنا و رۆن و ئارد و... بەکورتی هەموو شتێک، جارێ لەڕێوە میوانییەکم بۆ ساز کرد... لە پشت سەری کۆرپەش دانیشتم و دەستم کرد بە گریان ـ دووبەدوو، من و کچە ـ تێروپڕ گریاین ـ هەردووکمان بۆ بێکەسی خۆمان ـ ئێستا ئەوە ئەو دەگری ئەمن دەگریم... ئەوە نە من هیچم پرسیوە نە ئەو هیچی گوتووە... مەلۆتکەکەشم کردەوە ـ دیتم ئای، کوڕێکی ژیکەلانەی جوان، ئەم حەسەنە، کە دەیبینی... هەڵبەت لە دەنگی واق و ویقەکەشی تێگەیشتبووم دەبێ کوڕ بێ. بەڵێ، مەلۆتکەم کردەوە؛ دیتم نا، هەموو شتێک رێکوپێکە، نێوکی بڕیوە، لە پەڕوپاڵییەوە پێچاوە، بە جوانیش مەلۆتکەی کردووە. بڕێکی تێفکریم، دەرکەوت کە بەڵێ، لە کێوی بووە، چووە کۆڵەدار بێنێ، لەوێ ژان

گرتوویە و منداڵەکەی بووە، بۆخۆشی نێوکی منداڵەی بڕیوە بە دوو بـەرد و منداڵەی لە لێچکەکەیەوە پێچاوە و لەگەڵ کۆڵەدارەکە هێناویەتەوە!...

«بەکورتی سەرت نەیەشێنم، میـوانیم لەبـەر دەمـی دایکـە دانـا و قەنداوێکم بۆ منداڵە گرتەوە بە خەیارچەمبـەرەوە، بـە کەوچکـە چـاییش کەوچک کەوچک بە گەرووەمدا کرد هەتا داسکنا...پاشان ئاوم هێنا و مـەمکی دایکەم داشۆری... بڕێکم دەست پێدا هێنا و گوشیم... ئێـستا ئـەوە مـەمک چۆنە ـ بۆتە خڕکەبەردێک. ئاغایەکی بە مالْم، هێندێ دەستم بە مـەمکیدا هێنا، هەتا ژەکم لێدادۆشی... .

«سەرت نەیەشێنم ـ مامەوە. بەڵام تۆ بڵێی لەوێ شتێک دەخۆم یـان قسەیەک دەکەم، حاشا. کلاولاریش کە دێتەوە دیسان هەر ئاوا ـ پـێموایـە پشیلەیەکە. نێوەڕۆ و شەوێ چێشتی کچە ساز دەکەم و لەبەر دەمی دادەنێم و بۆ خۆم دەچمەوە کولانەکەی خۆم، پاروویەک نان و پەنیر و نان و ماست یا شیر دەخۆم و دەگەڕێمەوە ـ بەڵام لەوێ دەخەوم.

«بەکورتی مامەوە هەتا ئەوەی کچە وردە وردە خۆی گرتەوە ـ هـەر بۆخۆشم ئیدی حەیوانەکانم دەدۆشی... بڵێم چی، ڕۆڵە، خودا هیچ کەسێک بێ کەس و بێ ئەنوا نەکا...! ئێستا لە ترسی مامۆستا کەس ناوێرێ بـێ و سەرێک لەم کچۆڵە بـدا... هەڵـبەت نەبێتـە درۆ جگـە لەسەرسـپییەکان، وەکوو پوورە ڕەعنا و ئەوان....

«هەتا حەوتەی چوو شەوانەش، تۆ بڵێی، تا بەیانی بەخەبەر بووم لە پشت سەری، کە نەکا خودا نەکردە «ئاڵ» بێ و دایک و منداڵـە شـتێکیان لێبێ. بە قودرەتی خودا، لە چاو پێکەوتنی هەوەڵەوە خۆشەویستی منداڵەم کەوتە دڵەوە ـ وەکوو منداڵی خۆم ـ هەمان خۆشەویستی کە لەگەڵ دایکە بێ چارەکەی هەمبوو لەگەڵ خۆشیدا پەیدام کـرد. ئەمـەش بـڵێم کلاولاریـش ئەلحەقی ئەو حەوت شەوە هەتا بەیانی لەگەڵ من بـە خەبـەر بـوو. لـەم

ماوەیەش دا کەم هەتا زۆر هیچی نەگوت یان چکۆلەترین کارێکی نەکرد کە من پێی نارەحەت بم. لە سووچێک دادەنیشت و سەبیلەکەی دەکێشا.

«بەکورتی، مامەوە... هەتا چلەی چوو. پاشان، کورێکی کە تۆ بی، وردە وردە کە دایکە خۆی گرتەوە ئەمن خۆم کێشا قەراغ... بەڵام نە بەیەکجاری: بە رۆژ، جارناجارێک، دەچم و سەری مندالەکە دەدەم... ئەمانیش بە زمان نالێن، بەڵام هەست دەکەم لە بابەت منالەکەوە ئەرخەیانن: پووری دەناسن؛ دەزانن کە پووری، منالە بە تەمای خودا بەجێ ناهێلێ! سەرت نەیەشێنم، هەمیسان هۆگری منالە بووم و خانم و ئاغاش دیسان کلکیان قنج کردەوە، تینێکیان وە پشتی کەوت و لە سەری هاتنە دەرێ....

«یانی...؟»

«بەلێ، یانی کە دیسان وەکوو جارانیان لێهاتەوە: دایمەی خودا هی هی هی هی ـ هوو هوو هوو هوو ـ ها ها ها ها ـ هی هی هی هی! ئەی ژەقنە و ئەی ژەهری‌مار! ئیدی نە شەرمێک، نە حەیایەک، نە شلوێ بوونێک، نە تێگەیشتنێک ـ کە لانی‌کەم مندالی دراوسێ مردووە، دایکی بێچارەی زگی سووتاوە، ژنی بێ‌ئەنوا ئازار دەکێشێ... بنیادەم ئەوندەش بێ چاوورِوو دەبێ! چاویان هەبوو، دەیانبینی کە رابی چارەرِەش وەک چیلکەی لێهاتووە، ئەم پێکەنینانەش بڕبەندی رۆحی ئەون ـ ئەو عۆینانەی بە سەریان هێنابوو هیچ، ئێستا ئەم تریقەتریقی پێکەنینە! ئێستا ژنی بێ ئەنوای جەرگ سووتاو بێ‌گومان هەزار و یەک فکری بە دڵ دا هاتووە، پێی وایە بێ‌گومان بەو پێدەکەنن، کە بەم جۆرە جەرگیان بە کوچکەوە داوە، بەم جۆرە کەنەفتیان کردەوە... لە حالێکدا ئەگەر لە من بپرسی، ئەم پێکەنینانە بۆ جەزرەبە و ئازاری ئەو نەبوو، مەبەستێکی نەبوو کچە، خەڵقەتەکەی ئەمە بوو ـ لە بڵحایەتی بوو... یان، چووزانم،

شایەدیش پێکەنینی ئابڕوودارى بوو. بەڵام چیت لێ بشارمەوە ئەمن بۆ خۆم دڵم دەلەرزی، ئەمن رابیم دەناسی، گەورەم کردبوو، دەمزانی لەو ژنانە نیە کە تامەزرۆییان بە سێوەترشەیەک دەشکێ، دەمزانی کچەی دایکنەماو خەریکە بە پێی خۆی بەرەو پیری مەرگ دەچێ، دەمزانی ئەو ماری خەوتووە و ئەم بە ئانقەستە پێ لەسەر کلکی دادەنێ... هەتا بزانین کەنگێ پێوەی دەدا ـ وەهای پێوە بدا تووکی سەری با بیبا!»

«پووری، تۆ کە ئەمەت دەزانی ـ مامۆستاش گوتبووی ـ ئەدی بۆچی ئامۆژگاریت نەدەکرد؟ بەڵکە لێی حاڵی بوایە؛ بەڵکە ئەم جارە قسەکەت کاری لێکردبایە...»

پیرێژن تاوێک لە روخسارم دەفکرێ، پاشان دەڵێ: «ئەی خودا تەمەن درێژت کا، کوڕم، ئەتۆش، ماشەڵڵا زۆر دڵ سافی! رۆڵە، کچە ببوو بە، پەرژین بێ، وشترەکەی نەقارەخانەی نادر، گوێچکەی لەم هەرا و هوریایە پڕ بوو، گوتم، چاووڕووی لە کەس نەدێشا.... نەقڵی وشترەکەی نەقارەخانەی نادرت نەبیستووە؟»

«نا، نەمبیستووە.»

«کەوابوو نەتبیستووە، ئەگەر بتبیستبایە ئەم قسەیەت نەدەکرد. دەڵێن وشترێک هەبوو لە نەقارەخانەی نادر شادا... بەڵێ ئیدی، لە ناوەکەیڕا دیارە، وشتری نەقارەخانەیە، هەموو رۆژێ دەنگی تەپڵ و شەیپوور و چووزانم، دەهۆڵ و کەڕەنا... پیر بوو، بەکورتی کوڕێکی کە تۆ بی «تەقاویت» بوو. (پێکەنین گرتوومی، پیرێژنیش دەسەپاچە بووە... «تەقاویت»ەکە تیژ تێدەپەڕێنێ) بەڵێ، لە کار کەوت. نادر حوکمێکی کردە ملی، کە ئازادە لە هەر شوێنێک پێی خۆشە بلەوەڕێ، کەسیش حەقی نیە لە گوڵ کاڵتری پێ بڵێ. بەڵێ، کوڕێکی کە تۆ بی، رۆژێکیان وشترە دەچێتە نێو مەزرای پیرێژنێکەوە... ئێستا پیرێژن چ بکا، چ نەکا ـ وشتری نادرە،

حوکمی لە مل دایە؛ خۆ ناتوانێ دار و تێلا دەست داتێ و بە زەبری دار و کوتەک لە مەزراکەی وەدەر بنێ - چ بکا چ نەکا؟ ئەلحوکمولیللا، داوێنی کراسی هەڵداوە و دەستی کرد بە چەپڵە لێدان بە ژێرەوەی گەدەی - گەدەی خۆی. ماوەیەک لێی دا و لێیدا... بەڵام وشترە هەر دەتکوت گوێی لێ نیە... وەلێ ئاخرێکەی کاتێ دیتی پیرێژن لە کۆڵ نابێتەوە، بە بێزراوێوە چاوێکی لە پیرێژن کرد و بە قودرەتی خودا وەزمان هات و وەکوو ئادەمیزادێک زەردەخەنەی هاتێ و گوتی:«پیرێژن، من لە دەنگی دەهۆڵ و کەڕەنای نەقارەخانەی نادر نەسڵەمیومەوە ئێستاکانێ تۆ چاوەڕوانی ئەوەی، پەرژین بێ، لە دەنگی چەپڵەی فلان جێگای تۆ بسڵەمێمەوە!» نا، رۆڵە، گوێچکەی لەم قسانە پڕ بوو... کاری لەم شتانە گوزەرا بوو....»

«دەی بەڵێ؟»

«دەمی بەڵێت خۆش... پاشانیش ئەم کارەساتە پێش هات، کە بۆخۆت دەزانی....»

«بۆخۆم لە کوێڕا بزانم، پووری! دووراودوور شتهایەکم بیستووە، لێرە و لەوێ... لە کوێڕا بزانم؟»

«منیش خۆ هەمووی نازانم... منیش خۆ هەموویم بە چاوی خۆم نەدیتووە، بڕێکیم دیتووە، بڕێکیم بیستووە....»

«دەی باشە، هەر ئەوانەی دیتووتە و بیستووتە....»

«زۆر باشە؛ کەوابوو پاشماوەکەی دادەنێین بۆ سبەی شەو، ئیدی تەواوی دەکەین... ئەو بێچارانەش گوناحن... ئێستا بێگومان رۆحیان لە عەزاب دایە، لەوەی کە ئەم گشتە پاشملە غیبەتمان کردوون... با خێراتر تەواوی کەین، هەتا ئەو بێچارانەش وەحەسێن - ئەوانیش گوناحن...!»

«زۆر باشە... زۆر حیسابییە!»

@kurdica

# ١٣

پیرێژن لەپای سەماوەرەکە دانیشتووە، چارۆکە شانەکەی لە خۆیەوە پێچاوە و هێدی هێدی، وەکوو ئەوەی دەرسەکەی دەورکاتەوە، لە نێوقەد بەرەوژووری رادەژێنێ ـ دیارە بە مەتڵەبەکانی زەینیدا دێتەوە ـ منیش چاوەنوارم.

ئاخرێکەی هەناسەیەک هەڵدەکێشێ و دەڵێ: «کاکە... ئەگەر لەسەر وازی پاشماوەکەشت بۆ بگێڕمەوە و کۆتایی پێ بێنم!»

«بەڵێ، پووری، زۆرم پێخۆشە ـ ئەگەر شەکەت نەبی.»

«نا، زۆر شەکەت نیم ـ با ئەمەش تەواو کەین ـ رۆحی ئەو بێچارانەش با ئیدی هێندە ئازار نەدەین ـ خودا هەڵناگری...» هەمیسان یەک دوو جار خۆی راژاند، هەناسەش هەڵدەکێشێ ـ هەناسەیەکی دوور و درێژ: «ئاخخخخ! دنیایەکی بێوەفایە... بەڵێ، بۆ کوڕی خۆمی بڵێم کە شەوی پێش ئەو رووداوە... .»

«کامە رووداو... کامەیان؟»

«کەوابوو دەزانی!؟ رۆڵە، کاتێ دەزانی ئیدی بۆچی لە من دەپرسی؟ ئەو بێچارانەش گوناحن...» پیرێژن دیارە بەشەرمدا کەوتووە، لەمە کە لە

کوردیکا @kurdica

وانەیە من بزانم و پێویستی بە گوتنی ئەو نەبێ ـ بێئەنوایە زۆری زەحمەت کێشاوە و ئەوەی لە زەینیدا بووە، ڕێکوپێکی کردووە.

دەڵێم: «نا، پووری، کوا دەزانم ـ لە کوێڕا بزانم!... پێشتریش گوتم، سەرزارەکی شتهایەکم بیستووە، بەڵام خۆ ئیدی لێرە نەبووم هەتا چاوم پێی بکەوێ یان بزانم لێرە چ ڕووی داوە و چی بووە... .»

«منیش پێم سەیر بوو ـ گوتم خودایە لە کوێ! بەڵێ... بۆ کوڕی خۆمی بڵێم شەوی پێش ئەو ڕوواوە خەونێکی سەیر و سەمەرەم دی... تۆ بڵێی شتێکی قورسم خواردبێ ئەو شەوە ـ نا، نەمخواردبوو؛ تۆ بڵێی نارەحەتێکی تایبەتم هەبوو ـ نا، ئەویشم نەبوو: ژیانی ئێمە خەڵکی فەقیر و هەژار هەر ئەمەیە کە دیوتە، دەیبینی: نەداری، مەرگ و میر، نەخۆشی، وشکەساڵی، تۆفان و تەرزە و ئەم جۆرە شتانە ـ لەگەڵ ئەمانەش کە ڕاهاتووین... بەڵام بەو حاڵەشەوە خەونێکی سەیرم دی. لە خەونمدا بوو لەگەڵ سوێسنەی دایکنەماو دانیشتووم، بلبلی خوداڵێخۆشبووش لەوێیە، دیتم... دیتم چلۆن لە ئێستاکانێ تۆ دەبینم ـ دیتم بۆتە بووک، بۆتە هەوێی دایکی، بلبل و هێناویانەتە ماڵی زاوا! لە پوور ناسکێم پرسی: زاوا کێیە؟ گوتی: «ئەیەڕۆ، قوڕ بە سەرم، چما نەتزانیوە... بۆتە ژنی ئەحمەد!» ـ «کامە ئەحمەد؟ ئەحمەد خۆ مێردی رابییە، ئەدی بۆچی پێی بلبلی داماویان تێوەداوە!؟ خەڵکێکی سەیرن، ئەم عالەمە؛ عەجەب دەور و زەمانەیەکە! وەڵلا، خۆ هی ئاوامان چاوپێنەکەوتبوو ئیدی ـ کچ ببێتە هەوێی دایکی!» ئێستا ئەوە تۆ بڵێی پوور ناسکێ بیست ساڵە بە ڕەحمەتی خودا چووە... کاکە، ئەوە ڕاستە ڕۆحی مردووەکان ڕۆژانی جێژن و ڕۆژی هەوەڵی ساڵ دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەکانیان...؟»

«وەڵلاهی، بڵێم چی پووری... منیش هەر وەکوو تۆ دەیبیستم... لە کوێوە بزانم!»

«... بەڵێ، بیست ساڵە بە رەحمەتی خودا چووە، من لە خەوەکەشدا ئەمە دەزانم، ئەمەش دەزانم کە بۆ خۆم بە پوورە رەعنام گوت: «پووری، تۆ سەرسپی ئەم گوندەی، بێ زەحمەت بە ژن و کیژەکان بڵێ جۆرێک تلی‌لیلان بۆ بووکێ بکەن کە رابی بێچارە زۆر نارەحەت نەبێ - دڵ سووتاوە، گوناحە، ژنی بێ‌ئەنوا!» - ئەمەش دەزانم. سوێسنە دەبینم وا لەسەر سەرینێک دانیشتووە، تارایەکی سووری بە سەردا داوە، لە ئاوێنەیەکی بە قەرا ماڵی حاجی خدردا کە لە پێشیان داناوە خەریکە برۆکانی رێکوپێک دەکا، لە ژێر لێویشەوە گۆرانی دەڵێ. لە دڵی خۆمدا گوتم: «لاحەولەوەلا - کەوتووینە دەور و زەمانەیەکی خراپەوە - کچە هاتۆتە ماڵی مێرد بەڵام هێشتا ئەوندەی فام نەکردۆتەوە کە بزانێ بنیادەم ئیدی لە زەماوەندی خۆیدا گۆرانی ناڵێ عەیبە، شوورەیی‌یە- کێ دیتوویە کەسێک لە زەماوەندی خۆیدا گۆرانی گوتبێ!» پاشان تێنەگەیشتم چی بوو، کە لەپڕ قیژاندی: «پووری، فریام کەوە! پووری، فریام کەوە - مار خواردمی!» ئەمن دەڵێی، واق مام! مار لە کوێ!»

کەوانەی ئەنگوستە شادە هەڵقرچاوەکەی دەستی چەپەی لەسەر چەناگەی داندراوە پیرێژن و لە من راماوە، بەو چاوانەوە کە رەشێنکە و سپێنەکەیان وەکوو سپێنە و زەردێنەی هێلکەی گنخاو تێکەڵ بووە و لە دوورەوە رەش‌وشین هەڵگەڕاو دەنوێنن، لەبەر شۆقی رووناکایی چراکە.

«کامە مار!» هێشتا قسەکەم تەواو نەکردووە، کە دەبینم... وای، دوژمنەکەت چاوی پێی نەکەوێ، رەش‌مارێک، بە درێژایی چەندە، لە لاقی کچەی قوڕبەسەر هالاوە و بە نێوقەد و سینگی‌دا هەڵدەگەڕێ... پێی‌دا هەڵگەڕا... هەتا ئەستۆی و تێی‌ئالا! لەگەڵ ئەمانەشدا تۆ بڵێی ترسم رێنیشت، نا! راوەستاوم و چاو لە ئەحمەد و رابی دەکەم، کە پێکەوە سرت‌وخورت دەکەن - رابی لە ژێر لێویشەوە پێدەکەنی... رابیش

بەربووکە! پاشان دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا بەرزبۆوە، یەکێکیش گوتی: «کوڕەکان وەرن بۆ گۆوەند!» بە دەنگی زوڕنا وەخەبەر هاتم، بە قودرەتی خودا بانگی بەیانی بوو ـ کەڵەشێر خەریک بوو دەیخوێند...!

«چاوەکانم هەڵگلۆفی و بیسمیللاییم کرد، شەیتانیشم بە نەحلەت کرد... ترسم رێنیشت، بەتایبەت کاتێ دێتم چرای دیوەکەیان داییسێ ـ درگای کولانەکەم کردبۆوە هەتا لانیکەم هەوایەک بێتە ژووری. کولانەکە جگە لە دەربیجەیەکی چکۆڵە لە نزیک میچەکە دەلاقەیەکی نەبوو. لە جێگاکەم هاتمەدەرێ، هێدی و لەسەرەخۆ لە پلیکانەکان وەسەرکەوتم، لە کەلێنی درگاکەوە چاوێکم رەنێو دیوەکە خشاند؛ دیتم کچە خەریکە شیر دەدا بە منداڵەکە، کلاولاریش لەولاوەتر خەوتووە... گەڕامەوە، دەسنوێژم هەڵگرت و نوێژەکەم کرد، بە پێچەوانەی هەمیشەش ئیدی نەخەوتمەوە، فکرم ئاڵۆز بوو... پاش نوێژی بەیانی هەرچی کردم خەوم لێنەکەوتەوە....

«بەیانی زوو چووم بۆماڵێ مامۆستا... خەونەکەم بۆ گێڕاوە... بڕێک چوو دەفکرەوە. گوتی: «ئەڵلاهوو ئەعلەم.... خودا وەخێری گێڕێ... خودا رەحم بە هەموو مسوڵمانان بکا. «گوتم: ئامین. پیاوێکی زۆر باش و بە ئیمان بوو، مامۆستا؛ توندەتەبیات بوو، بەڵام تۆ بڵێی لە دڵیدا تۆسکاڵێک کینە یا، ئەستەخفیروڵڵا، ناخۆشەویستی تەنانەت دەرحەق بە جانەوەری دڕندەش هەبوو، حاشا... باوکی ئەم مەلا سەلیمە. دیسان هێندێکی فکر کردەوە و گوتی: «زلێخا، دیسانەوە ئامۆژگاری بکە ـ کەوتۆتە رێیەکی خراپەوە ـ ئێستا دیسانیش درگای تۆبە ئاوەڵایە ـ تۆبەیان بۆ ئەم جۆرە شتانە داناوە. هێشتاش درەنگ نیە، مابەینی ژیان و مەرگ مەوداکەی تاڵەموویەکە حەیف نیە ئادەمیزاد بە باری گوناحەوە بچێتە بارەگای خودا! پێشی زەرەد لە هەر کوێڕا بگری دیسان قازانجە؛ ژنەی داماو خۆ قسەیەکی

نیە، کڵاولاریش بەو جۆرەی ئێمە دەیبینین دڵی پێوەیەتی، ئەگەر نەبوایە خۆ ئەو ماوە زۆرە وەشوێنی نەدەکەوت ـ شەرعیش ئیزنی داوە... بۆ مارەی ناکا ـ ئەم گشتە خراپە و تاوانە هەتا کەنگێ؟ وەڵڵا، بەو قورئانەی خەتمم کردووە، ئەم کارە، ئەستەخفیروڵڵا، دەم بە دەمەی خودا و شەرعی خودا و پێغەمبەری خودایە... هەتا کەنگێ؟ بچێ ببێتە ژنی!»

«دەی باشە، تۆ چیت کرد؛ ئامۆژگاریت کرد؟ ئاخر ئەمەی مامۆستای گوتی لە مانادا تەکلیفی شەرعی بووە... .»

«حەییەحەی! ئەمن دەڵێم نێرە تۆ دەڵێی بیدۆشە! رۆڵە، مامۆستا و خەڵکی دیکە لە دەرەوەی ئاگرەکە بوون لە ئاگردا نەبوون... لەم قسانە گوزەرا بوو؛ من و کەسانی وەک من کە قسەیان دەکرد ئەو ـ دوور لە رووی تۆ مێشەکانی سەر فلانە شتی کەرەشینی دەژمارد. لەبەر چاوی ژن و پیاو، لەبەر چاوی تەواوی ئاوایی، دەیانگوت بەم جۆرە لەزەتەکەی زیاترە... قەتم لەبیر ناچێتەوە، قسەی ئەو خودالێخۆشبووەی دیکەیان... تازە هەوەڵی کارەکە بوو، هێشتا بە گومانی زۆران کارەکە تەواو وەڕاست نەگەڕابوو ـ تازە کلاولار، پاش ئەو رووداوە لە ئێراق گەڕابۆوە. رۆژێکیان قسەم لەگەڵ دەکرد، کە عەیبە، شوورەیی‌یە؛ کچە منداڵە، هێشتا فامی نەکردۆتەوە... دەزانی چی گوت؟ شتێکی گوت ئەگەر بە تۆی گوتبا، کە هیچ خزمایەتێکت لەگەڵ کچە نەبوو، هەر لەوێ سەرت هەڵدەکەند. گوتی: «شەرت ئەوەیە بۆ من ماڵ بێ/ قەیدێ چیە کرچ و کاڵ بێ!» چاوت لە قسەیەتی، کاکە، ئەم قسەیە لە قتووی کامە عەتاردا دەدۆزێوە!؟ ئەوجار ئەمە قسەیەکە تۆ دەبێ بە منی بڵێی، کە لە جێگای دایکتم، لە حاڵێکدا دەزانی کچە، هەرچێکی بێ، برازای منە!؟

«نا، رۆڵە، لەم قسانە گوزەرا بوو. بارەها لە خودی کچەم بیستبوو کە دەیگوت ئێستا کە بڕیارە بچێتە جەحەندەم با دە پلیکانیش خوارەوەتر...

«ئێمە کە کافرین با کافرتر بین» ـ ڕەنگە سەد کەڕەتم ئەم قسانە لێ بیستبوون. لەگەڵ بنیادەمێکی ئاوا قسە دەمێنێ بیکەی...! بەڵێ، کەمی گەپ بە پرچی سپیمدا بوو، کە دیسانیش گەپی پێبدا!... ئەمەش بڵێم، ڕۆڵە، بە قودرەتی خودا کچە ئێستا ئیدی چاوی دیتنی منی نەبوو، ئەگەر تۆش غەیانەتت بە چاوت کردووە منیش بەم کچەم کردووە... کوڕم من زۆر لەمێژ بوو کە ئیدی دەربەستی ئەم شتانە نەبووم... بۆخۆی بە جەحەندەم، من بۆ ئەو تفلە مەحسوومە هەڵدەچووم، ئەگینا دەستم لە خۆی شۆریبوو. ئێستا مناڵە چ مناڵێک، ماشەڵڵا عەینی چەپکەگوڵێک ـ ڕوخسار شیرین، هێدی، ژیکەڵانە... لە تەماشای تێر نەدەبووی! بڕوا بکە، کاکە، لە کولانەکەی خۆمەوە کە گوێم لە دەنگی پێکەنینەکەی دەبوو خەم و پەژارەی دنیام فەرامۆش دەکرد، بە قودرەتی خودا!چ هۆگری و ئولفەتێکیشی بە منەوە هەبوو ـ تازە خەریک بوو وردەوردە گاگۆڵکەی دەکرد... مناڵ ئەم کاتانەی زۆر شیرینە، کاکە... .

«بەکورتی، داستانەکە کورت کەمەوە... هاوینە، هەموو جێگایەک سەرسەوز، هەموو جێگایەک خۆش، هەموو وڵات سەوزەڵانی، هەموو وڵات گژ و گیا، بە قودرەتی خودا، ئای هەتا پشتێندی سوار دێ. ئەو ساڵە هێندە گژ و گیا و رزق و ڕۆزی زۆر بوو کە بە سەعاتێک چوونە بەندەنێ دەتتوانی نانی حەفتەیەکت دەست بخەی... گوانی ماڵات، ماشەڵڵا هەر کامەی بەقەرا مەشکۆڵەیەک. بەڵێ لەگەڵ گوڵەندام، ژنی کوێخا حوسێن، لەم بەری کانیژنان ڕاوەستابووین ـ نازانم باسی چیمان دەکرد؛ ئەوندە دەزانم کە بە فرسەق لەگەڵ خەیاڵی کلاولار و سوێسنەی جوانەمەرگ مەودامان هەبوو... لەپڕ دیتم ئەم غەفوورە ـ کوڕەکەی ڕەحیم ـ کە ئەوکات مناڵ بوو بە هەناسکەهەناسک، ڕەنگوڕوو بزڕکاو، گەیشتێ. هەر لە دوورەوە گوتی: «پووری... پووری!» هەر ئەوندە ـ ئیدی پشووی یارمەتی نەدا. کیتەڵە

دۆیەکەم بە دەستەوە بوو؛ گوتم: «پەلە مەکە، کوڕم، پەلە مەکە... قومێک بخۆوە ـ پاشان... پەلە مەکە!»

کیتەڵەکەم هەڵێنا و نام بە دەمییەوە... منداڵە یەک دوو قومی خواردەوە کە زۆرترەکەی لە سینگی ڕژا هێندەی کە دەلەرزی. دۆیەکەی کە خواردەوە گوتم: «دەی باشە، کوڕم، ئێستا بڵێ... چیت دیتووە.... چی بووە، کە بەم جۆرە ڕەنگوڕووت بزڕکاوە؛ گوتی: «دادە ـ دادەسوێسنە...» گوتم چی لێهاتووە، سوێسنە، پێم بڵێ! گوتی: «مردووە ـ لە هۆوەی...!» ئاماژەشی کرد بۆ پشت قەبرستانە کۆنەکە... ئەمن دەڵێی، دڵم داکەوت...!

«لە دڵی خۆمدا گوتم لا حەولە وە لا قووەتە ئیللا بیللا! بڵێم چی!ـ خودایە شوکرت! بەڵای ئاسمان وەکوو تاژی ڕاوچی کەوتۆتە شوێنم، ماوە نادا، ناهێڵێ قومێک ئاوی خۆش لە گەرووم بچێتەخوارێ! ئەوە ئێستا لە دڵی خۆمدا دەمگوت ئەمساڵ خودا ڕاست بێنێ فلان، ئەمساڵ خودا ڕاست بێنێ فیسار!

«بەڵێ کوڕێکی کە تۆ بی، کاتێ لە واقوڕمانەکە هاتینەدەر وەڕێکەوتین، لەگەڵ گوڵەندام، هێشتا ئێمە نەگەیبووینە قەبرستانەکە، تاقمێکی دیکەش گەیشتنێ ـ ژن، پیاو، منداڵ... چووین... .»

پیرێژن لەبەر شڵەژاوی وەهانکە هانک کەوتووە؛ دەڵێم: «ئێستا با چایەک بخۆینەوە، پاشان ـ ڕووداوەکە وەکوو شتێ گەیوەتە جێگا سەرنجڕاکێشەکانی...!»

خاکەنازەکە دەخەمە کار، چایەکەمان دەخۆینەوە، جگەرەیەک دادەگیرسێنم، بڕێکیش ماوەی پشوو تازەکردنەوە بە پیرێژن دەدەم، وەک هەمیشە دەڵێم: «دەی باشە؟»

کوردیکا @kurdica

دەڵێ: «بەڵێ، بەکورتی هاتن - کلاولاریش لەگەڵیان. جگە لەوانەی لە مەزرا بوون هەموویان هاتبوون، بێجگە لە مامۆستا کە زۆر خۆی لەم جۆرە رووداوانە وەرنەدەدا - رابیش لەوێیە...!

«بەڵێ... دیتمان کچەی بێئەنوا لە ژێر دارەگێوژەکەی سەرووی ئەو لێژەی پشت قەبران - لە تەنیشت کەندەڵانەکە - کەوتووە... گووریسیش لە ملیدا، سەرێکی گوریسەکەش بە لقی گێوژەکەوە، زۆر شل و شەوێق - تەرمەکەش لەسەر گازەرای پشت لە حەرزی. وەها نیە کە بنیاەم بڵێ ئەندامی قورسایی کردووە و چووزانم گوریسەکە هەڵماڵدراوە - قەفەکەی ملیشی زۆر شل...!

«بەڵام گوریس! باش کە خورد دەبمەوە گوریسیش گوریسی ماڵی ئێمە! بۆخۆت دەزانی، هەموو ماڵێک کەرەسە و دەسکاری ماڵەکانی دیکە دەناسێتەوە... بەڵێ، ئێستاش من دەڵێی، لە لایەک مەرگی ئەو جوانەمەرگە، لە لایەک... چووزانم، حەپەساوم... سەرم دەزرینگاوە، تەپڵی سەرم پڕ بوو لە هاژەهاژ- زارم وشک هەڵاتبوو تاڵیش وەکوو کلکەمار...!

«بەکورتی، یەک دوو کەس چوون و تابووتی مزگەوتیان هێنا، تەرمی ئەم بابان وێرانەمان هێناوە ماڵێ... یەک دوو کەسیش چوون قەبر هەڵکەنن. ژنانیش - خودا منداڵەکانیان بپارێزێ - مەنجەڵەکانیان وەسەر ئاور نا، بۆ شوتنی تەرمەکە... بەڵێ... لەم حەیس و بەیسەدا بوو کە هەراوهوریای حەشیمەتەکە منالی دایکمردووی وەخەبەرهێنا - تازە ئەو کاتە بوو کە من وەبیر منالە کەوتمەوە! تازەشم لێ حالی بوو کە چ مسیبەتێک لە درگای ماڵەکەی داوم! بەڵام دیسان هێشتا گەرمەبرین بووم - هێشتا تەواو تێنەگەیشتبووم. لە دڵی خۆمدا گوتم: «هەی هەی، چاو لە ئێمەکە، عەجەب بەنێکمان بادا و عەجەب گوریسێکمان هۆندەوە، خۆ

هەمووی بۆوە بە خوری! ئێستاکانێ من بەم سن و ساڵەوە دەبێ دانیشم بۆ هەتیوباری و پینەوپەڕۆ...!

«ئێستا ئیدی پتر بۆ رۆژەڕەشی خۆم دەگریم... بەکورتی، کوڕێکی کە تۆ بی، یەکێک لە دایکان کە منداڵی شیرەخۆرەی هەبوو ـ خودا دەست بە عومری مناڵەکەی بگرێ ـ مناڵەی لە بێشکە دەرهێنا، خاوێنی کردەوە و شیری پێدا....

«کاکە، خودا بۆخۆی دەزانێ، ئاگای لە هەموو شتێکە؛ ئەمن لەو حاڵ و ئەحواڵەشدا زیاتر زەین و بیرم لای رابی بوو. بە حەسێبی من، بەو جۆرەی دەمدی و دەمناسی رابی ئەو رابییەی جاران نەبوو، راستە، پاش ئەو بەسەرهاتە رابی ئیدی رابی پێشوو نەبوو ـ دوای مەرگی مناڵەکەی و گەڕانەوەی کلاولار و ئەو جوانەمەرگە ئیدی وای لێهات ئەگەر دیتبات و لە پێشدا دیتبایەت نەتدەناسیەوە... ئەگەر باسی نوێژ و دەسنوێژ نەبوایە، ئەمن پێم وایە ئیدی تەنانەت دەست و چاویشی نەدەشت. زۆر جاران بۆ خۆم نسحەتم کردبوو، کە ژنی چاک، کابرا، پەرژین بێ، وەکوو کەری ماندوو لە چۆشە بەندە، تۆش بەم تەرح و دیدارەتەوە بیانووی دەدەیە دەستی لانیکەم بڕێکیش بە خۆت رابگە، با کابرا هیچ نەبێ بێزی بێ چاو لە روخسات بکا!

«بەڵێ، دیتم جانتای زەینی بەتاڵە ـ رابی دەڵێم ـ هەر دەڵێی ئەوێکی بوویەتی کاتێ لە شار گەڕاوەتەوە ـ ئاخر بەوجۆرەی دەیگوت تازەکانێ لە شار گەڕابۆوە ـ لە جانتاکەی رژاوە! بە قودرەتی خودا، بەوجۆرەی کە من دەمدی زەینی عەینەهوو کەندوویەکی بەتاڵ... بەڵام بەم حاڵەشەوە تێکەڵ پێکەڵ، ئاڵۆز و بڵۆز!

«خودا لەسەرم بە گوناح نەنووسێ... تەواوی بیر و زەینم رووی کردبووە رابی: لە لایەکەوە کلاوەکەی خۆم کە دەکردە قازی لەو حاڵەش دا

حەقم پێدەدا  ـ لە دڵی خۆمدا دەمگوت: دەی باشە، بێگومان لە دڵی خویدا گوتویە: «ها، یانی کەسی دەستەوستانتر لە من نەدۆزیوەتەوە!» لە لایەکی دیکەوە دڵم بۆی نەدەچوو. زۆر جاران دیتبووم کە چەندە بە خۆشەویستی دەستی دەبرد و لمبۆزی بەرخ یان کاژیلەی شیرمژی بە لپی دەستی خاوێن دەکردەوە، وەکوو کەپۆی منالی خۆی بگرێ... لە لایەکی دیکەوە دەمگوت بەو ئاکارانە و تریقەتریقی کچەی بابان وێران و کلاولار حەقی بووە هەر کارێکی لە خۆی خراپتر نەبێ لەگەڵیان بکا... من هەر لە هەوەڵەوە دەمزانی کچە بەپێی خۆی خەریکە بەرەو مەرگ دەڕوا  ـ زۆر لە مێژبوو هەستم پێکردبوو ـ بە کلاولاریشم گوتبوو، لە یادت بێ ـ هەستم کردبوو خەونێکی خراپی بۆ دیتووە، بەڵام بە هیوا بووم ئەم خەونە وەدی نەیە. ئەمەم لە پێشدا گوتبوو، ئێستاش دەیڵێم: بایسەکەی ئەو پێکەنین و ئاکار و خۆبادانانەی کچەی قەت کەسنەماو بوو  ـ ئێستا ئیدی بە هەر شتێکی پێدەکەنی و لە هەر جێیەک پێدەکەنی، چ لە حەوشەی ماڵی خۆی یان لە دەرەوەی ماڵدا  ـ رابی زگسووتاو بێگومان لە دڵی خۆیدا پێی وابووە بەو پێدەکەنێ... حەقیشی بوو بێئەنوایە، پێکەنینەکانی کچە بڕبەندی رۆحی منیش بوو، چ بگا بە رابی. لە لایەک مێردەکەت لە چنگ دەرێنن، ماڵت وێران کەن، ئەو هەمووە سووکایەتییەت بەسەر بێنن؛ لە لایەک منالە تاقانەکەت بمرێ ـ لە لایەکی دیکەشەوە بەم جۆرە تیتاڵیت پێ بکەن! من بۆ خۆم حەقم پێدەدا....»

«بۆچی چما کار کاری پوورە رابی بوو؟»

«نا... چووزانم... خودا دەزانێ... ئەمانەم لە دڵی خۆمدا دەگوت... حەسێبەکەم ئەمە بوو: کلاولار کە گیانی بۆی دەردەچوو، خەڵکی ئاواییش کە ئێستا ئیدی زۆر دەربەست نەبوون ـ راهاتبوون... جەحێڵەکان بڵێی، بۆچی ـ بە چاو رووتیان دەکردەوە، دەمدی ـ هەر چەند تۆ بڵێی زاتیان

نەبوو شتێک بڵێن یان ئاکارێک بنوێنن ـ بەڵام دەی، زۆریان دڵ پێوەی بوو... دەمدی... پیرە پیاوەکانیش کە پیرەپیاون... مامۆستاش کە تەکلیفەکەی روونە... دەمایەوە من و رابی! من کە ئاوا، ئەو کاتیش پیرێژنێکی بێتوانا بووم و پوورێکی زڕ... دەمایەوە رابی ـ رابی و خۆی... لە لایەکی دیکەوە بەپێی رووداوێکی کە بیست رۆژ مانگێک بەر لەمە دیتبوومان ئەم بزووتنەوەیە لە رابیش بەدوور بوو ـ نەک من، هەموو دیتبوویان ـ لەگەڵ ئەقڵ رێک نەدەکەوت... .»

پیرێژن لەنگەرێک دەگرێ، هەتا ئاوری تامەزرۆیی من بۆ بیستنی بەسەرهاتەکە تیژتر بکا ـ دەزانم کەوابوو دەپرسم: «کامە رووداو؟»

دەڵێ: «پێم نەگوتووی...! پێم وابوو گوتوومە... نا، لەوە دەچێ نەمگوتبێ! بەڵێ نزیکەی بیست بیست و پێنج رۆژ پێش ئەم رووداوە بوو... هەوا زۆری گەرم کردبوو، بەجۆرێ کە پەرژین بێ کەریش تێی لێدەهات. ژنان گوتیان با بچینە گۆمەگەورە سەروگوێلاکمان بشۆین ـ هەموو ساڵێ دەچووین. خۆ بەڵەدی گۆمەگەورە؟ بەڵێ کوڕێکی کە تۆ بی، بەیانی زوو وەڕێکەوتین... هەموو چووبوین جگە لە ماڵی مامۆستا ـ بەڵێ رێکەوتین، بە قۆری و سەماوەر و چایی و ئەم جۆرە شتانەوە، هەتا هەمی خۆمان شتبێ هەمیش سەیرانێکمان کردبێ. ئەمەش بڵێم کەس بە سوێسنەی جوانەمەرگی رانەگەیاندبوو... هەموو دەیانزانی، ئێستا ئیدی ئەو لە کوێی بیستبوو ـ کێ گوتبووی ـ خودا دەزانێ. شایەدیش کاتێ چووبوون و هەواڵیان دابوو بە رابی لە پشت پەرژینی حەوشە بووە و گوێی لێبووە... خودا دەزانێ. بەکورتی، کوڕێکی کە تۆ بی چووین، وەک هەمیشەی ئەم جۆرە کاتانەش یەک دوو کوڕۆکەمان لە دەوروبەر کردە قەراوڵ هەتا ئەگەر پیاوێک، یان رێبوارێک، نەخافڵ گەیشتێ پێمان بڵێن ـ هەرچەندە نیازێکیش بەمە نەبوو، چونکە بۆ خۆت دەزانی ئەم جۆرە وەختانە ژنان

رووت رووت نابنەوە، بەکراسەوە دەچنە نێو ئاوەوە، ڕێبوارێکیش ئەگەر هەبێ کاتێک دیتی ژنە و خەریکە خۆی دەشوا رووی وەردەگێڕێ و بەڕێگایەکی دیکەدا دەڕوا. خۆ هەموو کەس وەکوو کلاولارخان چاوی لە سمت و ساتانی ژن و کچی خەڵک نیە... هەر چەندە خودا هەڵناگرێ جگە لە بەسەرهاتی ئەم کچە چارەڕەشە ئەمن چاو حیزییەکم بە کلاولاری کلۆڵیشەوە نەدیتبوو.

«سەرت نەهێنمە ئێش، خەریک بووین خۆمان دەشووشت، هەرزەکارەکانیش قاژوقیژیان ساز کردبوو، شڵپەشڵپیان دەکرد و رەپێی یەگدی دەکەوتن ـ وەلحاسڵ، پێکەنین و رابواردن... کەچی نازانم کچەی دایکنەماو لەکوێڕا پەیدا بوو، وەکوو جندۆکەیەک تووکیت هەڵپڕووزاندبێ... هەرکە گەیشتێ پەرژین بێ دەرپێکەی داماڵی و وەکوو شێتان لەو سەرەوە بازی دایە نێوەڕاستی گۆمەکە ـ شلاپ!

«پێکەنین و قاژوقیژ بڕا، هەموو ئاوڕیان داوە، هەتا بزانن ئەمە کێ بووە ـ ئاخر هیچ کەس نەدەچووە ئەوێ، ئەوێ زۆر قووڵ بوو... ئەڵڵاهوو ئەکبەڕ! ئەگەر بزانی چی بوو...! ئێمە ئەوە ئێستا لە تەنکاوەکە راوەستاوین و دەڕاونین... دیتمان دەستی کرد بە پەلەقاژە... ئەوە لەبەر چاوی ئێمە! هەوەڵێ پێمان وابوو وەک هەمیشە ئۆینی دەرێناوە و ئەمەش هەوایەکی تازەیە... پاشان بینیمان، نا... وەکوو شتێ خەریکە دەخنکێ! ئەی خودا، ئەی پێغەمبەر، ئێستا کامە ژن یان کچێکە کە خۆی بخاتە مەترسییەوە و بچێ نەجاتی بدا... بۆ خۆت خۆ دەزانی مەلەوانی و ئەم جۆرە شتانە کاری ژن و کچ نیە! ئەوە ئێستاش کچە پەلەقاژە دەکا چۆن! ـــ چەند چرکە جارێک سەری لە ئاوەکە دێتەدەرێ، نووزەیەکی لێدێ و چەند قلۆپ ئاو دەخواتەوە... هەمیسان ون دەبێ!

«سوبحانەڵڵا... دیسانیش خودا چاکە بۆ رابی بکا ـ هەر چۆنێک بوو خۆی پێگەیاند و پرچی گرت و بە شوێن خۆیدا کێشای ـ بە چەشنێک کە دەستی کچەی نەگاتێ هەتا ئەویش لەگەڵ خۆیدا بباتە بن ئاوەکە: بەکورتی، بە هەر چەرمەسەرییەک بوو کێشایە دەرێ... بەڵام کچە ئیدی لەسەرخۆ چووبوو ـ عەینی مەیتێک. رابی کاتێ بەم جۆرە دیتی بەسەر شانی دادا و هێنایە قەراخی گۆمەکە و لەسەر خیزەکان فڕێیدا، هەڵیگێڕاوە و دەستی کرد بە لێدانی پشتی بە دەست، هەتا ئەو ئاوەی کە خواردبوویەوە، بیهێنێتەوە....

«هەموویان ئەمەیان چاوپێکەوتبوو... دەی باشە ئەگەر ویستبای لە بەینی بەرێ، یان بە ئاواتی مەرگییەوە بوایە، ئیدی ئاوا خۆی بە ئاو و ئاوردا نەدەدا ـ کەس خۆ زۆری بە سەریدا نەبوو ـ مەگەر وانیە؟ ئەگەر ئەو نەبوایە، خنکابوو، هەمووشیان دیتیان کە رۆیشت و نەجاتی دا... وەکوو شێرەژنێک....

«هەڵبەت ئەمەش بڵێم، کاتێ کچە لەو سەرەوە بازی دایە نێو ئاوەکە رابی نەیدی ـ هاتنەکەیشی چاو پێنەکەوتبوو... رەنگە بە بیریشی دا نەهاتبێ کە ئەو بێ بۆ ئێرە، چونکە کەس قسەی لەگەڵ نەدەکرد. لە دواییەکانیدا لە دڵی خۆمدا دەمگوت: «نەیزانیوە کێ بووە، ئەگەر بیزانیبایە نەدەچوو.» ئاخر، رۆڵە، ئەتۆ پیاوی ـ ڕەنگە نەزانی. ئێمە ژنان دەڵێین جلی دوو هێوەرژن نابێ لە تەشتێکدا بشۆی، ئیدی چ بگا بە جلی دوو هەوێ ـ ئەویش هەوێی ئاوا... ئەوجار هەڵوا دەبێ بچێتە سڵاوی تەڕەتیزە!؟

«بەڵێ، ئەگەر بیزانیبایە نەدەچوو... نازانم، خودا دەزانێ، شایەدیش چووبایە. بەڵام ئەمەش بڵێم، کاتێ کێشایەدەرێ و هێنایە قەراخ گۆمەکە وەهای بە حەرزدا دا کە گوتم بەندی جەرگ و دڵی پسا! نازانم،

خودا دەزانێ، شایەدیش بەم جۆرە نەبووە، شایەدیش هۆیەکەی شـەکەتی بووە، بەڵام وای... پاشان چ چاوێکی لێکرد، کاکە تۆ بڵێی ئـەوە چـاو لـە کەلاکی ماری زەنگی دەکا، وەهای فڕێدا! خودا دەزانێ، بنیادەم بـڵێ چـی... پاشانیش ئەودانیشتنە و بە لپی دەست لێدان لە پشتی... دەی باشە، ئەگەر بڵێین هەوەڵێ نەیدەناسی ئێستا ئیدی خۆ دەیناسێ!

«کوڕم، بنیادەم بڵێ چی؛ چاو دەیبینی، دڵ بـاوەڕ دەکـا... نـازانم، خودا دەزانێ... تۆ دەڵێی ئەمانە هەمووی تۆین دەرێنان بوو؟ من پێم وانیە ـ کەس ناچاری نەکردبوو... .»

«ئێستا ڕەنگە لە پێشدا نەخشەی کێشابێ، ویستوویە خودی خـۆی بە دەستی خۆی تۆڵەی لێبکاتەوە. یان لەوانەیە خودی ئەم ڕووداوە بـایس بووبێ لەدوایە وەها تەمایەک بگـرێ... دیتوویـە هـەموو شـایەد بـوون، دیتوویانە ـ لە پاشان کـەس ناتوانـێ بـڵێ بـۆ خـۆت گوتـەنی فـلان یـا فیسار....»

«چووزانم، ڕۆڵە، من کە سەرم سوڕماوە، ئەمەش خودا دەیزانـێ... بەڵام ئەم جۆرە وەختانە ئادەمی کاتێ دەبینێ خودا بـۆ خـۆی تۆڵـەی بـۆ ئەستاندۆتەوە ڕازیترە ـ هەم دەست و داوێن و ڕۆحی ئالوودە نەبووە، هەم لە دڵی خۆیدا دەڵێ خودا حـەقی کردۆتـەوە، هـەمیش ئـەو ناڕەحـەتی و پەژیوانییـەی دوایـەی نیـە... ئـۆخژن و سـوکنایی تەواویـشی پێوەیـە. وەهەرحاڵ، خودا دەزانێ... لە لایەکی دیکەوە، وەکوو تۆ دەڵێی، بەشەرە ـ شایەدیش ویستوویە بۆ خۆی چاو لە چاوی ببڕێ، هەتا ئەو خەنیمـە بـە چاو ببینێ کێیە وا خەریکە تۆڵەی لێدەکاتەوە، پێشی بڵێ: «چاوت لێبـێ، ئەوە منم وا خەریکم تۆڵەت لێدەکەمەوە...!»

«دەی بەڵێ...!»

پیرێژن تاوێک لە زەینیدا، لەنێو بۆشایی خەیاڵدا کڕوکاش دەکا، پاشان دەڵێ: «بەڵێ، کچە کاتێ وەهۆش هاتەوە و لە پشتسەری چاوی بە رابی کەوت بەو قەڵافەتەوە ـ بۆ خۆت دیتبووت خۆ، لە بیرتە؟ ـ بەڵێ، کاتێ رابی بەسەرخۆیەوە بینی، داچڵەکی، رەنگی بوو بە عەینی خەڵاتی مردوو... من لە ژوور سەری بووم، دەمبینی ـ لە پاشانیش وەکوو هەنار لە یەک بەربوو. ویستی دەستی ماچ کا، بەڵام رابی رووی وەرگێڕا و دەستی کشاندەوە ـ من لە تەنیشتی بووم ـ دایکی کوێر بێ ـ سەری کردبووە سەر کۆشم و وەکوو منداڵێکی دوو سێ ساڵانە دەگریا و هەنیسکی دەدا... رابیش چوو لەژێر دارێک جلوبەرگەکانی لەبەر کردەوە و رۆیشت... .»

بەسەرهاتەکە چونکە ساکارە سەیر دەنوێنێ: جاری وایە شتەکان هێندە ساکارن کە بنیادەم بڕوا ناکا: کاتێ بەو جۆرە، کاتێکیش بەم جۆرە! ـ بۆچی بەو جۆرە لەبەرچی بەم جۆرە؟ پیرێژن گوتەنی بنیادەم سەری سوڕدەمێنێ. لە دڵی خۆمدا دەڵێم: یانی زەینی ژنێکی دێهاتی دەتوانێ تا ئەم رادەیە وردبین و حەسێبگەر بێ!؟ ئەمە خۆ وەکوو زەین و کردەی پۆلیسێکی بەئەزموونی کارکوشتە دەچێ؛ یان نەکا زەینی ساکار، لەخۆیەوە، بە بێتێبینی و بەراوردکردن، کردەگەلێک پێکدێنێ کە لە زەینی پۆلیسێکی کارکوشتەی خاوەن ئەزموونیش بەرنایە!

دەڵێم: «دەی بەڵێ!»

«بەڵێ و سلامەتی سەرت... هەر ئەوندە... ئای لە یادم چوو... بەڵێ، ئاوەکە گەرم ببوو، دەمانەویست تەرمەکە بشۆین و بە خاکی بسپێرین هەتا بەر شەوێ نەکەوێ ـ کە کوێخا گەیشتێ و گوتی دەست راگرن، دەبێ بچێتە شار، هەواڵ بە دەوڵەت بدا...!

«ئێمە دەڵێی، واق ماین! دەوڵەت!؟ بە دەوڵەت چی، بەندەیەکی خودا مردووە، دەمانەوێ بینێژین، بە دەوڵەت چی!؟ دەوڵەت لێرەش دەبێ شتێک

وەربگرێ ـ لە مردووش!؟ ئەگەر خەبەردار بێ گوڵ لەسەری بنەماڵەی مردووی بێئەنوا دەدا، منداڵەکەی بۆ بەخێو دەکا ـ یا ژن یان مێردەکەی!؟ دەوڵەت! هەتا شتێک دەبێ وەکوو کەوچکی نەشۆراو سەر و کەللەی لەسەر سفرە پەیدا دەبێ! ئێمە خۆ، بە ناشکوری نەبێ، لە دەوڵەت جگە لە قازاخ و جەندەرمە و ئیدارە و چووزانم نایب و ئەمانە، کەرەمێکی دیکەمان نەدیتووە ـ ئێستا ئەتۆ لە «تەقاویتە»کەی خۆت گەڕێ، کە من دەیبینم و هێشتاش باوەڕ ناکەم... .»

تەوسەکەی وەسەر خۆم ناهێنم؛ پیرێژن درێژە بە باسەکە دەدا:

«بەڵێ، بۆخۆی دەچێ هەواڵ بدا ـ شار نزیک بوو، ڕێگای نیو سەعات بوو ـ نەکا نەکا مەیتەکە بنێژن، خۆ دەوڵەت قبووڵی ناکا، کارێکی وا نەکەین ناچاربین قەبرەکە هەڵدڕینەوە و مردووی بێئەنوا گۆڕبەگۆڕ بێ ـ دەبێ وڵامی دەوڵەت بدەینەوە... بەڵێ، کوێخا ڕۆیشت... .»

«زۆر باشە!»

تەکلیفی چایی لە پیرێژن دەکەم، وەکوو هەمیشەی ئەم جۆرە کاتانە بە ناوی خۆمەوە، هەتا دەرفەتێکی دەست کەوێ و پشوویەک نوێ کاتەوە. چایەکەمان دەخۆینەوە.

«بەڵێ، ئەلحوکمولیللا، قەبرهەڵکەنەکان دەگەڕێنەوە؛ ئێمەش مەنجەڵەکان لەسەر ئاور دادەگرین و تاتەشۆرەکە دێنینە هەیوان ـ چاوەڕوانی گەڕانەوەی کوێخا دادەنیشین... ئێستا لە دیوەکەدا لە لایەک ژنان، منالی دایک مردوو لەم باوشەوە دەدەنە ئەو باوش و لە لایەکیش گوناحی خەلک هەدەوەرێنن ـ وەکوو هەمیشەی ئەم جۆرە کاتانەش دەڵێن کە لەهەوەڵەوە زانیویانە ئاخر و ئاقیبەتی ئەم کارە هەر ئەمە دەبێ، دەیانزانی کلاولاری واوالێکراو شودە ئاخرێکەی بەلایەک بەسەر ئەم کچە بابانوێرانە دێنێ. بەڵێ... ئاخرێکەی کاری خۆی کرد ـ ئاقیبەت ئەم

بەڵایەی بەسەر کچەی چارەڕەش هێنا! بەڵێ، هەموویان دەیانزانی. پێـرێ شەوەکەی. بە قودرەتی خودا، شەودرەنگان، گوێلکەکەی ماڵی سۆفی عەلـی وەکوو مناڵێکی دایک مردوو واقاندبووی، ئەویش نە جارێک بەڵکە چەندین جار؛ پوورە مەحسووم خەونی دیتبوو، چ خـەونێک! خـەونی دیتبـوو کـە سێڵاو هاتووە، چ سێڵاوێک ـ سێڵاوی سەر و پێ! کەللەسەری بنیادەمە کـە بەسەر ئاوەوەیە و لەو نێوەڕاستەدا کلاولارە ـ کە خەڵکی لە کـۆڵ دەکـا و لەم بەرەوە دەیانباتە ئەوبەری ئاوایی!

«ئێستا هەموو لە مەزرا گەڕانەوە و حەوشەکە پـڕ لـە زەنازەنایـە؛ کلاولاری کلۆلیش لە ناو حەوشە، لە سووچێک هەڵترووشکاوە، لە پەنای دیوار، وەکوو دایکی کۆرپە مردوو، نە کەس قسەی لەگەڵ دەکا، نە هـیچ ـ هەڵترووشکاوە و لێکدا لێکدا هەر سەبیلان بە با دەکا و هەر هەناسەیە کـە بەدوای یەکدا هەڵیدەکێشێ... ئێستا من دوور بە دوور ئاگام لێیە ـ رابـیش لەوێیە... بەپێچەوانەی هەمیشە کە هەمیشەی خودا قۆڵەکانی هەڵکردبوو و جلوبەرگەکەشی شلوشەوێق بوو، رێـکوپێـک جـلوبـەرگی پۆشـیبوو ـ چاوەکانی بێئۆقرە، رەنگ و روو زەردهەڵگەڕاو، دەم و چاو تێکـتـەپیو... بەکورتی، مەیتێک، کە ئەگەر تەنگی ئێوارێ چاوت پێـی بکـەوێ نـەترەت دەچێ. ئێستا ئەمن لە دڵی خۆمدا بیر دەکەمەوە ـ خودا لەسەرم بـە گونـاح نەنووسێ ـ بیر دەکەمەوە... دەی باشە، ئادەمیزادە ئیـدی، هـەزار جـۆرە خەیاڵی خراپ بە دڵی بنیادەمدا تێپەڕ دەبێ ـ لە دڵی خۆمدا دەڵێم بێگومان ئەم ماستە بێ موو نیە؛ بێگومان لەگەڵ کچە تێکهەڵچوون و کچە گازی لە جێگایەکی گرتووە... ئاخر کاکە، ئەتۆ نازانی، کچـە دێـڵەگورگێک بـوو، مەگەر دەکرا خۆی لە قەرە دەی!بەڵێ، بـێگومـان تێـکهەڵـچوون و کچـە جێگایەکی گەزتووە، کە بەم جۆرە قۆڵەکانی داداوەتەوە! بە شوێن جێگـای گازگرتنەکەدا دەگەڕێم... ئەمەش بڵێم، بە منداڵی جارێک ئەم بەڵایـەی بـە

کوردیکا @kurdica

سەر خۆم هێنابوو ـ ئەم ئەنگوستەت چاو لێیە، هێشتا جێگاکەی دیارە ـ ئەمە جێگای ددانی ئەوە» (ئەنگوست و جێگای ددانەکەم پیشان دەدا، بەقەرا جێگای دەنکە خروێرکەیەک)... بەکورتی، لە ژێرەوە چاو دەگێڕم و ئاگام لێیە... .»

«کوڕێکی کە تۆ بی ئەوشەوە کوێخا نەهاتەوە، تەرمەکەمان هێنایە هەیوان، کە فێنکتر بوو. خەڵکەکە ڕۆیشتن بەلای مەڕ و ماڵاتەکەیانەوە، ماینەوە من و کلاولار... منداڵەکەیان خەواندبوو ژنان ـ بێشکەی مناڵەشمان هێنایە هەیوان....

«شەو درەنگان بوو کە مناڵەکە خەبەری بۆوە... دەنگی ئێە ئێهەکەی بەرز بۆوە... مناڵێکی هێدی بوو ماشەڵڵا هەر لە هەوەڵێ را... بە پێچەوانەی مناڵانی دیکە زۆر گرەزۆک و بێئۆقرەوقەرار و گڕووگر و بەبیانوو نەبوو. بەلێ، ئێە ئێهەکەی بەرز بۆوە ـ منیش تازەکانێ هەستم بە «مسیبەتەکە» دەکرد...! ئەی خودا، ئەی پێغەمبەر ئێستا من بەم شەو درەنگانە ئەم تفڵە مەحسوومە بۆ کوێ بەرم، لە دەرکی کامە ماڵ بدەم، لە داوێنی کامە دایکی منداڵەبەری باوێژم... هەموو کەس خەوتووە، هەموو شەکەت و ماندوون!... ئێستا ئەمشەو هیچ، سبەینێ چی، دووسبەی چی... ئای خودایە!

«لەم حەیس و بەیسەدابوو کە رابی پەیدا بوو، گل خەبەری بۆ نەبا، وەکوو جندۆکەیەکی تووکت لێ هەڵپڕووزاندبێ. خودا رووسووری دنیا و قیامەتت کا، ژنە! ئەمن پێم وایە لەو کاتەوە کە ڕۆیشتەوە، لە پشت چەپەرەکە گوێقوڵاغی بیستنی ئەم دەنگە بوو. لەگەڵ گەیشتێ، چووە بەر بێشکەکە، چۆکی دادا، سەرلانکەکەی هەڵدایەوە و ئەنگوستی نایە سەر چەناگەی مناڵە و مووچمووچی بۆ کرد، بە قودرەتی خودا مناڵە بە دەمیەوە پێکەنی.

«ئەمن دەڵێی، واق ماوم، لە کاری خودا ـ ئێستا ئەوە تەرمی دایکی بابان وێرانیش لەولاوە ـ ئاغا کلاولاریش لەولا. بەکورتی رابی

دەسرازەکانی لانکەی کردەوە و منالەی دەرهێنا، لە باوەشی کرد و دەستی کرد بە پشت پشت کردن و لاواندنەوە و بە قوربان و سەدەقە بوونی... «وای بمرم، بە قوربانی کوڕی خۆم دەبم، ڕەبی لە دەروت گەڕێم، ڕەبی بە قوربانت بم...» ئەم شتانە دەڵێ و سەبرسەبر لە پشتی دەدا و منالە بە خۆیەوە دەگوشێ....

«ئای لەبەر گەورەییت مرم خودایە... چی دەبینم! ئەو جۆرە... ئەم جۆرە... بنیادەم سەری سوڕ دەمێنێ! کوڕێکی کە تۆ بی، منالە هێور بۆوە؛ رابی دەستی برد، بێشکەکەی هەڵێنا، برێک لە من ڕاما، برێک ئەمن لەو فکریم، هەتا بزانم دەیەوێ چی بکا... گوتی: «پووریێ من منالەکە دەبەم ـ گەورەی دەکەم؛ ئاگاداری لێدەکەم، وەکوو گلێنەی چاوم، وای دادەنێم مندالەکەم زیندووە... پووریێ، تۆ گۆڕی دایکت، ئەم هیوایەم لێ مەستێنە!»

«نازانی چ حالێکم بەسەر هات، کوڕم، سەرم گێژی خوارد، دنیا لە دەوری سەرم دەستی کرد بە خولانەوە... ئێستا ئەوە دەشگریم چۆن!

«بەکورتی، رابی وەڕێکەوت بە بێشکەوە ـ دەستێکی منال دەستێکی بێشکە... خودا هەڵناگرێ، کلاولار کە ئاوای بینی هەستا و بێشکەکەی لێوەرگرت... ڕۆیشتن ـ ئەو منال بە باوشەوە و ئەم بێشکە بە دەستەوە! ئەمە یەکەم جار بوو کە پاش ئەو گەڕانەوەیە، دەچۆوە مالەکەی خۆی ـ پاش ئەو شەوەی هەوەڵی گەڕانەوەیان.

«ئێستا ئەمن دەڵێی، لە خودام دەوێ... ڕۆڵە، ئەمن ئەوێ دەمێ، بەو هەمووە بەڵا و مقەدەرەی بەسەرم هاتبوو، ئیدی چیت لێ بشارمەوە توانا و حال و حەوسەلەی مندال بەخێوکردنم نەبوو ـ منیش لە خۆمدا «تەقاویت» بووم، ئێستا کە «دەوڵەت»م نەبوو، ئەمەیان خاتری تۆ ـ نەمانەویست، حاشا لە شیری وشتر و دیداری عارەب. منیش نیازم بە حەسانەوە هەبوو... حەسانەوەش، خۆ بۆ خۆت دەزانی، بە ناشکوری

نەبێ بۆ من و کەسانی وەک من لەو شتانەیە کە هەر بیستراوە و نەبیندراوە. بەکورتی، کوێر چی لە خودا دەوێ دوو چاوی ساخ... خودا رووسووری دنیا و قیامەتت کا، ژنە!

«کورتی ببڕینەوە، رۆیشتن... بڕێک دانیشتم، پاشان تاقەتم نەهێنا، دڵم ئۆقرەی نەدەگرت، تەرمی کچەی ماڵوێرانم بەجێهێشت و رۆیشتمە پشت چەپەرەکە. مانگەشەو بوو، هەموو شتێک جوان دیار بوو. دیتم رابی منالْ لە باوەشدا هات و یەکێک لە بزنەکانی بە پەنجەی پێی هەڵستاند... بزنەکەی هێنا پەنا چەپەرەکە و دایە دەست کلاولار... مناڵەکەشی نایە باوەشی و رۆیشت. پاشی دەقیقەیەک دیسان پەیدا بۆوە بە کاژیلەوە، دیتم ئای دوو قاپیشی هێناوە - قاپێک کەپەک، قاپێکیش لەسەری دانیشێ. کاژیلەکەی بەرهەڵدا و مناڵەی لە کلاولار وەرگرت... قاپە کەپەکیشی لە پێش بزنەکە دانا، قاپەکەی دیکەشی نایە ژێر خۆی... بە کلاولاری گوت شاخی توند بگرێ و بەری نەدا - بەکورتی چووە ژێر بزنەکە و یەکێک لە گوانەکانی گرت و نایە دەمی مناڵە - گوانەکەی دیکەش لە دەمی کاژیلە - دەستیشی بردە ژێر زگی بزنەکە، نێوان لمبۆزی کاژیلە و سەری مناڵە، نەکا کاژیلەکە بەسەر لێیبدا و مناڵە خودای نەکردە شتێکی لێبێ. بەکورتی، حەیوانە هەوڵێ بڕێک کاژیلەکەی بۆن پێوەکرد، بە قودرەتی خودا لینگیشی لێک بلاو کرد - ئەوە کلاولاریش هەروا شاخی گرتووە... گەڕامەوە - ئیدی نازانم ئەو شەوە چەند کەڕەت بە تاقی تەنیا ئەم کارەی کرد - چونکە ئیدی نەهاتە شوێن کلاولار - یان ئاخۆ ئەم کارەی دووپات کردەوە یان نا.

«بەکورتی، کوڕێکی کە تۆ بی، کلاولار هاتەوە، ماوەیەک پێچووە، هەوەڵ بانگی کەڵەشێر بوو. دیسان دڵم تاقەتی نەهێنا، هەستام؛ زۆر بەئەسپایی رۆیشتم هەواڵێک بزانم - دڵنیگەرانی مناڵە بووم،

هەرچەندە ئیدی خەبەرێک لە دەنگی گریانی مناڵە نەبوو... بەڵێ دیتم رابی چارەڕەش پشتی وە دیوارەکە داوە ئەژنۆی هەڵداوە ـ خـەوی لێکـەوتووە، مناڵەش لە نێوان ئەژنۆکانیدا خەوتووە ـ مەمکی رابیشی لە دەم دایە، قاپە شیرەکەش لە تەنیشتی!

«ئێستا ئەوە جەرگیشم جەرگم دەخوا، کـە نـەکا لەشـی قورسـایی هاویشتبێتە سەر مەمکی و مناڵە دوور لە گیانی خنکابـێ. زۆر لەسـەرەخۆ بانگم کرد: «رابی!» رابی لەپڕ لە خەو راپەڕی، وەکوو دووپشک پێوەی دابێ سەر و سینگی کـشاندەوە و گـوتی: «بیـسمیللا!» مناڵـەش لـە خەوەکـەدا راچەنی، بەڵام بە قودرەتی خودا وەخەبەر نەهات و لـە خەوەکـەدا بـزەی هاتێ! دەمی لار و لوێر کرد، بە شـوێن مـەمکدا، رابی خێـرا وەرسـووڕا، لفکەی دەسماڵە کەتانەکـەی لەسـەر لێـواری قاپەشـیرەکە دانـابوو، لـە شیرەکەدا تەڕی کرد و لە دەمی مناڵەی نا، مناڵە لفکەی دەسماڵەکەی چەند کەڕەتێک مژی و خەوی لێکەوتەوە!

گوتم: «بخەوە، کچم... کارم نەبوو ـ تەنیا ویـستم ئەوەنـدەت پـێ بڵێم وریا بە... کارە، خودای نەکردە پێش نەیە!» ئیدی گەڕامەوە.

«بـۆ سـبەینێ کـەڕەی بـەیانی پەیـدا بـوو، پێـی سـپاردم کـە حەویوانەکان لە کاتی خۆیدا بەڕێی مەڕی بکەم و بۆ خۆی وەڕێکەوت ـ بـە منداڵەوە ـ بەرەو شار... هەتا لەم مەمکە فەرەنگییانـە بکـڕێ... کـە تـازە داهاتبوون. بەڵێ، لەگەڵ پیاوەکانی دەوڵەت گەڕایەوە... بەڵـێ، ئەمـەش ئەمە!»

«دەی باشە، پووریێ، ئەمشەو کە دوایین شەوی چیرۆکەکەیـە، بـا چایەکی دیکەش بخۆینەوە، ئەگەر سەماوەرەکە نەکووژاوەتەوە... .»

«نا، کووژاوەتەوە، رۆڵە.»

«باشە، دەی پاشان؟»

«ئیدی پاشانێکی نیە، رۆڵە ـ هەر ئەمەیە کە بیستت!»

«پووریێ، ئێستا کە کورد گوتەنی گامان گورووە و کلکی ماوە، ئیدی قڕنیسی مەکە؛ تۆ و کەسانی وەکوو تۆ پێشینیان گوتەنی کۆنەقەباڵەی ئەم گوندەن... ئەم شتانە دەبێ بۆ جەحێڵەکان بگێڕنەوە ـ ئەمانە ئەزموونن... من خۆ گوتم ـ ئەتۆ دڵنیا بە، هەتا ئەو کاتەی زیندووم لە هیچ جێگایەک و لای هیچ کەسێک لە دوو لێوەم نایەتەدەرێ ـ من قەولت پێدەدەم... .»

«دەزانم، کوڕم، خودا دەست بە عومرت بگرێ، بەڵام، کاکە گیان، راستییەکەیت بوێ ئەمشەو شەکەتم، پشووم یارمەتیم نادا ـ بۆ خۆت چاوت لێیە. با بمێنێ، هەرچی دەبێ با ببێ، ئەم بەشەی دوایی دادەنێین بۆ شەوێکی دیکە، ئەگەر خودا بیهەوێ.»

«باشە، ئەمە قسەیەکی دیکەیە... با بمێنێ، ئێستا کە شەکەتی بمێنێ بۆ کاتێکی دیکە... بۆ خۆت بە تاڵووکە بووی، دەتگوت، رۆحی ئەو بێچارانە لە جەزرەبە دایە، ئەگینا من قسەیەکم نیە... .»

بێماتڵی هەڵدەستمە پێ، قۆری و سەماوەر و ئیستیکانەکان دەبەمە پێشخانەکە، نوێن و بانەکان دێنم و جێگا و بانەکەم رادەخەم... .

«تەمەن‌درێژ بی... بەڵێ، رۆڵە، زۆر شەکەتم... دەردێکی گرانە پیری... خودا بە نسیبتی نەکا!...»

# ۱۴

دووسبەی شەو لە ماڵی حەسەن میوانین؛ من بە بیانووی بێحاڵییەوە زووتر لەوانی دیکە هەڵدەستم. راستێکەی ئەمەیە ئەوەندەی حەول دەدەم دەبینم ناتوانم بەو جورەی کە بۆ خۆم دەمەوێ لەگەڵ خەڵکی ئاواییدا ڕێک کەوم ـ لە شێوەی هەستان و دانیشتنەکەیان، لە چلۆنایەتی نانخواردنیان، لە شێوەی بیرکردنەوەیان، هەست بە بێزاری دەکەم. وەکوو لکی بڕدراوی دارێک دەچم کە ئیدی بە قەوارەی دارەکەوە نالکێتەوە... ماومەوە لەم نێوانەدا ـ ئەوانیش ئەمن بە هی خۆیان نازانن.

گەڕاوینەوە؛ پێرێژن دەم و لووتی بە یەک داداوە، چونکە زوو لە میوانی ماڵی حەسەن گیان هەستاوین؛ من شوێنەگومکێ دەکەم، دەڵێم قسەکانیم هێندە پێخۆشە کە میوانییەکە ئەگەر ماڵێکی دیکە جگە لە ماڵی حەسەن بووایە نەدەچووم ـ بەم تەرتیبە دڵی پیرێژن دێنمەوە جێ.

سەماوەرەکە هەڵدەکەم... پیرێژن دەڵێ: «بیسمیللا ـ بەم شەودرەنگییە!»

دەڵێم: «پووریّ، من ئاخرێکەی تێنەگەیشتم... ئەگەر درەنگە دەی بۆچی گلەیی دەکەی کە زوو هەستاوم، ئەگەریش زووە، دەیجا دانیشتووین؛ من کە بۆ خۆت گوتەنی «تەقاویتم» ئەتۆش کە دوو سیّ سەرت حەیوان پتر نیە ـ ئەگەر نەتتوانی بۆ خۆم دەیاندۆشم... .»

«ئەریّ ـ دەزانم ـ ئەتۆ گوتت و منیش باوەڕم کرد! باشە... ئێستا با قسەی تۆ بیّ....» خۆشی بە ئیستیکانەکانەوە خەریک دەکا.

دەڵێم: «بەڵیّ ـ پووریّ... هەتا ئەو جێگایەت گێڕایەوە کە کوێخا رۆیشت «دەوڵەت» بهێنیّ...!»

«بەڵیّ ـ چوو بە شوێن دەوڵەتدا... کوڕێکی کە تۆ بی، سبەینێکەی نزیکی نێوەڕۆ بوو کە گەڕایەوە، سیّ «دەوڵەت»یش لەگەڵ جەندەرمەیەک و دوو قازاخ.

«دیسان خەڵک لە حەوشەکەی ئێمە کۆبوونەوە ـ مامۆستاش هات... ناردیان لە شوێنی، چونکە هیچ کەس زمانی «دەوڵەت»ی نەدەزانی، هاتبوو ببێتە دیلمانج. بەڵیّ... کوڕێکی کە تۆ بی، هەمیسان لەو قسانە: لەبەرچی دەستتان لێداوە، دەبوا تەرمەکەتان لەجێی خۆی نەجووڵاندباوە هەتا دەوڵەت دەهات، چاوی پێی دەکەوت.

«دەی باشە، نەماندیتووە، باو نەبووە... کاتیّ کەسێک دەمریّ هەڵیدەگرن، دەیبەن دەیشۆرن، پاشانیش بە خاکی دەسپێرن... دەوڵەت دەیەویّ چی چاو پێبکەویّ... رەسمێکە لە قەدیم و نەدیمەوە بووە....

«ژنی کیّ بووە؟»

«ژنی هیچ کەس نەبووە.»

«لە کویّ ژیانی تێپەڕ دەکرد، لەگەڵ کیّ؟»

«هەر لێرە ـ لەگەڵ ئەم پیاوە، واتە کلاولار (هەمووشیان روویان کردە کلاولار).

«لەگەڵ یەکتر بەشەڕ هاتن، نێوان ناخۆشییان هەبوو؟»

«نەخێر، نەیانبوو، کەس نەیبیستووە، لەگەڵ یەکدا باش بوون.»

«ئەم ئاغایە (واتە کلاولار) ژنی دیکەشی هەبووە؟»

«بەڵێ، بوویەتی.»

«کوا، لە کوێیە؟»

«ئەمەتا، ئەمەیە (رابییان نیشان دا).»

«جەندەرمەکە بڕێکی لە رابی هەڵڕوانی... ئێستا رابی دەڵێی، بە قودرەتی خودا دەتگوت تەواوی مارمێلکەکانی ئەم کێوەی قووت داوە و هەمووشی زیندوون و لەنێو دڵیدا دەجووڵێنەوە، هێندەی کە بێئۆقرە و قەرار بوو. منداڵەی سوێسنەی بابانوێرانیشی بە باوشەوە.

«جەندرەمەکە وەردەسووڕێ و بە کوێخا دەڵێ: «کوێخا هەر ئەمە نەبوو لە رێگا تووشی هاتین، بەم منداڵەوە؟»

«بۆچی ئەمە بوو.»

«مامۆستاش بۆی «تەنجەمە» کردەوە کە، بەڵێ ئەم ژنە، منداڵی دایکە مردووەکەی هەڵگرتووە... ئەمەش منداڵی ئەو مەرحوومەیە.

«نێوانیان پێکەوە چۆن بووە ـ نێوانی دوو ژنەکە؟»

«پێوەندییەکیان بە یەکەوە نەبووە.»

«ئای... ی!»

«جەندەرمەکە قەدرێک سەری لەقاند... «ئای...!» یانی بەڵێ یان کاری ئەمەیە یان کاری مێردەکەی!»

«ئەو رۆژە لە کوێ بووە، واتە رابی؟»

«ئەو رۆژە چوو بووە شار، کاتێ گەڕاوەتەوە دیتوویە ئەم رووداوە قەوماوە.»

«شایەدەکەی کێیە؟»

«دووکان‌دارەکانی شار، مێردەکەی، کە هەم کـاتی ڕۆیـشتن ئـەوی دیتووە هەم کاتی گەڕانەوە....»

«ئێستا مامۆستای بێچـارە بـۆ خـۆی گوتـەنی ئەمانـە تەنجەمـە دەکاتەوە، چەندە بە زەحمەت... ئێمەش گوێمان لێیە، چاویشمان لێیە کە وەکوو شتێک کابرا خەریکە پێی رابی تێوەدەدا. ژنان گوتیان مامۆستا ئەتۆ بۆ خۆت ئەگەر لـەوێش نـەبووی لانی‌کـەم بیـستووتە کـە دە پـازدە ڕۆژ لەمەوبەر ئەگەر رابی نەدەبوو ئەم ژنە لە «گۆمەگەورە»دا خنکابوو، ئێستا بەم جۆرە پاداشتی دەدەنەوە! مامۆستا ئەمەشی تەنجەمە کـردەوە و گـوتی وەباڵ بە ئەستۆم، رابی ژنێکی بە ئیمان و نوێژکـەرە، ژنـانیش کردیانـە هەرا: «بەڵێ، ئەشەدوو، خودا هەڵـناگرێ ـ هـاتووە چاکـە بکـا، ئێـستا پیاوخراپیشی بکەن...!» هەڵبەت ئەمەش بڵێم مامۆستاش بـرێک دەترسـا، ئاخر گوتبووی سەڵیتە و چووزانم، هەر کەسێک، بیکووژێ دەستی کەسـک دەبێ و بێ‌سوئال و جواب دەچێتە بەحەشت.

«باشە، ئـەلحوکمو لیللا ـ ئێـستا بـا تەرمەکـەیان چاوپێبکـەوێ. مامۆستا فەرمووی شەرعەن دروست نیە، نامەحرەمن. «دەوڵەت» گوتی ئیللا و بیللا دەبێ چاوی پێی بکەوێ ـ لانی‌کەم جێگای پەتەکەی دەوری ملی.

«مامۆستاش گوتی ئەلحوکمو لیللا، زۆر کە هات قەباڵـە بەتاڵـە... کوڕێکی کە تۆ بی چارشێوەکەیان لەسەر ملی بابـان وێرانـە لادا... بـەڵام، کاکە، تۆ بڵێی... «دەوڵەتی» دایـک لـۆتیش حـەقی بـوو ـ جێگـای پێـنج ئەنگوسـت لەسـەر ملـی کچـەی سـەربەهەش وەکـوو ئـەو مـۆرەی «تەقاویت»ەکەی تۆ دیاربوو، بە قودرەتی خودا! کاکە، من شتێک دەڵێم تۆ شتێک دەبیستی، پێستی ئەم جوانەمەرگە لە حەریری بەغداش ناسکتر بوو ـ جێگای پێنج ئەنگوست لەسەر ملی زۆر جوان دیـار بـوو، هـەر کەسـێکی دیکەش لە جیاتی «دەوڵەت» بوایە دەکەوتە شکەوە... .

کوردیکا @kurdica

«بەکورتی، «دەوڵەت» بڕێکی سەر راوەشاند، شتهایەکیشی گوت کە ئیدی مامۆستا تەنجەمەی نەکردەوە... سەرت نەیەشێنم، کڵاولاریان برد. هەڵبەت ئەمەش بڵێم کە کوێخاش وەکوو بۆ خۆی دەیگوت تازە بیلامانی «قوونی کەرەشینی دەرمان کردبوو» ئەگینا دەوڵەت ئاوا سووک و هاسان دەستی هەڵنەدەگرت. سێ تمەنی دابوو، کە پاشان لە ئێمەی وەرگرتەوە: تمەنێکی رابی دای، پێنج قڕانی ئەمن و پێنج قڕانی مام عزیز، تمەنێکیشی حاجی غەفوور....

«بەکورتی، کڵاولاریان برد، ئێمەش ئەو بابان وێرانەمان بە خاک ئەسپارد....»

«پووری، چایەکی دیکەش با بخۆینەوە... ئێستا کە پاشماوەی هەیە بە گۆڕی بابی ماڵی دنیاوە!» خاکەنازەکەم هێنایە پێشێ و یەک دوو پۆلووم لەسەر دانا، هەر بۆ خۆشم هەستام و سەماوەرەکەم گاڵ دا ـ جگەرەیەکیشم بۆخۆم داگیرساند.

«بەڵێ، حەفتەیەک دە رۆژ تێپەڕی و هەواڵێک لە کڵاولار نەبوو... مامۆستاشیان برد! گوتم بێوەنەبێ کڵاولار شتێکی گوتووە و کابرای فەقیری تێوەداوە... بەڵام نا، بۆ سبەینێ مامۆستا گەڕایەوە. گوتی کە بەڵێ، هێندێ شتیان لێپرسیوە و ئەویش هەر ئەو شتانەی لێرە دیتوویە وبیستووویە و گوتوویە دووپات کردۆتەوە ـ گوتمان شوکری خودا!

«بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەمانەدا دڵنیگەرانی کڵاولاریشین، دەشزانین رابی ئەو رۆژانەی وا دەچێتە شار گوێ بۆ هەواڵ هەڵدەخا: ئێستاش وەکوو جاران منداڵەکەی دەخستە تۆربێنەوە و لەگەڵ خۆی دەیبرد ـ بە شووشە شیر و مەمکە فەرەنگییەوە. کاکە، تۆ رەنگە باوەڕ نەکەی، بە قودرەتی خودا، ئەم منداڵە زەڕنەقووتەیە ژیانی ئەم ژنەی ژێرەوژووور کرد ـ رابی ئیدی ئەو ژنەی پێشوو کە تۆ دیتبووت، نەبوو... هەڵبەت جارجارە وەکوو

پێشوو رووی تاڵ دەکرد، دەچوو لە فکرەوە ـ جارجارە تەنانەت پەرتیش دەبوو، بەڵام باشە دەی، لەگەڵ هەمووی ئەمانەدا تەواو گۆڕا... رۆڵە ئەمەی کە دەڵێن ئادەمیزاد لە هەموو شتێک بە خۆی نزیکترە، بیبیستە و باوەڕ مەکە. ئادەمیزاد زۆرتر لە خۆی رادەکا، نایەوێ بۆ خۆی بێ. تۆ پێت وایە ئەو پیاوکوژەی کە دەیان کەسی کوشتووە، یان ماڵی خەڵکی خواردووە، یان دەستی بەسەر ماڵی هەتیودا داگرتووە، یان حەقێکی کردۆتە ناحەق، پێی خۆشە لە خۆی نزیک بێ، یان لە خۆی نزیکە؟ من پێم وایە رابیش ئاوا بوو... دەمدی، خۆی جێهێشتووە و پەنای بردۆتە بەر ئەم مناڵە. جار جارە دەمبینی چۆتە نێو دەریای فکر و خەیاڵاتەوە... ئێستا لە کوێ؟ خودا دەزانێ. پاشان دەمبینی لەپڕ دێتەوە سەرخۆی و بێئیختیار، بە پەلەپڕووزە، مناڵە ـ کە ئێستا ئیدی گەورە ببوو لە باوەش دەکا و بە خۆیەوە دەگوشێ. لە هەوەڵەوە دەمگوت رەنگە بۆنی کلاولاری بەووەوە نابێ ـ پاشان دیتم نا، ئەوترووسکەی خۆشەویستییەی کە دەبێ لەم ئاکارانەدا بێ، نیە... ئەم ئاکارانە لە ترسانە. هەڵبەت نە ئەمەی کە بڵێی مناڵەی خۆش نەدەویست. نا، بۆ مناڵە گیانی دەردەچو، بیست و چوار سەعاتەی خودا لە دەوری دەگەڕا... بەڵام باشە دەی، ترسیش هەبوو.

«کاکە، ئەمەی کە زۆر جاران دەبیستی دەڵێم بەندەناس خودایە، لەخۆڕا واناڵێم. ئەمن زۆرم شت دیتووە... زۆرم خەڵک دیتووە... شتهام دیتووە کە جارجارە لە خۆم کەوتوومە شکەوە... بالێی گەڕێین. بەڵێ، لە سەیر و سەمەرەکانی رۆژگار یەکیشیان ئەمە بوو کە کاتێ مامۆستا چوو بۆ زیارەتی کابەتوڵڵا، رابی پووڵی پێدا هەتا بۆ کلاولار و سوێسنە یەکی حەجێک بکڕێ... لێت حاڵییە!»

«بێگومان ئەمە زۆر لە دوایە بووە ـ دوای مەرگی کلاولار... بەڵام نەتگوت کلاولار چی بەسەرهات... .»

@kurdica

«ئا ـ بەڵێ. بەڵێ، کوڕێکی کە تۆ بی بیست و پێنج ڕۆژێک تێپەڕبوو؛ لەم ماوەیەدا ئەمن هەموو ڕۆژێ ڕابیم دەدی... هەموو ڕۆژێکی خودا دوو سێ جار سەری مناڵەم دەدا و ڕۆژانێکیش کە هەوا زۆر گەرم بوایە و لەوانە بوو خودای نەکردە مناڵە لە ڕێیەدا تووشی پڕووکان بێ، ئەمن ئاگام لێی دەبوو، هەتا دایکە دەگەڕایەوە. بەڵام لەم ماوەیەدا قەتم لە ڕابی نەبیست کە کاتی گەڕانەوەی لە شار بڵێ فلان یا فیسار... ئەویش بێخەبەر بوو ژنی فەقیر.

«بەڵێ، بیست، بیست و پێنج ڕۆژێک تێپەڕی، کە دیتم ڕۆژێک دیسان، بە قودرەتی خودا، تەنگی نوێژی شێوان پەیدا بۆوە: شەل، دەست هەڵبەستراو، لاواز، بە بستێک ریشەوە. ئاخ... کە ئەو داماوەش سەرێکی پڕمەینەتی هەبوو، هەر لە هەوەڵەوە! چی بووە، بۆچی ئاوای لێهاتووە؟ بەڵێ، دەرکەوت لە قازاخخانەدا کابرای کڵۆڵیان ڕاست و چەپ بە میچی تەویلەوە هەڵواسیوە و ئەم بەڵایەیان بەسەر هێناوە! مامۆستا گوتەنی مەیموون جوان بوو خلوێرکەشی لێهات ـ شەل بوو گۆجیشیان کرد... شەلینی لاقیشی زۆرتر ببوو: ڕاست و درۆکەی خۆی و خودای خۆی، دەیگوت شەوانە ئاوی ساردیان دەکردە ژێرییەوە، هەتا وەئەستۆی بگرێ کە کچەی دایک نەماو ئەو کوشتوویەتی یان ڕابی... یان، چووزانم، شایەدیش پووڵیان ویستبێ ـ کە بێچارە کابرای لێقەوماو لە حەوت ئاسمان ئەستێرەیەکی شک نەدەبرد، هەر چەندە ئەگەر بە ڕابی گوتبایە، خودا هەڵناگرێ، ژنەی داماو لەماڵی دنیا هەرچێکی هەیبوو درێغی نەدەکرد. بەڵێ... بەکورتی هەرچۆنێک بووە ددانی بە جەرگی خۆی داگرتووە و لەسەر هەمان قسەی هەوەڵێی پێداگربووە و نەچۆتە ژێربار ـ بەڕواڵەت ڕاستیشی دەکرد... .

«بەڵێ، بە حاڵێکی زۆر کەنەفتەوە گەڕایەوە - بەڵام ئەگەر بزانی ژنە - رابی - چۆنی بە دەوردا دەهات کافریش بوایەی - دوور لە دینت - مسوڵمان دەبووی... وەکوو دایکێک!

«ماوەیەک تێپەڕی و کلاولار پێی گرتەوە - هەوەڵەکانی بە شەقە، پاشانیش بە گۆچان - بە قودرەتی خوداش هەمیسان هەر ئەو کلاولارەی پێشوو کە دیتبووت. دیسان وەکوو جاران دەستی لەبەر پشتێندی دەنا، جارناجارێک رابی دادەدۆشی، یان ژنە بۆ خۆی دەیدایە، جگەرەشی دەکێشا و قسەی زەلام زەلامی دەکرد. ئێستاکانێ ئیدی لە ماڵەکەی خۆشی نەدەخەوت... هاتبووە دیوەکەی سوێسنەی جوانەمەرگەوە - منیش وەکوو پێشوو لە کولانەکەی خۆمدا. لە ماڵی رابی نانەکەی دەخوارد، برێک لەگەڵ مناڵەدا کایەی دەکرد - کاکە، سەیریش ئۆگری ئەم مناڵەبوو، لە رۆحی خۆشی خۆشتر دەویست - بەڵێ، بەڵام کاتی خەوتن دەهاتەوە دیوەکەی ئەو جوانەمەرگە....

«بەڵێ، ماوەیەک تێپەڕی... ئێستا ئیدی حاڵ و ئەحواڵ و سەحەتی تەواو تێکچووبوو؛ ئێستا ئیدی بە شەقە بە رێگادا دەڕۆیشت - ئەوجار ئەویش بە زەحمەت - دەستی راستەی لە جێیەکی خراپدا شکابوو... بەڵێ، دیسان ماوەیەک تێپەڕ بوو، هەتا ئەمەی کە رۆژێک لەپڕ پلێتەکەی تێکەوت!»

«یانی چلۆن - مردا!؟»

«نا، نەمرد... بەڵام شێت بوو... وەلێ نە شێتێکی بەوجۆرە... شێتێکی بێئازار. برێ کاتیش هۆشی لەسەرخۆ بوو، قسەی ژیرانەی دەکرد. هەر لە دیوەکەی سوێسنەی جوانەمەرگیشدا دەژیا - چ شەو، چ رۆژ. بەڵێ ئەو کلاولارەی کە دیتبووت و هەتا قسە لە قسە دەکەوت دەیگوت لە سەت چۆمان دەدا و قولاپەی تەڕ نابێ و ئەوەی ئەو نەیکووژێ نامرێ - ئێستا

فەقیری بەستەزمان ـ بـە داری بـن‌هەنگـڵەوە دەڕۆیـشت و ئـەویش بـە چ مەینەتێک... کەس لە خۆی زەلیلتر نەبوو. بەڵام خودا هەڵناگرێ، ئەمـەش دەبێ بڵێم کە رابی وەباڵ بە ئەستۆم درێغی نەدەکرد: کاتێ دیتی بەیەکجاری سفرە و نـانی جـوێ کـردەوە، سـەماوەرە تەنەکەکـە و دوو ئیـستیکان و ناڵبەکی و قەند و چایی و ئەم جۆرە شتانەی بۆ دانا... بۆخۆی گوتبـووی، دوو ئیستیکان، پاشان پێت دەڵێم لەبەرچی. کوتـە بـەڕە و نـوێن و بـانی سوێسنەی جوانەمەرگیشی هـەر لێبـوو. هـەموو رۆژێـش دەهـات، گـۆزە ئاوەکەی بۆ پڕ دەکرد، دۆی ساردیشی لە کانیڕا بۆ دەهێنا ـ لە کاتی خۆی دا «نانەکەشی» بۆ دەهێنا... ئەو رۆژانەش کـە دەچـوو بـۆ شـار پێـشەکی دەیهێنا؛ منیش ئەو کاتانەی دەستم دەگەیی دەچووم و پیاڵە چایـەکم بـۆ و بێ‌ئەنوایە دروست دەکرد... ئێستا ئیدی جێگەی بەزەیی بـوو، شـێت بـوو ئیدی، حەرەجی لەسەر نەبوو. جارجاریش دادەنیشتم و قسەم لەگەڵ دەکرد ـ ئەگەر هۆشی ببوایە. گوتم زۆر ئۆگری مناڵە بوو ـ رابـیش هـەموو رۆژێ یەک دوو کەڕەت مناڵەی دەهێنا بۆ لای، چ کاتی نان خواردنی نێـوەڕۆ یـا شەوێ، یان کاتی دیکە. ئەمەم لـەبیر چـوو بـڵێم: کاتـێ ئـاوای لێهـات و سوێسنەی جوانەمەرگ ئاوا تێداچوو رابیش مناڵەی بردە لای خـۆی، رابی لەسەر ئیزنی مامۆستا ئەو چەند سەرە حەیوانەی دایکەی جوانەمەرگیـشی برد و تێکەڵ حەیوانەکانی خۆی کـرد ـ هەڵـبەت بـۆ خۆشـم پـێم‌گـوت ـ بەشەکەی منیشی دا، مامۆستا: لەسەر هەمان حەسێبی یـەک بـەش و دوو بەش. ئەمەش بڵێم، کلاولار ئیدی بە رابیشی هەر دەگوت مامۆستا!... بەڵام سوێسنەی لە دەم نەدەکەوت ـ سوێسنەیەکی کە ئیدی نەبوو، بە قـودرەتی خودا، دایمە لە زەینی دا بوو. لە تۆ چ پەنهان کاکە، کاتـێ ئـەم هـەمووە خۆشەویستییەم چاو پێدەکەوت حاڵێکم بەسەر دەهات، ئەو قـین و نێـوان

ناخۆشییانەی پێشوو، بە قودرەتی خودا، دەبوو بە هەڵم و وەحەوا دەکەوت....

«بەڵێ، لە بیرت بێ گوتم لەپڕ پڵیتەکەی تێکەوت! رۆژێکیان کە پێم وابوو لە ماڵێ نیە، نازانم بۆ چ کارێک یان بە شوێن چ شتێکدا، چوومە دیوەکەی ئەو جوانەمەرگە ـ کە دیتم بەڵێ، ئەوە کڵاولار دانیشتووە و لەگەڵ پشیلەکە بە عارەبی قسە دەکا؛ چووزانم، ئیمشی... ئیشلۆنە کەیفوکە... لەم قسانە!

«ئای قورم بەسەر! خودا بمکووژێ! لەبەر دەرکی دیوەکە، وشک بووم. گوتی: «تێگەیشتی چۆن بوو، پووری؟» وڵامم نەداوە، لە دڵی خۆمدا گوتم بێگومان دیسان ئیشتیای هەستاوە گاڵتەجاڕی دەرێنێ. وەکوو ئەمن وڵامم دابێتەوە گوتی: «خەریک بووم چاییم دەخواردەوە دیتم هاتەژووری ـ لەو ماڵەی دیکە بووم ـ ماڵی مامۆستا...» ماڵی رابی دەگوت: «دیتم ئەم «ئاغایە» هاتەژووری»ـ بە دەستی ئاماژەی بۆ پشیلەکە کرد. «هاتە ژووری و بە عارەبی بڕێک شتی گوت، کە لێی حاڵی بووم، بەڵام تێنەگەیشتم دەیەوێ بڵێ چی!»

«زانیم تێکەڵی کردووە... حاڵەتی روخسار و چاوەکانی پەرێشان بوو. گوتم: «چۆن حاڵی بووی، بەڵام تێنەگەیشتی؟» کاکە ئەمە هەوەڵجار بوو کە پاش ئەو باس و خواسانە لەگەڵیدا دەدوام. بەسەر سوڕمانەوە تێمفکری، گوتی: «مەگەر تۆ لە عارەبی خەڵکی دیکە دەگەی؟ تێی ناگەی، بەڵام لە مەبەستەکەیان حاڵی دەبی. تاقمی پشیلەش هەر بەم چەشنە. کاتێ دەڵێن «میاو!» تێناگەی، بەڵام حاڵی دەبی ـ دەزانی کە خواردەمەنی دەوێ.»

«پێکەنین گرتمی ـ دیتم نا، وەکوو شتێک قسەکەشی ناحەسێبی نیە. گوتم دەی باشە؟ گوتی: «هەر ئەمە، کاتێ دەڵێ «مڕمیاو!» تۆ تێناگەی! بەڵام حاڵی دەبێ کە ژنەکەی کە ناوی مریەمە، بانگ دەکا؛ یان کاتێ ژنە

پەیتا پەیتا هەرا دەکا، بەو دەنگە زیقەیەوە، «داوو ـ داوو» دەزانی کـە بـە شوێن پیاوەکەیدا دەگەڕێ، کە ناوی داوودە!»

گوتم: «بەڵێ ـ باشە! کەوابوو لەگەڵ پشیلەکەدا هاتی! گوتی «بەڵێ، بە عارەبی شتهایەکی گوت، تێنەگەیشتم. بـەڵام بـە دوای دا کەوتمـەڕێ ـ دەمزانی کە ئەوە بانگێـشتنم دەکـا...» گـوتم: «رابی چـی گـوت؟» گـوتی: «مامۆستا دەڵێی؟ ئەو عارەبی جلفە نازانێ، عارەبی کتێبی دەزانـێ ـ چـی بلێ؟ کاتێ بۆ خۆم حاڵی دەبم، ئیدی بۆچی «تەنجەمـەی کاتـەوە؟!» دیـتم چایەکیشی بۆ پشیلەکە تێکردووە. گوتم: «بەڵام بەو جۆرەی کە چاوم لێیە، وەکوو شتێ ئەم میوانی تۆیە!؟» گوتی: «بەڵـێ ئیـدی تـاقمی پـشیلە بـەم جۆرەن ـ خدەیان ئەمەیە ـ بانگێشتیش بکەن هیچ لە خۆناگرن.»

«زگم پێی سووتا... بەڵێ، لـەو رۆژە بـەدوا وەرێکـەوت: دارەکـانی وەبنهەنگڵی دەدا، ساچمەزنەکەی لە شـانی دەکـرد، قومقومـەی سـارد و گەرمەکەی وا دیتبـووت بـە ملـی دا دەکـرد، لەگـەڵ پیاڵـەیەکی فـافۆن ـ ناڵبەکیش لە گیرفانی دا و رێدەکەت. شکڵ و ئاکارەکـانی قەشمـەرە بـوو، بەڵام بنیادەم دڵی بۆ ئەحواڵەکەی دەسـووتا. بەڵـێ، دەکەوتـەڕێ، بـەڵام جێگای زۆر دوور نەدەچوو، جێگـای هـەرە دووری ئـەم قەبرسـتانە، یـان قەبرستانی کۆن بوو. هیوادارم خودای گەورە بـە حەسـێبی گوناحـەکانمی نەنووسێ... رۆژێـک لـە پـشت دارەکـان خـۆم شـاردەوە... بەڵـێ ئیـدی ئادەمیزادین؛ ئادەمیزادیش، مامۆستا گوتەنی، خوداوەند وردبینی ئافەریدە کردووە. دانیشبوو ـ هەڵبەت دوور لە گڵکۆی ئەو جوانەمەرگە ـ دانیشتبوو، قومقومەکەی لەگەڵ ئیستیکانەکان لەبەر دەستیدا رۆنـابوو ـ نێوچـەوانی گرژ و مۆن بوو: هەوەڵێ بۆ سوێسنەی تێکرد ـ من هەوەڵجـار نـەمزانی... برێک خۆی هەڵێنا و ئیستیکانەکەی لەو جێگایە دانا کـە بـێگومـان ـ لـە زەیـنـیدا سوێـسنەی لـێدانیـشتبوو: لەبـەردەمی پنچکـی بەڵاڵـووکە

کێویلەیەک، کە هەزاران دەنکە یاقووت و زومـڕووت ومـرواری بـە سـەر و سینگەوە هەڵواسیبوو. «ئێستا ئیدی گرژی نێوچەوانت بکەوە... لـەخۆڕایی مەتۆرێ... ئەم دوو رۆژە عومرە لە خۆت و لە منیش تاڵ مەکە ـ ئاخر کاتێ تۆ نارەحەتی من ئیزڕائیل بـە چـاوی خـۆم دەبیـنم! کچـە ژیکەڵانەکـەم، هەناسەیە، دێت و دەڕوا، جارێکی واش دێ کە دەبینی هات و نەڕۆیشت...!» بە جۆرێک دەدوا، کە دەتگوت سوێسنەی جوانەمەرگ لەبەردەمی دانیشتووە ـ بڕوا بکە، کاکە، بۆ ساتێ گومـانم کـرد... لـە دڵـی خـۆمدا گـوتم نـەکا سوێسنەی جوانەمەرگ زیندوو بێ و من ئەو شتانەم لـە خـەودا دیتـووە ـ هێندەی کە سیما و شێوە دوانەکەی ڕاستی بوو!

«نازانم لە خەیاڵیدا سوێسنە چی گوت، یان چی کرد، کە لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی: «ها، ئەمە باشە ـ ئێستا بووی بە خانمێکی حەسێبی! ئەڕێ، خۆشەویستەکەم، تـۆ بـەم پێکەنینانـەوە، بـەم جەواهێراتـەوە، جوانی؛ حەیف نیە ئەم دەم و لێوە شیرینە، بەنێوچاوان تێکنان تفت و تاڵ بکەی! هەر بیریشی لێمەکەوە... بەگۆڕێ بابیانەوە ـ کەس ناخەنە قـەبری کەسێکی دیکەوە ـ دڵت پاک بێ؛ خۆ تۆ بۆ خۆت هەمیشە دەڵێی بزن بـەپێی خۆی هەڵدەواسن...!» کاکە، ئەو رۆژە تێر و پڕ گریام....

«ئێستا ئیدی پیر و تێکشکاو بوو... بـاش نـازانم، رەنگـە پـەنجا ساڵێکی تەمەن بوو... هەیهوو، سەڵەهای پێچووبوو، حەسەن ئیدی گەورە بوو، سمێڵی تەواو بۆر کردبوو. پیر بوو، چارەڕەش بـوو ـ ئێـستا ئیـدی پیری و لەکارکەوتوویی و نـەداری... ئـەم ـ راسـتیان گوتـووە، کاکـە، زەمانی پیری پاشایەتیش تام و چێژی نیە. کڵاولارێک کە هەتا قسە لە قسە دەکەوت، دەیگوت حەسڵی کار سەرە، سەر کە هەبێ کڵاو زیادییـە. ئێـستا بنیادەم بەزەیی پێیدا دەهات... سەریش کە بـەو چەشـنە... ئێـستا ئیـدی یەکێک بوو وەکوو ئایشە شێت ـ ئایشە شێتت خۆ دیتبوو؟

«بەڵێ، ڕێدەکەوت، بە داری بنهەنگڵ و قومقومە و ساچمەزەنەوە، دەگەیشتە هەر کەسێکیش پرسیاری سوێسنەی جوانەمەرگی لێدەکرد: دەیگوت تۆراوە، لە ماڵێ وەدەرکەوتووە... بەڵام لە هەر جێیەک بوایە شەوانە دەگەڕایەوە ماڵێ ـ گوێم لە دەنگی تەقەی دارەکانی دەبوو... لە هەر جێگایەکیشەوە دەهات... کاتی هاتنەوە بۆ ماڵ ـ لەگەڵ ئەو جێیەدا کە تەرمی سوێسنەی جوانەمەرگی لێکەوتبوو دیداری دەکرد ـ دووراودوور، چونکە ڕێگاکە سەرەوژوور بوو، ئەویش نەیدەتوانی لەسەراژووری سەرکەوێ: لەسەر تاتەبەردێک دادەنیشت رووبە گێوژەکە، سەبیلەکەشی دادەگیرساند و چاوی لە گێوژەکە دەبڕی، بە زەردەخەنەوە. ئەم جۆرە کاتانە سیمای دەبوو بە سیمای منداڵێکی دوو ساڵانە ـ بە عومری خودا تۆسکاڵێک فڕوفێڵ لەو سیمایەدا نەبوو!

«ئێستا ئیدی زۆر کەمی قسە دەکرد... ڕۆژێکیان بەیانی دیتم خەریکە بەرەو قەبرستان دەڕوا. گوتم: «ها، کاک ئەحمەد حاڵت چۆنە... باشی ـ بۆ کوێ دەچی؟» گوتی: «دەچمە هۆوەی...» گوتم: «کوێ؟» گوتی: «لای کیژۆڵەی گوڵم...» گوتم: «سوێسنە؟» گوتی: «بەڵێ، کیژۆڵەی گوڵ ـ نەمگوت پەیدای دەکەمەوە! بڵێ دەستخۆش، پووری! بە من دەڵێن ئەحمەد کلاولار ـ بڵێ دەستخۆش!»

«ماندوو بووم، کاکە، ئەمەش بڵێم و داستانەکە تەواو بکەم... ئەم مەبەستەی دەیڵێم بۆ خۆی بۆی گێڕامەوە، لە یەکێک لەو ساتانەدا کە هۆشی لەسەرخۆ بوو، نازانم شایەدیش نزیکبوونەوەی مەرگی هەستپێکردبوو... چونکە حەفتەیەک دواتر مرد... بۆخۆی سەری قسەی کردەوە. گوتی: «پووری ناتەوێ بزانی کێ سوێسنەی کوشت؟»

«چاوم تێبڕی و تێیفکریم... پێموابوو هەمیسان لە کەللەی داوە... بەڵام دیتم نا، بیچمەکەی زۆر ئاسایی و لەسەرخۆیە. گوتم ئێستا چ

تۆفیرێک بە حاڵی ئەو جوانەمەرگە دەکا... پێم ناخۆش نیە بزانم، بەڵام ئیدی نامەوێ وەشوێنی کەوم... کچەی داماو ئێسقانەکانیشی بۆتە خۆڵ، ئێستا من بێم تازە پاشی عومرێک وەڕێکەوم و لێیبکۆڵمەوە! کوڕەکەی ماشەڵڵا بۆتە پیاوێک بۆ خۆی...»

گوتی: «لێکۆڵینەوە...!» نا، هەرچی دەتەوێ لە من بپرسە پووری... ئاخر پووری منیش ئەم مەبەستەم لەسەر دڵ بۆتە گرێ ـ تەقەم کرد، منیش کەسێکم دەوێ گرێی دڵمی لەلا بکەمەوە... کێ لە تۆ باشتر...!»

«دیتم نا، دەبێ گوێ بدرێتە قسەکەی، هەر چەندە شێتیش بێ... ئەوجار لەوسەریشەوە بیگری قسەی راست دەبێ لە منداڵی ببیستی یان لە شێت.

«بەکورتی گوتی ئەوێ رۆژێ ئەو لە دیوەکەی سوێسنەی جوانەمەرگ راکشاوە، خەوی لێنەکەوتووە، تازە خەریک بووە، چاوی گەرم ببێ، کە وەکوو شتێ گوێی لە دەنگی هەناسکە هەناسک بووە؛ لە هەوەڵەوە پێی وابووە سوێسنەیە؛ پێی وابووە شتێکی بەسەرهاتووە، ترسی رێنیشتووە لەو حاڵەتی بەینی خەو و بەخەبەریدا؛ چاوی هەڵێناوە، سەری کە بەرزکردۆتەوە، دیتوویە ـ دیتوویە ئەی دڵەی خافڵ، ئەگەر چاوترووکانێک درەنگ جووڵابایەوە رۆیشتبوو، چلۆن؟ دیتوویە کە رابی دەستەدۆڵەکەی برینج کوتانی راست کردۆتەوە و هەر ئێستایە کە مێشکی بپرژێنێ! بە عومری خودا لە خەو راپەڕیوە، سەری هەڵێناوە، هەرکە سەریشی هەڵێناوە دەستی رابی شل بووە و دەستەدۆڵەکەی لە دەست بەربۆتەوە، بۆ خۆشی لەگەڵ ئەوی دیتووە دەستی کردووە بە لەرزین و چەشنی مقەبایەکی خووساو نووشتاوەتەوە و کەوتووە... بەسەر دەست و پێیدا کەوتووە ـ جا وەرە بگری ـ هەڵدەلەرزێ و دەگری، وەکوو هەوری بەهاران.

«کلاولار هەوەڵێ ترسی ڕێنیشتووە، پێی وابووە خودای نەکردە منالە شتێکی لێهاتووە، ژنە خۆی شێت کردووە و بۆ تۆڵە ئەستاندن لەو بەڵایەکی بەسەر منالە هێناوە، ئەوی بۆ لایەک فڕێداوە و چووە بۆ لای بێشکەی منالە، بەڵام دیتوویە نا، منالە لە بێشکەدا خەوی لێکەوتووە... ئێستا ئەوە هەروا دەگری ـ وەکوو چی! کلاولار دەست دەداتە شەپیلکە شانی و توند رایدەتلەکێنێ: «ژنەتیو، قسە بکە! پێم بڵێ، چی بووە...!» بەکورتی کوڕێکی کە تۆ بی، رابی دیسان بەسەر دەست و پێیدا دەکەوێ، تکا و پاڕانەوە کە بمکووژە، رزگارم کە... تێر بووم لەم ژیانە ـ دەستت ماچ دەکەم، لاقت ماچ دەکەم و لەم قسانە....

«ئاخری بەو جۆرەی کە بۆ خۆی دەیگێڕاوە تەواوی بەسەرهاتەکەی بە چاوترووکانێک لە چاوانیدا دەخوێنێتەوە و خێرا لێی حاڵی دەبێ... دەڵێ: «ها، ئاخرێکەی کاری خۆت کرد... کچەی بێئەنوات کوشت! دەتویست منیش بکووژی! زۆر باشە، تێگەیشتم... دەستت نەیەشێ! بەڵام مەگری برۆ دەموچاوت بشۆرە و وەرەوە ئێرە ـ بە هیچ کەسیش هیچ مەڵێ... من لەم تەنگەژەیەدا بە تەنیا جێتناهێڵم... تۆ هەر وەسەر خۆتی مەهێنە... کارێکە هاتووە، مقەدەری خودا بووە ـ هەتا پاشان بۆ خۆم دەردت دەزانم...!» بەکورتی، ئەو قسانەی کە دەبێ بە «دەوڵەتی» بڵێ فێری کردووە ـ ئێستا ئەمە هەمان کاتە کە من و گوڵەندام لەم بەری کانی ژنان راوەستاوین و هێشتا خەبەرمان لە هیچ نیە... بەڵێ، کوڕم، بەندەناس خودایە ـ کێ پێیوابوو رۆژێک ئادەمیزادێکی وەکوو کلاولار بەو لابەلایی و بێفکرییەی کە تۆ دیتبووت بێ و وەها لەخۆبوردوویییەک بۆ رابی بکا و بە خاتری ئەو هەتا پای مەرگ بڕوا و ئەم هەمووە ئەشکەنجەیە ببینێ!»

«بەڵێ ئیدی، هێندێ کەس گوتەنی ناو تەنیا بۆ ئەمە نیە کە کەسێکی پێ بانگ بکەن و ئەو وڵام بداتەوە؛ ناوێکی خەڵک لە هێندێ کەسی

دەنێن لە راستیدا ـ چۆنی بڵێم ـ ناسێنەری رۆح و کەسایەتی و دەروونی ئەوانە. ئێوە بۆ خۆتان ناوتان نابوو کلاولار ـ کلاولار خان. باشە، ئەم ناوە ئەگەر زۆری بێمشووری و کەمتەرخەمی بەسەردا سەپاندبوو لە باتیان گەلێ بەرپرسایەتیشی خستبووە ئەستۆی... وەلحاسڵ «کلاولار» بوو ـ ئەگەر ناوتان نابوایە «گەردنلار» ئەو کات دەبوو بەشتێکی دیکە... .»

«خودا دەزانێ... پاشانیش گوتی ئیدی لەو رۆژەوە سەری بە رەحەتی نەناوەتە سەر سەرین، تەنانەت لە دیوەکەی سوێسنەشدا ـ ئاخر هەر لەو دیوەدا بوو کە رابی فرسەتی گیرهێنابوو و بەو دەستەدۆڵە چووبووە زگی ـ ئێستا ئیدی سوێسنەی جوانەمەرگیش لە ماڵەکەدا نەبوو ـ ماڵێکی دەرەندەشت و منی پیرێژن... منیش کە هەمیشە لە کێو و شاخ بە شوێن گیا و گژەوە بووم!»

«دەی پاشان؟»

«پاشان دوعای سەرت، هەر ئەوانەی کە دەیزانین».

«ئاخرەکانیشی بڵێ، پوورێ، خۆت رزگار کە ـ منیش خۆ پێم گوتی، دڵنیا بە!»

«رۆڵە، دەترسم بە گوێی ئەو کورە بێئەنوایە بگاتەوە ـ کوڕێکی باشە ـ خودا تەمەندرێژی کا ـ نامەوێ لە ئاخری عومرمدا دڵی لێم برەنجێ... .»

«بەڵام من بەڵێنم بە تۆدا!»

«باشە، ئەلحوکمولیللا... بەڵێ، کوڕێکی کە تۆ بی، پاشان رۆژێکیان خەبەردار بووین کە کلاولار مردووە... بۆ ئەمەش قسە و دەنگۆ زۆر بوو، یەکێ دەیگوت بە رابی و کوڕەی گوتووە ـ یانی کلاولار ـ کە هەست دەکا رۆژێ مەرگی نزیک بۆتەوە ـ بە دڵی بەرات بووە، تکاشی لێکردوون کە بیبەنە ژێر هەمان دارگێوژ ـ ئەوەی وا تەرمی سوێسنەی

جوانەمەرگ لە ژێری‌دا دۆزرابۆوە... هەتا بۆ دوایین جار لە نزیکەوە ببینێ. بەڵێ، کوڕە لە کۆڵی کردووە و بردوویەتی ـ رابیش لەگەڵ بووە... لەژێر دارەکە دانیشتوون... دانیشتوون و کڵاولار جگەرەیەکی داگیرساندووە، بڕێک راز و نیازی کردووە، لەگەڵ ئەو جوانەمەرگە، بڕێکیش گریاوە... پاشان لەپڕ لە کەللەی داوە، پڕی داوەتە شەقەکانی و راست بۆتەوە، شەقەکەی راست و چەپ کردووە هەتا لەسەری رابی راکێشێ، کە کوڕە مۆڵەتی نەداوە، شەقەکەی دیکەی دەست داوەتێ و لەسەری ئەوی راکێشاوە و هەر لەوێ تەواو بووە!

«ئێستا ئەم شتانە کێ دیتوویە... خودا دەزانێ. لەگەڵ ئەقڵدا ناگونجێ. گوتیان بەڵێ، لەوێ کوژراوە و کوڕە و رابی تەرمەکەیان هێناوەتەوە ماڵێ ـ یانی ئێرە ـ ماڵی ئێمە. پاشانیش گوتیان نا، ئەمە نەبووە... شەوێ لە ماڵی رابی بووە، شەوێ کاری ئاوی بووە، پەرژین بێ، هەستاوە بچێتە حەوشە، رابی گوتوویە نا، سەبر کا کاسەی بۆ بێنێ، ئەویش کە بنیادەمێکی کەللەشەق بووە و نەیویستووە لە لای رابی خۆی بشکێنێ گوێی نەداوەتێ و هەستاوەتە پێ، لە هەستانەکەدا بەلاداهاتووە و کەوتووە و سەری وەلاجامەی درگاکە کەوتووە و ـ تەواو بووە...!»

«ئەمەش دیسان لەگەڵ ئەقڵدا ناگونجێ ـ لەبەر ئەمە کە پێش هەموو شتێک لە دیوەکەی سوێسنە دەخەوت، نە لە ماڵی رابی. هەر لە هەوەڵ رۆژەوە کە لەگەڵ سوێسنەی جوانەمەرگ گەڕایەوە و شەوەکەی چوو بۆ ماڵی رابی و رابی بەو جۆرە بەرامبەری راوەستا ئیدی لە ماڵەکەی خۆی نەخەوت... ئەمەشیان گوت ـ گوتیان ئەو شەوە چۆتە ماڵەکەی خۆی، نەیویستووە لەوێ بخەوێ، خەو بردوویەتێوە و لەوێ ماوەتەوە....

«لێرە نزیکترین دراوسێی ئەمن بووم ـ یەکەم کەسیش کە هەواڵی پێگەیی رابی بوو، ئەویش کاتێ بوو کە بەرچایی بۆ هێنابوو ـ باشم

لەبیرە نیسکێنەی لێنابوو، هێنابووی... هەوەڵ کەسێکی کە رابیش هەواڵی پێدا ئەمن بووم! شەوی پێشووش، تۆ بڵێی هەرا و هوریـا و قاڵمەقاڵـمێکی وام گوێ لێ نەبوو، کە کەسێک تەرمێکی بەکۆڵدا دابێ، یان هەر چۆنێـک، هێنابێتی... ئێستا ئەگەر بڵێی خەوتبووم، نەشخەوتبووم؛ خەوتبێتیشم، بۆ خۆت چاوت لێیە، لە دوو ئـاوایی ئـەولاترەوە کەسـێ بپـشمێ مـن لێـرە وەخەبەر دێم...» (لە حاڵێکدا ئاوا نـەبوو؛ دایمـەی خـودا پـرخ و هـۆڕی دەهات، بەیانیش ئاهـوناڵەی بوو، کە دوێشەوێ تاوێک چـاوی نەچۆتـە خەو!) «بەو حاڵەش چەند کەڕەت ویستم لەژێر زمـانی رابی یـان کـوڕەی دەرکێشم، دێتم نا، خودا هەڵناگرێ، رۆحیشیان خەبەری لە شـتێکی ئـاوا نیە ـ سیما و راوێژی قسە کردنەکەیان هاواری دەکرد؛ خۆ منیش ئیدی سەرم لە ئاشیدا سپی نەکردووە، شتهایەکم دیتووە، دەزانم... .

«ناکرێ حەق بخرێتە ژێر پێ، ژنەی بێئەنوا وەکوو ئـەو کاتـەی وا مناڵەکەی مرد تا دڵت بیەوێ گریا و شیوەنی کـرد، پێـت وابـوو باشـترین مێردی دنیای لە کیسچووە، ئەگەر نەتدیتبوایە وات دەزانی مێردێک بـووە کە بیست و چوار سەعاتی خودا شەربەتی بە گەرووی ژنەدا کردووە و چەند کڵفەت و قەرەواشی بۆ گرتووە هەتا شەو و رۆژی خودا دەست لەسەر سینگ لەبەردەمی راوەستن، لاق و قولی بۆ بـشێلن و خەنـەی لـە دەسـت و پـەل بدەن... .

«بەڵێ، کوڕم، ناکرێ حەق بخرێتەژێر پێ، پاشانیش، بەڵێ ئیدی، بەو ئاخری عومرەی لەسەر دەستی مامۆسـتا وەسـیەتی کـرد و هـەرچێکی هەیبوو لە بزن و مانگا و مەڕ و نەغدینـە تـەواوەتی بـە کـوڕە بەخـشی ـ چونکە هەموو کەس دەیزانی کـوڕە منداڵـی خـۆی نیـە، ژنـەی دامـاویش دەترسا کە لەم لا و لەو لاوە میراتگری بۆ پەیـدا بـێ و ئـەم چەنـد سـەرە حەیوان و ماڵەی بۆی داناوە لە کوڕەی چارەڕەش بکەنە ژاری مـار. گـوتی

خێر و سەدەقەی ناوێ، ئەو لە لای خودای خۆی رووسووره ـ زۆرتری بە کوڕه دەگا. هەڵبەت نەبێتە درۆ، مانگایەکی بەخشی بە مزگەوت، بۆ کڕینی نەوتی چرا... خودا لێیخۆش بێ ـ دەرحەق بە کوڕه دایکێتی کرد... .

«هەڵبەت ئەمەش بڵێم، خەڵکی بێکار و ـ پەرژین بێ ـ لاپرەسەن لە هەموو جێیەک هەیە ـ بێکاریش دانانیشن ـ ماوەیەک چوونە ژێرپێی کوڕەوە، بە گوێیاندا هەڵخوێند کە چووزانم فلان و فیسار. کوڕه بۆخۆشی هەر لە منداڵیڕا لە هاواڵەکانی شتایەکی بیستبوو کە چووزانم، مامۆستا بانگی بە گوێیدا نەداوە، ناوی شەرعی نیە، چووزانم، رۆژی قیامەت کەڕ دەبێ و ـ فلان و فیسار. راستیشیان دەکرد: کاتێ لە دایک بوو، مامۆستا بانگی بە گوێدا نەدا، بەڵام کاتێ دایکە مرد و رابی کوڕەی کرد بە هی خۆی، مامۆستاش رازی بوو، وەلحاسڵ بانگی بە گوێدا دا، هەتاوەکوو رۆژی قیامەت گرفتار نەبێ... ئەم دوایی‌یانەش خەڵکی لاپرەسەن هەمیسان شتهایەکیان پێگوتبوو، کە دایکی فلان، رابی فیسار... بەڵام کوڕه ئاقڵێتی کرد و هاتە لای من ـ رابی هێشتا مابوو ـ بەڵێ، هات و سفرەی دڵی لەلای من کردەوە. گوتم کوڕم، ئەتۆ گوێت بەم قسانە نەبزوێ ـ دەرحەق بە تۆ دایکێتی کردووه، هێشتاش دەیکا ـ بۆ خۆت خۆ ماشەڵڵا کوڕێکی تێگەیشتووی، شتەکە دەبینی. خەڵک بێکارن، یەکێکیان دەوێ هەتا دەوری بدەن و پەرژین بێ، کایە بە کلکی بکەن ـ دایکی راستەقینەی تۆ ئەوە... ئەو خودالێخۆشبووە برازای من بوو، بەڵام دایکی راستەقینەی تۆ رابییە ـ چاوت لێیە بۆ خۆت، تۆش دەبێ گۆچانی پیری ئەو بیی. ئەوجار کاکە، خودا هەڵناگرێ بۆ کوڕه گیانی دەردەچوو، دوور لە ئێستای زۆری خۆش دەویست، شەو و رۆژ لە دەوری دەگەڕا... کوڕەش هەر ئاوا: یەک دایەی دەگوت سەت دایەی لە دەم دەکەوتە خوارێ... بەڵێ، ئەمەش چیرۆکەکەی ئێمە... وەکوو دایکان دەڵێن «رۆڵە چەپکێ گوڵ، چەپکێ نێرگز مەرگت

نەبینم هەرگیزاو هەرگیز!» بەڵێ، ئەمەش چیرۆکی کلاولارخان ـ خودا لە مردووی هەمووان خۆش بێ؛ بەڵێ کورم، بەندەناس خودایە... هەرچەندە نا... لەبیرم چوو ...! باش بوو وەبیرم هاتەوە ـ ئەو چارەڕەشە مردنەکەشی مامۆستا گوتەنی بۆ خۆی «مێژوو»ە، بۆ عیبرەتی تەواوی عەبدەکانی خودا ـ کافر بیبیستێ مسوڵمان دەبێ... .»

«چلۆن؟»

«ئێستا بۆت دەگێڕمەوە ـ لێمگەڕێ با پشووم بڕێک بێتەوە سەرخۆ... بەڵێ، کوڕێکی کە تۆ بی، کلاولار مرد ـ إِنَّا لِلّهِ وَإِنَّـا إِلَيْهِ رَاجِعونَ ـ خودا بیبەخشێ لە پاش مردوو نابێ خراپ بگوترێ. بەڵێ مرد، خەڵکیش هاتن و بەکورتی تەرمی کابرای بێئەنوایان هەڵگرت هەتا بیبەن بە داب و دەستوور بیشۆن و کفن و دفنی کەن.

«بەڵێ، بردیان... نیو سەعاتێکی پێچوو ـ نیو سەعاتیش تەواو نەبوو، دیتم ئێی، وەکوو شتێ دیسان هەراوهوریا پەیدا بوو... لە دڵی خۆمدا گوتم ئەمجار چیە ئیدی!؟ ئێستا هەر ناڵە و بە هەناسکە هەناسک دێ و خەبەر دێنێ.

«ئەوە ئێمە بە واقوڕماوی ماوینەوە... ئەی خودا، ئەی پێغەمبەر لەبەرچی ئاوای لێهات! ئەم بێئەنوایەش عەجەب سەرێکی پڕمەینەتی هەبوو؟»

«چی بووە رەحیم ـ چی بووە خەلیل؟»

«هی ـ هیچ ـ هی... زیندوو بۆوە!»

«کێ زیندوو بۆوە!؟»

«کلاولار!» ناڵە هەرکە ئەمە دەڵێ بەپڕتاو دەگەڕێتەوە بەرەو حەوزی مزگەوت هەتا چاوێکی دیکەشی لێبکا:

کوردیکا @kurdica

«بیسمیللا؛ ئێستا ئەوە ئێمە لە ماڵی رابی دانیشتووین و وەکوو هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەکانی لەم چەشنە، دەگرین، دڵخۆشی دەدەینەوە، باسی چاکەکانی دەکەین ــ چی دیکە بکەین! بۆ خۆت دیتوووتە ــ دەزانی!

«بەکورتی، کوڕێکی کە تۆ بی، کۆڕەکە تێک دەچێ، کۆڕی ماتەم بوو بە کۆڕی شایی، باش لە بیرمە، هەر دەڵێی دوێنێ بوو. پووره رەعنا بە شۆخی و گاڵتەوە، چەپۆکێکی بەسەری رابیدا دا و گوتی: «ئای چارەڕەش خۆی؛ رۆڵە، بەم بەخت و یەغباڵەوە کە تۆ هەتە بەو جۆرەی کە من دەیبینم تا رۆژی قیامەت بە ئەستۆتەوە بەستراوە!» بوو بە قاقای پێکەنین، بەکورتی کۆڕ بوو بە کۆڕی پێکەنین و جەفەنگ... چەند ژنێکیش دەستیان کرد بە گۆرانی گوتن و هەڵپەڕین.

«لەم حەیس و بەیسەدا بوو کە هەمیسان مناڵان بە هەناسکە هەناسک پەیدا بوونەوە... ها؟ ئەم جار ئیدی چ رووی داوە ــ ئەم جار ئیدی کێ زیندوو بۆتەوە!؟

«هیچ ــ دیسان مردا!»

«ئای خودایە! ئێستا ئەوە هەموو دژ و مات لە یەکتر هەڵدەڕوانن، پێکەنین بە روخسارەکانەوە مەیوە... تەکلیفی بنیادەم روون نیە ئەم جۆرە وەختانە... پێبکەنێ بەو جۆرە، بگری بەو چەشنە! مردنی ئەو چارەڕەشەش ببوو بە مەبەستێکی گاڵتە و رابواردن و پێکەنین. چۆن مرد؟ ــ باشە، مرد ئیدی...!

«دیسانیش بە چوارناڵ گەڕانەوە بۆ حەوزی مزگەوت... .»

«سەرت نەیەشێنم. کورتی ببڕینەوە، چارەڕەشە دەخەنە سەر تاتەشۆر کە بیشۆرن ــ مامۆستا گوتبووی تاتەنوێژەکان پیس نەکەن، لە خۆڕایی. بەڵێ، خستبوویانە سەر تاتەشۆر و ئێستا ئەوە سۆفی برایم و یەکێکی دیکە خەریکن دەیشۆن... بەکورتی، کارەکە تەواو دەکەن ــ ئێستا

دەیانەوێ غوسڵی لێدەرکەن ـ هەرکە سەتڵە ئاوەکـەی لەسـەرڕا بەسـەردا دەکەن، بە عـومری خـودا، مـردوو راسـت دەبێتـەوە و دادەنیـشێتە سـەر جێگاکەی...! سۆفی برایم کە سەتڵەکەی بە دەستەوە بووە خۆف دەیگـرێ و دەکەوێتە حەوزەکەوە ـ ئەوانی دیکەش هەڵـدێن، هـەر یـەک بەلایـەکدا. پاشانیش کە دێنەوە سەرخۆ دەحەپەسێن... ئێستا ئەوە سـۆفی بـرایم لـە حەوزەکە دا پەلەقاژەیەتی و کلاولاری سیابەخت لەوێ دانیشتووە و لە جێی خۆی هەڵدەلەرزێ!

«بەکورتی ، یەک دوو کەس دەپەڕنە نێو حەوزەکە و سۆفی برایمـی بێچارە کە خەریک بووە بخنکـێ، دەکێـشنەدەرێ، بـە زەحمـەتێکی زۆر... هەڵبەت، ئەتۆ بڵێی، حەوزی مزگەوت ئەوەندەش قووڵ نیـە کـە پیـاوێکی زەلامی وەک سۆفی برایم تێیدا بخنکێ، بەڵام باشە ئیـدی، کـابرای دامـاو سەری لێشێوا بوو... .

«ئێستا ئەمەیان ئیدی سەلیم، کوڕەکەی رەسـووڵ، دەیگێڕێتـەوە. گوتی من راوەستابووم، سۆفی برایم لەسەر لێواری حەوزەکـە ئـاوی پێـدا دەکرد؛ هەر کە سەتڵەکەی لەو سەرەوە بەسەردا کرد، دیتم بە عومری خودا، قیت لەسەر جێگای خۆی دانیشت... دەی باشە، منیش بنیادەمم ـ هەوەڵـێ واقم وڕما، پاشانیش بۆی دەرچووم ـ ئێمـە چـووزانین، گوتمـان شـایەد شەیتان چۆتە کەولییەوە ـ ئێمە عیلمی غەیبمان نیە. ئێمە بۆی دەرچووین، سۆفی برایمیش شڵپ کەوتە حەوزەکەوە! ئێستاش ئەوە من چاوم لێبـوو... دیتم دانیشت، وەکوو کەسێکی خەونێکی ناخۆشی دیتبـێ و لـە خەوەکـەی راپەڕیبێ، چاوێکی لە دەوروبەری خـۆی کـرد ـ چاوەکانیـشی دوو کاسـە خوێن... بڕێک چاوی لە من بڕی و بـە روویـەکی گـرژەوە گـوتی: «بـۆچی وادەکەی!؟» هەرکە ئەمەی گوت کاسەکەم لە دەست بەربۆوە ـ باش لە بیرمە ـ کەوت بەسەر بەردەکانی لێواری حەوزەکەدا... «شرینگ!» لەگەڵ کاسەکە

@kurdica

کەوت، ئەویش تلّپ کەوتە حەرزی ـ سەری تەق بە تاتەنوێژەکەدا درا! ئیدی لە جێگای خۆی چورتەی نەکرد.

«بەکورتی، بەم جۆرە... خەبەریان بە مامۆستا دا ـ مامۆستا بۆخۆی نەچوو، بەڵام گوتی کە بەڵێ، هەوەڵ جارەکەی مەرگی مفاجا بووە ـ ئەمەشیان لەوانەیە مفاجا بێ؛ شەرعەن دروست نیە بە خاک ئەسپاردنەکەی، دەبێ وەختاووەختێک بمێنێتەوە ـ لەوانەیە لەم ماوەیەدا دیسان زیندوو بێتەوە.

«بەکورتی، کوڕێکی کە تۆ بی، کلاولاریان هەڵگرت و هەر بەم جۆرەی کە بوو بردیانە مزگەوت ـ هەتا شەوێ لەوێ بمێنێتەوە، تاکوو سبەینێ ـ ئەگەر بەڕاستی مرد بێ بە خاکی بسپێرن؛ ئێمەش لە ماڵی رابی دانیشتووین ـ چاوەنواڕ، چاو لە رێگە، هەتا بزانین دیسان چ رووودەدا و کلاولارخان چ گۆڵمەزێکی دیکە ساز دەکا!

«بەڵێ... لە مزگەوت دایان نا... پیاوان نوێژی خەوتنانیان کرد و هەر کەسەی چۆوە ماڵی خۆی ـ هەتا بزانن سبەینێ خودا چ پێش دێنێ... ئەمەش بڵێم، ئەو شەوە هیچ کەس لە لای مردووەکە نەمایەوە ـ لە هەموو کەس نزیکتر بەو حەسەن بوو؛ حەسەنیش هەر لە هەوەڵێڕا وەها نەجووڵابۆوە کە بڵێن کوڕی ئەوە، یان فلان یان فیسار. بەڵێ مردووی بێئەنوایان ئەسپارد بە مجێور و رۆیشتنەوە بۆ ماڵی خۆیان... .

«ئەو شەوە لە هەموو ماڵەکان قسە و باسەکان بە گشتی سەبارەت بە مەرگی کلاولار و سەرێکی پڕ لە مەینەت بوو کە ئەم کابرا داماوە هەیبوو. ئەوەی راست بێ، کوڕێکی کە تۆ بی، ئەم مەرگی مفاجایەی مامۆستا گوتبووی ببوو بە هۆی دڵنیگەرانی هەمووان... چلۆن؟ ئاخر مەرگی مفاجا بەو جۆرەی ئێمە بیستبوومان و باوک و باپیرانمان بیستبوویان هی ئەو جۆرە ئادەمیزادانە نەبوو... راستە، بەندەناس خودایە، بەڵام، باشە،

@kurdica

شەرعیش حوکم لەسەر رواڵەت دەدا ـ رواڵەتیش بەو جۆرە! ئێستا دەڵـێین کارەکانی دیکەی هیچ، بەڵام خۆ هەمووومان ئەمەمان دیتبوو کە ماوەیـەکی زۆر بە بێ مارەکردن و نیکاح لەگەڵ ژنێک ژیابوو، ژنە منداڵی لێی ببـوو ـ خوداش وەکوو هەمووی ئێمە ئەم شتانەی چاو پێکەوتبوو. مەرگی مفاجا هی پیاوچاکان و کەسانێکە کە خودا خۆشیانی دەوێ ـ بۆ خـۆت خـۆ دەزانی، ماشەڵـڵا کتێـب و دەفتـەرت خوێنـدووە. ئـەمن بۆخۆشـم لـە کتـێبی عەجایبولمەخلوقاتدا لە ماڵی میرزا مەجیدی شار دیتوومە، کە حـەزرەتی ئیزرائیل کاتێ دەیـەوێ رۆحـی کەسـێک بکێـشێ چنگاڵـەکەی لـە رۆحـی دەگیرێنێ و گیانی لە لەش دەردەکێشێ ـ بەوجۆرەی دەشڵێن ددانکێـشان لەبەرامبەر گیانکێـشاندا، زەماوەنـدە؛ کـاتێکیش خـودای مـەزن بیـەوێ بەندەیەکی پاک و ساڵح بەرێتەوە بۆ لای خۆی بە حەزرەتی ئیزرائیل ئـەمر دەکا گوڵێک لە گوڵەکانی بەحەشت بچنێ و بیباتە بەر لووتی، کە لەگـەڵ بۆنی پێوە کرد، تەواو بێ. ئێستا یانی خودای گەورە ئەم گوڵـەی نـاردووە بۆ ئادەمیزادێکی وەکوو کلاولار!... من کە سەرم سووڕماوە، ها، کاکە...؟»

«بەڵێ، راست دەکەی ئەتۆ، پووری... دەی باشە، پاشان؟»

«بەڵێ، ئەو شەوە من پێم وایە زۆر کەم بوون پیاوان و ژنانی ئاوایی کەسانێکی کە سەری رەحەتیان نابێتە سەر سەرین ـ هـەموو بیریـان، بـە جۆرێک لەگەڵ ئەم کارەساتەدا خەریک بوو... ئاخر، کاکـە، کارەسـاتەکە گاڵتە نەبوو، کە هەروا بڵێین مەرگی مفاجـا!... بەڵـێ، ئـەلحوکمولیللا... بەیانی، تازە حەیوانەکانمان بەڕێی مێگەل کردبوو، کە هەمیـسان ئـاوایی شڵەژا...!

«سوبحانەڵڵا، عەجەب سەرێکی پڕ مەینەتمان هەیە ئێمە... ئەم جار ئیدی چیە!؟»

«هیچ، مردووەکە نەماوە!»

«مردووەکە نەماوە! چلۆن نەماوە... دیسان زیندوو بۆتەوە!؟»

«چلۆنی ناوێ ـ نەماوە ئیدی، رۆیشتووە!...»

«ئەڵڵاهووئەکبەر! ئەم لابگەڕێ، ئەولا بگەڕێ ـ نا، نەماوە کە نەماوە... مردوو بوو بە دڵۆپە ئاوێک و چووە لە حەرزەوە!... بەکورتی، کوڕێکی کە تۆ بی... کارەساتەکە بەرەبەرە قووڵتر دەبوو ـ هێندەی نەمابوو شەڕێکیشی لێهەڵایسێ... .»

«شەڕ ئیدی بۆچی؟»

«هیچ ـ کوێخا دەیگوت بە چلۆنایەتێکی کارەساتەکە بە خۆیەوە بینیوە دەبێ خەبەر بە «دەوڵەت» بدا ـ ئەویش نەیدا خەڵکی «خۆفیە» و شۆفار زۆرن و گێرە و کێشەی بۆ دروست دەکەن. سبەی ئەگەر هات و دەوڵەت ئەوی لە من داوا کرد من چی جوابی دەوڵەت بدەمەوە؟ مجێورەکەشی دابووە بەر شێلینگی پرسیار ـ مامۆستاش حەقی پێدەدا. خەڵکیش دەیانگوت خەتای خودی کابرایە، خۆی مراندووە و گاڵتە بە خەڵک دەکا... ئێستاش پێی خۆش بووە و لێی داوە رۆیشتووە ـ دەی باشە، رۆیشتووە کە رۆیشتووە ـ خەڵکی خۆ ئێشکچی ئەو نین، «دەوڵەت» بۆخۆی بچێ بیدۆزێتەوە. لە کاتی زیندووبوونەکەیدا کەمی خەڵک هەڵپەڕاند، ئێستا خەڵک بێن وەشوێن مردووەکەی کەون هەتا چی ببێ؟ رۆیشتووە کە رۆیشتووە ـ بێگومان دیسان چووە بۆ عەجەمستان! ئێستا خەڵک بێن و نانەبەرە لە خۆیان ببەستن و بڕۆن بە دوای دا بۆ عەجەمستان! رۆیشتووە کە رۆیشتووە ـ بەولاترەوە چێ!»

«دەی بەڵێ؟»

«بەڵێ و سلامەتیت... مامۆستا دەنگی هەڵبڕی و گوتی جارێ خەبەر بە «دەوڵەت» نەدەین ـ ئەملاو ئەولا بگەڕێین... لەگەڵ ئەمەشدا باش بڕوانین بزانین لە ماڵی خۆی، لە ماڵی خەڵکی دیکە، شتێکی هەڵگرتووە

یان هەڵنەگرتووە! ئەگەر هەڵیگرتبێ باشە، ئەوە ڕۆیشتووە، دەی باشە با بڕوا، خودای لەگەڵ ـ ئەگینا لەوانەیە لەو حاڵەدا وەهۆش هاتبێتەوە و وەشوێن شتێکی خەیاڵی کەوتبێ و لە جێگایەک کەوتبێ... ئەگەر ئاوا بێ، لەم حاڵەدا خەڵک ئەرکیان لەسەرە ـ هەرچی بێ عەبدی خودایە....

«بەڵێ ئەمەش قسەیەک بوو... هەر چۆنێک بوو وەڕێکەوتن، خەڵک ـ بەڵام تۆ بڵێی نە بە جۆرێکی وا، لە ناخی دڵەوە ـ وەڕێکەوتن، ئەم دارستان، ئەو دۆڵ و دەرە، ئەو ئەشکەوت، ئەم ئەشکەوت گەڕان ـ بەوجۆرەی بۆ خۆیان دەیانگوت ـ ڕاست و درۆکەی لەسەر خۆیان ـ بەڵام کوڕێکی کە تۆ بی هیچ شوێنەوارێک لە شوێنەوارەکانی کلاولاریان نەدۆزێوە و بە دەستی بەتاڵ گەڕانەوە.»

«ئیدی هەر نەدۆزرایەوە!»

«بۆچی، ئێستا پێت دەڵێم... بەڵێ دە ڕۆژێک لەم ڕووداوە تێپەڕببوو، کە دیسان منداڵان هەواڵیان هێنا، ها، چی بووە؟ دۆزیویانەتەوە ـ لە کوێ؟ هەر لەم قەبرستانە ـ هەر ئەمەی کە تۆ دیتووتە... لە نزیک گۆڕەکەی سوێسنەی جوانەمەرگ... نەگەیشتبووە گۆڕەکەی، بێئەنوایە... هەر لەوێ کەوتبوو... ئێستا بەبێ دار و شەقە چلۆن لەو حاڵەدا خۆی گەیاندبووە ئەوێ، ئەمە ئیدی خودا دەیزانێ. بەڵێ، لەوێ بوو ـ بە چ وەزیعەتێک، ئەوە ئیدی با بمێنێ ـ هەر ئەوەندە بڵێم کە قاڵاوەکان چاویان کۆڵیبوو، ورگی لەبەریەک چووبوو، گۆشتی لەشی هەلا هەلا ببوو ـ بە جۆرێک بوو، ڕۆڵە، کافر نەیبینێ....

«بەڵێ... ئەمەش کلاولاری بێئەنوا... بەڕواڵەت ویستبووی بچێتە سەر قەبری ئەو جوانەمەرگە، کە نەگەیشتبۆیە و حەوت هەشت هەنگاوی مابوو بۆ قەبرەکە کەوتبوو و تەواو ببوو، بە عومری خودا، خەڵکەکە

هەموو جێیەک گەڕابوون و هیچکەس فکری بۆ ئەمە نەچووبوو سەرێکیش لەم قەبرستانە بدا!»

کەوتمە بیر قسەکەی عەباسی ـ برادەرم گوتی بە بۆنەیەکەوە ئەو و تاقمێکی دیکەیان ناردبووە کەلاسی «ئیتلاعات»، ڕۆژێکیان باسی لێکۆڵینەوە و توێژکاری و ئەم جۆرە شتانە بوو ـ سەرهەنگێک مامۆستای کەلاسەکە بوو. باسی پیاوکوژی و خراپەکاری و ئەم جۆرە بابەتانە هاتەپێش. سەرهەنگەکە گوتی ئێستا بۆ ئەوەی کە بزانن کاتێ قەتڵێک دەقەومێ بۆچی مەعموورەکان لەڕێوە شکیان دەپەڕێتە سەر خێزانی ماڵەکە، من تاقیکارییەکی ساکار بەڕێوە دەبەم.

قەڵەمێکی بە دەستەوە بوو؛ کەلاسەکە بەرەو ڕۆژهەڵات ساز کرابوو، تریبۆنەکەی مامۆستا لە قولینچکێکی ڕۆژاوای دیوەکە بوو.

گوتی «من ئەم قەڵەمە لە جێگایەک لەنێو ئەم کەلاسەدا دەشێرمەوە، ئێوە بیدۆزنەوە.»

قەڵەمەکەی پیشان داین، قەڵەمێکی نیوەی کورتیلە، بەرزی کردەوە هەتاکوو هەموومان چاومان پێی بکەوێ.

گوتی چاوتان پێی کەوت؟ گوتمان بەڵێ. گوتی: «زۆر باشە، ئێستا وەرسووڕێن بەرەو ڕۆژهەڵات.» وەرسووڕاین. یەک دوو کەڕەت بە کەلاسەکەدا گەڕا. پاشان گوتی: «ئێستاکانێ بسووڕێن بۆ لای ڕۆژاوا.» وەرسووڕاین. هەمیسان یەک دوو کەڕەت لە کەلاسەکەدا هەڵسووڕا و گوتی: «ئێستا پێم بڵێن قەڵەمەکە لە کوێیە؟»

گەڕاین و گەڕاین، نەشماندۆزییەوە. سەرەنجام مامۆستا چووە پشت تریبۆنەکە و قەڵەمەکەی لەبەر چاوی ئێمە لەسەر تریبۆنەکە هەڵگرت و پیشانی داین... کەچی ئێمە ئەبەدا پێمان وا نەبوو کە لەوانەیە هەر لەوێ لەبەر چاومان بێ!

«بەڵێ، دەزانن پیاوکوژ یان تاوانبار هەر لەو شوێنەیە کە ئێوە پێتان وایە نابێ لەوێ بێ...» تاوانبارە کۆنەکارەکان بەم فێڵەیان زانیوە، بەم بۆنەوەیە کە زۆرتر دەگەڕێنەوە ماڵی خۆیان، لەبەر ئەمە کە لێیان حاڵییە، بەر لە هەموو شوێنێک پشکێندراوە و ئیدی ئەمینە... .

پیرێژن دەڵێ: «بەڵێ، ئەمەش کلاولاری بێئەنوا! هەر لەوێ قەبریان بۆ هەڵکەند و بە خاکیان ئەسپارد، شتێکی وای لێنەمابۆوە هەتا بیانەوێ سەرلەنوێ بە دام و دەستوور بیشۆرن و کفن و دفنی بکەن... بەڵێ، کوڕم، چارەڕەشە دوایین هەنگاویشی بە شوێن ئەو جوانەمەرگەدا هەڵێنابۆوە... بنیادەم سەری سوڕدەمێنێ لە کارەکانی خودا... بەڵێ، کوڕم، بەندەناس خوادیە!»

پرخ و هۆڕی پیرێژن دیوەکەی پڕ کردەوە، هەر تاوناتاوێک لە خەوەکەدا مێشوولەیەکی خەیاڵی یان راستەکی بە دەست لە خۆی دەردەکا و دەناڵێنێ: «ئێ ئێ ئێ ئێ... ئاخ...!» پاشانیش: «مووو...ش!... مووش! پووف... پووش... پووف!» گووپەکانی کە هەڵدەمسێنێ لەبەر شۆقی چرا نیوەهەڵدراوەکەدا دەبینم... .

دیوەکە پڕیەتی لە خەونی ئاڵۆزوبڵۆز، هەست دەکەم خشتوخاڵی خەونە ئاڵۆزەکان قورسایی خستۆتە سەر باڵنجەکەم. چاوم لە خەونەکانە، دەیانبینم کە تێک دەهاڵێن و چەشنی دووکەڵ ئاڵقەئاڵقە بەرز دەبنەوە و بە بەرچاواندا تێپەڕ دەبن... ئادەمیزادەکانیش دەبینم... .

خۆم دەبینم... مناڵم... لە دەوری ئاگردانەکە دانیشتووین: هەر سووچێکی ئاگردانەکە تایبەتی کەسێکە: لەو سووچەیان باوە رۆدەنیشێ؛ پشتەسەری بە دیوارەکەوە دەدا، ئەژنۆکانی هەڵدەکێشێ و لە دیواری بەرامبەری یان لە میچەکە، یان لە کەلەبەرە بەتاڵەکە رادەمێنێ؛ یان هەروا دادەنیشێ، چوار مێردەکی و سەبیلە دەکێشێ، یان لە ئاگردانەکە مۆن

دەبێتەوە ـ ڕەنگە چەند سەعاتێک. «شەکەتە، پیرەپیاوە، هەراهەرا مەکەن!» ئەمە گەفێکە وا دایە بە گوێی ئێمەیدا دەدا. تۆ پێت وایە بیر لە شتێک دەکاتەوە؟ نا، بیری لە هیچ شتێک نەدەکردەوە، هەر لەوێ خەوی لێدەکەوت.

ڕووبەڕووم دایە بوو، بە سەماوەرەکەی و ئیستیکان و ژێرپیاڵەکانەوە... ئەوانی دیکەش هەر کەسەی لە جێگای تایبەتی خۆی... پشیلەکەش جێگای تایبەتی خۆی هەبوو، جارجارەش کە میوانێک دەهات بەجێهێشتنی سووچەکەی بە سووکایەتی دادەنا و... چەپوچیر دەیڕوانی...!

ئای، کە چەندە خۆش بوو ئەو سەردەمە! ئێمە پێمان نەزانی ـ هەرکە چاومان کردەوە لەگەڵ هەر ڕۆیشتنێکدا کەلەبەرێکی گەورە لە ژیانماندا دەمی داچەقاندبوو... .

دادەسوێسنە دەبینم: کیژێکی جوان و لەبار، بێبنیچە و ڕەچەڵاک ـ بە قەولی ئەو کەسانەی ژیاننامەی شاعیران دەنووسن «هاوچەرخ بوونەکەی دیار، کۆتایی ئەحواڵی نادیار و ئەو کردەوانە لەو بیندراو... لە ئاکامی کارەکەی سەرەهەودایەک وەدەست نەکەوت.» ئەمەش پاشماوەکەی... پوورە ڕابی دەبینم... دەیبینم لەوە دەچێ وەکوو تەواوی خەڵکانی سادە و ساویلکە هەر لە خۆوە دەزانێ کە، بە قەولی یەکێک لە نووسەران، جەستەی ئادەمیزاد پۆشاکی ڕۆحێکی یەزدانییە، گەلێ جاریش بیستوویە کە خودای مەزن ئادەمیزادی لەسەر شکڵ و شێوەی خۆی خوڵقاندووە، جا کەوا بوو دەسدرێژی بۆ سەر ئەم جەستەیە بە دەسدرێژی بۆ سەر کردگار و ئایین و ڕەوشتی ئەو دەزانێ... بەبێ خوێندن دەزانن خەڵکی. ئەگەر ئەمە نەبوایە، ژیان مەیسەل نەدەبوو. دەزانن، جا چونکە دەزانن دەسدرێژی بۆ سەر ئایینی کردگار بە دەربڕینی ئەوین و

خۆشەویستی دایکانە دەرحەق بە رۆڵەی ئەو جەستەی وا زێفی لێکردووە قەرەبوو دەکەنەوە ـ ئەگەر ئەمە نەبوایە گەردوون پایەدار نەبوو.

ئەم پەرەسلێرکانەی لە بن میچەکە هێلانەیان ساز کردووە، کەوتوونەتە جموجۆڵ... هەستیان بە نزیکبوونەوەی مار کردووە؟ ئەم بێ ئەنوایانەش وەکوو تەواوی بیرەوەمەند و نووسەرانی هەموو چاخێک بەرهەڵستی ستەم و ئازار بوون: ئەمانەش سەردەمانێک تەواوی قورئانیان لەبەر بوو؛ شەیتان کە خۆی هێنابووە سەر شکڵی مار بە زمانییەوەدان و ئێستاکانێ جگە لە ئایەتێکی شەلوکوت شتێکیان لەبیرنەماوە... دەبێ هەر بەمەوە قنیات بکەن... .

نیخەنیخی سینگی پیرێژن بەباشی دێتەبەرگوێ، چەشنی بنڕێسمەی درگایەک کە زۆر لەمێژە چەور نەکراوە. جگە لە نیخەنیخی سینگی و چنگێک پەڕوپاڵ نموودێکی نیە... هەر ئەمڕۆ و سبەیە کە دوو سەری ئاڵقەی ژیانی وێکبێنەوە و بەجێمان بێڵێ. ئەم جۆرە ئادەمیزادانە ـ دایە گەورە و باوە گەروەکان ـ هەتا لەگەڵمانن نموودێکیان نیە؛ کاتێ بە بوون و نەبوونەکەیان دەزانی کە بەجێیان هێشتبێتین ـ یان کەتنێکی جەماوەرپەسندیان قەوماندبێ! مەرگی ئەمانە مەرگی بەشی زۆری داب و نەریتەکانە: پاکی، راست و دروستی، دڵ سافی، لەخۆبوردوویی، بێ چاوڕاوی و بۆخۆتان گوتەنی هەتیوباری و پینەوپەڕۆ. ئەمانە لەگەڵ تەواوی چەواشەکاری و نالێکییەکان و سازان و نەسازانەکانی دەروونی خۆیاندا کاری گواستنەوەی کەلتوور و نەریتەکانی گەل و هۆزیان بە ئەستۆوەیە؛ زانیاری گەل و هۆز ئەمانە دەیگوێزنەوە بۆ بەرەی داهاتوو ـ ئەم گشتە قسە و باسە، ئەم گشتە قسەی نەستەقە، ئەم گشتە پسپۆڕی و زانستە... ئەمانە هەمووی دەسکردی ئەمانە و دیاری ئەمانەیە... بوونەکەیان خەنیمەتە، ئێستاکانێش «پووف... مووش... پووش... پووف!»

بەڵێ، دوور نیە ئەو ڕۆژەی کە شوێندانـــان و بڵاوبوونـــەوەی داب و نەریتەکانی شارستان لە ئاواییدا، ئەم وێژەر و گوێزەرەوانەی کەلەپوور و کەلتوورەش بە گشتی لە گۆڕەپانی ژیانی ئاوایی پاکاتەوە و «پڕخوهـۆڕ»ە کەلتوورییەکەیان هەر بەیەکجاری دامرکێنێ... .

بە دەنگی پرخ و هۆڕەکەی خەوم لێدەکەوێ.

١٣٨٣/٦/٨ ـ بۆکان